تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

بەسەرهاتی

رەفیق حیلمی

ئامادەکردنی

ناهیدە رەفیق حیلمی

پێداچوونەوەی لە رووی زمانەوانی و رێنووسەوە

کەژاڵ ئەحمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها كتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

زنجیرە (٣٤٢)

بەسەرهاتی رەفیق حیلمی

ئامادەکردنی

پاکیزە رەفیق حیلمی

پێداچوونەوەو دارشتنەوەی

کەژاڵ ئەحمەد

سلێمانی ٢٠٠٥

بەسەرھاتی ڕەفیق حیلمی

ئامادەکردنی: ناھیدە ڕەفیق حیلمی

بابەت: بیرەوەری

پێداچوونەوەو داپشتنەوەی: کەژاڵ ئەحمەد

تایپ: تەرزە خالید

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەھدی ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی ڕوون

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٤٢١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.roshnbiri . org

پێشەکی
سوودی نوسینەوەی یاداشت

یەکێك لەو سەرچاوانەی مێژوونووس کەڵکی لێ وەرئەگرێت یاداشتی بیرەوەرییە. مێژوونووسی کورد زۆر سودیان لە یاداشت وەرگرتووەو بیرەوەریی گەلێك لەوبیانییانەی کە بەناو کوردستاندا گەشتیان کردووە وەك مستەر ریچ، مالیبارد، جیمس برانت، سۆن، ئەدمۆنز ، جیمس پەکنگهام ، کاپتن نۆئێل و .. مستەفا کەمال ئەتاتورکیش لە یاداشتەکانیاندا گەلێ زانیارییان سەبارەت بە کورد نوسیووە.گەلێ لەسیاسەتمەدارە عیراقیەکانیش یاداشتیان نووسیوەتەوە وەك مزاحم پاچەچی،کامل چادرچی،ناجی شەوکەت، جەعفەر العسکری‌و هتد.. هەروەها ناظم الطبقچی (کە باسی رەفیق حیلمیشی کردووە).

لەناو خۆشماندا مامۆستامستەفا نەریمان وتویەتی: مامۆستا رەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠) یەکەم کەس بووە کە یاداشتی خۆی دەربارەی کورد و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر لە سالانی (١٩٥٦-١٩٥٨) [1] دا نووسیوەتەوەو لە پێنج بەرگدا لەچاپدراوە، ئەم زاتە شێخی نەمری کردۆتە پالەوانی یاداشتەکانی و ڕووداوەکانی لەسایەی ئەودا هۆنیوەتەوە و بەکوردییەکی ڕەوان دارشتووە، بەهەشتیی رەفیق حیلمی لەچلەکاندا سەرۆکی بالای هیوا بووە، تاسەری ناوەتەوە کوردایەتی کردووە بەلام

---

[1] -یاداشتەکانی رەفیق حیلمی ئەوکاتەپێنج بەرگی بلاوکرابۆوە، ئەوەتا مامۆستا نەریمان خۆی لە لاپەرە(١٠)ی کتێبی(بیرەوەرییەکانی ژیانم) دا لە پەراوێزەکانی بەشی یەکەمیدا نوسیویەتی(٦) بەرگی یاداشتی رەفیق حیلمی پاش کۆچی دوایی لەچاپدراونەتەوە دیارە زانیویەتی کە خۆی شەش بەرگی بلاوکردۆتەوە لە ژیانیدا نەك پێنج . هەروەها وتویەتی کە بەرگی(٧) ی پاش خۆی لەچاپدراوە.ئەمەیان رەفیق حیلمی خۆی ئامارەی بۆکردبوو بەلام پێ رانەگەیشت لەچاپیبدا دوایی لەچاپدرا.

تائەمڕۆ یاداشتی ڕەفیق حیلمی دەربارەی ساڵانی دیکەی تێکۆشانی بڵاونەکراوەتەوە، وەك هیچیکەی دەربارەی خۆی نەنوسیبێت وەهایە[٢].

[٢] ڕەفیق حیلمی خۆی نووسیویەتی بەتەمایە یاداشتەکانی بگەنە(١٨) بەش (بەرگ) بەڵام بەداخەوە فریانەکەوت ئەوبەشانە لەچاپبدات، هیچ دەستنوسێکی نیە بۆ ئەوانە، وەك دەرئەکەوێت لەوەڵامی کاك جەمال بابانـدا بۆ پرسیارەکانی د.موکەڕەم تاڵەبانی بەناوی فایەق هۆشیارەوە وتوویەتی(هەرچی سەبارەت بەپارتی هیوا لای ڕەفیق حیلمیی بووە لە٣ سندوقی تەختەدابوون لەماڵی خەزوری ڕەفیق حیلمی،پاش هیوا فایەق هۆشیارو مەحمود خەفاف بردویانەتە ماڵی فایەق هۆشیار و چیان تیابووە سوتاندویانە دوورنیە ئەو بەشانەی یاداشتەکانی کە بڵاونەکراونەتەوە لەوێدابووبن ئەوانیش سووتابن بۆیە نەمانتوانیوە یاداشتەکانی بۆ تەواوبکەین هەرچەندە لاپەڕە دەستخەتی تری کە دۆزیومانەتەوە لێرەدا بڵاویاندەکەینەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو باسانەی لەدایکمان و پورمانو کەسوکاروهاوڕێیانمان دەسکەوتووە یارمەتیمانبدەن تاهەندێك لەو کەلێنەی کەوتۆتە زنجیرەی ژیانیەوە پڕیبکەینەوە. بەپێی توانا چیم دەستکەوتووە دەیخەمە ئەم کتێبەوە بەئومێدی ئەوەی ئەو زنجیرە پچڕپچڕە زیاتربهێنمەوەیەك سەبارەت بەژیانی تایبەتیی وژیانی سیاسیی ڕەفیق حیلمی.

رەفیق حیلمی .. ئەستێرە گەشەی ئاسۆی وێژەوخەبات

ئەوەی بیەوێت دەستبکات بەنووسین سەبارەت بەخوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی سەری لێدەشێوێت بەرامبەر بەم لافاوە لە بابەت‌ونوسین کەدەربارەی نووسراون، بەشیعرو پەخشان‌و بەزمانی عەرەبیی‌وکوردیی.. دەبینێت کە هەرچەندە مەلەوانی باشیش بێت هەر ئەوەندەی خۆی هاویشتە ناو باوەشی نووسین هەست دەکات شەپۆلە هەڵچووەکان دەیهێنن ودەیبەن‌و رەشەباو گێژەڵوکە پەلاماری دەدەن، لولی دەدەن، تا لە خۆی ون دەکەن.. کەنزیك بۆوە لەقەراغ دەریاکە.. بەرتاشەبەردەکانی دەکەوێت.

ئەگەر بپرسن کێن ئەوانەی لەسەریاننووسیوە؟!پێتان دەڵێم (زۆرن) بەڵێ زۆرن.. ئەوانەی ئەم رێگەیەیان گرتۆتە بەر، هەرچەند زانیویانە بەکۆسپ‌وچەڵەمەیە چونکە ئەم رێگەیە هەمیشە گران‌ودڕکاوی بووە! هەرئەوەندەی پێیەکان هەڵخلیسکێن.. خاوەنەکەی دەفەوتێت.. یان دەکەوێتە ناو بیرێکەوە ، چونکە باسی رەفیق حیلمی واتا باسی خەباتی گەلان بۆ وەرگرتنی مافیان.

ئەوانەی دەربارەی رەفیق حیلمی نووسیویانە جۆراوجۆربوون لەڕووناکبیریی‌و لە بیروباوەڕو لەتەمەن و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لەناو ئەمانەدا مێژونووسن، شوێنەوارناس، خاوەنی پلەی بەرز هەن لە ئیش‌وکاری میریدا وەك رووناکبیرانی نەمر مامۆستا ئەمین زەکی بەگ‌وتۆفیق وەهبی بەگ‌و دانەرانی کتێبی مێژویی و ئەدەبیی بەنرخ، خاوەن بڕوانامەی بەرزومامۆستایانی زانکۆکانمان، هاوڕێ و هاوکارو هاوخەبات‌و ئەندامانی ئەو پارتانەی کە دایمەزراندون یائەندامی سەرەکیی بووە تیایاندا، یاخۆی سەرۆکیان بووە هەروەها ئەو بیانیانەی لەوڵاتانی ترەوە هاتوون لەوبیانیانە کە لەعیراقدا کاریانکردووە لەسەردەمی عوسمانیی‌و ئینگلیزدا لەوانەی بەدوای مێژوی سیاسیی‌و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی‌و پێشکەوتن‌و مافی نەتەوەکاندا گەڕاون و لەشاعیرو ئەدیبەکانمان وەك لەم کتێبەدا دەیبینین هەندێکیان شیعریان

بەسەرداهەڵداوە پێش وپاش کۆچی دوایی لە ڕۆژنامە نووسان کە زۆربەیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا لاوانی گەنجی پێگەیشتووبوون لەوانەی بەردەوام بوون لە هەوڵ و تەقەلاو تێکۆشانو خەباتو باوەڕیان بەمافی گەلو نەتەوەکەیان و بەزمانی گەلانی تریش هەبووە وەك ڕەفیق حیلمی خۆی. ئەوانەی ئامادە بوون لەڕێی نیشتماندا ماڵوسامانیان بۆ ژیانی میللەتەکەیان بەختبکەن و یان ژیانی سەربەرزانە بژین یامردنی سەربەرزانە بمرن، تامێژوو ناویان تۆماربکات بەپیتی درەوشەدار و بۆئەوەی وەك ئەستێرەی گەش لاپەڕەکانی مێژوو ڕووناکبکەنەوە... شیرینیی ژیان جارێك وتاڵو ترشییەکەشی چەندین جار بچێژن.. بەرزبونەوەی سەردەمێك بەرەو ئاسۆ وخزانە خوارەوەی لەپڕیش لەڕێیاندابووە، وەستانی وەك شاخی سەخت بەرامبەر ڕەشەباو گێژەڵووکەی بێئامان، بەرامبەر سەرماوسۆڵەو بەفرو تەرزەی زستانی سەخت و تەقینەوەی گردە ئاگرینەی بە قوڵپ و بەجۆشی و وێرانیو فەوتانی سەرو سامانیان...ڕەنج وتێکۆشانیانو هەوڵو تەقەلای ساڵانیانو دامرکانەوەیان بەجەوری زەمان و بەغەدری ئینسان... تاسەر لەنوێ درزێکی تر، یان دەرگایەکی تر، لەلایەکەوە پەیدادەبێت و دیسان لەسەرەوە وەك گردە ئاگرینە دەتەقێتەوە و هەرچی لەناواخنیا قوڵپی دەدا بە جارێ دەریدەپەڕێنێتو هەڵیدەدات بەرەو ئاسمان بە هەڵموهالاو بەکڵپەی ئاگرین و لافاوی ئاگرین دێتەخوارێ بەسەرو پۆپی گردە ئاگرینەکەدا و بێ پەروا پەرشو بڵاودەبێتەوە بەم لاو ئەولادا هەرچی لەبەر دەمیدایە و بەسەریدا دەڕوا،دارو درەختو دارستان لەبنی هەڵدەکشێت،دەیسوتێنێت ، دەیکات بەخۆڵەمێش لافاوی خۆڵەمێش دێتەخوارێ، ڕەشەبای خاکە خەڵوز هەڵدەکات و بەری ئاسمان دەگرێت، ڕۆژی ڕووناك دەکاتە شەوی دەیجور، نەك هەر دارو درەخت هەرچی تاشەبەردیش هەیە بەسەرگردەکانەوە، هەرچی بینا و خانوبەرەو قەڵاوقوللە هەیە.. هەرچی زەوی و زارو کشتوکاڵو گیانەوەرو ئاژەڵ هەیە.. هەرچی مرۆڤی وردوگەورە هەیە بەیەکجار لولی ئەدا بەلافاوی ئاگرینی و لەگەڵ خاكوخۆڵدا دێتەخوارێ بەشانوشەپیلکی گردەکەدا بۆ ناو دوڵو چەمو ڕووبار...

دیسان دادەمرکێتەوەو دەمەێت، ڕەق دەبێت چین لەسەر چین، هەرچینەی مێژوی سەدەیەك دەگێڕێتەوە... هەرچینەی ئاسۆری سەردەمێکی ژیانی گەل و نەتەوەو

نیشتمانەکەمان تۆمار دەکات، ئەوەی مرۆڤ خۆی ناتوانێت یا ناوێرێت یان ئەگەر بیشی نووسێت دەسڕێتەوە، هەروەها بەمجۆرە ژیان دەوران دەور دەکات و کاروانی هەر بەڕێوەیە، بێباك پێ لە ئەودەنێ ودەڕوات هەروەك هیچی نەکردبێت وایە بەلام ئاوازی کەوو قەتیەو جریوەی چۆلەکەکان بەسەر لقوپۆپی تازەی درەختە تازەکانەوە.. نالەوئاهی بەستەزمانان و گریان و شینی دایکی سك سوتاو و باوکی ڕەنجەڕۆ...سیمفۆنیای ئەو ناسۆرانە دەگێڕنەوە و ئاوات و ئامانجی نەمردویان دەلێنەوە و چیرۆکی پالەوان و نەبەزو خۆبەختکارەکان دەگێڕنەوە، بێگومان هەموولایەك دەزانن کە ئەگەر (ڕەفیق حیلمی) ڕۆلی سەرەکیشی نەدرێتێ لە ناو ئەمانەدا جێگەی خۆی هەیە لەدلی گشت دلسۆزێکی گەل و هەموو نیشتمانپەروەرێکدا.

لەدلی ئەوانەدا کە هەمیشە یادیدەکەنەوە، ستایشی دەکەن چالاکی و ڕەوشتی جوان و هەولێ و تەقەلای و یارمەتیدان و پالپشتی کردنی هەژارودراماو و لێقەوماوو ئازایی و نەترسیی و سەربەرزیی و وەستانی مەردانەی لەگشت بوارێکی مرۆڤایەتیی، کۆمەلایەتیی، ڕووناکبیریی، ئیش وکارو یارمەتیی، و خەباتی دلسۆزانەی بێوچانی لەپێناوی نەتەوەو نیشتمانەکەیدا باسدەکەن.(ڕەفیق حیلمی) هێندەی کە بەڕێزو بەرز بوو هێندەش بێ فیز وخاکیی بوو هێندەی خۆی و خێزانی دەستکورت بوون هێندەش بەهەموو جۆرێك یارمەتی خزم و کەس و کاروبێگانەو قوتابی و هاوڕێ وفەرمانبەری فەرمانگەکەی داوە . لەدەمی خۆی و مال ومندالی گرتۆتەوە تاهەژارێك لەبرسا نەمرێت... خەووخۆراك و پشودان و خۆشیی خۆی خستۆتەلاوە تافریای لێقەوماوێ بکەوێت. ئەگەر چاوبگێڕین بەناو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و نامیلکەی عەرەبی و کوردیشدا سەرمانسوڕدەمێنێت لەوەی چی بخوێنینەوە و چی بنووسینەوە سەبارەت بەم کوردە دلسۆز، لێرەدا هەولدەدەین هەر هێندە هەلبژێرین لەوسامان و گەنجینە فراوانەی کە نووسراوە، لەو تۆمارە تایبەتیانە، کە گەلێك لە گۆڤارو ڕۆژنامە بەتایبەتی تەرخانیانکردووە،بەمەش گولبەندێك دروستدەکەین تا بیخەینە سەر گۆڕە پیرۆزەکەی بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٤)سال بەسەر کۆچی دوایدا کە لە ١٩٦٠/٨/٤ دا کۆچی دوایکردووە بەلام ئێستا کەمن سەرقالی دانانی ئەم کتێبەم، کە لە (٣٠) سال زیاترە پێوەی خەریکم، چی هەبووە لەبارەی باوکمەوەو ئەوەی نووسراوە کۆمکردۆتەوە

تابیانکەم بە کتێبێك، چەندە ساکار بێت هەر لەوە باشترە بە پەرش وبلاویی بمێنێتەوە. ئێستا ئاواتەخوازم ئەم کتێبە لە یادی تێپەڕبوونی (چل و چوار) ساڵ بەسەر کۆچی دوایدا بلاوبکرێتەوەو خۆم بەچاوی خۆم ببینم،ئەوەیش لە ٢٠٠٤/٨/٤ .

لەکۆتایدا ئەوەندە بەسە وتەی یەکێك لە ڕووناکبیرەکانی خۆمان بڵێمەوە کەوتویەتی ((لتلد کل الامهات مثلك یا رەفیق حیلمی و نعم ماولدت أم)) واتا (هەموودایکێ کوڕی وەك تۆی ببێ رەفیق حیلمی ودایك دانیشێت و کوڕی وەهای ببێت) [٥]

---

[٥] بڕوانە تۆماری تایبەتی کۆڕی رەفیق حیلمی ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێدا هەروەها تۆماری تایبەتی لە گۆڤاری (الفجر الجدید).دا

بابزانین ڕەفیق حیلمی کێیە؟

ئاواتەخوازم بتوانم لێرەدا ئەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز ڕوونبکەمەوە.

زیاتر هەوڵمداوە چی لەبارەی ڕەفیق حیلمی بە کوردیی و عەرەبیی نوسراوە و چی خۆی نووسیویەتی و دەستمانکەوتوون، ئەوانە وەك خۆیان بڵاودەکەمەوە، هەرچەند ئەمە دەبێتە هۆی دووپاتکردنەوەی گەلێك باس بەڵام مەبەستم ئەوەیە،زۆر کەس بەهۆی ئەوەی من کچی ڕەفیق حیلمیم ڕەنگە وابزانن لەبەرهەستی خۆم زیاد لەپێویست ستایشی باوکم دەکەم یاخود خۆم زیادی دەخەمەسەر، بۆیە وتەی خەڵکی تر بەنموونە دەهێنمەوە.

جگەلەوە دەشمەوێت ئەوانەی ئەم باسانەیان نووسیوەتەوە،دڵشادبن بەبینینی نوسینەکەیان لەم کتێبەدا کە باسی کەسێتیەکی واتێکۆشەردەکات. هەروەها چونکە هەریەکەیان، خاوەنی کەسایەتی خۆیانن لە نووسیندا و هەموویان کەڵەپیاوی ئەدەب ومێژوون، لاوەگەنجەکانمان دەتوانن سوود لەنوسینەکانیان وەربگرن.

بەشی یەکەم

ژیانی تایبەتیی

رەفیق حیلمی



درەختی هەمزە ئاغای مەسرەف و

رەفیق حیلمی و خێزانەکەی

رەفیق حیلمی و خێزانەکەی بە پێی درەختی خێزانیی

وەك لەدرەختەکەدا دیارە رەفیق حیلمیی کوڕی محەمەد سالْح ئەفەندییە نازناوی (ئامان)ە وەك براکانی تری کوڕی عەبدوللا ئەفەندیی کوڕی حاجی غەفور کوڕی پیرۆزخان کچی قادرئاغا کوڕی حەمەئاغا (برای هەمزەئاغای مەسرەفە)ە. واتە لەباوکی باوکییەوە لەهەمزە ئاغای مەسرەفە دایکی حەلاوەخان کچی مارف ئاغای کوڕی عەزیز ئاغا کوڕی بابەکر ئاغابرای (هەمزەئاغای مەسرەفە). هاوسەری رەفیق حیلمی جەمیلە خان کچی مستەفا ئەفەندی کوڕی عەبدوللا ئەفەندی کوڕی عەزیز ئاغا کوڕی (هەمزەئاغای مەسرەف)ە. دایکی ژنەکەی رەفیق حیلمی عیسمەت خان کچی حاجی بابەکرئاغا کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی (هەمزەئاغای مەسرەفە). واتە رەفیق حیلمی خۆشی و خێزانەکەی لەباوکیشەوە و لەدایکیشەوە لە خێزان و خیلّی هەمزە ئاغای مەسرەفن.

لەلایەکی تریشەوە باوکی باپیری لە خێلّی دزەیین و ئەمانەش کوردن واتە لە هەردوو سەرەوە رەفیق حیلمی کوردە و تورك نیە وەك هەندێك وتویانە. چونکە لەپێشدا نازناوی کەرکوکیی هەلّبژادووەو کەسوکاری باوکی لە کەرکوك ژیاون و ئەمەش واتای تورك بوونی نیە هەرکەسێك لەکەرکووك لەدایك بووبێ یان ژیابێ پێی وتراوە کەرکووکی. هەمزە ئاغای مەسرەف کورد بووەو لە دانیشتوانی شارەزووربووە لەسلێمانی کوڕ و کچی هەبووە، لەمانە گەلێکیان پیاوو ژنی ناسراوی شاری سلێمانی بوون کە یەکێکیان(پیرەمێرد)ی شاعیروفەیلەسوفی کوردە و ژنەکەشی کەپووری خێزانی رەفیق حیلمی بووە ناوی غەزالە خان بووە و کچەکەی رەحمەخانی دایکی فایەق هۆشیارو ئەحمەد زرنگە ئەویش بێگومان لەخێزانی هەمزەئاغا بووە. چونکە خوشکی باوکی ژنی رەفیق حیلمی بووە کە لەو خێزانەبووە، بابزانین چۆن رەفیق محەمەد سالْح کەلەسەرەتادا لەرۆژنامەکاندا خۆی ناونابوو رەفیق کەرکووکی بووبە رەفیق حیلمی و ئیتر هەر بەم ناوە ناسراو ناوەکەشی هەربەرەفیق حیلمی مایەوە تاکۆتایی ژیانیس؟

پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کاتێ رەفیق حیلمی دەچێت بۆ ئەستەمبولْ ، بۆ خوێندن لە ئەنقەرە لە کۆلێژی حەربییە دەخوێنێت، مامۆستایەکی ناوی(عەبدوللاحیلمی

پاشا) دەبێت، ئەم مامۆستایە رەفیق حیلمی زۆر خۆشدەوێت لەبەر زیرەکی و چالاکی و ڕەوشتی جوانی بۆیە نازناوی خۆی(حیلمی) دەداتێ و ئیتر لەوکاتەوە رەفیق حیلمی واز لەنازناوی کەرکووکی دەهێنێت و تەنانەت ناوی باوکیشی بەکارناهێنێت و هەربەناوی رەفیق حیلمی دەناسرێت هەروەها منداڵەکانیشی ئیتر هەر بەم ناوەوە ناسراون و کەس داوای ناوی سیانییان لێناکات هەرچەند سەردەمی جەنگی جیهانیی نازناوی خێزان پێویست بوو بۆ ئەمەش (مەصرەف)و(مەصرەفیمان) بەکاردەهێنا بەڵام پاش ئەوەی ئەمە پێویست نەما گەڕاینەوە بۆلای نازناوەکەی (رەفیق حیلمی).

کەسوکاری ڕەفیق حیلمی

وەك چەند جار دووپاتمان کردۆتەوە، باوکم خۆی نەبەزارو نەبەنووسین هەرگیز باسی ژیانی تایبەتی خۆی‌و کەسوکاری نەکردووە تەنانەت لەیاداشتەکانیشیدا وەك خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان وتویەتی هەر ئەوەندە باسی خۆیکردووە کە پەیوەندیی هەبووە بەخەباتی سیاسیی نەتەوەکەیەوە. ئەوەی لێرەداباسی دەکەم سەبارەت بەژیانی تایبەتی خۆی و کەسوکاری زۆربەیانم لەدایکمان‌و پورمان کە لەخۆشەویستیدا پێمان دەوت (بجی)(*)و لەخزم‌و کەس‌و ناسیاو و هاوڕێ‌و لەنوسینی نووسەراندا و چی وردە باسێکی لاوەکی خۆی نووسیویەتی لە یاداشتەکانیدا وەرمگرتووە.

لەبەرئەوەی هیچی بەدەستخەتیش بەجێ نەهێشتووە لەم لایەنەوە ئەوەی لێرەدا دەینووسمەوە ڕەنگە هەندێك پاش‌و پێش و کەموکورتی تیابیبینن(تکایە ببورن) زۆرم هەوڵدا تابتوانم کەلێنەکانی پڕبکەمەوە بەڵام هێندە ژیانی ڕەفیق حیلمی سەخت بووە نووسینەوەی مێژووی ژیانی هەر بێ کەلێن نابێت.

باوکی ڕەفیق حیلمی: وەك وتمان ناوی محەمەد سالح ئامانە کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی -لەدایك بوونەکەی بەپێی ئەو بەڵگەیەی کە پیشانمانداوە(١٢٨٠)یە (کەئەشێت ئەم مێژووە هیجریی بێت). سالح ئەفەندی باوکی ڕەفیق حیلمی وەك بیستومانە باڵابەرز بووە و وەك لەوتاقە وێنەیەدا کەلەلای باوکمان بووە دیارە باریکەلە بووە. لەسوپای عوسمانیدابووە‌و هەمیشە چووە بۆ دەرەوە بۆناوجەنگ وبۆسەرسنورو دووربووە لە خێزانەکەی، بۆیە بەتایبەتی پاش مردنی ئەو کوڕەی کەناوی (جەمیل) بووە بەپێنج ساڵیی کۆچی دوایی کردووە لە کاتێکدا خۆی لایان نەبووە ڕەفیق حیلمی ودایکی وپورێکی‌و ئەوبرایەی وئەو کچەی لەکفریی بوون بۆیە دەرودراوسێ کوڕەکەیان ناشتووە دیارە دایکی ڕەفیق حیلمی ئیتر لەگەڵی نەڕۆیشتووە بۆ دەرەوە بۆیە ناچار کەچۆتە دەرەوە ژنێکی تری بەسەر دایکی ڕەفیق حیلمی‌دا هێناوە. دایکی ڕەفیق حیلمی یەکەم ژنی بووە و ناوی حەلاوەخانە و لەم (٣) کوڕی هەبووە ئەوانیش (ڕەفیق

حیلمی و شەفیق و جەمیل)بوون هەروەها یەك كچی هەبووە بەناوی(عیسمەت). لەمانە هەرعیسمەتمان بینیووە كە ناومان نابوو(بجی).

(شەفیق) هەربەگەنجی ڕۆیشتووە بۆ توركیا ولەوێ لەسوپای عوسمانیدا كوژراوە. كاتێ شەفیقی برای ڕەفیق حیلمی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ سەردانیان دەگەڕێتەوە ئەم، لەبەندیخانەی كۆیە بووە، پاش حوكمدارێتی شێخ مەحمود نەیانهێشتووە براكەی ببینێت .ڕەفیق حیلمی پاش بەربوونی لە بەندیخانە لەتوركیا زۆربەدوای براكەیدا گەڕاوە. دوایی پێیان وتووە نەماوە، ڕەفیق حیلمی بەهیچ جۆرێك ناوی ئەم برایەی لای كەس نەبردووە تەنانەت لەلای ئێمەیش. تەنها یەك وێنەی هەیە لەگەڵ ئەم برایەی ئەویش كاتێ كە قوتابیی بوون، دیارە لەئامادەیی عەسكەریی بەجلی عەسكەرییەوە، یەك دوو پسوڵەی پارە كە بەناویەوەن و، یەك نامەبەتوركی لەوەوە بۆ ڕەفیق حیلمی،كارتێكیش لەڕەفیق حیملییەوە بەتوركی بۆ ئەو، بەداخەوە كەس نەبوو بۆم وەرگێڕێتە سەرزمانی كوردیی. ڕەفیق حیلمی لە خۆشەویستیدا باوكی پێی دەوت (كوڕی لاو)و بەعیسمەتیش دەوت(كچان) ژنی دووهەمی ساڵح ئەفەندی باوكی ڕەفیق حیلمی ناوی ماهیە خان بووە لەناو دەفتەرێكی ڕۆژانەیدا نووسیویەتی ئەمڕۆ ماهیەخانی دایكم كۆچی دوایی كرد، بەمەشدا دەردەكەوێت كە وەك دایكی سەیریكردووە، ئەم ژنە كەركووكیی بووە لەمیش كوڕێك بەناوی (ئیبراهیم) و كچێك بەناوی بەهیەی هەبووە.ئیبراهیمیش بەگەنجیی كۆچی دواییكردووە ئێمە بینیوومانە هەردووكیان زۆر جوان بوون. پورە بەهیە لەساڵانی دوایدا كۆچی دواییكرد ئەممان زوو زوو دەبینی. ساڵح ئەفەندی دیاربوو هەرزوو لەماهیەخان جیابووبووەوەو هەمیشەلای حەلاوەخانی دایكی ڕەفیق حیلمی بوو ساڵح ئەفەندیش هەر زوو كۆچی دواییكرد هەروەها حەلاوەخانی دایكی ڕەفیق حیلمیش.

حەلاوەخانی دایكی ڕەفیق حیلمی :

یەكەم خێزانی سالح ئامان باوكی ڕەفیق حیلمی، خۆی و كەسوكاری دانیشتوی سلێمانی بوون. ژنێكی وەك دایكمان ئەیوت، شۆخ و شەنگ و بالآبەرز و لەسەرخۆو هێمن و نویژ و ڕۆژوكەربووە، ئەوەتا كەباسی كۆچی ئەو كوڕە بچووكەیانی كردووە لە كفریی وەك لەیاداشتەكانی ڕەفیق حیلمی‌دا هاتووە ڕایسپاردووە لای (ئیمام شاسوار) لەسەر ئەو گردە بنێژرێت. هەروەها كەیبانوویەكی دەست ڕەنگین و پاك و خاوێن و ئیشكەر بووەو تەنها كەس بووە لە سلێمانی كە مەكینەی خەیاتیی بەكارهێناوەو زۆر جل ومتیل و بەرگەسەرین و شتی جوانیشی پێ چنیووە. ڕەفیق حیلمی وێنەی ئەم مەكینەیەو وێنەی چاو سەماوەرێكی لە دەفتەرێكی سەرەتایدا دروستكردووە. باوكم تەنها دووجار ناوی دایكی و باوكی لەیاداشتەكانیدا هێناوە ئەویش زۆر بەكورتی و هەر لەباسی خەباتی سیاسیی خۆیدا.

كاتێ ئیبراهیمی برای ڕەفیق حیلمی كۆچی دواییكردووە لە كەركووك، ڕەفیق حیلمی لە ڕومادی بووە بۆ (تفتیش) بەهەڵەداوان بەچۆڵی قوڵفەدا ڕۆشتووە تا بگات بەناشتنی تەرمەكەی و لەرێگە ئۆتۆمبێلەكەیان بەنزینی تەواوبووە و ڕێگەشی ونكردووە تاسێ ڕۆژ بەنزینیان دەست نەكەوتووە بۆیە بەپرسەكەی ڕانەگەیشتووە ئەمەیش ناسۆرێكی تری دووریی ڕەفیق حیلمی بووە لە كەسوكاری و خێزانەكەی.

بەهێی خوشكی ڕەفیق حیلمی زۆر جوان بووە قژزەردو چاوكاڵ و سوروسپی و ئێجگار زیرەك بووە هەرچی ناوی ولآتان و پایتەختیان و سەرك كۆمارو وەزیرو سەرۆكەكانی ولآتە یەككگرتوەكانە زانیویەتی و هەمووی لەبەر بوو،گوێی لە هەواڵ دەگرت لەڕادیۆدا. ئەم یەك كچ و سێ كوڕی هەبوو هەموویان ژنیانهێناوە و منداڵیان هەیە هەروەها كچەكەی براژنی (د.ناجی عەباس) بوو هەشت كوڕی هەیە هەموویان لەكەركووك و موسڵن. باوكی ڕەفیق حیلمی خۆی دوو براو دوو خوشكی هەبوو

برایەکی وخوشکێکی لەباوك ودایکی بوون. واتە باوکم دوو مام ودوو پووری هەبووە و هەموو بەئامان (*) ناسراون.

(مامەکانی)

١-تۆفیق ئامان، یەك کوڕی هەبووە بەناوی یونس و دووکچی هەبووە بەناوی عەتییەوزولەیخا

٢-شەوکەت، ئەمیش دووکچی هەبووە بەناوی نەزیهەو نەجیبە

(پورەکانی)

١- یەکێکیان ناوی (جەمیلە) یە، ئەمیان لەگەڵ شەوکەت لەیەك دایکن و پێمان دەوت (عەتەم جەمیلە) وەك باوکم.

٢-پوری دووەمی ناوی (مریەم)ە، ئەمەیان خوشکی باوکی ڕەفیق حیلمی یە لەدایك وباوکیەوە هەروەها خوشکی تۆفیق ئامان بووە جەمیلەخان(عەتەم جەمیلە) شوویکردووە بەیەکێك لەخێزانی یاوەرەکان و کچێکی شوویکردووە بە یەکێك لە خێزانی قیسییەکان

واتە خێزانی باوکی گەلێك تێکەڵبوونیان هەیە لەگەڵ عەشایەری عەرەبی بەناوبانگ بۆ نموونە وەك (بەهیە)ی خوشکی کەشووی بەسامەڕائییەك کردووە.

ڕەفیق حیلمی لەلایەن دایکییەوە پورێکی هەبووە کە زوو بێوەژن بووە و هەر لەگەڵ دایکی ڕەفیق حیلمی ژیاوە باوکم تەنها باسی ئەم پورەی کردووە لە دەفتەری ڕۆژنامەی قوتابخانەی سەرەتاییدا ئەویش گوایە ئەمە زۆر ناوبانگی بە نۆشداریی و دەرمانسازیی دەرکردووە، لەو دەفتەرەدا باسی ئەو دەرمانانەی نووسیوە کە دروستیکردوون، لەچی دروستی کردوون و بۆچی باشبوون ؟ خۆشی لێی بەکارهێناون و باش بوون، بۆیە

(*).وشەی (ئامان) نازناوی باوك ومام وپوری ڕەفیق حیلمییە وەك لەخۆیانم بیستووە لەبەرئەوەی نەنکیان زۆر ئازاو چالاك و ناسراو بووە پێیان وتووە (ئامان) بۆیە ئەمە بۆتە نازناویان هەرچەندە لەمێژودا ناوی ئامان و ئامان ئەڵلا خانم دەخوێندەوە لەخۆم دەپرسی ئایا ئەم ئامانەش لەوان بووە؟

زووزوو بەدایکمی وتووە: توخوا فلان کەس توشی فلان دەردبووە، لەفلان دەرمانی پورە ڕەحمەی بۆ بگرەوە، دیاربوو دایکمان ئەمانە لەوەوە فێربووبوو . هەروەها لەیاداشتەکانیدا باسی ئەم پورەی کردووە لە باسی نەخۆشی وکۆچی دوایی جەمیلی برایدا.

(کەسوکاری هاوسەرەکەی)

جەمیلەخانی کچی مستەفا ئەفەندی وەك لەدرەختی خێزانی ڕەفیق حیلمیدا دەرکەوت دایك و باوکیشی لە خێزانی هەمزە ئاغای مەسرەف بوون و دانیشتوی سلێمانین. واتە باوکم خزمی دایکم بووە و هەر ئەو ژنەی هێناوە، زۆری خۆشویستووە و بەگران پێی گەیشتووە چونکە ویستویانە بیدەن بە یەکێکی تر بەڵام ئەم نەیهێشتووە.

جەمیلەخان زۆربەی کەسوکارو خوشك‌وبراو دایکی بەگەنجی کۆچی دواییانکردووە بەهۆی نەخۆشییەوە کە پاش جەنگی جیهانی بڵاوبۆتەوە و زۆربەی خەڵکی سلێمانی و کوردستانی‌پێ لەناوچووە، وەك چۆن گشت دنیای گیرۆدەکردووە.

ئەوانەی ئێمە بینیومانن لە کەسوکاری سێ پوری (خوشکی باوکی) بوون کە یەکێکیان (غەزالەخان) خێزانی پیرەمێردوئەویتریان (پیرۆزەخان) نەنکی د.سیروان عەبدولقادر و ژنی حاجی مەلاسەعیدبوو کە نوێنەری عیراق بووە لە تورکیا. سێیەمیشیان دایکی عەبدوڵڵا حیلمی پاشا (خەدیجە خان) بووە لە خێزانی سەعید لاو شویکردووە و هەر لەزووەوە چوون بۆ تورکیاو ئەو نازناوی (حیلمی)یەی ڕەفیق حیلمی پاداشتی ئەم عەبدوڵڵا حلیمی‌یەیە. (*)

(*) عەبدوڵڵا حیلمی پاشا ئێستا دوو کوڕی هەیە لە تورکیا یەکێکیان نۆژدارە ئەوی تریان ئەندازیارە و ژن‌ومنداڵیان هەیە، لەبرایەکی عەبدوڵڵا حیلمی(بچوکەکەیان) واتە لەوپورەی دایکم کە ناوی خەدیجەخان بووە برایەکی تا پاروپێرار مابوو... ئەم دووساڵە ئاگاداری مان‌ونەمانی نین بەڵام ئەویش (٣)کچ‌و کوڕێکی هەیە لە تورکیا.

ژیانی تایبەتی ڕەفیق حیلمی بە پێی ساڵوتەمەن

وەك لەپێشەوە وتمان نەبەزارو نەبەنووسین باسی ژیانی تایبەتی خۆی و کەسوکاری نەکردووە. ئێمەیش کەنزیکترین کەس بووین لێیەوە، هەمیشە دووربووە لێمان و هێندە بەتەواوی وەك باوکی خەڵك لەگەڵیدا نەژیاوین، بەهۆی سەفەرکردنی لەم شار بۆ ئەوشار و زووزوو و لەپڕیشدا،بۆیە زۆر بەگرانی دەزانیین کە وێنەیەکی تەواوی ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ بەساڵی بنەخشێنین، بەشبەحاڵی خۆم هەر چەند ساڵێك بەتەواوی لەگەڵیدابووم، یەك دووساڵی سەرەتایی و ناوەندیی و چەند ساڵی کۆتایی نێوان ١٩٥٢-١٩٥٨و دووساڵیش لەعەمارە بوو لەگەڵ دایکمومنداڵەکان، پاش گەڕانەوەم لە ئەمەریکا و کە لە تورکیا گەڕایەوە پاش دووساڵ (١٩٥٩-١٩٦٠) هێندەی پێنەچوو کۆچی دوایی کرد.

کە بەمنداڵیی لەموسڵ بووین ئەوکاتە من لە ڕەوزە بووم بەحاڵ شتێکم بەبیردا دێت. بۆیە ناتوانم پەنا بەرمەبەر بیرەوەریی خۆشم بۆ باسی سەرەتای ژیانی باوکم . ئەوەی بەبیرمدا دێت بەمنداڵی هەر وەك خەیاڵە. ئەوەی گەنجێتیشم بەداخەوە هێندە نەبوو چونکە هیچی نەدەوت تامابوو، لەوەزیاتر کە لەخەڵکمان گوێ لێدە بوو، کە زۆر بەڕێزبووەو زۆر جێگەی لەناوخەڵکدا بەرزبووەو خەڵك زۆریان خۆشویستووە ئێجگار ڕێزیان لێ گرتووە چونکە خاوەنی کەسێتییەکی چەسپاو وبەهێزونایاب بووە، زۆر ئازاو چالاك و نەترس بووە تەنانەت پیاوەگەورەکانیش لێی دەسڵەمینەوە و گفتی زۆر ڕەوابووە. ناوبانگی زۆر بەربڵاوبووە لە ناو خۆشمان و بیانیەکانیشدا، زۆر ناسیاوی هەبووە، هەمەجۆربوون وهەموو خۆشیانویستووەوڕێزیان لێ گرتووە. تەنانەت لێپرسراوانی میریش بڕوانن بەچ شێوەیەك نامەیان بۆناردووە؟ گەورەو بچووك لەبەری هەڵساون خۆشمان لەماڵەوە کەدەهاتە ژووریٚ هەموومان بەمیوانەکانیشمانەوە وەك قوتابی قوتابخانە لەبەری هەڵدەستاین. هەروەها دراوسێکانیشمان ئێواران لەبەر دەرگای ماڵەکانیان دادەنیشتنوباوکم بە بەردەمیاندا دەڕۆیشت، ڕادەوەستاو یەك بەیەك گفتوگۆی لەگەڵ دەکردنو لەگەڵ منداڵەکانیشیان جارجار نوقڵوشیرینیی دەدانیٚو ئەوانیش زۆر خۆشیان دەویست.ئێمە ئەوکاتە نەماندەزانی باوکمان چ پیاوێکیمەزن

بوو! نەماندەزانی خاوەنی چ کەسێتییەکی دیاربوو. خەباتکارو نەتەوەپەروەری نەتەوەو نیشتمانەکەی بوو! سەردەمی شێخی نەمر چیبووە و سالآنی ١٩٣٧-١٩٤٥ سەرۆکی بالآی بەهێزترینو گەورەترین پارت بووەکە (پارتی هیوا) یە و ناوبانگی گەیشتۆتە سەرانسەری وڵاتو ناوی (سەرۆکی بالآی پارتی هیوا) بووەو تا ئەوکاتەی د.موکەرەم تاڵەبانی کەوتە نووسینەوەو بڵاوکردنەوە سەبارەت بەپارتی هیوا نەماندەزانی چۆن رۆڵێکی هەبووە لە خەباتی نەتەوایەتیدا، بۆ ئەمەش گەلێ چینو توێژی نەتەوەکەی لەپشتی بوون. چەند بە هێزبووە و چۆن ئەم رۆڵو هێزەی بۆتە مەترسیی بۆ سەر ئیستعمار و کەوتونەتە پیلانگێران بۆ دورخستنەوەی لەو پارتەو تواندنەوەی پارتەکەی، بروانە باسی رەفیق حیلمی سەرۆکی هیوا لەسەرزمانی کاك فوئاد عارفەوە. وەك وتمان رەفیق حیلمی بەهیچ جۆرێك باسی خۆی بۆکەس و بۆ ئێمەش نەدەکرد، تەنانەت ماوەی ئەوەشمان نەبوو یاداشتەکانیشی بخوێنینەوە تاهیچ نەبێت ئەوەی لەوێدا نوسیبووی لێی تێبگەین.

لەبەر ئەوە هەرچی باسی ژیانی تایبەتیی رەفیق حیلمییەو لێرەدا دەیبینن، یان لەدایکمان یان پورمان یان کەسوکاری زۆرنزیك و هاورێی دڵسۆز و ئاگادارەوە وەرگیراون یان لەبیرەوەریی خۆم کەکاتی خۆی وەرمگرتووە ،کاتێ کەوتمەسەر بیری دانانی ئەم کتێبە ئیتر کەوتمە پشکنینو پرسینو خوێندنەوەی هەرچییەك کە دەستم کەوت لەناوئەوانەدا کەلەدوای بەجێ ماوەو ئەوانەش کەلەلای ناسیاوەکانمان بوون بەوانەشەوە کەلەگۆڤارو رۆژنامەو کتێبدا دەربارەی نووسراون. لەئەنجامدا وا ئەم کتێبە دەخەمە بەرچاوتان بەئومێدی ئەوەی لە کەموکورییەکانی ببورن، بەتایبەتی چونکە لەماوەی نوسینەوەی ئەم باسانەدا گەلێك کۆسپی گەورە هاتنە رێم کەپەکی نووسینەوەی دەخستم بۆ ماوەیەکی زۆر کە گەرانەوە بۆ نووسین شتێکی ئاسان نەبوو. بۆیە وا دواکەوت و رەنگە بەوجۆرە نەبێت کە ئومێدم دەکرد. بەلآم هەر شتێك لەهیچ باشترە بۆیە بەهەرجۆرێك بێت هەر هەوڵی لەچاپدانیمدا.چونکە ئەمە رەنجی(٣٠) ساڵ زیاترمە لە پشکنینو خوێندنەوەو نووسینەوەی هەرچی دەستمکەوتووە کەس تائێستا هەموو ئەوەی لێرەدایە بەیەکەوە بەردەستی نەکەوتووە یان نەیزانیوە و زانینی سودی هەیە نەك بۆ رەفیق حیلمی خۆی بەڵکو زیاتر بۆ مێژووی نەتەوەکەی و خەباتی رۆڵە

دڵسۆزەکانی و هەوڵ و تەقەلایان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی نەتەوەکەیان.لەسەرەتاشدا باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکەین، باسی رەوشت و هەڵسوکەوتی، خوێندنی، کێشەوئەندێشەو ئەشکەنجەی، ئینجا باسی خەباتی سیاسی لەو سەردەمەدا وەك نوێنەری شێخ مەحمود بۆ داوای مافی کورد. دواتر دێینە سەرباسی ڕۆڵی وەك سەرۆکی (پارتی هیوا) و نووسینو بەرهەمەکانیو ئەو کۆمەڵانەی کەئەندامی دامەزرێنەریان بووەو ئیشوکاری میریی و زۆرشتی تر.

ناهیدە رەفیق حیلمی

ژیانی ڕەفیق حیلمی

ڕەفیق حیلمی محەمەد ساڵح ئامان ساڵی ١٨٩٨ لە کەرکوک لەدایك بووە، ساڵی ١٩٦٠ ڕۆژی (٤)یئابی ١٩٦٠ لەبەغدا لەنەخۆشخانەی سەلام لەئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندەدا کۆچی دوایی کردووە، ئەویش لەماوەی یەك هەفتەدا. ڕۆژی ٨/٥ تەرمەکەی بەڕێخرا بۆ سلێمانی ولەگردی سەیوان بەخاکی کوردستان سپێردراوە.

ئەو سەردەمی منداڵیی لە کەرکوك و کفری و سلێمانی بەسەربردووە، چونکە باوکی ئەوکاتە عەسکەری هەبووەو زووزوو گوێزراوەتەوە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، خوێندنیشی لەم سێ شارەبووە. لەسەرەتادا لەحوجرە لەکەرکوك خوێندویەتی خۆی ئەمەی لەیاداشتەکانیدا باسکردووە، کاتێ خەڵك چون بەپیر شێخی نەمر شێخ مەحمودەوە، کە لە موسڵ گەڕاوەتەوە، بەبۆنەی کوشتنی شێخ سەعیدی باوکییەوە، ڕەفیق حیلمی وتویەتی کە(١٠)ساڵ بووەو لەحوجرەی (مەلاتەقی) خوێندویەتی و ئەم مەلایە شیعرێکی (مرثیە)لاواندنەوەی دوورو درێژی بەتورکی فێرکردووە تا لەبەردەمی عەشاماتەکەدا بیخوێنێتەوە و ئەمەی چەند جار پێش ئەوە بۆ خەڵکەکە خوێندۆتەوە.

ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا بەمجۆرە باسی خوێندنی خۆی کردووە:-


دولت علیهٔ عثمانیه تذکرهسی

پاسپۆرتی باوکی رەفیق حیلمی

خوێندنی (*)

باوکم پێشەکی هەواڵی خوێندنو قوتابخانەکانی سلێمانیمان بۆ ڕووندەکاتەوە دەڵێ:
لەدەوری عوسمانیدا لە سلێمانی زانست لە چاو هەندێ لە پارێزگاکانی تردا پێشکەوتوتر بووە. جگە لە قوتابخانەو حوجرە تایبەتییەکان چەند قوتابخانەیەکی باشی حکومیشی تێداهەبووە لەئامادەیی عەسکەریی سلێمانیی گەلێ قوتابیی پێگەیشتوونو چوونەتە بەغداو دوای یەك ساڵ خوێندن چوونەتە قوتابخانەی حەربییە لە (ئەستەمبووڵ)و بوون بە ئەفسەری پلەدار، گەلێکیشیان لەقوتابخانەی حەربییە ڕاستەوخۆ بوون بە یوزباشیی ئەرکان. ئینجا باسی خوێندنی خۆی دەکاتو دەڵێ:-

-ساڵی ۳۲۵ی ڕۆمی لە روشدییەی مولکیەی کفری بڕوانامەی (سەرتایی) وەرگرتووە و لەسەر ئارەزووی باوکی کە ئەوکاتە تابوری-فەوجی گوێزراوەتەوە (پەسوێ) کە دەکەوێتە نێوان رواندوزو سابلاخ لەسەر سنوری عیراق-ئێران، چۆتەسلێمانی.

- دوایتاقیکردنەوە خراوەتە پۆلی دووەمی ئامادەی عەسکەریی کەپێنج پۆل بووە. کەچۆتە پۆلی سێیەمیئەم قوتابخانەیە پۆلی چوارەم و پێنجەمی گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا و قوتابخانەکەیان بەناوی روشدییەی عەسکەرییەوە کراوە بەقوتابخانەیەکی سێ پۆلیی سەربەخۆ.

-کەلە روشدییەی سلێمانی بەڵگەنامەی خوێندنی وەرگرتووە چووە بۆ بەغداو پۆلەکانی ئامادەیی لەوێ تەواوکردووە (پێش جەنگی گەورە بەیەك دووساڵ ئامادەیی مولکیش کراوەتەوە) ئینجا ویستویەتی بچێت بۆ ئەستەمبووڵ بۆ حەربییە. پێش ڕۆیشتنی بۆ ئەستەمبوڵ دەڵێ : لەگەڵ یەکێك لە (موعەلیمەکانی) مامۆستاکانی ئامادەیی بەغدا کەمێك دەمەقاڵێی بووە.

خۆیکردووە بەنەخۆش، ناردویانە بۆ نەخۆشخانەی مەجیدییە لەوێ لەگەڵ دکتۆر (سەفوەت) ی چاویش دەچن بەگژ یەکداو دوژمنەکانی دەبن بەدوو. بەرەکانی شەڕ دژی باوکم قوتابخانەو نەخۆشخانە بەڕاپۆرتی هەیئەتی نوژداران دەڵێن گوایە نەخۆشیی دڵی

(*) بەرگی حەوتەمی (یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی) ل ۱۵۷-۱۵۹

هەیە بۆ ئەفسەریی دەستنادات و لە (٣٢٩)ی رومیدا دەریدەکەن. خۆی وتویەتی لەو قوتابخانەیە نەلەرووی خوێندن و لەڕووی هەڵسوکەوتەوە تائەو ڕۆژە هیچ شتێکی نەکردووە کە کەس لێی بەگلەیی بووبێ. لەبەر ئەوە بەو ڕەنگە لە بەری خوێندنی ئەو چەند ساڵەی لەئامادەیی عەسکەریی بێ بەشدەکرێ. هاوڕێکانی دەکەونە مشتومڕی سەفەری ئەستەمبووڵ دەڵێ وەك شتێکیان لێ ون بووبێ زۆر دڵتەنگ بوون، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (عەبدوللا لەتیف بەگی ئاگا پاشا) و گەلێك لە مامۆستاکانیش، بەتایبەتی نوژداری قوتابخانەکەیان (سامی سلێمان قول ئاغاسی) و (عەبدولمەجید بەگی خواجە) مامۆستای بیرکاریی کە بەتەمابوون بچێتە قوتابخانەی ئەرکان زۆریان پێ ناخۆش دەبێت، هەوڵدەدەن ئەو ڕاپۆرتە بگۆڕن، بۆ خۆیشی زۆر کاریتێکردووە و زانیویەتی ڕاپۆرتەکە ڕاست نیە و ئاشکرابووە ویستویانە ملی بشکێنن بەڵام دەست بەجێ بڕیاریداوە ڕێگەیەکی تازە بۆ خۆی دابنێت، لە (بیرکاریی)دا باش بووە. کەبۆ دەرچوانی ئامادەیی موڵکی پێویست بووە بۆیە بڕیاریداوە بچێتەوە سلێمانی ئەمەش بخوێنێت تا (هەندەسەی عالی) لە ئەستەمبوڵ تەواو بکات، واتا جارێکی تر ئامادەیی بەڵام ئەمجارە ئامادەیی موڵکی بخوێنێت.

-پاش ئەو هاوینە دەچێتە ئاخر پۆلی ئامادەیی موڵکی و هەر ئەوساڵە ئەم قوتابخانەیەش تەواو ئەکات و لە٣٣٠ی ڕۆمیدا دەچێت بۆ ئەستەمبوڵ.

لێرەدا بۆ یەکەمجار باسی (شەفیق)ی برای دەکات و دەڵێ کە چۆتە ئەستەموڵ (شەفیق) ی برای گەیشتۆتە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و بووە بەگەورەی ماڵ و کراوە بە (بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی موڵکیی سلێمانیی ئەوکاتە باوکیان لەسلێمانی زابت قرملی یوزباشی بووە و نێردراوە بۆ (بانە) لەئێران، بۆیە هەرشەفیقی برای لەماڵبووە.)

- باوکم لە ئەستەمبوڵ هەندەسەی عالی تەواوکردووە. بۆیە کەبووە بەمامۆستای یەکەم، وانەی بیرکاریی وتۆتەوە و دواتریش بووەبە موفەتیش بەپشکنەری تایبەتی وانەی بیرکاریی.

مامۆستایانی قوتابخانەی
(نموونەیی سەعادەت بەشی سەرەتایی)
سلێمانی سالی ١٩٢١

لەڕاستەوە بۆ چەپ خوالێخۆشبوو مامۆستا زێوەر، مامۆستا سەعید کابان، خوالێخۆشبوو خواجە ئەفەندی، خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەشید کابان، مامۆستا عەبدوڵڵا صبری، مامۆستا عەبدولرەحمان نەسیب، مامۆستا ئەحمەدی عەزیز ئاغا

لەمانە مامۆستا زیوەر مامۆستای رەفیق حیلمی بووە کاتێ لە قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی خوێندویەتی، بڕوانە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی رەفیق حیلمی بۆ باسی ئەم مامۆستایەی بەدرێژیی و پەیوەندیی تری بەرەفیق حیلمیەوە.



صورة الكتاب

السيد
سعادة الاستاذ محمود بابان المحترم
معتمد نادي الارتقاء الكردي

تحية واحتراماً وبعد ان ترشيحي لعضوية هيئة الادارة لنادي الارتقاء لم يكن برغبة مني لذلك يؤسفني ان اخبر سعادتكم بانني مضطر لطلب اعفائي من هذه العضوية التي انتخبت الا لمجرد حسن نوايا اخواني الكرام الذين تفضلوا وشملوني بلطفهم وتقديرهم ولا يسعني الا تقديم الشكر لهذه الثقة الكريمة مع تمنياتي الخالصة بالتوفيق لخدمة الوطن وتفضلوا بقبول فائق احتراماتي الخالصة.

رفيق حلمي
٢١/٦/٩٥٦

لەماموٚستاکانی ناوی ئەمانەی بردووە:

کەلــە ئامــادەیی عەســکەریی خوێندویــەتی زۆریــان کــوردی ســلێمانی بــوون لەعەســکەریەکان (ئەحمەدبــەگی رەشیدپاشــا یوزباشــی ســواری عــەلی یــاوەری حــاجی حەمەئاغا مولازمی توٚپچی، نوری وەیس و فەتحی و رەشیدکابان).

لەماموٚستا مەدەنیەکانی

مەلامحەمەد ئەفەنـدی ماموٚستای فارسی و شێخ محەمـەد ئەفەنـدی عـەلی ماموٚسـتای وانەی عەرەبیی وعەزیز ئەفەنـدی وەسمـان ئاغا ماموٚسـتای خـەت ، پێیـان وتـووە خواجـە ئەفەندی مـەلا رەشید بـەگ و عەبدوڵڵا ئەفەنـدی یـاوەر حـاجی قەڵەنـدەری بەناوبانگیش (موبەسر) بووە و ساڵح چاوەش بوٚری زەن بووە.

پاشـان باسـی عوسمـان نـوری دەکات کـە وانـەی عـەرەبیی پێوتـوون و لـەکوردەکانی دیاربەکر بووە لەمەلایەتییەوە پێگەیشتووە دوایی قوتابخانەشی تـەواوکردووە، مێزەری سپی و جوبەی لەبەرکردووە وشەی (کبی) تورکی بە(کپی) لەفزکردووە بوٚیە ناویان نـاوە (کپی)، رەفیق حیلمی کە لـە سـەفەرەکەیدا بوٚئەنقەرە بەنوێنـەری شێخ مـەحمود دەگاتـە دیاربەکر لەوێ ئەم ماموٚستایە دەبینێت. هەروەها لەو سەفەرەیدا مەلامحەمەد ئەفەندیش دەبینێت.

لەهاوپوٚلـەکانی و هاورێکـانی باسـی خلوسـی(تەبلیسـیی)* دەکـات دەڵێـت بەیەکـەوە شیعریان نوسیووە و ناردویانە بوٚ روٚژنامـەی (حـوادث) و گوٚڤـاری (کەوکـەبی مـەعاریف) کـە لەکـەرکوك دەردەچـوون، رەفیـق حیلمـی لەسـەفەرەکەیدا بـوٚ ئەنقــەرە لەدیاربــەکر بینویەتی و زوٚر هاتووچوٚی یەکتریانکردووە لەوێ و میوانداریيان بوٚ کردووە بەتایبـەتی ماموٚستا عوسمان نوری. دەربارەی ئەمە دەڵێ تا ئەو روٚژەی دیاربـەکرم بەجێهێشـت لـێم جیانـەبوٚوە زوٚر دڵنـەوایی و خزمـەتی کـردووم، هـەروەها (عـەونی)کـوری شـاعیر (عرفـی بەگ)لەوێ کاتب بووە.

-بەهۆی خلوسیی بەگەوە لەدیاربەکر دکتۆر فوئاد[*] دەناسێ بۆ زیاتر باسکردنی ئەم دکتۆرە بڕوانە ل١٦٠-١٦١ بەرگی حەوتەمی یاداشتی ڕەفیق حیلمی

هەروەها لەوان-یش مەجید ئەمین دەبینێت‌و دەڵێ ئەمە کەرکووکی بووە لەوێ زۆر ئاشنایەتی هەبووە لەگەڵیدا ئەویش لەوێ فریای دەکەوێ لەهیچ شوێنێك ئوتێل یاژوورێکی دەستناکەوێت، نازانێ بچێتە کوێ بۆیە ئەم پیاوە هەرچەندە خۆی لەفەرمانگەی ژەندرمە نوستووە ئەویشی بردۆتە ئەوێ‌و زۆر خزمەتیکردووە. ئەم مەجیدە ناوە کوڕی ئەمین ئەفەندیە کە لەسەردەمی عوسمانیدا لە کفریی بەڕێوەبەری ئەملاکی سەنیەبووە.

کە باوکم لەکەرکوك مامۆستابووە مەجید ئەفەندی ،موغازەی هەبووەوکاسپی کردووە. دوایی لەکەرکووك رایکردووە بۆ لای ئۆزدەمیر کەباوکم لە ئەنقەرە دەبێ و ئینگلیزەکان ئۆزدەمیر دەردەکەن سەربازەکان بڵاودەبنەوە بە (شەمدینان)و(پاش قەڵا)دا هەندێکیان دەچنە وان، مەجید ئەفەندی یەکێ بووە لەوانەو ئەسعەد نیازی لەوێ کردویەتی بەژەندرمە،ئەم پیاوە لە وان ڕەفیق حیلمی دەعوەتکردووەو ،کوماندانی ژەندرمەی وان پێی وتووە ئەم فەرمانگەیە لەژێرفەرمانی تۆدا دەبێت.

-ڕەشید جەودەت و مەحمود جەودەت

مەحمود جەودەت هاوڕێی کۆن‌و لاوێتی باوکم بووەو زۆر جار لە یاداشتەکانیدا باسی ئەمەی کردووە، لەگەل ماجید مستەفا پێکەوە لەماڵی تۆفیق وەهبی خەباتیانکردووە دژی ئینگلیزو کۆمەڵەیان دامەزراندووە وەك سەربەخۆیی کورد بەهیوای ئەوەی حەمدی بەگی بابان بێتە جێی شێخ مەحمود.لەو کاتەدا کەڕەفیق حیلمی گەشتۆتە وان لە سەفەرەکەیدا (وەك نوێنەری شێخ بۆ ئەنقەرە) زۆر نامەی ڕەشید جەودەتی پێگەیشتووە، لەیەکێك لەونامانەدا داوای لێبوردنی لێ دەکات‌و دەڵێ زۆر لەپرو بەپەلە سەفەری کردووەو نەیتوانیووە بچێتە ماڵیان بۆزانینی ئەحواڵیان، بەڵام دەزانێت چاکن‌و لەبۆردومان ڕزگاریان بووە.

---

[*] د. فوئاد ل١٦٠-١٦١ یاداشتی ڕەفیق حیلمی

تێبینی بۆ درێژەی ئەم باسانە بڕوانە یاداشتی (٧)ی ڕەفیق حیلمی

ئەم نامەیە لەلایەن سمکۆوە لەگەڵ چەندین نامەی دیکەدا بۆی نێردراون و بە تورکین ئەمە دوا لاپەڕەی یاداشتی حەوتەمی باوکمە و بۆ ئاگاداریشتان نامەکە تائێستاش ماوە لەناو ئەرشیفەکەیدا.

-ئیبراهیم ئەفەندی

گودرون یوزباشی خەڵکی سلێمانیو برای عەونی ئەفەندی بووە ئەم پیاوە بێجگە لە خۆی ژنەکەشی کەکچی مەلا ئەمینی دەلاڵە وتوویەتی هەر لەمنداڵیەوە لە کەرکووك رەفیق حیلمی ناسیووەو لەگەڵ دایکی زۆر جار چوونەتە ماڵیان و ئەوانیش هاتوونەتەوە بۆلایان ،ئەمە کچێکی زۆر قسەخۆش بووەو لە(ئەخلات) لەڕێگەی ئەنقەرە باوکمی بینیووە و قاوەڵتی بۆ کردووە لەماڵی خۆی، خورشیدخان وێنەیەکی خۆی بە شەبقەو بەرگی فەڕەنگییەوە داوە بەرەفیق حیلمی بۆ خزمەکانی لەسلێمانی.

ئەم ئیبراهیم ئەفەندیە لە (ئەخلات) رەئیس تەجنیدبووە.

لە ل١٠٩ دا باسی مەجید ئیسماعیل دەکات کە هاوپۆلی بووە، لەروسیا دیلبووەو رزگاری بووە، گەڕاوەتەوە عیراق پێیان وتووە (تەوارش -رەفیق) ئەمەی کاتێ بیرکەوتۆتەوە کە لە تفلیس بووە و ژەنەراڵێك هاوریکردووە وتویەتی (دۆست) ئەمیش وشەی (تەوارش)ی وتووەو دەستی کردووە بەقسەکردن بەروسیی، رەفیق حیلمی بەتورکیو فەرەنسی و ئینگلیزییوەڵامیداوەتەوە .

مامۆستا نەجمەدین کەرکووکی برای مامۆستاعەبدولخالق (ئەثیری) یەکەم کەس بووە کەچووە بۆلای رەفیق حیلمی کاتێ لەمنداڵیدا بۆیەکەمجار چووە بۆ خوێندن لە ئەستەمبووڵ، بەنامەی کەریم بەگی برای ئەحمەد ئاغا کەرکووکی ئەم بەکۆمەڵەی (هێڤی- هیوای) ناساندووە وەك لەدەفتەرێکیدا نوسیویەتی .

کێ فێری کوردایەتی کردوم؟

– ڕەفیق حیلمی وتویەتی ئەم نەجمەدین کەرکووکی یە فێری کوردایەتی کردووم بەو پێناسینەی بە کۆمەڵەی هیڤی، لێرەشدا وتویەتی: (*) ئەم لاوەکوردە (بلیمەتی زەمانی خۆی بووە) بەهۆی ئەمەوە گەلێ کوردی ناسیووەو دوای ماوەیەکی زۆر کەم چۆتەڕیزی ئەو قوتابیە کوردانەوە کە بەخوێن پاکی و جێی باوەڕ ناسراوبوون (*)

-مامۆستا نەجمەدین

لە لقی ئیلاهیاتی دار الفنون دەرچووە مامۆستای مەکتەبی سوڵتانیی بووە لە حقوقیش خوێندویەتی. لەهەموو هەلێك‌وجێگەیەکدا باسی کوردایەتی کردووە، لاوانی کوردی وریاکردۆتەوە، کچی والییەکی تورکی هێناوەکە خەڵکی (بۆسنە) بووە پێش ڕانەوەی شەڕی گەورە چووە بۆ بۆسنەو دوای ئەوە دەنگی نەماوەو نازانرێت چی لێهاتووە.

ڕەفیق حیلمی کەلەسەفەرەکەی ئەنقەرەدا گەیشتۆتە ئەستەمبوڵ ڕاستەوخۆ چووە بۆ ئەوجێگایانەی کە قوتابی‌بووە لەوێ‌و هۆگریان بووە.(*)

- جەمیل عەلی ئەفەندی

جەمیل عەلی ئەفەندی خەڵکی سلێمانی‌و برای مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس بووەو ئەندازیار سدیق ئەفەندی باوکی نوری شاوەیس زابتێکی کوردی نیشتمانپەروەربووە. کە والی موسڵ سوپای ناردۆتە سەرشێخ عەبدولسەلام بارزانی ئەم زابتی تۆپچی بووە، لەسوپای تورکان یاخی بووەو شەڕی نەکردووە لەگەڵ کوردەکان، لەسەر ئەوە گرتوویانە دادگاییان کردووە بەڵام دوایی بەریانداوە، ئیتر بەخائینیان داناوە و هەربە (ڕەئیس) یوزباش ماوەتەوە. لەئەستەمبووڵ ڕەفیق حیلمی بیستویەتییەوە

(*)ل١٢٠ هەمان سەرچاوە درێژەی باسی هێڤی
(*) ل١٢٠ یاداشتی(٧)

(*)بڕوانە ل ١٢٠-١٢١یاداشتی (٧)

ئەوشەوەپێکەوە کاتێکی خۆشیان بردۆتە سەرو گەڕاون و چوونەتە ئۆرزدی عومەر ئەفەندی و لەوێ ڕەفیق حیلمی جلی هاوینەوپێڵاووباستۆنی کڕیووە. نزیکی نیوەی شەو لە جەمیل جیابۆتەوە.

-عەبدوڵلا حیلمی پاشا

کاتێ باوکم لەئەستەمبووڵ ئەخوێنێ عەبدوڵلا حیلمی پاشا لەوێ مامۆستادەبێ کە کوڕی عەبدوڵلا عەزیزی لاوە و دایکی ئەو پوری خێزانی ڕەفیق حیلمی یە. کە لەئەنقەرە دەبێت نامە دەنێرێت لە (قۆنیە)وە دەعوەتی دەکات بۆلای خۆی.

عەبدوڵلا زابتێکی زۆر سەر ڕاستو بەئەمەکی تورك بووە، دوایی بووە بەئامیرلیوا لە مەکتەبی عەسکەریی و مامۆستای هەبووە، حسێن ڕەئووفی سەرەك وەزیران لەئەنقەرە ئەم نامەیە دەبینێت و دەڵێ باشە بچۆ چەند ڕۆژ لەلای بمێنەرەوە. ڕەفیق حیلمی دەچێ بۆلای و لەوێ چەند خزمێکی تری دەبینێ وەك مێردی خوشکی عەبدوڵلا حیلمی ئەویش هەرخزمی ڕەفیق حیلمی و خێزانەکەی بووە و چەندکەسی تری ناسیاوی خەڵکی سلێمانی دەبینێت. ئەمانە هەر ڕۆژەو یەکێکیان میوانداریيان کردووە لە قۆنیە.

-مستەفا بەهجەت

باوکم لەئۆرفە دەبێت و بەنیازە ئەوڕۆژەی گەیشتن لە ئورفە نانبخوات و بڕوات، بەڵام لەدوکانێکی سەرتاشیی مستەفا بەهجەت– ی یوزباشی سواریی دەبینێت. کە لەمەکتەبی ئامادەیی عەسکەریی بەغدا بەیەکەوە بوون و هاوڕێ بوون. حیلمی دەڵێت کەبینیویەتی لەخۆشیاندا نەیزانیوە چی بکات؟ پێی وتووە هەرگیز ناکرێ ئەمڕۆ بڕۆی، دەنێرێت بەشوێن مەحمود سامی یوزباشی‌دا ئەمیش هاو پۆلی بەغدای بووە بەمناڵیی پێیان وتووە(پاشا سامی). لەگەڵ کوڕی قۆزعەزیزی سەلیم ئاغا ئێوارە دەچنە چایخانە هاوینییەکەی سەر دەریاچە کەوتویانە ئاوەکەی ئیبراهیم بووە شەو لەماڵی مستەفا بەهجەت دەبن و بۆبەیانی ڕەفیق حیلمی دەڕوات بۆ دیاربەکر.

-مولازم ئەحمەد فەخری

مولازم ئەحمەد فەخری کچەزای سلێمان ئاغای کەرکووکی، لەمەکتەبی روشدییەی عەسکەریی لەسلێمانی پێکەوە لەگەڵ باوکم خوێندویانە لەنادی زابتان لەزیافەتی نورەدینی قائمقامی ئزمید دا دەیبینێت. دەچێتە ئیستگە لەگەڵیان و سواری شەمەندەفەردەبن .

-عەلی کوندکتۆز

عەلی کوندکتۆز هاورێی منداڵیی باوکم بووە لە مەرعەش، نامەیەکی بەیەکێك لەهاورێیانی رێگەی دیاربەکریدا بۆ دەنێرێت کە دەچێ بۆ مەرعەش . لەگەڵ عەلی کوڕی حەسەن ئەفەندی برای حسێن نازم لەکەرکوك لەمەکتەبی سەرەتایی پێکەوە بوون بۆیە زۆر حەزدەکات بچێتە لای لە مەرعەش بەڵام کاروانەکەیان بەوێدا ناڕوات، شایەنی باسیشە کە ئەوکاتە باوکی فایەق بەگ -یش لەمەرعەش بووە.

هاوپۆلەکانی لەزاری خوالێخۆشبوو

ئەحمەد فەخری یەوە

ئەحمەد فەخری لەسلێمانی ناوبانگی بە (حەمەکۆڵە) دەرکردووە، ئەویش گوایە لەبەرئێسک سووکی، کەسوروسپی و چاوشین بووە وەك د. نەسرین فەخری کچی. کاتێ من چەند جار لەسالانی پێش کۆچی دوایدا بینیم لەماڵی د.نەسرین بەساڵدا چووبوو سەری سپی‌بوو بوو دیاریش بوو بیری وەك خۆی تیژ نەمابوو، لەبەرئەوەی کە باسی هاوپۆلی و هاورێیەتی خۆیم لەگەڵباوکمدا لێپرسی نەیتوانی زۆر بەوردی و بەتەواوی رووداوەکانی بەبیربێتەوە. وەك دەریشکەوت دووساڵ لە باوکم بچوکتربووە و زیاتر هاو پۆلی شەفیقی برای رەفیق حیلمی‌بووە، پێکەوە ئامادەییان تەواو کردووە، باوکم پۆلێك لەپێشیانەوە بووە. بەڵام لەهەمان قوتابخانە خوێندویانە بۆیە مامۆستاکانیان هەر هەمان مامۆستابوون بەڵام پۆلەکانیان جیاواز بووەو هاوقوتابخانە بوون. کاك محەمەد فەخری وتی رەفیق حیلمی لەرِوشدییەی عەسکەریی سەرەتایی لەسلێمانی دوو پۆل لەپێش منەوە بووە ئەو لەپۆلی شەش بووە محەمەد فەخری و مامم لە چوار بوون. هەندێ لەهاورێکانیان جولەکە بوون. ئەوسەردەمە سلێمانیی وەك شارەکانی تری عیراق زۆری جولەکە تێدابووە. لەهاورێ جولەکانیشیان (سیمانەو ئەورام شالۆم)ی بیرکەوتەوە هاورێکانی تری بیرنەبوو بەتایبەتی هاورێکانی باوکم بەڵکو هاورێکانی شەفیقی لەبیربوو چونکە هاوپۆلی خۆشی بوون لەوانە (فوئاد مەستی، عەلی کەمال، کامل حەسەن، یونس عەبدولقادر، عەزیزی حاجی ساڵح، جەلال صائیب و ئەحمەد عەزیز ئاغا) کە ئەم سیانەی دوایی بەخزمایەتیش دەگەنەوە بەباوکم هەروەها(ئەحەی یاسین، کەریمی سورە ئەورەحمانەسیس، هادی مەلا، ئەحمەد مستەفا گورون، عەزیز حیکمەت، ساڵح کورەزەن ، ئەمین رەواندزی، سەی‌حەسەن) کە ئەم دووانەی دوایی هاوپۆلی رەفیق حیلمی بوون بێگومان ئەوانەی سەرەوە هەربەتەنیا هاوپۆلی رەفیق حیلمی نەبوون بەڵکو ناسیاوو دۆستیشی بوون. پاش ئەمە رەفیق حیلمی رۆیشتووە بۆ بەغدا لەساڵی ١٩١٢ دا بۆ ئامادەیی مەلیکیی فەیسەڵییە.

لەقوتابخانــەی ســەرەتایی ئــەوەی بــەبیر خوالێخۆشــبوو محەمــەد فــەخری هاتــەوە بەڕێوەبەرەکەیان ڕەشیدمارف کابان بوو لەماموّستاکانیانیش (زێوەر ئەفەندی شاعیر) کەماموّستای قەواعید بــووەو ڕێزمــانی فارسیی پــێ وتــوون. مــەلا محەمــەد ئەفەنــدی عەرەبیی پێ وتوون، وەختی خۆی ڕەفیق حیلمی لەتورکیا بینیویەتیەوە. هەروەها شێخ ئەوڕەحمان عەرەبیی پێ وتوون و عەبدوڵڵا پاشا فەرەنسی و نوری وەیس داخلی و زابت عەلی یاوەر (*) ئەمەیش داخلی و حاجی قەلەندەر چاودێری قوتابخانە بووەو (توّفیق وەهبی) ماموّستای زمانی فەرەنسی بووە.

ئەوەی لەرەفیق حیلمی خۆیمان بیستووە ئەوەیە کە (ماجید مستەفاو سەعید فیراز) هاوڕێی قوتابخانەی بوون و ماجید مستەفا هاوڕێی کاتی لاوێتیی و خەباتی سیاسیشی بووە لە سلێمانی لە سەردەمی ئینگلیزدا ئەمانەی لە یاداشتەکانیدا بەدرێژیی باسکردووە بەتایبەتی کاتی مێجەر سۆن وئەو کاتەی کە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردیان بۆ حەمدی بەگی بابان دامەزراندووە.

تادوا ڕۆژی ژیانی پەیوەندیی مابوو بە خوالێخۆشبوو ماجید مستەفاوە لەگەڵ کاك (فوئاد عارف) لای بوون لە نەخۆشخانەی سەلام کاك فوئادخۆیشی ژووری گرتبوو لە نەخۆشخانەکەداو تاکۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی لەوێمایەوە و هەواڵی دەپرسی و یارمەتیدانی پەساپۆرتی بۆ وەرگرتین تابیبەین بۆدەرەوەی وڵات.

خوالێخۆشبوو محەمەد فەخری ئەوەشی وت کە باوکم لە قوتابخانەی ئامادەیی کەرکوکی موڵکی بووە و لەوێ وتاری بەفەرەنسی پێشکەشکردووەو لەپاداشتی ئەوەدا سەعاتێکی ئاڵتونی پێ بەخشراوە. کەپاش قۆناغی ئامادەیی دووجار ڕۆیشتووە بۆ ئەستەمبووڵ بۆ خوێندنی باڵا یەکێ لەهاوڕێ نزیکەکانی کە خۆشمان ناسیومانە:

محەمەد عەلی مستەفابوو کە کورد بوو لەوەزارەتی پەروەردە بوو تاکۆچی دوایی باوکم ، زۆر دڵسۆزی بوو زۆریشی یارمەتیداوە لەئیشوکاری میریدا سەبارەت بەگوێزاوەکانی

(*) عەلی یاوەر وابزانم مێردی(عەتەم جەمیلە)ی پوری باوکم بووە و باوکی سەبیحەخانی کچی ئەم پورەی بووە کە دایکی فەخری ئەلقەیسی لە قەسیەکانی موسڵ بووە و فەخری ئەلقەیسی ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە سەفیربوو.

لەم لابۆئەولا. پاش کۆچی دوایی باوکمان محەمەد عەلی مستەفا هات بۆلامان زۆر پەکی کەوتبوو وتی بیرم لاتانە هاتووم بۆ هەواڵتان ئیتر پاش ئەمە نەمانبینیەوە.

هاورێکانی تری ئەمانە بوون (قادر قەزاز، قادربەگی عیزەت بەگ عەزیز قادر، رەشید جەودەت و پێشتریش مەحمود جەودەت لەخزمان و نزیکەکانی و یاریدەری بوو هەر لەکاتی لاوێتیەوە ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادە و براکانیشی) یادی ئەمانەی لەیاداشتەکانیدا بەرێزەوەباسکردووە ئەحمەد ئاغا لەبەتاوینماڵیان نزیك ماڵی ئێمەبووە زووزوو سەریداوە تاکۆچی دوایی کردووە.

لەبەشیرخانە(دوکانی بەشیر موشیری جلدروو) رەفیق حیلمی گەلێك هاورێی تری هەبووە لە خزمان لە ئەدیب و شاعیران و دانەران وەك (ئەنوەر صائیب) و ئەوانەی لەگۆڤاری رەنگین دا لە (بەشیرخانە)دا باسکراون. وەك زانرابوو باوکم زۆر ناسیاوی هەبوو هەمیشە پەیوەندی باش بوو لەگەڵیانداو خۆشیاندەویست و رێزیاندەگرت. وەك دەردەکەوێت رەفیق حیلمی قوتابخانەی سەرەتایی لەکفریی تەواو کردووە، ناوەندیی لەسلێمانی و ئامادەیی لە سلێمانی و بەغداو خوێندنی باڵای لە ئەستەمبووڵ خوێندووە لەچەند دەفتەرێکی بچوکدا چەند وێنە و نووسینێکی هەیە وا پیشاندە دەن کە رەفیق حیلمی هەر لەمنداڵییەوە، بیری لەنوسین کردۆتەوە، بڕواننە ئەم چەند لاپەرەیە دوای ئەمە چی لەودەفتەرە بچووکانەدا نووسیوە وەك موفەکەرە. هەروەها ئەو نەخشانەی کە کێشاونی لەمانەدا ئارەزووی هونەریی دەردەکەوێت، زۆر بەوردیی نەخشەی ئەو شتومەکانەی لەبەرچاوی بوون کێشاونی وەك وێنەی مەکینەی خەیاتی و سەماوەرو قۆری و هتد لەمانەشدا پلەی زیرەکیی خۆی پیشانداوە لەدەفتەری خوێندنیدا چەند جار نوسیویەتی(رەفیق برنجی) بەتورکی واتە یەکەم لەلایەکی تر ناوی چەند دەرمان و کەرەستە و چۆنێتی دروستکردن و بەکارهێنانیانی نوسیووە دیارە ئەمانە لەودەرمانانە بوون کە باجی رەحمەی پوری (خوشکی دایکی) کە ناوبانگی بەدەرمانساز دەرکردووە دروستیکردوون، لێرەدا ناوی دووان لە کەسوکاری نوسیووە یەك دووجار ناوی (شەفیقی) برای (مەحمود شەفیق) و ناوی (باجی رەحمە)ی پوری و ناوی ئەو پورەشی لەیاداشتەکانیدا نووسیوە کاتێ باسی نەخۆشیی (جەمیل) ی برایی کردووە بڕوانن لەوکاتەشەوە کەوتۆتە دانانی شیعر. ئەو شیعرەی بە تورکی داناوە باسی جوانی چاوی شینە و لەسەرەتادا ناوی پاکیزەی لەسەر داناوە کە ناوی کچە گەورەکەیەتی.

لەدەفتەری یادنامەکانی منداڵیدا

یەکەم/

دەفتەرێکی بچووك کە لەوە دەچێت دەفتەری کاتی خوێندکاریی رەفیق حیلمی بووبێت لە قۆناغی سەرەتایدا کۆمەڵێ زانیاریی و بابەتی تێدایە، بەمەشدا دەردەکەوێت لەوکاتەوە بیری لە یاداشت نووسینەوە کردۆتەوە. دەفتەرەکەش ئەمانەی تێدا نووسراوە:

١- ناوی چەند دەرمانێك و چۆنێتی دروستکرنیان و بۆچی باشن و کەرەستەکانیانی تۆمارکردووە ئەمە لەوانەیە ئەو دەرمانانەبێ کە (باجی رەحمە)ی پوری دروستیکردوون، باجی رەحمە لەگەڵ دایکی رەفیق حیلمیدا ژیاوە، چونکە بێوەژن بووە ودیارەمنداڵی نەبووە. خێزانەکەی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانەی لێوە فێر بووە باوکم هەندێجار داوای لەدایکمان دەکرد بەڵکو فلان دەرمانی باجی رەحمە بۆ فلان کەس ئامادەبکات. دەرمانەکانیشی ئەمانەبوون: سمڵ وزاخ و خاسە ڕەنگ و مرداسەنگ وگۆگرد وعارەقی (واتە پاڵاوتەی) نەعنا ئیتر فنجانێ لەم و فنجانێك لەو و ڕۆنی بادەم و هتد..منداڵەکانیشی هەمیشە گوێیان لە ناوی ئەم دەرمانانە ئەبوو، تەنانەت بەکاریشیان دەهێنا.

٢-خشتەی وانەکانی

٣-خشتە یان لیستەی نمرەکانی ونووسیویەتی رەفیق برنجی(واتە یەکەم)

٤-ئەونیگارانەی بەدەستی خۆی کێشاونی وەك مەکینەی خەیاتی، وەك بیستوومانە دایکی یەکەم ژن بووە کە لەسلێمانیدا جلی خۆیانی بە مەکینەی خەیاتی دووریووە. گەلێك نیگاریشی دروستکردووە لەسەر ئەوقوشانەی بەکاریهێناون .

٥-وێنەی سەماوەرو قۆری کە دیارە ئەم وێنانە بەرهەمی سەردەمی منداڵیی ئەون چونکە دەفتەری وێنەی هەیە وێنەی وایتێدا دروستکردووە بەوردی و پێوانەی هونەرمەندانە، هێندە جوانن دەڵێی بەکامێرا گیراون، ئەوەی لەم دەفتەرەدایە بۆ تەمەنی خوێندکارێکی سەرەتایی زۆرە، بەڵام بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەو کارانەی دوایی بەساکار

دادەنرێت و بڕواناکەم لەئێستادا لەناوسەد خوێندکاری قۆناغی سەرەتایدا یەکێکیان بتوانێ وابەوردیی ئەو(وێنانە) بکێشێت وەك وێنەی فانۆس ومێزەکەی ژێری.

٦-شیعرێکی تورکیی کە باسی جوانیی چاوی شین دەکات و لەسەرەتادا ناوی پاکیزەی لەسەردانراوە.

٧-چەند هەوڵێك، وەك گشت منداڵێك دەستی کردووە بە نەخشکردنی ئیمزای خۆی، چەندجار ئیمزای خۆی کردۆتەوە وبۆ یەکەمجار لەناوگشت ئەو دەفتەرو یادنامانەیدا ناوی (شەفیق) واتە (محەمەد شەفیق)ی برای بە پێنووسی (رصاص)ڕەش چەندجارێك نوسیووەو بەسەریدا ڕۆیشتۆتەوە ئینجا بە جۆرێکی کاڵتر لە تەنیشتیەوە نووسیویەتییەوە، برایەکیشی بە پێج ساڵیی کۆچی دوایی کردووە لەیاداشتەکانیدا باسیکردووە. بۆیە لەدایك و باوکی ئەم برایەی بۆماوەتەوە کە لەقوتابخانەی سەرەتایی پێکەوە خوێندویانەو یەك پۆلیان نێوان بووە. لەوە دەچێت لە ئەستەمبووڵ- یش پێکەوە بووبن لە ئاکادیمیای حەربی، چونکە وێنەیەکیان بەیەکەوە هەیە لە تەمەنی لاوێتیدا بەجلی عەسکەریی و فینەی عوسمانلییەوە.

ئەم برایەشی هەر زوو کۆچی دوایی کردووە کاتێ کە (ضابط مدفعیە) بووە لە سوپای عوسمانلیدا لە ئەستەمبووڵ، تەنانەت یەك کارت پۆستاڵ و وەسڵێك بەناوی ئەم برایەیەوە بە تورکی لەناوشتەکانی رەفیق حیلمی‌دا هەیە ئەوەی من توانیومە سور بم لەسەر ئەوەی کارت و وەسڵی ئەم برایەیتی، چونکە ناوی(محەمەدشەفیق) یان لەسەرە. زۆر نامەی بۆهاتووە بەتورکی وابزانم لەمانەشدا نامەی ئەوبرایەی تێدایە بەڵام ئیمزاکە روون نییە. هەندێك نامەش هەن و پاسپۆرتێکی عوسمانی بەناوی (محەمەد سالح)ەوە کە دیارە پەساپۆرتی باوکێتی هەر لەم دەفتەرەدا ناوی (محەمەدساڵح-سەرشەقام) نووسراوەو لەباسی مردنی ئەو برا بچووکەیدا کەناوی (جەمیل)بووە رەفیق حیلمی باسی باوکی کردووە کە ئەوکاتەی چۆتە سەر گۆڕی ئەم برایەی و گریاوە ئینجا زانیویەتی کە عەسکەریش دەگری! لەوباسەشدا وتویەتی: دایکم ژنێکی ئیماندار بووە بۆیە داوایکردووە (جەمیل)ی کوڕی نزیك گۆڕی ئیمام شاسوار لەکفریی بنێژێ.

ئەمە هەموو باسی خێزانەکەی بووە کە کردویەتی ئەمانەش ئێمە وەك خێزانەکەی خۆی وەك هەرخوێنەرێکی تر لە یاداشتەکانیدا خوێندومانەتەوە چونکە هەرگیز بەزمانی خۆی ناوی کەسیانی نەبردووە، پورم و دایکم جاروبار ناویان بردون.

دووەم/

لەسەر بەرگی دەفتەری یادنامەکەی خشتەی وانەکانی نووسیوەو لەژێریدا بە مەرەکەبی سور نووسیویەتی رەفیق حیلمی ١٩٢٩، کە ئەمە خشتەی مانگی رەمەزانی ئەو ساڵەیە. لێرەدا بابەتی بیرکاریی نووسیوەتەوە و هەر لێرەشەوە بەهرەی (خۆشنوسیی) دەستپێکردووە. ئینجا بەزمانی عەرەبی باسی کارەبای کردوە دواتر (لافوازیە) و چۆن لە شۆڕشی فەرەنسادا لەسێدارە دراوە. هەرچەندە زانیار و زانا بووە و ڕاژگەی هەبووە کەچی لەژێر ئەم بابەتەدا نووسیویەتی: عن مقتطف (سێپتەمبەر) سنه ١٨٨٩ من كتاب (اعلام المقتطف) القسم الاول (صفحه٦٣) ٦شباط ١٩٣٠ هذه من مطالعاته ودليل على حبه للعلوم وكان في كركوك يدرس الرياضيات والفيزياء كماتبين من كتاب رسمي موجه اليه تسليم ادوات هذين الموضوعين الى الاستاذ الذى حل محله.

واتە ئەمەی لە خوێندنەوە واتە لە (مطالعات)ەوە وەرگرتووە و خۆشی وانەی بیرکاری و فیزیاشی وتۆتەوە لەکەرکوك. ئەمە لەنامەیەکی میریدا دیارە کەداوای دەوروتەسلیمی پێداویستییەکانی فیزیا و تاقیگەی لێ کراوە.

ئەگەر لەوسەری ئەم دەفتەرەوە واتە لەچەپەوە دەست پێبکەین دەبینین نامەی بەئینگلیزیی وبەمێژووی(jun)،(حوزەیرانی ١٩٥٥) نوسیووە و بەناونیشانی ناوەندیی مەنسور و بەناوی ئەو خانوەوە کە لە بەتاوین تیایدا ژیاوە پێش کۆچی دوایی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٥ بەڵام بە دەستنوسی رەفیق حیلمی نیە ئەمە وادیارە دەستنوسی یەکێك لەمنداڵەکانیەتی دواتر نوسیوویانە.

وێنەیەکی ساکار لەژیانی تایبەتی لە سلێمانی

لەو خوشکەی باوکمانەوە(بجی) پچڕپچڕ کە جاروبار بەشەو دەمبینی بەدیار قۆری‌وسەماوەرەوە دادەنیشت، چاوەڕێی باوکمی دەکرد ،هێندێك باسی ژیانی خۆی وباوکمم بیستووە، ئەو دەیوت:

لەسلێمانی لە (حەوشی گەورە) ژیاون. حەوشی گەورەیش گەورەترین خانوو بووە لەناوەڕاستی شاری سلێمانیدا حەوشێکی ئێجگار گەورە بووە، چەند کەسێکی دایکیشی لەهەمان حەوشەدا ژیاون وەك پورو پورزاو خاڵۆزاکانی.

دایکی حەلاوەخان خەڵکی سلێمانی بووە،وەك پێشتر وتمان لەدایك ولەباوکیشییەوە لەهۆزی هەمزە ئاغای مەصرەف بووە، حەوشەکە چواردەوری ژوورو لەجۆری ماڵی کۆنی سلێمانیدا دابەشکراوە بەسەر چەند ژوورو مەرافیقێکدا هەریەکەیان بۆ یەکێك بووە لەو خێزانانەی تیایدا ژیاون.

بێگومان کەیەکێك لە خێزانەکان منداڵێکیان شوویکردووە یان ژنیهێناوە لەهەمان حەوشەدا ژیاوە، هەریەکە ژوورێك‌و دووانی هەبووە بۆ خۆی‌و ئەویتر گشتی بووە، واتە وەك دەیانگێڕایەوە چێشت‌و نان هەرلەماڵی باوکەوە لێنراوە و بەسینیی دابەشکراوە بەسەر ئەوانی تردا ولە هەندێ کاتی تایبەتیشدا هەموویان پێکەوە نانیانخواردووە.

وەك (بجی) دەیگێڕایەوە لەو حەوشەیەدا دارێکی ئێجگار گەورە هەبووە، پێیان وتووە(دارە ڕەشەکە) دیارە لەبەر گەورەیی سێبەری کە زۆر پانوپۆڕ و فراوانبووە بۆیە بەدارە ڕەشەکەیان داناوە و گەڵاولقوپۆپی زۆریشی هەبووە.

پاش نیوەڕۆ و دەمەو ئێوارە حەوشە ئاوپرشێن کراوە‌و سەماوەری وەرشاوی گەورە بەقۆری عەجەمی گەورەوە لەژێر ئەو دارەدا دانراوە و فەرش داخراوە و دۆشەك‌و سەرین یان کورسی دانراوە. من نازانم بەلام ئەو پورەمان دەیوت زۆریان دەستوپێوەن واتە بەردەست هەبووەو زۆربەیان جولەکە بوون، یەکێك لەمانە سایسی تایبەتی باوکم بووە. ڕەفیق حیلمی ولاخی تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لەمنداڵییەوە سوار چاك بووەو جلوبەرگی پۆشتەوپەرداخ و پاکو خاوێنی لەبەرکردووە و بەسواری ولاخەکەی چۆتە دەرەوە. یەکێك لەو بەردەستانە جۆلانەی بۆ(کچان) واتە ئەم خوشکەی باوکم هەڵخستووە

بە دارە رەشەکەوە کەڕایژەندوە گۆرانیی جوولەکەکانی بۆ وتووە ئینجا ئەو پورەمان لەبەرئەوەی واتای وشەکانی نەزانیوە بەگوێیدا چون وای لەبەرکردبوون کاتی خۆی جۆلانەی بۆ ئێمە لە درەختەکانمان دەبەستو بۆی دەوتین (هەیالۆخ و مەیالۆخ، دیلمودیلانی شالۆخ) ئینجا خوائەزانێ ئەمە مانای چی بووە؟

وەك وتمان ئەو سەردەمە لەسلێمانی وەك گشت شارەکانی تری عیراق زۆر جولەکە هەبوون گەڕەکێك هەبووە بەتایبەتی ناوی جولەکان بووە. تەنات کە جولەکەش لە عیراق چوونەتە دەرەوە ئەو گەڕەکە هەر بەو ناوەوەماوەتەوە، لاوانی سلێمانیی ئێواران بۆ کات بەسەربردن چوونەتە ئەو گەڕەکە و زۆر لە پیاوانی سلێمانیی ژنیانلێهێناون، ئەوژنانە بوونەتە موسڵمانو خۆم چەند دانەیەکیانم بینیووە، ئەوانە نوێژیان دەکردو ڕۆژو وتەزبیحاتو دوعاو خێروزەکاتو تەنانەت حەجیشیان دەکرد. ئەوەتا لەباسی خوێندنیشدا دیارە لەهەمان قوتابخانەکانی خۆمان خوێندوویانە، وەك ئەو هاوڕێیانەی باوکم کە کاك محەمەد فەخری باسیکردون.

وەك باسمانکرد لەماڵی باوکی رەفیق حیلمی زۆربەی بەردەستەکانیان جولەکە بوون، لەوانەی پورم باسیدەکردن (رەفاییل)بوو کەدوایی بوو بە زەڕەنگەرێکی زۆر بەناوبانگ لەسلێمانی، ڕیش درێژو بەقەڵافەت بوو، ئەوکاتەی زەڕەنگەر بوو بینیوومە. هەروەها چەند جولەکەیەك بەماڵانەوە دەگەڕان وەك (سیمانە) کە قوماشی دەفرۆشت وبازن و متومورو و شوشەو فەخفوریی چاکدەکردەوە بەسیمو گەچ.

مەبەستم لەباسی جولەکە لەم کتێبەدا شتێکە کە زۆر کاریکردۆتە سەر باوەڕو هێندێك دابو نەریت کە لەوکاتەوە لەناو خێزانی ئێمەدا بڵاوبۆتەوە . بەڕای خۆم وادەزانم ئەمە بەپیلانی ئەو بەردەستە جولەکانەبووە، ئەوانەی خێزانی رەفیق حیلمی و کەسوکاریی دەناسن دەزانن کە هیچیان لەوسەردەمەوە، گەورەو بچووك، ڕۆژانی شەممە نەسەردەشۆنو نەجل، هەر لەبانگی مەغریبی رۆژی هەینییەوە تا بانگی ڕۆژئاوای شەممە. زۆریشیان تابەیانی یەکشەممەش درێژیاندەکردەوە ئینجا ئەمە بۆچی؟ وەك بزانم ئەم بەردەستانە لەماڵی رەفیق حیلمیو ماڵی باوکیو کەسوکاری لەبەرئەوەی جولەکەبوون، ڕۆژانی شەممە هیچ شتێکیان نەدەکرد، ئاگریان نەدەکردەوەو سەروجلیان نەدەشت، بۆئەوەی ئەم دابونەریتەی خۆیان بپارێزن لەو ماڵانەی ئیش و

کاریان تێداکردووه نەیانشکاندووه. دیاره شتێکیان کردووه که ئەو خاوەن ماڵانە بخاتە مەترسییەوە هەرچەندجلیان بۆ شتبێ یان سەرشۆریان بۆ گەرم کردبن، بۆیە خێزانی ئێمە وازیان لەجل شتن و سەرشتن هێناوه لە رۆژی شەممەاندا و ئەوەی سەیره و رەنگە بەرێکەوت بووبێت هەرچەند یەکێکیان ئەم عادەتەی تێکداوه و بێزاربووه لێی یاخود بەناچاریی لەم رۆژەدا سەروجلی شتووه، شتێکی خراپ و ناخۆشی بەسەردا هاتووه، بۆ وێنە هێشتامنداڵ بووم سەرم دەشت، لەپڕهاتن وتیان باوکی‌دایکم کۆچی دوایی کردووه. هەر زراوم چوو، خۆ تاباوکیشم کۆچی دوایی کرد کەس نەیدەوێرا ئەم عادەتەی ماڵەوەمان بگۆڕێت، باشبوو دایکم نەیزانی سەرم شتووه لەبەر پرسەکە، ئێستاش هەموومان لەسەر هەمان داب و نەریتین.لەحەمامیشدابین دێینەدەرەوە و جل تەڕیش بێت وازی لێدەهێنین تارۆژی یەك شەممە.

لەمەیش سەیرتر ئەوەیە کاتێ چوومە ئەمریکا، وەك دەزانن نزیکەی رۆژێك جیاوازیی هەیە لە نێوان ئێمەوئەواندا. لەوێ سەرم لێ تێکچووبوو کام رۆژ سەر نەشۆم و جل نەشۆم، شەممەی خۆمان لەعیراق یان شەممەی ئەمەریکا. جاروبار گزیم دەکرد بەم بەهانەیەوە لەبەر ناچاریی لە شەممەدا کاری خۆمم دەکرد.

دیاره باسی حەوشی گەوره پاش باسی کفریی بووه چونکه ئەگەر ئەم باسانە پێکەوه بنێین لەگەڵ مردنی جەمیلی برای باوکمدا لەکفریی، بۆماندەردەکەوێ باسی ئەوەی رەفیق حیلمی لەکفری بووه کاتێ بووه که باوکی هێشتاماوه بەڵام بۆ کاری میریی چۆتە هەولێرو چۆتە سەر سنوور، ئەوکاتەی جەمیل کۆچی دوایی کردووه ئەم منداڵ بووەو لە قوتابخانەی سەرەتایی بووه، چونکه خۆی دەیگێڕێتەوه کە منداڵ بووه لەگەڵ پوری براکەی بردووه بۆلای دەرمانسازو برینپێچەکە،هەروەها دەڵێ کە ئەو برایەی مردووه باوکی لەوێ نەبووه بۆیە دراوسێیەکی پیاوچاکی هاوڕێی باوکی پێویستی ناشتنی جێبەجێ کردووه، هەر لەوێشدا باسی دایکی کردووه دەڵێ ژنێکی زۆر دینداربووه کە (جەمیل) مردووه تکایکردووه لەپەناگردی (ئیمام شاسوار) بینێژن و هەرلەوێشدا رەفیق حیلمی باسی باوکی کردووه کە گەڕاوەتەوه بۆ لایان بۆ کفری ئەمی لەگەڵ خۆی بردووه بۆسەر گۆڕی جەمیل و لەوێدا باوکی بینیوه کەفرمێسك بەچاویدا هاتۆتە خوارێ (ئیتر وتویەتی تا ئەو کاتە نەمزانیوه عەسکەریش دەگری!).

دەشێت پاش ئەم ڕووداوە ئیتر حەلاوەخانی دایکی جێگەنشین بووبێ لە سلێمانیو لەگەڵ مێردەکەیدا نەڕۆیشتبێت بۆیە باوکی ڕەفیق حیلمی لە کەرکوك ژنێکی تر دەهێنێت کە ئەم ژنەیانی خەڵکی کەرکوك دەبێت و لەوێش کوڕوکچێکی دەبێت، وەك باسمانکردون، بەڵام حەلاوەخان هەر خۆی و منداڵەکانی خۆی لەسلێمانی دەمێننەوە و ساڵح ئەفەندی باوکی ڕەفیق حیلمی زووزوو دەچێتەوە لایان وهەمیشە لەگەڵ سوپادا لەسەر سنوور دەبێت یا لەجەنگدا وەك جەنگی عوسمانلیو ڕوسیی کە لە سلێمانی پێیان وتون (عروسەکان).

ڕەفیق حیلمی بەپێی ساڵانی ئیشوکاریو ئەو ڕۆژنامانەی کاری تێداکردوون، کە لەتورکیا دەگەڕێتەوە دەست دەداتە خەباتی سیاسی، بەڵام هەر واز لەشیعرونوسین ناهێنێت، بەپێی ئەورۆژنامە سەرەتاییانەی لەکاتی حوکمداریێتی شێخ مەحمودی نەمردا لە ۱۹۲۰-۱۹۲۱دەرچوون واتە بەپێی (ڕۆژی کوردستان)، (بانگی کوردستان)، (ئومێدی ئیستیقلال) لەبیستەکاندا ڕەفیق حیلمی لەسلێمانی بووە.

بەپێی ئیشوکاری میریی و (دەفتەری خزمەتی) لەساڵی ۳۱ ڕۆمیدا ۹/۱تا ۳۳/۵/۳۱ی ڕۆمی مەئموری کشتوکاڵیی بووە لەشاری سلێمانی لە ۳۳۲/٦/۱-۳۳۳/٦/۳۰کاتب بووە ۱۹۲۱/۳/۱۵ بەپێی یاداشتەکانی لەساڵانی بیستدا لەسلێمانی سەرقاڵی کۆمەڵەو ڕۆژنامە دەرکردن بووە سەرەتا بەتورکی شیعری داناوە وشیعری غەزەلی نوسیووە دوایی وازی لەمەهێناوەو کەوتۆتە دانانی شیعری سیاسییو نووسینی کۆمەلایەتییو گاڵتەوگەپ لەگەڵ هاوڕێکانیدا وەك ماجید مستەفا مەحمود جەودەت و لەماڵی تۆفیق وهبی بەگ لە سەردەمی مێجەر سۆن دا دژی ئینگلیزبوون و سەرقاڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد و کاری ڕۆژنامەگەریی بوون.

ئەو کاتەیش کەلە ئەستەمبووڵ دەخوێنێت و باوکیشی هەمیشە دوور دەبێت لەماڵو لەجەنگ دەبێ لەسەر سنور، شەفیقی برای دەبێتە پیاوی ماڵ کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی دەبێت وئاگای لە دایکیو پوریو خوشکەکەی دەبێت. کە لە ئەستەمبووڵ دەگەڕێتەوە ژندەهێنێت و هەر لەگەڵ دایكو خوشکەکەی و باوکی دەمێنێتەوە، بەڵام باوکی زوو کۆچی دوایی دەکات لەبەر ئەوە هەر زوو دەبێتە پیاوی ماڵ و باری بەڕێوەبردنی ماڵی دەکەوێتە ئەستۆ. ڕەفیق حیلمی سەردەمی باوکی زۆر

بەخۆشیی رادەبوێرێت وەکو وتمان لە حەوشی گەورە، بەڵام کەباوکی کۆچی دوایی دەکات، بەماوەیەکی کەم دوای ئەویش دایکی کۆچی دوایی دەکات ئیتر ژیانی دەگۆرێت. بەپێی ئەوەی لەیاداشتەکانیدا نوسیوویەتی لە نێوان (١٩–٢٠) ساڵیدا ژنیهێناوە بەڵام تا پێنج ساڵ منداڵیان نەبووە و خۆی و خێزانەکەی زۆر ئارەزووی منداڵیانکردووە، بەڵام کاتێ ئەوخەونەیان هاتۆتە دی، ئەم لە ئەنقەرە بووە وەك نوێنەری شێخ مەحمودو خێزانەکەیشی بەدووگیانیی بەشاخ‌وکێوانەوە بووە [*]

واتە رەفیق حیلمی لەنێوان ١٩٢٠–١٩٢١دا ژنهێناوە پێش چوونی بۆ ئەنقەرە وەك نوێنەری شێخی نەمر. دایکمان جاروبار باسی خەسوو خەزوری زۆر بەجوانی بۆدەکردین. کەم بووك هەن وا بەباشی باسی خەزوروخەسویان بکەن.

دەیوت (حەلاوەخان)ی دایکی رەفیق حیلمی لە وێنەی کەم بووە لە هێمنی‌و لەسەر خۆیدا لە خانوومانیی‌و وێڵ و رەوشتی جواندا، لەدەست رەنگینی‌و ماڵداریدا، نەخش‌ونیگاری بەمەکینەی خەیاتی کردووەو زۆر بەجوانی ئاگاداری ماڵ ومنداڵ و کەسوکاریشی بووە و چاودێریی دایکمانیشی کردووەو خۆشیویستووە هەروەها ئەویش دیاربووە خەسووی زۆر خۆشویستووە و خزمی یەکیش بوون، کەدایك‌و باوکی رەفیق حیلمی کۆچی دوایی دەکەن ئەو تەنها خوشکەی ئیتر لێیان جیانابێتەوە ، تامردنیش هەر لەگەڵیاندا دەبێت‌و هەرلەبەر باوکیشم لەگەڵ براکەی تری (واتە لەگەڵ مامە شەفیقم) ناچێ بۆ تورکیا، کاتێ ئەو مامەم دێتەوە لایان رەفیق حیلمی لەبەندیخانەی کۆیە دەبێت و ناهێڵن بیبینێت. دایکم (١٣)کەسی خۆی بەنەخۆشی جەنگ واتە رشانەوە کۆچی دوایی دەکەن پاش جەنگی جیهانیی یەکەم ئەوانیش دایکی‌وبرایەکی گەنجی‌و دوو خوشکی‌بە (٤) بەمنداڵەوە، تەنها برایەکی و باوکی مابوون کە ئێمە بینیومانن. رەفیق حیلمی هاوسەرەکەی زۆر خۆش دەویست‌و بەهەوڵ‌و تێکۆشان هێنابووی هەرئەمیش خێزانی بوو تادوا رۆژی ژیانی.رەفیق حیلمی پاش کۆچی دوایی دایك‌و باوکی‌و پێش چوونی بۆ ئەنقەرە لەخانووی کرێدا دەبن، کاتێ دەروا بۆ ئەنقەرە دایکم‌و پورم دەباتە ماڵی خەزوری چونکە خزمی یەك دەبن. کاتێ شێخ

---

[*] بروانە یاداشتی رەفیق حیلمی بەرگی حەوت

مەحمود لادەبرێت ئینگلیز سلێمانی بۆردومان دەکات هەموو لەگەڵ باپیرمان (باوکی دایکمان) دەچن بۆ سورداش کە زۆرێك لەماڵ ومولْکی خۆیی لێدەبێت و کاتی خۆی (ماڵی مودیر) بووە لەترسا دەچنە شاخەکان و لەشکەوتدا خۆیان دەشارنەوەو لەوێ دایکم کچێکی دەبێت لەکاتێکدا کە باوکم هێشتا لەئەنقەرە دەبێت و هیچ هەواڵی نابێت و ئەویش هەواڵیان نازانێت، ئەمەیش ناسۆرێکی تری ژیانی سیاسیی رەفیق حیلمییە.

لەپڕ ژنێك ئێوارەیەك پێیان دەڵێت ئەمڕۆ لە ئەنقەرە دەگەڕێتەوە، ئەمەڕاست دەبێت، ئەوشەوە خۆی دەکات بەدالآنی ماڵی باپیرماندا، دایکم بڕواناکات هەر نایناسێتەوە. هەر ئەوکاتە بەوجلە کوردیانەوەو بەو سەروریشەوە، وێنەیەك دەگرێت لەگەڵ مەحمود ئاغای خاڵۆزایدا کە (هاوسەفەری) بووە لەگەشتەکەیدا.

لەپاشاندا دوای هەوڵ وتەقەلایەکی زۆر شێخی نەمر دەیکات بەنوێنەری خۆی ودەبێتە (تەرجومان) وەرگێڕی گفتوگۆی نێوان شێخی نەمرو ئینگلیزەکان بەزمانی فەرەنسی وئیتر شێخ مەحمود دەیکات بەلێپرسراوی (ئومێدی ئیستیقلال) بەنامەی تایبەتی خۆی پاش دامەزراندنی (کۆمەڵەی کوردستان)ی مستەفا مولْکی پاشاو بەرێوەبردنی کۆمەڵەو ڕۆژنامەکەی پێ دەسپێرێت پاش کۆتایی حوکمدارێتی یەکەمی شێخ مەحمود و گەڕانەوەی مستەفا پاشا باوکم دەڕوات بۆ کەرکوك بۆلای مامی (واتە بۆلای تۆفیق ئامان) ئەویش لەبەر دەست کورتی و نەبوونیی.

لەکەرکوک

١٩٢٠/١٢/١٦-١٩٢١/٨/٢١

دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی (ظفر) لەکەرکوک،بڕوانە یاداشتەکانی بۆ درێژەی ئەم باسە و بۆ نووسینەکانی لەرۆژنامەی (حوادث) ی تورکی عوسمانلی یان (النجمە)ی سەردەمی‌داگیرکردنی ئینگلیز،ئەمەیشی بەدرێژی لە پێشەکی دیوانی پاش تەممووزدا ولەیاداشتەکانیدا نووسیوەتەوە سەبارەت رۆڵی سیاسی لەکەرکوک چۆن تورکەکان ناڕازی دەبن لە شیعرەکانی بەتورکی و لەگەڵ ئۆزدەمیر گفتوگۆ دەکات و ئەو تووڕە دەبێت و دەڵێت ئاگادارم لەشیعرەکانت کاتێ لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڕواندز دەیبینێت. [1] ئینجا چۆن ئینگلیزەکان هەوڵدەدەن وازلە وتارو شیعرەکانی لە (النجمە) دابهێنێت و بچێتە سەرڕێی ئەوان ئیتر یاداشتی بدەنەوە،لێی‌خۆش بن و بیکەن بەلێپرسراوی ڕۆژنامەکە.

بەڵام قایل نابێت، لەبەرئەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت لەسلێمانی لە (١٩٢١/٨/٢١–١٩٢٤/٩/١٤) دواتریش ڕەوانەی کەرکوک و ئینجا هەولێری دەکەن و دەینێرن بۆ (مەجەرالکبیر) لە١٩٢٤/٩/١٤– ١٩٢٦ بۆ ماوەی دووساڵ(٢)

١٩٢٨ ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی لەکەرکوک

ساڵی ١٩٢٨ لەکەرکوک باری ئابوریان پەشۆکاوژیانیان تاڵ دەبێت، دایکم و خوشکەکەی باوکم گەلێك کێشەو ئەندێشەی خۆیانیان بۆ گێڕاومەتەوە،لەو سەردەمەدا مامی باوکم لەوێ یارمەتیداون، بەڵام دیارە گەلێك لافاو ئەمدیو ئەو دیوی پێ کردووە.

لەوێ کوڕێکی دەبێت بەناوی (ئەمین زەکی) کەکوڕی نۆبەرەیەتی بەڵام بەساڵ‌ونیویی کۆچی دوایی دەکات، دەیانوت گوایە بە بۆن کەوتووە (ئەمەش شتێکی زانستیە)و دەشێت وابووبێت، پاش دووڕۆژ دەمرێت، کچێکیشی تووشی نەخۆشی دەبێت، بەوە

---

[1] ڕەفیق حیلمی پێش چوونە ئەنقەرە بەئەمری شێخ دەچێتە ڕەواندز بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆزدەمیر، درێژەی ئەم باسە لەیاداشتی ژمارە(٧)دا دەبینن.

هێندەی تر خێزانەکەی و خۆشی دڵگراندەبن و ئەم کچەیشی کاتێ کەدەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی کۆچی دوایی دەکات.

کەلەکەرکوك دەبن باوکم بێجگە لە کچە گەورەکەی دوو کچی تری دەبێت یەکێکیان نازانم لە کوێ لەدایك بووە، کاتێ کە دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی نەخۆش دەبێت و هەر بەپێنج ساڵیی کۆچی دوایی دەکات. پێش مردنی ئەم کچەی، لەکەرکوك کچێکی تری دەبێت، هەر زوو پاش ئەمە رەفیق حیلمی دەگوێزرێتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ ئیتر، ئەوکچەی دیکەشیان کۆچ دەکات و دەڵێن باوکم تاسالێکیش هەموو سپێدەیەك ، بەدەستەگوڵەوە چۆتەسەر گۆڕەکەی ئینجا چۆتەسەرکار، کچەکەی تریشی دووچاری هەمان نەخۆشیی بووە کە پێدەچێت (ذاتا رئە) بووبێ،بەڵام ئەمیان نیۆنمەکیان گرتۆتە سنگی و چاکبۆتەوە، ئەویتر نۆژدارێکی ناشی[*] دەیخاتە پەتۆی تەڕەوە گوایە تای دادەبەزێنێت و بەوە دەمرێت. بۆیە زۆر باوەڕی بەدەرمانەکانی پورە ڕەحمە بووە زیاتر لە چارەسەری پزیشکیی.

---

[*] دەیانووت ئەم نوژدارە هیندیی بووە.

چیرۆکی لیره ئاڵتونەکە

دایکم بۆیگێڕاینەوە وتی: ئەوکچەمان کە لەکەرکوك بووم پێی بەخێربوو بۆمان، بەڵگەش بۆئەوە ئەو لیرە ئاڵتونەبوو کە گشت شەوێك بۆم دەخرایە ژێر سەرینەکەم، گوایە شەوێك خەودەبینێت لەخەویدا پیاوێکی پیرۆزی سەرورپیش سپی، جل سپی دێتە خەوی، دەڵێت: لەمشەوەوە و گشت شەوێك لیرەیەکی ئاڵتون دێتە ژێر سەرینەکەت، دەبێت ئەمە لای کەس نەدرکێنیت. هەرکاتێك بەهەرکەسێك بڵێیت یەکسەر ئەوە دەبڕێت. دایکم وتی شەوێك‌و دووان‌و سیان‌و دە، هەر خۆم گرت و بەیانی لیرە ئاڵتونەکەم دەردەهێنا و هەڵمدەگرت، تا بووە نزیکەی بیست لیرە. ئیتر خۆم پێ نەگیراو بەیانیی لیرەکەم لەژێر سەرم دەرهێناو پیشانی باوکتانم دا، ئیتر لەوشەوەوپیاوە ریش سپییەکە نەهاتەوە! بۆ ئاگاداریی دایکم و باوکم تاکۆچی دوایی باوکم هەردووکیان و پاش دایکم تاکۆچی دوایی خۆی لەسەر هەمان جێگە (چرپا) دەنوستن، ئینجا ئایا باوکم کە پارەی باشی هەبووە، ئەو ئەم لیرەیەی بۆ داناوە و تاقیکردۆتەوە یانا ئەوە نازانین؟ باوکم بەهیچ جۆرێك هیچی بۆ ئێمە وبۆکەس نەگێڕاوەتەوەو کەسیشمان هیچمان لێ نەدەپرسی چونکە وەڵامی نەدەدایەوە. بەپێی دەفتەری خزمەتی ١/٩/١٩٢٦و١/٩/١٩٢٧و١/٩/١٩٢٨ نووسراوە رەفیق حیلمی لە قوتابخانەی (العلمیە) بووە لە کەرکووك ولە ١/٩/١٩٢٨ دا گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندیی لەسلێمانی و تا ١٩٣٠ مامۆستای قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی بووە.(١)

ساڵی ١٩٣٠ لەسلێمانی دایکم دووەمین کوڕی بووەو باوکم بەناوی باوکی واتە (شەوقی)یەوە ناوی ناوە، هەروەها بەداکیشمیان دەوت دایکی شەوقی، پورمان بە باوکمانی دەوت (کاکە) خوشکەکەی تری و ئامۆزاکانیشی هەر بەکاکە ناویاندەبرد .

---

(١) بەپێی دەستخەتێکی رەفیق حیلمی، نوسیویەتی لە (٦) ئەیلولی رەشی ساڵی ١٩٢٩دا لە سلێمانی نزیکەی مانگێك بەندکراوەو دواتر گواستویانەتەوە بۆ هەولێر و لەوێشەوە (دوورخراوەتەوە) بۆ ناسرییەو باسی ئەوەی بەدەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە کە لە ناسرییە شێخ مەحمودی بینیوە بەدوورخراوەیی هەر وەك خۆی،

لەهەولێر

١/١٠/١٩٣٠-١/١٠/١٩٣١ [٢] كراوە بەمامۆستای ئامادەیی لەهەولێر، من ئەو ماوەیەم هیچ لەبیرنیە چونکە زۆر منداڵ بووم . دەڵێن لەوێ لەسەر قەڵا ژیاوین.

پاشان زانیمان کە باپیرمان (باوكی باوكمان) لەهەولێر نێژراوە،چەند هەوڵماندا بزانین لەکوێو لەکام گۆڕستانە نەمانزانی .

لەناسرییە

بەپێی فەرمانی میریی لە ١/١٠/١٩٣١-١/١٠/١٩٣٢ بەنەفیکراویی چووە بۆ ناسرییە پاش گوێزرانەوەی لەهەولێر. جیاوازیی مێژووی گواستنەوەی بەپێی فەرمانی میریی و چوونی بۆ ناسرییە لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەبووە زۆر جار بەو فەرمانەی نەكردووە یان بۆیان گۆڕیوە. بڕوانە دەستخەتەكەی كەچووە بۆ بەغداو چاری نەبووە فەرمانەكە بگۆڕێت چووە بۆ ناسرییە، ئەمە بۆتە هۆی پاش وپێشی مێژووی گواستنەوەكەی، من خۆم تائێرەش هیچم بەبیردانایەت.

---

[٢] پاش نوسینی ئەم باسە دەستخەتێکی نزیکەی ٣٠ لاپەڕەیی (ڕەفیق حیلمی) م دەستکەوت بەدرێژیی باسی کارەساتی ٦ی ئەیلولی ١٩٢٩ ی سلێمانیی کردووەوباسی بەندکردنی نیشتمانپەروەرەکان کەخۆی یەکێك لەوانە بووە ئینجا ڕەوانە کراوە بۆ هەولێر و لەوێ بۆ یەکەمجار بەکورتیو ئەویش هەر بۆئەوەی باسی ئەو ڕۆژەبکات کە ئەمری (نفی) دەرچووە بۆ ناسرییە، باسی وێنەیەك لەژیانی خێزانیی کردووە. چۆن ئێواران نانی نەخواردووە لەماڵەوە بەڵام ئەو ئێوارەیە چۆتەوەو لەگەڵ خێزانەکەی دانیشتووە و بەگاڵتەکردنو بێباکییەوە نانی لەگەڵ خواردون.

دیارە تا (باگراوند) دروست بکات بۆ ئەو هەواڵە ناخۆشە..، ئینجاچۆن چووە بۆ بەغداو چی بینیووە لەوێو چون هەر ناچار بووە بڕوا بۆ ناسرییە و لەوێ شێخی نەفی کراویشی بینیووە.. ئەوباسە بەدرێژی بڵاو دەکەینەوە کە دەشێت ببێت بە بەشێك لەیاداشتەکانی. لەوێدا باسی ناسینی شێخ مەحمود- ی کردووە بۆ یەکەمجار و پێش حوکمدارێتی، کاتێ ئەویش نفی بووە لە ناسرییە.

تێبینی/ بەبەراوردکردنی مێژوی گواستنەوەی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر لەگەڵ ئەوەی لەم دەستخەتەی سەرەوەدا نووسراوە جیاوازی دەبینرێت. نازانم بۆچی؟ وەك لەدەستخەتەکەدا ئەیلولی رەش ١٩٢٩ لەم ساڵەدا نێرداوە بۆ هەولێر کەچی ئەوەتا نووسراوە هەولێر ١٩٣٠- ١٩٣١و (١٩٣٠ لەدەستخەتەکەدا) دەڵێ ڕۆیشتیووە بۆ ناسرییە ئیتر چۆن لەهەولێربووە؟ رەنگە کۆتایی ١٩٣٠ چووبێت بۆ ناسرییە.

لەموسڵ

١/١٠/١٩٣٢-١/١٠/١٩٣٤ مامۆستای ناوەندیی موسڵ بووە. وەك بەكتێبەكانیدا دەردەكەوێت. لەوێ نووسیونی و لەچاپیداون ئەو ماوەیە پەیوەندیی هەبووە بەگەلێك لەخەباتكارانی عەرەبەوە لە دژی بێگانەی وەك ئینگلیز، لەوێ (د.مەجید خدوری) ناسیووە، كەمامۆستا بووە لەگەڵیدا.. رەفیق حیلمی لەوێ مامۆستای بیركاریی و زمانی فەرەنسی بووە و لەجێی مامۆستای ئینگلیزیش لەكاتی نەخۆشیی ئەودا ئینگلیزیشی وتۆتەوە و نامەی سوپاسی بۆ هاتووە لەسەر ئەوە، چونكە پارەی لەسەر وەرنەگرتووە. بەمەدا دەردەكەوێت ئینگلیزیشی زانیوە، لەیاداشتەكانیدا باسی نووسین و خەباتی لەموسڵ كردووە.

لەموسڵیش كچێكی تری دەبێت بەڵام زۆر بەگران مامانێكی روسیی بەناوی (مەدام پروسكی) بۆ دەهێنێت. خۆم وەك خەو ئەم ماوەیەم بەپچرپچریی دێتەوە بیر بەتایبەتی كەلەگەڵ براكەمدا بووم.

من و شەوقیی برام لەموسڵ ١٩٣٣-١٩٣٤

من و شەوقی برام لە رەوزە بووین، بەیانی پێكەوە بەناو گۆڕستانێكدا دەچووین بۆ رەوزەكە، پاش نیوەڕۆ پێكەوە بەناو هەمان گۆڕستاندا دەگەڕاینەوە. موسڵ وەكو كەركوك ئەوەیان خراپە گەلێك گورستانیان لەناو ماڵەكاندا هەیە، منداڵ بووین بیرمان لەجنۆكەوشتی وا ئەكردەوە، ڕۆژێكیان لەكاتی گەڕانەوەدا لەگەڵ هاورێكانمانا بەناو ئەو گۆڕستانەدا ئەڕۆشتین، كاتێك ئاوڕم دایەوە براكەمم نەبینی كە زۆر وردیلە و ئێسك سووك و سورو سپی و قژی لوول بوو رەنگی قژیشی زێڕین بوو باوكم كە قژە درێژە لولەكەی بڕی لەوێ، خستیە شووشەیەكی گەورەوە تاچەند ساڵ پاراستی، ئەی هاوار چی لێهات ؟ ئەم لاگەڕام ئەولا گەڕام نەبوو فرمێسك وەك باران لەچاوم دەرژا، تادرەنگ داهات من وەك شێت بەناو ئەو گۆڕستانەدا گەڕام بۆ براكەم نەمدۆزییەوە، تاریك داهات و ناچار گەڕامەوە ماڵێ لەدەرگای حەوشەوە خزمەتچیەكی خۆمان بینیمی

وتی کوا براکەت؟ بەگریانەوە وتم ون بوو.. تاچەند ساڵیش ئەو خزمەتچیە لاسایی ئەو ڕۆژەی دەکردمەوە بەگاڵتەوە وتی: هەیرۆ چیت لێکرد؟ بەدایکم وپورمی وت وا لەگەڵی دەڕۆم دیارە ئەو منداڵە بەستەزمانە لە پەناقەبرەکانا ماوەتەوە. چوین دیمان لەپەنا کێلێکدا دەگریا و تۆقی بوو لەترسا. لەبیرەوەرییە پچڕپچڕەکانی ترم لەموسڵ جارێك باوکم بردینی بۆ ماڵێکی گەورە وەك تێگەیشتم ماڵی یەکێکی زۆر مەزن بوو دوای مقۆمقۆ و خۆئامادەکردن و ئامۆژگاریی وابکەن وامەکەن، چوین وەك لەبیرم بێت و پاشان بەپێی خوێندنەوەم ئەوە ماڵی (شێخ ئەحمەدی بەرزانی) بوو هەر ئەوەندەم بیرە، گوێزی هەورامانم خوارد، چیتر ؟ بیرم نیە ئەو گوێزە زۆر چاكوخۆش بوو لەبیرم ناچێت بەگوێنیش لێی دانرابوو، لەژێر خانێکدا.

جگەلەمە ئەو خانووەی تێیدابووین لەموسڵ هەرچەندە بەحاڵ وەك خەو لەبیرمە دوونهۆمیی بوو، سارداوێکی تێدابوو، ترشیات وزەخیرەیان لێدادەنا شەوی ڕەمەزان لەسەربان کاتی پارشێو منیان دەنارده خوارێ بۆ ئەوسارداوە ترشیات دەربهێنم، نەدەترسام بە تاریکی دەچوومە خوارێ و ئەمەم هەر لەبیرە. جگەلەوە ڕۆژێکم بیرە وتیان یەکێك لەمامۆستاکانم هاتبوو بە میوانمان چونکە خزممان بوو.

لەوەزیاتر دەبێ بڵێم لەپشتی عارفە سووری مەصرەفەوە برای هەمزەئاغای مەصرەف گەلێك کەسوکارمان جێنشینی موسڵ بوون سەریان لێدەداین و یەکێکیان خرپن و سوروسپی بوو زوو زوو دەهات و کوبەی (موسڵی) بۆ دەکڕین، ئێستا لە لەندەن نێژراوە بەمانەمان دەوت خزمە موسڵاوییەکانمان. دوایی زۆریان دەهاتنەبەغدا و لەوێش سەریان لێدەداین.

دواشت ڕۆژی گواستنەوەی باوکم لە موسڵ لەبیرە، ئەو ڕۆژە هەموو بەردەست و ئەو خزمانەو خۆمان هەر خەریکی کەلوپەل کۆکردنەوە بووین، لۆری لەشەوێوە لەبەردەرگا باردەکرا شت لەسەربانەوە فڕێ دەدرایەخوارێ، ئێمەش شڵەژاو.. خۆشی خۆشی دەچینەوە بۆ سلێمانی کە تائەوکاتە هیچی سلێمانیم بەبیردا نەدەهات و نەمدەزانی چۆنە و نەمدەزانی باوکم بۆچی دوورخراوەتەوە لەوێ.

لەبەسرە

١/١٠/١٩٣٤-٨/١٢/ ١٩٣٥ کرا بەمامۆستای ناوەندیی بەسرە بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە نووسراوە ١/١٠/١٩٣٤-١/٣/١٩٣٥ مامۆستای(غەربییە)بووە لەناوەندیی، چۆن وەك لەسەرەوە کرابووبە مامۆستای ناوەندیی بەسرە لەم مێژووەدا. کەچی لەهەمان مێژوودا مامۆستای غەربییەبووە؟ ئایا ئەمە غەربییەی بەغدایە یان لە بەسرەش قوتابخانە هەبووە بەم ناوەوە؟ لێرەدا تەنانەت فرمان هەیە بەمێژووی ٢٧/٣/١٩٣٥ ژ(٣٢٦٩) کەموچەکەی ١٨ دینار بووە.

تائەوکاتە باوکم خۆی و خێزانەکەی بە (١٨)دینار دەژیان لەوکاتەدا ئێمەی لە سلێمانی بەجێهێشتو هەر خۆی چوو بۆ بەسرە، ئیترلەسلێمانی لەسەرەتادا لە خانووی ئەحمەدی عەزیز ئاغادا نیشتەجێ بووین.

بەسەرهاتێکی سەیر لەسلێمانی

شەوێك لەسەربان دەنوستین، لەخانووەکەی ئەحمەدی عەزیزئاغادا(*) سەربانەکە گوێسوانەی نەبوو، پشتمان یەکێك لە خێزانی (قەفتان)ەکان بوو. بەیانی هەستاین تاقە براکەمان لە جێگەکەیدا نەمابوو هاوارمان لێ بەرزبۆوە چی لێهات؟ هەموو دەرو دراوسێ ڕاست بوونەوە، ماڵەکەی پشتمان هاواریان کرد مەترسن ئەوەتا لە باخچەکەی ئێمە نوستووە. هەمووسەرسام بووین منداڵێکی وابچووك چی گەیاندیە حەوشەی دراوسێکەمان لەکاتێکدا کە هەر ٣-٤ ساڵان دەبوو، دیاربوو کەوتبووە خوارێ، لەوەیش سەیرتر سەرپۆشێکی سپی لەژێریدابوو تێی ئاڵابوو هیچ کەسێك نەیزانی سەرپۆشی کێ بوو! هیچ ئێش‌و ئازاری نەبوو تەنانەت خەبەریشی نەبووبۆوە. بەڵام هەر وەك هەمیشە خێرا باجی عاسمی سەکینەی دەرمانسازی سلێمانی‌و مامان گەیشتنەلامان و لەشی بەکافور هەنوو ئاوی پرتەقاڵی دایە و ئیتر باش بوو.

(*) ئەحمەدی عەزیز ئاغا لەلایەك مێردی پورزازای دایکمان بوو لەلایەکی ترەوە هاوڕێی گەنجێتی باوکمان بوو. لە یاداشتەکانیدا ڕەفیق حیلمی باسی کردووە.

باجی عاسم زۆر بەناوبانگ بوو بۆ دەرمانسازی میللیی و چەند جاری تر لەبەسەرهاتی لەپڕدا هاتووەو باش چارەیکردووە وەك كاتێ خوشكە بچوكەكەمان وەك دەڵێن بەتای گەرم تووشی وڕێنە بوو بوو.

لەو خانوەدا كەمێك بیرەوەریی ترم هەیە وەك خەو بەبیرمدا دێت. هێشتا نەچووبوومە قوتابخانەی سەرەتایی. ئەوەی لەبیریشمە تەنها پەیوەندیی هەیە بە خۆمو دایكم و خوشكو براكانمو ئەو پورەمانەوە، هیچ باسی باوكم لەیادنیە چونكە هەر زوو ئێمەی بەجێهێشتووە چووە بۆ بەسرا.ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە ئەوەیە رۆژێك لەسەر پلیكانەكانی حەوشەكە دانیشتبووم، چاوم لێبوو دایكمو پورم زۆر سەرقاڵ بوونو مەنجەڵی مسی گەورە قوڵپوهوڕ لەسەر ئاگری دەكوڵا و داری نێڵەنێڵ لەژێردابوو كیسەی سپی گەورەش بە پەتەوە هەڵواسرابوو.... تك تك شتێكی وەك یاقوتی لێدەهاتە خوارێ بۆ ناو مەنجەڵێكی تر..

وتم(بجی) وەرە بمگەرێ قاچم ئازای تیایەو ناتوانم بێمە خوارێ...بجیم ڕایكرد وتی چیتە؟ وتم قاچم ئێجگار دێشێ و ناتوانم هەستمە سەرپێ. كردمیە كۆڵی و بردمییە خوارێ وتی دوشاوی گەزۆ دەگرین هەر لێبینەوە دەتبەین بۆلای نوژدار ئەو ئێشی قاچ و پەككەوتنەم هەر لەبیرناچێتەوە بەڵام هەر ئەو سەر پلیكانەیەم لەبیرە ئیتر چیان لێكردم نازانم.

پاش ئەمە دیسان پچرپچڕ بەبیرمادێ لە خانویەكی تربووین چۆنو كەی چووبووینە ئەو خانوەوە نازانم. ئەمە خانوی ساڵحی چایچیان پێدەوت.

لە ناسۆرەکانی گواستنەوەی زووزووی لەم شار بۆ ئەوشار

وەك وتم لـەبیرم نییـە کـەی لـەخانووی ئەحمـەدی عـەزیز ئاغـا گواسـتومانەتەوە بۆخـانووی سـاڵحی چایچـی، ئـەوەی لەبیرمـە ئـەم خـانووە دوو نهـۆم بـوو، حەوشـەکەی لەپێشەوە بوو، ژێرخانی هەبوو لەخوارەوەو باڵەخانە و بەردەمی هەیوان بوو..

لەبیرمە ڕۆژێك بەدوای پورما بەسەر پەیژەی داردا سەرکەوتم ویستمان بچین جێگە دابخـەین، لەسـەربان دەنووسـتین، لـەپڕ پـێم لەپەیژەکـە تـرازا و کەوتمـە خوارێ بۆ نـاو حەوشـەکە کـە بەبـەردی مەڕمـەڕ داڕێـژرابوو، لەسـێ لاوە سـەرم شـکا بـوو..بـاوکم لـەوێ نەبوو، لە باشور بوو وابزانم لەبەسرە بوو.

جگە لەمە لەوماوەیەدا پەنجە توتەی پێم شتی پیاچوبوو ئازارەکەی تەشـەنەی کـردو پێڵاوم بۆ لەپێ نەدەکرا نەمدەتوانی بچمە قوتابخانەو ئەوساڵی یەکەمی چوونم بوو بۆ قوتابخانـەی سـەرەتایی. بـاوکم کەلەوکاتـەدا هـاتبۆوە برینپێچـی هێنایـە ماڵـەوەو خـۆی بەسـەریەوە وەسـتا تـا ئامێرەکـانی نەشـتەرگەرییەکەی خـاوێنکردەوەو هـەڵیدڕی و برینەکەی پاککردەوە و خاوێنی کردەوەو بەباش بەستی. دوایی زانیم بۆچی هێنـدە بـە پەرۆش بوو هێندە باسی خاوێنیی دەکرد ئەویش کە باسی برینەکـەی پێـی (جەمیل)ی بـرایم لەیاداشـتەکانیدا خوێنـدەوە. ئەمانـە بـەو ناسـۆرە نـەدەبوو کـە دای لەجـەرگی هەمووومان.

خوشکێکی بچووکمان هەبوو، ناوی گوزیـدە بـوو، سوروسپی، قژی وەك زێـڕ ئێجگـار خرپن و جوان بوو، (*) پێـنج سـاڵان بـوو، درەنـگ پێـی گـرت بـاوکم لەخۆشیدا لەبەسـڕاوە نەعلێکی منداڵانەی زۆر جوانی بۆ نارد. هێندەی پێنەچوو ئەو خۆشییەمان کۆتایهات ، گوزیدە سورێژەی گرتوو باوکم لامان نەبوو، لەبەسرە یان ناسرییە بوو... پیـاومـان نـەبوو براگەورەکەم لەمنیش بچوکتر بوو.. خزم و کەسیش بەباوك نابن. سورێژە مایـەوە، ئـەو

(*) لەم دوایییـەدا بروسکەیەکم دۆزییەوە لەناوشتەکانی ڕەفیق حیلمیدا کە لەماڵەوە بۆی چووە هـەواڵی نەخۆشیی ئەم کچەو پێویستیان بەگەڕانەوەی بۆلایان لەسەر ئەو بروسکەیە بوو، ڕەفیق حیلمی بەقەڵەمی سور، چەند دێڕێکی نوسیوە ئاگری جەرگ گڕی گرتووە لـەدڵیا ئەوکاتەی زانیویـەتی کچێکی تری پێنج ساڵی لەساتی مردندایە و خۆی لەوێ نیە. لەسەر هەمان بروسکە ڕەشنوسی داوای ئیزنـدەکات کەبچێتەوە بۆ سلێمانی و چەند دێڕ شیعری بەپچڕپچڕی نوسیووە گڕ لـە بـەرد بـەردەدا . بڕوانە دەقی ئـەو بروسکەو شیعرە (بەدەستوخەتی من)

بەستەزمانە هەر بۆی کەوت، بەتای گەرمەوە و بێهۆش. ئومێدمان نەما پێی، دیاربوو دایکم نامەی ناردبوو بۆ باوکم ئاگاداریکردبووەوە ئەویش بروسکەی نارد دێتەوە، ئەو رۆژە ئێمە لەقوتابخانە بووین، هاتینەوە وتیان باوکم دێتەوە، دایکم لەخوارەوە خەریکی خواردن ئامادەکردن بوو، کچەکەمان لەسەرەوە بوو وامانزانی نوستووە ئەو شەوە درەنگ چاویکردەوەو داوای ماستی کرد، چەند رۆژ بوو هیچی نەخوارد بوو، لەخۆشیدا هەموو وامانزانی چاکبۆتەوە. کە لە قوتابخانە هاتینەوە چووینە لای بۆسەرێ دەرکەوت گیانی سپاردبوو، وتیان سورێژەکەی دەرنەکرووە بۆیە. باوکم نەگەیشت ببینێت، کەسوکار ناشتیان.

(بۆگوزیده)

-ڕەفیق حیلمی-

بیستم گوزیده نەخۆشە یاران
گوڵگوڵی بووە لەشی نەرمۆڵەی
ئێستە بەلەنجە ناڕوا وەك جاران
تۆراوە لێمان دیارە بەبۆڵەی
گوزیدەی شیرین بەس بناڵێنە
چاوێ هەڵبڕە بابە هاتەوە
بابە بەخێربێی نوروەپاتەوە
دەرمانی دەردم هاوەلاتەوە
توخوا گوزیدە ئەمجارەش مەمرە
باقی بەخۆشی بگەڕێمەوە
مەڵێ ایطاعت شرطە بەم ئەمرە
ئەڕۆم و ئیتر ناگەڕێمەوە
گوزیدەی نازدار ئەوا دێمەوە
بەتاقە ماچێ لەوچاوەشینەت
لەوزولفە خاوەی زەردو شیرینەت

توخوا ئەی چارەی ئەفسونکاری من
ئەمە مژدەیە بۆ منت هێنا
لەبۆتەی غەمدا قاڵ بوو ڕۆحی من
وەك خەمم کەم بێ تۆش غەمت هێنا
بەم نیوەشەوە بۆچ وادانیشتوون
بەبێ دەنگ وەکو خەیاڵی خێوان
بۆچ وامەلولن کێیە وادیسان
بەفرمێسك ئیمشەو چاوی پێ شتون؟!

ئـەم شـيعرەی ديـارە بەغـەم و پەشـۆكاويی نووسـيوە لەسـەر ئـەو كاغـەزەی كـە ڕەشنوسـی داوای ئيزنـی سـەفەركەيەتی پاش گەيشـتنی بروسـكەكە. بەپێنوسـی سـوور نووسـراوەو هەرچـەند دێڕێكـی لەسـەر ديـوێكی كاغەزەكەيـە.. بۆيـە ڕەنگـە پاش و پـێش لێرەدا نووسـرابێتەوە، چونكە نازانم كـام بـەش پاش ئـەويترە. هـەروەها لەچـەند جێگـە، چـەند وشـەودێڕێكی گۆڕيـووە. هـيچ كاتێـك وا پەشـۆكاو نەينووسـيوە. دەبيـنين چـەند پەرێشـان بـووە، دڵـی پڕبـووە، نـەيزانيوە چـۆن دەردەدڵ بكـات. لـەودوورەوە ببيسـتێ كچێكی واناسكو نـازداری گيانـدەدات وەك وتويـەتی چاوشـينو قژزەرد و سوورسـپی، جوان و عاقڵ و ڕوخۆش پێش ئەو بەيەك دووساڵ كچێكی لـەو گەورەتريشـی بـەڵام ئەو بـەپێنج سـاڵی نـەخۆش كـەوتووە ومـردووە، بـۆ گوزيـدە پەژارەكـە لـەوەدابووە كـە نـە بەنەخۆشيی نەپێش مردنی نەيبينيووەو هەرزووش مۆڵەتەكەی تەواو بووەو بەناچاريی ڕۆيشتۆتەوە بۆ سەركارەكەی.

بروسكەكە لەسەری نوسراوە بەغدا واتە نێردراوە بۆ بەغدا بەڵام وەك بيرم بێ ئەوكاتە لەبەسـرە بـوو ياناسـرييە. ئەمـەيش ناسـۆرێكی تـری ڕەفيـق حيلمـی و خێزانەكـەیبوو بەهۆی دوورييەكەيەوە لێيانەوەوبەهۆی دورخستنەوەيەوە لەسلێمانی و لـە كوردسـتانو لەمەيدانی سياسيی.

چۆن خانوومانکرد تا لەکرێچیێتی دەربچین؟

ئەوکاتـەی لـەم خـانوو بۆئـەو خـانوو دەڕۆشـتین بـاوکم لـە ١٩٣٦/٤/١-١٩٣٦/١١/١، ١٩٣٦/١١/١ بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی ناوەنـدیی بـوو لـە ناسـڕیـیە. لـە ٩٣٦/١١/١ - ١٩٣٧/٥/١ کرابـە مامۆستای ناوەندیی کەرکوك لە ١٩٣٧/٥/١-١٩٣٩/١١/٢١ دووبارە لە بەسرە بوو. ١٩٣٨ لەبەغدا دەژیا خێزانەکەی ئەم ماوەیە بەتەنیا لەسلێمانی بوون تا ئەوکاتەیەش موچەکەی تـەنها (٢١)دینـار بـوو. ئینجا چی بۆ خۆی هێشتۆتەوە و چی بۆ ئەوان ناردووە؟ ئـەوە مەگەر هەر خۆی بزانێ.

چۆن خۆی و خێزانەکەی لەکاتی دەوروبەری جەنگی جیهانیوگرانیدا ژیـاون ئـەوە بـەکتێبیش ناگێردرێتـەوە. تـەنیا نامـە تایبەتییـەکانی کـە لەوکاتـەدا دەینـارد بۆیـان بـەکورتیو پچڕپچـڕیی زانیارییـان لێـوەردەگرین سـەبارەت بـەژیانی تایبـەتیی رەفیـق حیلمی خۆیو منداڵەکانی لەوسـەردەمەدا. خۆی لـەژوورێك یا لەبەشـی نـاوخۆدا ژیـاوە، ئەو بەردەستەش کەخۆمان گەورەمانکردبوو لەوێ خزمەتی دەکرد.

لەونامـە تایبەتیانـەی لای مـن مـاون و جارێـك بابـەتێکم لـە گۆڤـاری بەیانـدا لەسـەر بڵاوکردنەوە بەناوی (نامەی تایبەتیی ژیاننامـەی ئـەو کەسـە ڕووندەکاتـەوە) هەنـدێکیانم بەوێنـە بڵاوکـردەوە بەئومێدی ئـەوەی ڕۆژێـك بێـت هـەموویان بەیەکـەوەو بەتوێژینـەوەو لێکۆڵینەوەوە بڵاوبکەمەوە.

لەو نامانـەدا خۆی باسـی دەسـتکورتی و تەقەشوف دەکاتو دەڵـێ (تەنانـەت چایش لەماڵـەوە دەخۆمـەوە) وێنەیـەکی هەیـە لەسـەر مێزەکـەی قـۆریو پیاڵـەی چـا دانـراوە. هەروەها دەڵـێ بۆ ئـەوەی ئێمـە پەکمان نەکـەوێت چونکە موچەکەی بەشـی هـیچ ناکـات ناچار وانە بە خوێندکاران دەڵێتەوە لە دەرەوەی پۆلدا، ئەمە لـە کاتێکدا کـە بەڕێوەبـەری گشتی بەڕێوەبەرایێتی پەروەردە بووە لەبەسرە نەك هەر کەمامۆستابووە.

هاوینان جاروبار بۆ چەند هەفتەیەك دەگەڕایەوە سلێمانیی بۆلامان لـەم ماوەیـەدا دایکم بێزار بوو لە گواستنەوەمان لـەم مـاڵ بۆ ئـەوماڵ، چـی خشـڵی خۆیو پورمو ئێمـە هەبوو کۆیکردنەوە، تەنانەت خشڵی باوەژنیشی کە ئەگەر دایکیشی بمایـە لـەوەزیاترمان

خۆشنەدەویست تەنانەت کەس نەیدەزانی نەنکمان نىیە ئەم لەخێزانی شاڵیەکان بوو زۆر بەڕێز وبێدەنگ و هێمن و شاژن بوو...

وانەبوایە چۆن خشڵی خۆی لێ دەکردەوە و دەیدا بەئێمە خانووی پێبکەین؟ هەروەك چۆن دایکم لەگەڵ خەسووی ودشیدا زۆر باش بوو ئەوانیش بەهەمان شێوەبوون لەگەڵیدا؟ درۆیە کە دەڵێن خەسوو ،بووك ، منداڵ و باوەژن دەبێ رقیان لەیەك بێت. ئەو خشڵانەی دایکم کۆیکردنەوە بردنی بۆ خزمێکمان ناوی (ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادە) بوو باوکم چەند جار لەیاداشتەکانیدا باسیکردووە کەفریای کەوتووە لەکاتی بێ پارەیدا. دوکانی لە قەیسەریی سلێمانی بۆداناوە و هەر کە بیستوشیەتی لەسلێمانی بەتەمابوون بیگرن، ئەوکاتەی شێخ مەحمودی نەمر لێکەوتووە، لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ بەغدا. باوکم باسی ئەمەی بەدرێژیی کردووە لەیاداشتەکانیدا و ئەم (ئەحمەد ئاغایە) بەخزمایەتیش دەگەڕێتەوە سەر رەفیق حیلمی خۆیی وخێزانەکەشی، هەروەها براکەی حاجی مەلاسەعید نوێنەری سلێمانی بوو لەتورکیا، مێردی پوری دایکمانە و کوڕە گەورەی ئەم لەو پورەی دایکم، کچە گەورەی باپیرمان واتە خوشکی دایکم دەهێنێت و کوڕێکی، پورزایەکی تری دایکم دەهێنێت و هتد واتە زۆر تێکەڵن. ئەم ئەحمەد ئاغایە کە ملیۆنێر دەبێت و زۆر موڵك و ماڵی دەبێت، باوکمی زۆر خۆشدەوێت، بۆیە هەر ئەوەندە دایکم دەچێت بۆلای داوای کرینی پارچە زەوییەکی لێدەکات تابیکەین بەخانوو، گورج پێی دەفرۆشێت و پارچەیەکیشی بەدەمەوە دەبێت ئەویشی بەدیاریی دەداتێ.

ئینجا خانووەکە چۆن بیناکرا؟!

بیرمە بەو منداڵییە خۆم‌وئەو برایەم‌ودایکم هەر لەبەیانی تائێوارە لەخانووی ساڵحی چایچی بەرمیلە ئاو دانرابوو خشتمان تێهەڵدەکێشاو دەچووینە خانووەکە کاتێ خەریکی دروستکردنی بوون و باوکم لە پشوودا هاتەوە، خۆی نەخشەی کێشاوبەسەریەوەبوو.. دەچووینە ئەوێ قامیشمان پاکدەکرد و بەلەکمان ئامادە دەکرد بۆ سەقف، چونکە بەدار کردمان و بەخشت و نیوەی سیاجەکانیشی بەخشتی قوڕ لەبەربێ پارەیی. بەبەر قرچەی گەرماوە باوکم بەقەرزو قوڵەو ئێمەیش وەك کرێکار ئەو خانووەمان دروستکرد، (نەك بە پارەی پارتی هیواوکۆمەڵە.!) هەرگیز ئێستاش دەنگی

وەستاکەم بیرناچێتەوە کە هەرلەبەیانی تائێوارە بەیەك ئاواز هاواری دەکرد (خشت بێنە یاڵلا خشت! گەچ بێنە یاڵلا گەچ! دەی باوکم بێنە دەی یاڵلا دەی)

هەرئەوەنــــدەی خـــانوو تـــەواوبوو چـــوو‌ینەناوی، بـــەڵام بەداخـــەوە هێشـــتا نەحەسابووینەوە تێیدا باوکم بەفەرمانێ گواسترایەوە بۆ بەغدا. ئینجاوەرە لەداخامەمرە! شین‌وگریانی دایکم؟ چۆن بەو حاڵە تائەو کولانەیەمان پێکەوە نا، دیسان بەشارانەوە و لەم کرێچێتی بۆ ئەو کرێچێتی بڕۆین‌و ئەو خانووە خۆشە بدەینە دەست کرێچی؟!

ئەو ماوەیەی کەلەو خانووەدا ماینەوە زۆر خۆشمان ڕابوارد. باوکم لە ساڵی پێش کۆچـی دوایـدا نوسـیبووی (ئەمشـەو دوا قـەرزی خانووەکـەی سـلێمانیم دایـەوە)) ،ئینجابزانن لەساڵی ١٩٣٦تا١٩٣٧ تانزیکە١٩٦٠ ئەوسا ئەو(٥) دینارەی کەلەسەری ماوە داویەتییەوە، ئەوەندەی نەبووە پێش ئەوە بیداتەوە! هەمیشە پێش سەری مانگ دەبوو قەرزی بکردایە هێندە موچەکەی کەم بوو وابزانم کاتێ کۆچی دوایی‌کرد هێشتا موچەکەی نەگەیشـتبووە(١٠٠)دینارلـە مانگێکدا، کـە بەڕێوەبـەری گشـتی‌و مولحـەقی ڕۆشنبیریی‌و پشکنەری تایبەتیش بوو....؟! رەفیق حیلمی لەیەکێك لەنامەکانیدا کاتێ لە(مودیری مەعاریفی بەعقوبە)وە کرابوو بە مامۆستای قوتابخانـەی (ئەهلی)وئەو کاتـە من لە دەرەوە لەئەمەریکا دەمخوێندو وتبووم وازلەخوێندن دەهێنم‌و دێمەوە کاردەکەم، ئەم وەڵامەی بۆ ناردمەوە:

(زۆر سوپاسی حسیاتتان دەکەم بەڵام بەهیچ جۆرێك ناوی وەستان لە خوێندنتان نابێ بەرن. من قەیدی ناکا هێندە پەککەوتە نیم خواکەریمە دەبێ خوێندنتان تەواو بکەن. من تاسەر فیداکاریتان بۆ دەکەم) لەنامەیەکی تریشیدا نوسیبووی من ئێوە نەبوونایە شتێکی تردەبووم واتە ئەم حاڵەتەم قبوڵ نەدەکرد.

لەبەغـدا ١/١٠/١٩٣٧-١١/١٢/١٩٣٨ موچـەی (٢٥) دینـار بـووە وەك وتم هـەر خانووەکە تەواو بوو فەرمانی گوێزرانەوەی بۆ بەغداهات و غەم هەموومانی داگرت بەڵام بەزۆریی دایکم، هەموو جارێ دایکم چەند شەوو چەند ڕۆژێ دڵگیروچاو بەفرمێسك دەبووهەر مشتومڕومقۆمقۆی دەبوو لەگەڵ باوکمدا چونکە ئەگەرچی دەشیزانی باوکم پیاوێکی ئاسایی نیەو ئاگاداری هەڵسوکەوتی سەردەمی شێخ بوو زۆریشی چەشتبوو لەو سەردەمانەدا،کەچی هێشتا بڕوای نەدەکرد کە باوکیشم حەزی بەم گوێزانەوەیە

نییـەو ناچـارە وەك لـە نامەیەكیـدا روونیكردبـۆوە كـە لەبەرئێمـەو گـوزەران ملكەچـی فەرمانەكانی كردووە، ئەگینا (شتێكی‌تر دەبوو). جاروبار دایم پێی دەیوت خۆت ئارەزوو دەكـەیت بـڕۆی و دووربیـت لێمان،بـاوكم ئـیتر لەپێسـتی خـۆی دەچـووە دەرەوەو زۆری لێدەكردین كەبچین لەگەڵی.

سەیر لەوەدابوو تاچەند رۆژێكیش هەر كە دەیان وت دەچین تاكەركووك بە ئۆتۆمبێل لەوێشــەوە دەچـینە سـەر (خـەتی) شـەمەندوفێر، هێشـتا تـازە لەیـەكی سـەرەتایی دەرچووبووم دەمپرسی یەعنی چی (خـەتی) شـەمەندوفێر؟ چۆن خەتـەو دەچینەسـەری؟ چۆن ئەو خەتە دەمانباتە بەغدا؟ نەیاندەوت سواری شەمەندوفێر دەبین‌وپێچكەی هەیـەو بەمەكینـە دەڕوات. ئەوكاتـە هێشـتا شـەمەندوفێرمان نـەدیبوو. بۆیـە تابـەیانی خـەومان لێنەكـەوت. بەوخەیاڵـەوە شـەوی پـێش ڕۆیشـتنمان لـە سلێمانی هـەموو كـەس‌وكار كـە زۆریـان خزمـی دایكم بوون هـاتن‌و لـە هـەیوانی ماڵەكەی خۆمـان جێمـان لێداخسـت وتـا بـەیانی گفتوگـۆ و ڕازونیازمـان گۆڕیـەوە ئینجـا كـە رۆژبـووەوە كەوتینـە ڕێ و خـانووە بەنازەكەمان بێناز بەجێهێشت، دواتر كرا بەمەكتبەی(مەلیكە عالیە).

لەكــەركوك لــەماڵی یــونس ئامــانی مامــە تــۆفیقی بــاوكم دابــەزین لــەوێ نان‌وچاوماسـتاوومیوەمان خـواردو خزمــەتێكی زۆركـراین خزمـانی بـاوكم ئـامۆزاو ئـامۆزازاو پـورزاو خوشـكەزاكەی ، كۆبوونـەوەو ڕێزێكـی ئێجگـار زۆریـان لـە بـاوكم نـا. هەروەهاله ئێمەش،

شــەوێ چــووینە ســەر خــەت‌و بـۆ یەكەمجارخــەتی شــەمەندوفێرم بینــی، بەهێڵــە ئاسنینەكانی ئاشنابووم، بە فارگۆنی چەند دەرەجەیی رۆیشتین بیرم نیە، بەڵام دەزانم تـا بـەیانیی نەنوسـتین، چـك چـك و لارو لەنجـەو زریكـەی پێچـكە و ئـەم لا بـۆ ئەولاكـەیم بیرناچێتەوە، عەزیزیی جەلسـەی سپی گـوڵ سوورم لەبـەردابوو، زۆر جـوان بـوو، هـەنارم خوارد پەڵەی بەركەوت. هەر بەیانیی زوو گەیشتینە بەغدا باوكم نەیهێشت جل بگـۆڕین بردینــی بــۆ قوتابخانــە، بەرێوەبەرەكــە وتــی بــۆ عەزیزییەكــەت پەڵاوییــە وتم ئــەم شەولەشەمەندۆفێردا بووم تابەیانی باوكم چاوەڕێی نەكرد بیگۆڕم، تادوانەكەوم.

١٩٣٨لەبەغدا

وەك لەباوكمان دەبیست، كە دەهاتەوە بۆماڵێ لەدەرگاوە بانگی دەكرد جەمیلە(ئەمە ناوی دایكمانە) ئەمڕۆ ئەڵمانیا فلان شاری داگیركرد، گەیشتە سەر هێڵی فلان، فلانی بۆردومان كردو هتد، هەرباس باسی جەنگی جیهانیی بوو لەماڵی ئێمە .لەساڵی ١٩٣٨ ئەو كاتەی لەبەغدابووین گەلێ رووداو روویانداوە كە ئەمانەن:

یەكەم رووداو

لەم ساڵەدا یەكەم ڕووداوی خۆش ڕوویدا كە ئەویش لەدایكبوونی دووەم كوڕی رەفیق حیلمی‌یە(بێجگە لەوەیان كە بەمنداڵیی كۆچی دوایی كرد) لە ١٩٣٠-١٩٣٨ هەریەك برامان هەبوو هەموومان چاوەڕوانی برایەكی تربووین، دایكم و باوكم لە ئێمە زیاتر، باوكم ئەم كوڕەیانی ناو نا (فەوزی) ئینجا (فەوزی) لە چیدا؟ وەك دوایی زانیم لەم ساڵانەدابووە، كە پارتی هیوا دامەزراوە و باوكم كراوە بە سەرۆكی، ئایا مەبەستی ئەو فەوزە بووە؟ یان (فەوزی) كاملا لەجەنگدا ئەوەیان نازانم؟

دوەمین رووداو:

كەوتنە خوارەوەی (پیرۆت) لەسەربان ومردنی، ئەمە كوڕێكی ١٠-١٢ ساڵ بوو هەتیوێك بوو رامانگرتبو. چووبوو لەسەربانەوە بۆ ماڵی دراوسێیەكمان لە گەڕانەوەدا پێی ترازابوو كەوتبووە كۆلان مێشكی تەقیبوو. باوكم لە رۆژژمێرێكیدا نووسیویەتی ئەوشەوە خەوی بینووە براگەورەكەمان كەوتۆتە خوارەوەو مردووە. بەهەڵەداوان هاتۆتەوەو لە كۆلان پێیان وتووە (پیرۆت) مردووە.

سێهەم رووداو:

كوشتنی مەلیك غازی یەكەم، رووداوێكی ئەو ساڵەبوو لەناكاوهاوار كەوتە بەغداوەو دەیان وت(جیت أسالك نوری‌وین الملك وینه؟) یان دەیان وت (الله اكبر یاعەرەب غازی انفوگدمن دارە)هەرچی لەبەغدا بوو گەورەو بچوك كەوتە سەر شەقامەكان‌وهەر لەبەیانی

تـائێواره بەشـیوەنەوه دروشمـەکانیان دەوتـەوەو ئێمـەی قوتابیـانیش بـەجلی ڕەشـەوە دەســـتە دەســـتە لەگـــەڵ مامۆســـتایان هەرچـــی شـــەقامی بەغـــدا هـــەبوو گـــەڕاین و لەخۆماندا،تاسێ ڕۆژ بەمجۆرە پرسەی بۆ دانرا.

ئەوکاتە جلی خاکیی لەبەرکرا لەلایەن فەرمانبەر و قوتابیانەوە،گوایە لەجەنگداین، باوکیشم و ئێمەیش جلی خاکیمان لەبەر دەکرد. لەپۆلی دووی سەرەتایی بووم تازە فێری عەرەبیی دەبووم. لەڕەوزە لە موسڵ ژماردنی کاتی تۆپ تۆپێن فێربووبووم. وادیاربوو لە گاورەکانەوە، چونکە هەرچەندە دەموت (وێ ، پنین، پاپی ، ئۆبعی) دەیانوت تۆ گاورانە دەیڵێیت. زۆر بیرەوەریی ئەوکاتەی خۆم هەیە کە قوتابی بووم گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە ماوەی زۆریان دەوێ، بەڵام من بەکورتی و بەپەلە باسمکردن.

چوارەمین ڕووداو :

مردنی مێردی پورم واتە مێردی خوشکی باوکم (لەدایکی خۆی نا). ئەمە زۆر کاریکردە سەر باوکم چونکە چوارمنداڵی هەتیو وخوشکەکەشی بەبێ سەرپەرشتیار مانەوە ؟ لەم کاتەدا لەخانوویەك لەنزیك (تپە الکرد) دەژیاین پاش گەڕانەوە لە قوتابخانە من زۆربەی کاتەکانم لەگەڵ براگەورەکەم دەبردەسەر . نازانم چۆن ئەو ساڵە تێپەڕی، باشیش بوو دەرچووم چەند هاوڕێی قوتابخانەم هەبوون یەك دووانێکیان نزیك ماڵەکەمان بوون بەڵام زۆربەی ئەوانەی لە کۆڵانەکەمان لەگەڵ براکەم و من یارییان دەکرد کوڕبوون.

بێگومان نەمدەزانی باوکم بەچییەوە سەرقاڵە هەمیشە لەدەرەوە بوو زۆر سەفەریشی دەکرد، هەر دەمبیست چووە بۆ تەفتیش، بەڵام دوایی کە کە دەستمدایە خوێندنەوەی چالاکییەکانی و زانیم سەرۆکایەتی پارتی هیوای کردووەو باسەکانی د. موکەرەم تاڵەبانی بەتایبەتی وەڵامی ئەوانەی لەوپارتە بوون ئینجا زانیم باوکم لەچ جموجۆڵێکی سیاسیی گەورەدا بووەو چ پێگەو دەسەڵاتێکی هەبووە لەناو کوردو عەرەبدا؟ هەروەها تێگەیشتم لەوەی چەند مەزن و شکۆداربووەو چالاکی و چاکی و ئازایی و هەوڵ و تەقەلاکانی چەند دڵسۆزانەو خۆنەویستانە بۆ نەتەوەونیشتمانەکەمان بووە.

بۆ وردەکاریی باسی ئەم چالاکی و خەباتانەی رەفیق حیلمی نەمر تکایە یاداشتە (٧) بەشەکەی بخوێننەوە،کە ئەم یاداشتانە دووجار بە رەسمیی لەچاپدراونەتەوەو چەندجار بەدزییەوە ئیستینساخ و فۆتۆ کۆپی کراونەتەوەو فرۆشراوەنەتەوە لەلایەن نەناسراوانەوەو لە کتێبخانەکانی سلێمانی و هەولێردا بەبێ پرسیارکردن بە وەرەسەکەی ورەنگەلای زۆر لەخوێندەواران ورووناکبیران هەبن.

هەروەها کتێب و نووسراوەکانی تری کە گەشتی ئەولەگەڵ قەڵەمدا ڕووندەکەنەوە بەپێی توانا لێرەدا چی باسی ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی هەیە کەبریتین لەو باسانەی لەدایکمان و پورمان و هەندێك لەکەس وکارمان بیستووە یاخود هەر بەبیرەوەریی خۆم لەیادم ماون دەیاننووسمەوە تاکو بەزنجیرە بەپێی ساڵ و تەمەن و فەرمانی میریی وێنەیەکی ژیانی تایبەتی بخەمە بەردیدەی خوێنەرانی خۆشەویست، سەبارەت بە خەباتی سیاسیی باوکم وەك وتمان یاداشتە کانی خۆی باشترین سەرچاوەن هەروەها نووسینەکانی و شیعرەکانی لە رۆژنامە سەرەتاییەکانی سەردەمی شێخی نەمرو لە رۆژنامەی **حوادث و نجمة کرکوك وتجددی کرکوك**. لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردی وعەرەبییەکانی سەردەمی حوکمی عیراقدا ئەوانەی خۆی نووسیونی یان لەپاش کۆچی دوایی نووسراون ئەوانە وێنەی چالاکی و ئازایی و نەبەزی ئەو پیشان دەدەن. بەپێی تواناش لێرەداهەندێ لەو نووسینانەمان هەر وەك خۆی بڵاوکردۆتە یان بەدەستکاریی و کورتکردنەوەوە بەشێوەی بەڵگەنامە خستومانەتەروو بەتایبەتی ئەوەی سەبارەت بە گەورەیی رەفیق حیلمی وتراوە پێش نووسینەوەی ئەم کتێبەش بۆخۆم زۆرم بابەت لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە لەگەڵێك لایەنەوە قسەم لەسەرکردووە هەندێکیان وەك خۆی لێرەدا بڵاودەکەمەوە ئەوانیتر تێهەڵکێش و لەکۆتایدا بیبلۆگرافیایەکی وردی لێ دروستدەکەم وەك لەمەوپێش کردومە بۆگشت ئەو باس و نوسینانەو بەوێنەوە دەیانخەمە روو.

با لەوە زیاتر لەباسەکەمان دوورنەکەوینەوە، رەفیق حیلمی پاش ئەو ماوەیە لەبەغدا کەموفەتیشی مەعاریف دەبێت لە نێوان ١/١٠/١٩٣٧-٢١/١١/١٩٣٩ و بەپێی فەرمانی میریی هەتا ١١/١٢/١٩٤٠ موچەکەی تا ئەو کاتە(٢٥)دیناربووە. پاش ئەمە نووسراوە کە ١١/١٢/١٩٤٠-مانگی١٠ ی ساڵی١٩٤١ بووە بەموفەتیشی مەعاریفی موسڵ.

بەلام ئەوەی خۆم لەبیرمە ئەوەیە ساڵی ١٩٣٨،١٩٣٩ لەبەغداوە گوێزرایەوە بۆ بەعقوبە، چونکە پاش کوشتنی مەلیك غازیی چوین بۆ بەعقوبەو لەوێش هێشتا هەر شیوەن بوو بۆمەلیك غازیی، لەوێ بووین کە هەواڵیان هێنا مامە ئیبراهیم کۆچی دوایی کردووە لەوکاتەدا رەفیق حیلمی لەتەفتیش بوو لەدەرەوە، کەهاتەوە بۆ دایکمانی گێڕایەوە چی بەسەرهاتووە چۆن لەرێگەی چۆڵی قوڵفە کە ویستویەتی بچێ بۆ دوامالئاوایی لەو برایەی، پێ رانەگەیشتووە، لەبەرئەوەی لەوچۆڵە کە ئەو کاتە رێگەوبانی دیارنەبووە و لەوساڵەدا بەتایبەتی گەلێك ئۆتۆمبێل و خێزان ونبوون‌و لەناوچوون ئەمیش (٣)شەوو سێ رۆژ لەو چۆڵەدا بێ نان‌و ئاو، بێ بەنزین ماوەتەوەوبەپێ رۆیشتووە بۆ پەیدا کردنی بەنزین لەناو خێڵە دەشتەکییەکاندا.

ئەوساڵانەی لەبەعقوبە بووین زۆر لەلایەن تەندروستیمانەوە کێشەمان هەبوو ئەم شارە زۆر بەناوبانگ بوو بەمێشولە و نەخۆشیی مەلاریا، لەبیرمە کە لەسەربان دەنوستین دەبووایە هەموو قەرەوێڵەکانمان بەپەردەو کوللە داپۆشییایە، بەیانیی کە هەڵدەستاین سەر کوللەکە رەش دەچووەوە. زۆرمان مەلاریامان گرت و تابڵێی نارەحەت بووین.

یەکەمجار خانووەکەمان لەناو باخچەیەکی ئێجگار خۆشدابوو لەقەراغ شار بەتەنیشت باخچەو خانووی خاوەن خانووەکەمانەوە جۆگە ئاو بەچوار دەوری ماڵەکەدا دەرۆیشت، شەو تابەیانی دەنگی بۆقی ناوجۆگەکان دەهات، منداڵانیش مەلەیان دەکرد بۆیە گەلێك نەخۆشیی تریش هەبوون لەوێ. باخەکەمان پڕ بوو لەمیوەی هەمەجۆر وەك ترێ، هەنار، پرتەقاڵ، لیمۆ، مسك، خورما ،جگە لەوە ئەوکاتە لە سەرەتایی بووم تازە لە قوتابخانە فێری سەوزە چاندنیان دەکردین، بۆیە خۆشم باخچەیەکی بچوکی سەوزەم هەبوو چێشتە قولێم تیادا دەکرد. تەماتە، پاقلە، فاسۆلیا، لۆبیا، پیازم تیا دەرواند.

کۆمەڵێك مریشك‌و کەڵەشێرو جوجەڵەشم هەبوو. ناوی خزمەکانم لێنابوون کە زۆر لامان دەمانەوە کەڵەشێرێکم قاچی شکا، بەپێی خوێندنی وانەی تەندروستی بۆمگرتەوە چاکبووەوە بەلام دەشەلی هاربوو بوو لێمان بازیدەدایە سەرشانمان‌و بێزاری دەکردین، رۆژێك هاتمەوە وتیان مریشکمان لێناوە بینیم کەڵەشێرەکەم دیارنەماوە قاچەکانی گۆشتە لێنراوەکەم پشکنیی دەرکەوت کە قاچێکی بەگرێ بوو زانیم قاچەشکاوەکەی کەڵەشێرەکەم بوو، کردم بە هەراونەمهێشت کەسیان لێی بخۆن.

کەلە بەعقوبە بووین فەڕاشێك هەموو بەیانیانێك دەهات بە شوێنماندا دەیبردین بۆ قوتابخانەکانمان بۆ ناوشارو بەسەر پردی رووباری خریسانی بچوك و باریکدا دەڕۆشتین. پاش ماوەیەك گواستمانەوە بۆ خانوویەك لەناوشارا ئەو باخچەی نەبوو خانوویەکی دوو نهۆمیی بوو. هێندە لامان خۆش نەبوو تەنها ئەوەم بیردەکەوێتەوە لەوێ ژوورەکان پڕدەبوون لە چۆلەکە،ژمارەیان لەوەدا نەبوو، برا گەورەکەم هێشتا مندالّ بوو دەرگا و پەنجەرەکانی لەسەر دادەخستن و راویدەکردن بەزیندووی بەتۆڕی وەك تۆڕی پەپوولە راویدەکردن.

هەرلەبیرەوەرییەکانی بەعقوبە ئەوەی دێتەوە یادم ناسیاویمان بوولەگەلّ خێزانی خشالییەکان، یەکێك لەمامۆستاکانم ناوی ست نەعیمە الخشالی بوو، خوشکی خلیل الخشالی کەیەك دووبرای تریشی هەبوو، ئەمانە زۆر باوکمیان خۆشدەویست هەمیشە بانگیاندەکرد بۆ میوەو مەسگوف خواردن لە باخەکانیاندا سەبەتە میوەی نایابی ترێ و هەناری شارەبان و خورمایان بۆ دەناردین لەدەولّەمەندەکانی بەعقوبە بوون. دیارە لەم ماوەیەدا باوکم زۆر سەری قالّ بوو بەدامەزراندن و رێکخستن و گەشەپێدانی پارتی هیواوە، بۆیە هەمیشە دوور بوولێمان، ئێمە واماندەزانی دەچێت بۆ تەفتیش، بەلاّم وەك لەدوایدا دەرکەوت باوکم زۆربەی سەفەرەکانیشی بۆ کۆبوونەوەو کۆنگرەو بەڕێوەبردنی ئیشوکاری پارتی هیوا بووە. کەلق و پۆپی هاویشتووە بۆ سەرجەم شارو شارۆچکەکان وبووەتە گەورەترین پارت لەکوردستاندا ئەویش وەك خوێندومەتەوە، بەلاّم بێ کێشەو گێچەلّیش نەبووە، بەهۆی سیخوڕو ناپاك و فێرکراون کە خۆیان تێهەلّکێش کردووەو بەدرۆ دەلەسەو پیلان رێکخستن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوونەتە دامەزرێنەری پارتی تر، بۆئەوەی بتوانن پارتی هیوا بڕوخێنن،ئەویش بەلابردنی رەفیق حیلمی لە سەرۆکایەتی ئەو پارتە. سەبارەت بەپارتی هیواو کێشەکانی بڕوانە بەشی تایبەتی ئەم کتێبە لەسەر ئەو پارتە کەچی لەسەر نوسراوە بەڕاست و بەدرۆ وەك خۆی نەقلّم کردون و هەندێکیان بەدەستکارییەوەو بە (تەعلیقات) و توێژینەوەو لێکۆلّینەوەوە تیشکیان دەخەمەسەر. بۆ ئەم باسانە هەریەکە لە ناونیشانی باسەکە و لەکام گۆڤار یان رۆژنامە وەرمگرتوون ئاماژەیان پێدەدەم ئەو ژمارەو مێژووانەیش کە لێرەدا ماوەی

دووپاتکردنەوەیان نییە لەکۆتایی کتێبەکەدا دایاندەنێم یاداشتەکانی بۆ گەلێك باس‌و سەرچاوەی تریش بڕواننە یاداشتەکانی رەفیق حیلمی خۆی.

حەربی رەشید عالی گەیلانی ١٩٤٠

پاش ئەوەی دووساڵ لە بەعقوبە بووین دووبارە گەڕاینەوە بۆ بەغدا، لەساڵانی ١٩٤٠-١٩٤١ئەمجارە لە الاعظمیە ماڵمان نزیك بە گۆڕی مەلیك بوو.

لەبەغدا خوشكێكمان بوو باوكم ویستی ناوی بنێت (حەربییە) چونكە سەردەمی((حەربی رەشید عالی) بوو نەمانهێشت. دیسان باوكمان هەر سەرقاڵی سەفەروهاتوچۆی شاران بوو، بەتایبەتی كاتی بۆردومانی بەغدا. خانووەكەمان دوونهۆم بوو، لەترسی بۆردومان نەماندەوێرا بچینە حەوشەكە زڕپورێكی دایكم خۆی وكچێكی هاتبوونەلامان بۆماوەیەكی درێژ، ئەم زڕپورەم لەترسی بۆردومان چووبووە حەمامەكەو كچەكەی نابوو بەدیوارەكەوە وخۆی لەبەردەمیا وەستابوو، گوایە بەمە كچەكەی دەپارێزێت لەو بۆمبەی كە دەیانوت فڕۆكەكان فڕێی دەدەن جاروبار وامان دەزانی سەربانی سەرەوەمان ئەگەر بوێرین بچین، رەنگە پڕبێت لەمەترەلوێز.

مەترەلوێز چیبوو؟ نەماندەزانی ! دایكم گوێی لێبوو لەپەنجەرەی سەر كۆڵانەوە دەیانوت (ذب المناشیر) ئەم بەترسەوە دەیوت ئای! دەڵێ (ذب المناشیر) وایدەزانی مەناشیریش جۆرێك لەبۆمبایە. ئیتر ئەو خەڵكە زراویان چووبوو عەسكەروپۆلیس وقوتابیان وەك پارێزەر بەسەر جادەكانەوە بەتاریكی ڕادیۆیش بەكزیو بەدزیەوە دەنگوباسی بڵاودەكردەوە... دایكم ئێجگار دەترسا دیسان لەوكاتەدا باوكم لەوێ نەبوو هەر نەهاتەوە، نەماندەزانی چی لێبەسەر هاتووە. كاك فایەق هۆشیاری پورزازای دایكم یەكێك بوو لە قوتابیانی حقوق كەكرابوون بە بەرگریی میللی لەگەڕەكەكەماندا. جاروبار سەری لێئەداین، دایكم تكای لێكرد چارمان بكات دەربازمان بكات. بەهۆی ئەوەوە لەگەڵ ماڵی ناسیاوێكمان چوین بۆ بەعقوبە بۆ ماڵی هاوڕێیەكی باوكم پێیان دەوت (حەمیدە فەندی مودیری تەل) مودیری بەرید بوو لەسلێمانیو لەوێش ئەوان هەموومانیان بردە ناو باخ وباخاتێكی گەورەوە، وەكو پەناهەندە وابووین، چەند ڕۆژ لەوێ ماینەوە. دیاربوو لەو ماوەیەدا باوكم گەڕابۆوە بۆ بەغدا و بینیبووی كەسی لێنەماوە، باش بوو كاك فایەق یان دەرودراوسێ پێیان وتبوو ئێمە لەبەعقوبەین.

باوکم هات بۆ ئەویٚ و بەزۆر بردینییەوە بۆ بەغدا. ئینجا شەو بەشەمەندۆفێری سەربەقوڕو گڕۆگیاو بەتاریکی بەفارگۆنی دەرجە دووو بردینییەوە بۆ سلێمانی (٣) مانگەی هاوین لەسلێمانی بووین لەماڵی مستەفا ئەفەندی مێردی ڕەحمەخانی کچی پیرەمێردی شاعیر کە (ژنی پیرەمێرد پوری دایکم بوو) ودایکی کاك فایەق هۆشیاریشە، باسی ئەو گەشتەمان لەم ماڵە چیرۆکێکی دوورو درێژە ماوەبێت بەجیا وەك چیرۆك دەیگێڕمەوە، لێرەهەر ئەوەندە دەڵێم ئەوسێ مانگی هاینە (*) لەماڵی دایکی کاك فایەق هۆشیاربووین گەلێك بیرەوەری خۆشی لەو مانەوەیەماندابوو. زۆر خۆشما ڕابوارد پێکەوە. بەتایبەتی گشت ئێوارانێ (خاڵە پیرەمێرد) دەهات بۆلامان و کابرایەکی بەسینییەك کەبابی بەناوبانگی (وەستا تۆفیق)ەوە لەپێشەوە بوو، لەو باخچە گەورەو خۆشەیاندا لەژێرسێبەری دارگوێزا سفرە ڕادەخرا لەلایەکەوە گۆشتو سیوجگەر دەبرژێنراو لەلایەك ماستاو زەڵاتە دەکران ئیتر بەڕیزو خاڵە لەناوماندا دادەنیشتین، نانی ئێوارەمان بەگاڵتەوپێکەنینەوە دەخوارد. ئەوکاتە باوکیشم مۆڵەتی وەرگرتبوو لەگەڵماندابوو. ئێمەش قوتابخانەکانمان پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی داخران لەبەغدا، لەبەر بۆردومانو فەرهود کردنیان لەلایەن جولەکەکانەوە. بۆیە دەبوو ئیتر بکەوینە خوێندنو خۆئامادەکردن بۆتاقیکردنەوە پاش پشودانی هاوین. ماوەیەك باوکم وانەی بیرکاریی پێوتمەوە زۆر باش بوو، بەڵام حەدم چیبوو هەڵەیەك بکەم، لەوانەبوو سەرم هەڵبکەنێت. نزیك کۆتایی پشووی هاوین باوکم توانی خانووەکەمان کەکرابوو بەقوتابخانەی (مەلیکە عالیە) بۆئامادەبکاتو بچینەوە ناوی ، کەتاقیکردنەوەمان دەستی پێکرد، لەسلێمانی بەشداریم کردو دەرچووم، ئیتر ئێمە لەسلێمانی ماینەوە.بەڵام باوکم بۆکویٚ گواسترابۆوە ئەوەیان نازانم بەفەرمانە میرییەکانو دەفتەری خزمەتی بێت گوایە لە ١٩٤٠/٢/١١-١٩٤١/١٠/١ دا کراوە بەموفەتیشی مەعاریفی موسڵ.

(*) لە ڕۆژژمێرەکانی ساڵی ١٩٤٠ یدا نوسیویەتی (١٩٤٠/٧/٢٢ ذهاب العائله من کرکوك الی السلیمانیه) دیارە ئەمە ئەو ڕۆژە بووە کە لەبەغداوە بردینی بۆ کەرکوك ئینجا سلێمانی کاتی حەربی ڕەشیدعالی گەیلانی کە تا کۆتایی هاوین لەماڵی کاك فایەق هۆشیار ماینەوە.

دەفتەری سێهەم

لەیەکێ لەدەفتەرەکانیدا باوکم نوسیویەتی اجمالیة شباط ١٩٤١ هەروەها ئەمانەی نوسیووە:

١-توشی نەخۆشی پێست بووم(خوروو)، ماوەی ٢٠رۆژ لەجێگەدا مامەوەو دەرزیی (کالیسیۆم٦)م لێدراو گولاجی زەریان دامێ خێزانەکەشم توشی مەلاریابوو.

٢-دەستمکرد بەدانانی کتێبی (شاعیرە کوردەکانی عیراق) و یەکەم (کوڕاسیم) تەواوکرد، دیارە مەبەستی بەشی یەکەمی (شیعروئەدبیاتی کوردی)یە.

٣-(افلست افلاساً شدیداً) ئەمەی لەقوژبنی سەرەوەی لاپەڕەکەدا نوسیووە.

دواتر لیستەی حساباتی مانگی ئازاری نوسیووەو لەوێدا دەردەکەوێت سلفەی وەرگرتووە و ئابوونەی پارتی هیوای نەخواردووە!

بووبە موفەتیشی مەعاریفی کەرکوك وسلێمانی

ساڵی ١٩٤٢ئێمە لەسلێمانی بووین باوکیشم لامان بوو،لەم ساڵەدا دوایەمین منداڵی رەفیق حیلمی واتە کوڕە بچوکەکەی لەدایك بوو، ئەم رووداوە خوشییەکی گەورەی خستە ناو خێزانەکەوە، ئەم کوڕە بووبە سێهەمین کوڕیان بێجگە لەوبچوکەیان کە مردو ئیتر وتیان بەسە، بەم منداڵە رەفیق حیلمیو خێزانەکەی ژمارەی منداڵەکانیان بووبە (١٠) منداڵ (٤)کوڕو(٦) کچ، سیانیان بەمنداڵی مردوون، دووکچ هەریەکەیان تەمەنی (٥) ساڵان بووە وکوڕێك کە تەمەنی ساڵونیوێك بووە پاشان لە هەشتاکاندا کوڕە گەورەکەشی بەڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە خۆشبەختانە ئەوکاتە نەدایکمانو نەباوکمان نەمابوونو ئەو ناسۆرە جەرگبڕەیان نەبینی.

لەسەرەتای یان نیوەی یەکەمی چلەکاندا وەك دوایی بۆمدەرکەوت خەباتی رەفیق حیلمیو ڕۆڵی لەپارتی هیوادا گەیشتبووە لوتکە، هەرچەندە د.موکەڕەم تاڵەبانی ویستوویەتی بڵێت هەر لەزووەوە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان رەفیق حیلمی(سەرۆکی باڵای هیوا)و هێندێك لەئەندامانییەوە، کەویستویانە ئەولەسەرۆکایەتی لابەرن بەڵام(نە

بەریتانیا و نە عێراق و نەپارتیهیوا نەیانتوانیوە لایبەرن) [*] لەبەرئەوە بەپیلان لابراوەو ئەوەش لەدەوروبەری ١٩٤٤ دا گوایە بەهۆی ئەوەی ئەم پارتە ئیتر هێزی نەماوە بۆ درێژەدان بەچۆنێتی بەڕێوەبردنی هیواکانی سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی و چۆنێتی شێواندنی پارتیهیواو مەبەستی ئەو شێواندنەو کێ هەوڵی بۆ ئەوەداوە و چۆنێتی وازهێنانی باوکم لەو سەرۆکایەتییە، وەك وتمان بەشێکی تایبەتیمان داناوە بۆ باسی ئەم پارتە بەگشتی، بەهەموو ئەو بەڵگانەوەی دەستمانکەوتون. بۆ ئەوانەی دەیانەوێ زۆرتر بزانن سەبارەت بەم پارتە مەزنەی کوردو بزانن کێ بەڕاستی بووبەهۆی سڕینەوەی هیوای کورد؟ ئەوە خۆم بەبیرمدا دێت و دیارییشە لەم ماوەیەدا بەهۆی ئەم کێشەیەوە بوو رەفیق حیلمی وەك ئاگر کڵپەی دەسەند، لەو قۆناغەدا ئێجگار بێ ئارام بوو، هاتن و رۆشتن و هەڵسوکەوت و تورە بوون و هەڵچوونی ئامارەبوون بۆ ئاستی نیگەرانییەکەی. بیرمە ئێواران درەنگ دەهاتەوە، من و پورم چاوەڕێمان دەکرد، تائەوکاتە من ئەرکی قوتابخانەم ئامادە دەکردو پورم بەدیارمەوە دادەنیشت. کەباوکم دەهاتەوە هەمیشە ئێواران کاسەیە زەلاتەم بۆ دەکرد پوریشم خواردنی تری بۆ دادەنابەڵام دایکم زوو دەنوست.

رۆژێك بۆ یەکەمجاربینیم باوکم ئێوارە بەشەڕواڵ ومراخانی کوردییەوە چووە دەرەوە، پێش ئەوە وتیان ماجید مستەفای هاوڕێی کۆنی هاتووە بۆلای، ئەوکاتە ماجید مستەفا وەزیر بوو لە حکومەتی عیراقدا [*] پاش ئەم هاتنە، باوکم بەو جلوبەرگەوە رۆیشت وەك لەدواییدا زانیم، ئەمە ئەوکاتە بووە کە ماجید بەباوکمی وتووە مەلا مستەفای بارزانی ئەگەر لەعیراق بچێتەدەرێ باشترە بۆی ئەگینا تووشی کێشەی گران دەبێت، وابزانم باوکم بۆ گەیاندنی ئەو هەواڵە بەمەلا مستەفا دەرچوو بووە دەرەوە، هەروەها لەوکاتەدا باس باسی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە بوو.

---

[*] ئەم رستەیە لەبابەتەکەی د.موکەڕەم وەرگیراوە لەسەر زاری خۆیەوە. ئەی باشە کەواتە چۆن وتویەتی رەفیق حیلمی هێزی نەماوە بۆ سەرۆکایەتی پارتەکە؟

[*] بۆ هاوڕێیەتی رەفیق حیلمی و خەباتی نەتەوایەتی لەگەڵ ماجید مستەفا بڕوانە (یاداشت) باسی خۆی و ماجید مستەفا و مەحمود جەودەت و کۆبوونەوەیان لەماڵی تۆفیق وەهبی. ئینجابەشداری و هاوکارییان لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا وەك سەربەخۆیی کورد.

ئەوەشم بیرە شەوێك باوكم بەپەلە ڕۆیشت، بەر لەڕۆشتنی من ودایكمی بانگكردو وتی: هەركەسێك هات لەدەرگای داو وتی (سەرۆك) ئەم دۆلابە بكەرەوە، لەپشتی ئەم وێنەیەدا چەند لیستی ناوێك هەیە بیدەرێ. كە لەدەرگادرا قاچم وەك بینی ئاو دەلەرزی بەلام خۆمراگرت، هەرچەند هێشتا تەمەنیشم ئەوەندە نەبوو كەچی دەبووایە ئەركی سیاسی و مەترسییەكانی بگرمە ئەستۆم.باوكم چی وت وامكرد، ئەمەیش دیاربوو پەیوەندیی بە پارتی هیواوە هەبوو، من ئەوكاتە هەر نەشمدەزانی هیوا چییەو باوكم سەرۆكی چییە؟هەرئەوەندەم دەزانی تاقە ڕادیۆكەمان كە شەوانی پێنج شەممە لە ڕێگەی ئەوەوە گوێم لە دەنگی (ئوم كەلسوم) دەگرت لەگەڵ (بجی) بەدەم ئامادەكردنی وانەكانمەوە ئەویش لە ناكاودا نەما،پرسیم چی لێهات؟ دایكم وتی باوكت فرۆشتی تاپێی بگاتە لای مەلا مستەفا.(*)

بۆ شێوەی گوزەرانی خۆیو خێزانەكەی لەماوەی جەنگ و پاش تەواوبوونی جەنگ، بڕوانە نامە تایبەتییەكانی ڕەفیق حیلمی بۆ خێزانەكەیومنداڵەكانی،شایەنی باسە لەم ساڵانەدا مووچەكەی هێشتا (٢٥)دیناربووە. كاتی خۆی ئەم موچەیەی كردووە بەسێ بەشەوە، یەكێكی ناردووە بۆ خێزانەكەیو منداڵەكانی، یەكێكی بۆ ئەوكچەی كە لە بەغدا خوێندویەتی. نامەی تایبەتیی وێنەی ژیانی ئەوكەسەو ئەوانەشە كە نامەكەیان بۆ دەنێرێت، بڕوانە باسی نامە تایبەتییەكانی ڕەفیق حیلمی لەم كتێبەدا بۆ زانینی جۆری ژیانی كە لە گۆڤاری (بەیان)دا بلاومكردونەتەوە.

١٩٤٢/٩/١-١٩٤٣/٧/١ بەپێی دەفتەری خزمەت، ڕەفیق حیلمی كراوە بە موفەتیشی كەركووكو هەولێر.

١٩٤٣/٧/١-١٩٤٥ كراوتەوە بەموفەتیشی كەركووكو سلێمانیو لەم ماوەیەدا گرانیو نەخۆشیو مردنی زۆر لەسلێمانی بلاوبۆتەوەو هەندێك پورزاوكەسی ڕەفیق حیلمیشی بەركەوتووە.

(*) ڕەفیق حیلمی سەرۆكی بالای هیوا (لەو كاتەدا) ئەمە وەزعە ئابورییەكەی بووە بەلام هەرگیز دەستدرێژیی نەكردۆتە سەر ئابوونەی پارتی هیواو ئەندامانی وەك خوالێخۆشبو فایەق هۆشیاریش وتویەتی ئەوكاتە یونس ڕئووف لێپرسراوی ئابوونەو پارەی هیوابووە نەك ڕەفیق حیلمی.

بۆ بارودۆخی سلێمانی بڕوانە چی نوسراوە لەسەر هەموو جیهان پاش جەنگی یەکەموودووەمی جیهان کە نەك هەر لەسلێمانی بگرە لە سەراپای جیهاندا گرانی و نەخۆشیی بڵاوبوونەوە. گرانییەکە هەرلەوەدا نەبوو! باوکم هەر لەزووەوە لەسەر ئەوەی کەبەسەر وڵاتەکەو بەتایبەتی سلێمانیدا هاتبوو چی بەدەستەوە بوو دایبە چەند گوێنییەك ئاردوشەکروگەنم و تەنەکە ڕۆن و دۆشاو. ئەمە لەدواییدا گەلێك ماڵی هەژاری ڕزگار کرد لەبرسێتی، چونکە هەر بەچەند ڕۆژجارێك دەیوت ئادەی تورەکەیەك ئارد و کاسەیەك شەکر یادۆشاویان ڕۆن بەرن بۆ فلان ماڵ.

نەخۆشیی گرانەتا، تیفۆئیدو تیفۆس و ڕشانەوە بڵاوبووبوونەوە، هەر ڕۆژە ناڕۆژێك دەتبیست فلانیش مرد یان وائەمرێ. جەنگی پێشو گەلێك کەسوکاری نزیکی دایکمی بەڕشانەوە کوشتبوو، ئەم جەنگەش هەندێك پورزای باوکمی برد. مەترسیی مردن بەنەخۆشیی یان لەبرساندا خەڵکی حەپەساندبوو. چەند دوکاندار گیران بەهۆی گەچ کردنە ناو شەکر یان برنج و خوێوە و لەمجۆرە کارە ناقۆڵایانە بەتەماعی پارەو ماڵی دنیا. گەلێك لە ڕووناکبیران قۆڵیان لێهەڵماڵیی وەك مامۆستایان کەوتنە کڕینی کوتاڵی هەرزان و دروونی لەماڵەوە بۆ هەژاران یان ئەو کوتاڵانەیان دەفرۆشت و خواردنیان دەکڕیی بۆیان. ئێمە لەو کاتانەدا خواردەمەنیمان هاتبوەسەر کولەمەرگیی خواردنمان ئەمانەبوو نۆك و کنگری کولاو، کاڵەك وشوتی و نان، شەکری ئەسمەر لەسەر سینیی ئەکرایە ئاو ڕەق دەبوو بۆ دیشلەمە، زۆر ژنی خانومان کەوتنە کڵاو وکڵاش چنین بۆ پارووپەك نان، ئەسپێ پەیدابوو مامۆستاکانیان بەناچاریی نەوتیان دەکرد بەسەری قوتابیاندا لە قوتابخانە بۆ پاکژ کردنەوەی سەری قوتابییەکان!!!

چۆنێتی گواستنەوەی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر

(مـوديری مـەعاريف ١٩٤٥/٣/١٠-١٩٤٥/٩/١٤ بەڕێوەبـەری پـەروەردەی كـەركوك مووچەی ٣٠دينار)

وەك بەمێژووی مانەوەيدا لە كەركووك دەردەكەوێت هەر پاش چەند مانگێك لەچوونی بۆ كـەركوك شـەوێك لـەپڕ بروسكـەی بـۆ هـاتووە كـە دەبێـت بەگەيشتنی ئـەو بروسـكەيە كەركووك بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ بەسڕا..

بەوشەوە كەمن بەتەما بووم بچمەوە بۆ بەغدا، پشووی هاوين تـەواو بووبوو لەبەغدا دەمخوێنـد، چـونكە ناوەنـدی سـلێمانيی نەمامۆسـتای پێويسـت نـەكتێبی خوێنـدنيان نـەبوو مامۆسـتاكانی سـەرەتايی يـەك دووانێكـی سـوريی وانـەيان دەوتـەوەو كـەس دەرنەچـوو. هـەمان شـەو لـەپڕ بـرا بچوكەكەمان تايـەكی ئێجگـار بـەرزی لێهات ئەوشـەوە پيرۆزی (ئەمين ڕواندزی) هاوڕێی بـاوكم لامـان بـوو زوو هەسـتمان بەوەنـەكرد ئـەم منداڵـە واتـای لـێ هـاتووە. بـاوكم كـەزانيی خێـرا (د. مـەليك)ی بـانگكرد كـە پزيشـكێكی زۆر بـەناوبانگ بـوو كچەكانيشـی هاوڕێمان بـوون ئـەو وتـی (سـەحايا)يـەتیو دەبێـت ئاولـە (نوخـاعی شـەوكی)دەربهێـنين. دايكـم كردی بـە هەراوشيوەنو سوێندی خواردن نابێـت دەسـتكاريی بكرێـت، دكتـۆر مـەليك بەناچـاريی وازی لـەوەهێناو كـەوتـە سـڕينی لەشـی بەئيسـپرتۆو كحولو دەرمـانی هێنانـە خـوارەوەی تـا هـەر سـودی نـەبوو، دايكـم ژنێكـی ديندار بوو زۆر بڕوای بەچارەكردنی كوردەواريی هەبوو. ئەمەيش من خۆم چەند جاربـە چاوی خۆم بينيومەو زۆر سودی هەبووە، لێرەدا ئەمـە وێنەيەكی ئـەوە كـە خـۆم بينيومـە هەرچـەندە ئـەم جـۆرە چـارانە هـەر هێـزی ڕۆحيـی نـين. ديـارە هێـزی دەرونيـی و دەوروبەريش لەگەڵ ئەوشتانەی بەكاريدەهێننن تێكەڵ دەبێت.

بۆ وێنە لەكاتێكدا نۆژدار وتی براكەمان سـەحايايەتیو دەبێـت ئـاو بـەدەرزيی لـە نوخـاعی شـوكی دەربهێـنينو هـەموو ئومێـدمان بـڕی لـەوەی چـاك بێتـەوە، تاكـەی لـەوەدا نەبوو!هەموو چووينە حەوشەوگرياين.

مەترسیی لەچارەسەرەکەی نوژدارەکەدا هەبوو، بۆیە دایکم ڕێگەی پێنەداو چەند ڕۆژێك چاوەڕوان بووین پاش سێ ڕۆژ براکەمان چاوی کردەوەو وتی قوبلی ئەخۆم!!! ئێمە بەیەکجار دامانە قاقای پێکەنین، هەم لەخۆشیانداو هەم لەبەر ئەوداواکارییە سەیرەی براکەمان! سێ ڕۆژ بوو هیچی نەخواردبوو لەبەرئەوە بۆخۆی سەیر نەبوو دیاربوو زۆری برسیبوو.هەر ئەوەندە براکەمان چاکبووەوە من وباوکم بە شەمەندۆفێری بەغدا کەرکوك ڕۆیشتین کە هەر دەرەجە (٣) هەبوو، لەناو ٤٠-٥٠ کەسدا تابەیانی لەم ویستگە دادەبەزین و لەویان سەردەکەوتین، خەڵکیی بەقەفەزە قازو قوڵنگەوەو بە گوێنییە شتومەکەوە، فرۆشیاری چاومیوەو لەفە لەشەمەندۆفێرەکەدابوون و تەقەی پیاڵە چا بۆ بەئاگاهێنانەوەی نوستووان و کڕینی چا و ئاوی سارد یان میوە سەرنجیان ڕادەکێشایت، هەندێکیشیان سەبەتەخواردن بەسەریانەوەبوو لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ژمارەیەك سەرخۆش بوون کەئەگەر باوکم لەگەڵما نەبووایە هەر زراوم دەچوو لێیان، تابەیانی ئێمە لەسەر ئەو تەختە ڕەقە بێ خەووخۆراك جوڵانێمان دەکرد. ئەم سەرخۆشانەش بەهەموو هێزی خۆیان دەنگیان لێهەڵدەبڕی بەئاوازێکی ناساز هاواریان دەکرد.هەر چۆنێك بێت گەیشتینە بەغداو باوکم بەوحاڵەوە ڕاستەوخۆ بردمی بۆبەشی ناوخۆی خانەی مامۆستایان (دارالمعلمات) بەشەو لەوێ دەبووم و بەڕۆژیش لەقوتابخانەی ناوەندیی ڕەصافە دەمخوێند.

باوکم وتی هەر ئێستا دەچم بۆ وەزارەتی مەعاریف،تابزانم ئەو بروسکەیە چییە؟ دوایی دێمەوە بۆ لات کەهاتەوە وتی: کاك فڵانی لێپرسراوی شورتە مێردی فڵان خانە کەشەوو ڕۆژ لەماڵمان بوو دایکتی بەجێنەدەهێشت، گوایە دڵسۆزو خزمەتکارو خۆشەویستی ئەوە داوای گوێزانەوەی کردووم و نەشی وتوە بۆچی؟ پێکەنیم وتم : دیارە لەبەرغیرەیە، چونکە ژنەکەی هێندەی هاتووچۆ دەکردین ناخۆشی کردبوو دیارە کابرا ترساوە لەخۆی، ئەگینا بۆ وادەکات؟ باوکم زانی گاڵتەدەکەم تاساردی کەمەوە، هیچی نەوت بەڵام پێش ئەوە دایکم وتی: شەوێك باوکت هاتەوە زۆر شڵەژابوو وتی گەیشتمە بەردەرگا یەکێك لەپشتەوە دەمانچەیەکی خستە سەر پشتی‌ملم تابمترسێنێت ئینجا ئەوە بۆچی و لەبەرچی بووە باسی نەکرد بەڵام دیاربوو ئەمەش پیلان بووە، لەوساڵەدا بوو وابزانم پیلان گێڕان بوو دژی پارت و سەرۆکەکەی، ئینجائەوە هیچ

پێوەندیی هەبوو بەوەوە من نازانم، پاشان ئەمە لەبەردەرگای ماڵی خۆمان لە کەرکوك بووە لەڕێگەی قەڵانەبووە وەك (د.موکەرەم) وتویەتی کەباسی لابردنی رەفیق حیلمی لەهیوادا کردووەو ئەوانەی وەڵامیان دابۆوە لەکاتی خۆیدا وتبویان ئەمە چیرۆکی شانۆییە چونکە ئەوە دکتۆر باسی دەکات نەبووە وڕووینەداوە.

محەمەد عەلی مستەفا(*)

د. موکەرەم تاڵەبانی لەباسی باوکمدا دەڵێ هاوڕێیەکی هەبوو لێپرسراوبوو لەوەزارەتی مەعاریف، زۆری خۆشدەویست و دڵسۆزی بوو، زۆر لەئیش و کاری خۆیو خەڵك و ئێمەدا یارمەتیدەدا.

برازایەکی هەبوو خۆی گەورەیکردبوو، ئارەزوەیدەکرد بیدات بەکوڕێکی برازای تری بەڵام قایل نەدەبوو. خۆی وابزانم ژن و ماڵی نەبوو لەبەر بەخێوکردنی ئەم منداڵانەی براکەی دوایی کە قایل بوو، چوو بۆ ئەستەمبوڵ جیازیی بهێنێت لەڕێگە ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگەڕایەوەو مرد. زۆر ناسۆری گران بوو، جارێك هات بۆلامان بۆ کەرکوك دایکم بەعەرەبیی چیرۆکی شێتەوزیرەی بۆدەگێڕایەوە، کە وشەی وای تێدایە چیرۆك نووسیش نازانێت واتای چییە بەعەرەبی، ئەو گوێی نەدەدایە بەکوردییەکەی دەیوت.

محەمەد عەلی خۆی کورد بوو بەکوردیی گفتوگۆی دەکرد بەڵام برازاکانی بەعەرەبیی گفتوگۆیان دەکرد، ئینجا ئەوشەوە تابەیانی دایکم ئێمەی پچڕان لەبەرپێکەنین. دایکم عەرەبیی فێربووبوو بەقسە، بەڵام هەروەك هەرکوردێك هەڵەی هەبوو. تا لەموسڵیش بووین هەر جلی کوردیی کڵاوئاڵتونشی دانەکەن ئیتر لەبەغدا لەبەرگەرما وازیهێنا محەمەد عەلی فەرمانەکەی پێ گۆڕین.

(*) ئەم محەمەد عەلی (مستەفا) یە یارمەتی باوکمی دا ئەو فەرمانەی بۆبگۆڕن.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دیالە : 1945/9/11 — 1946/11/10

وەك وتمان رەفیق حیلمی بەبروسكە لەكەركووكەوە گواسترایەوە بۆ بەسڕاودەبوو هەمان شەو فەرمانەكە جێبەجێ بكات. بەڵام كە گەیشتە بەغدا و چوو بۆ وەزارەتی مەعاریف ڕاستەوخۆ فەرمانەكەیان بۆ گۆڕی‌و كرا بە بەڕێوەبەری پەروەردەی دیالە . ئەمەیش زیاترلەبەر خاتری دایكم بوو چونكە دەیزانی زۆر بێزاربووە لەگواستنەوەكانی‌و ڕەنگە لەگەڵی نەڕوات بۆ بەسڕاو جێگای دوور، لەبەرگەرماو نەزانینی زمانەكە بەباشی، بەڵام لەبەعقوبە ڕاهاتبوو، چونكە ئەم شارە كوردی تێدایە و نزیكە لە سلێمانییەوەو باخ‌و باخاتی خۆشی لێیەو فێنكترە لە باشوور، من لەم كاتەدا لەبەغدا ئامادەییم دەخوێند، هەرهاوینان بۆ پشوودان دەچوومەوە ماڵی باوكم. لەم ساڵەدا تاقیكردنەوەی بەكەلۆریای پێنجم ئەنجامداو یەكەمی عیراق بووم. باوكم لە بەغداوە هاتەوەو زۆر پێخۆشحاڵبوو، وتی ئەزانی (بعثە)یشیان داوەپێت تا (٥)ساڵ لە (ئەمەریكا) بەكالۆریۆس لەجوگرافیادا بخوێنیت؟ چیت پاداشت دەوێت ئامادەم، وتم گەشتێك بكەین بۆ خانەقین. خزمێكی لەوێ دەژیا پێماندەوت خاڵە فەتحی ئێستاش نازانم كوڕی خاڵی خۆی بوو یان دایكی. باوكم وتی هەر ئەوەندە،ئیتر چووین بۆ خانەقین، ئەو ڕۆژەمان زۆر خۆش ڕابوارد لەوێ‌و هەموو كەوتنەباسی (قەسری شیرین) و دەیانوت خۆشە واشتی جوانی لێیە.

یەكێ لەگەورەترین كارەساتەكانی ژیانمان

داوام باوكم كرد بمانبات بۆ (قەسری شیرین) كە ئەوكاتە لەسەرعیراق بوو. قایل بوو ئەوشەوە لەماڵی قائیمقامی خانەقین بووین، بەتەمابووین شەوێ بگەڕێینەوە، ئۆتۆمبێلێكی ستەیشن و پۆلیسێكیشان لەگەڵ ناردین‌و چووین نیوەڕۆ لە ئوتێلێكی كۆن لەتەنیشت حەوزو ئاوو باخچەیەكی بچوكی یەك نهۆمیی پاك‌و خاوێن، نان‌وكەبابی خۆمان خواردو چووین بۆ بازاڕ برنجی صەدری‌و شتی ترمان كڕی.

تەماع گرتینی زیاتربڕۆین،بەرەو سەرپیلی زەهاو ملماننا لەوێش لەچایخانەیەكی فۆلكلۆریی دابەزین ماستاووچامان لەسەر حەوزوئاوەكە خواردەوە.. شۆفێرەكە

تایەکانی فووتێکردو بەرەو کەرەند کەوتینە رێ. لەرێگە خوشکەکەم وتی باجێگاکانمان بگۆڕینەوە بۆلای پەنجەرەکە. جێمان گۆڕییەوەو هێندەی پێنەچوو گرمەیەك وەك بۆمبا هات،هۆشم لەلای خۆم نەما دوایی بۆیانگێڕامەوە کە دووتایەمان تەقیوەو ئۆتۆمبێلەکە هەڵگەڕاوەتەوەو هەمووومان بە برینداریی لەدەشتێکدا کەوتووین جووتیارەکسان لەدوورەوە هاتوون بە سوتوو خوێنبەربوونی سەری دایکمو خوشکە ناونجییەکەم وملی براگەورەکەمیان ڕاگرتووە، باوکیشم ئەژنۆیوپشتی چاوی زامداربووەو منیش لووتم و ناوچەوانم، ئیتر بە بێهۆشیی لە ئۆتۆمبێلەکەدا ماومەتەوە، کە هاتوومەتەدەرێو ئەوانم بینیووە بەپەرشوبڵاویی کەوتوونو خوێنیان لێ دەتکێ! وەك خەو هاتۆتە بەر چاوم! باوکم لەسەر کورسی بوو یان بەرد نازانم سەری شۆڕ بوو بووەوە، بریندارو بێدەنگ بوو، ئەوانی ترم بەبیردا نایەتەوە! دووبارە لە هۆشخۆ چوومەوەو کەوتم. لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلی زراعە بەتاڵ دەکەنو ئێمە سواردەکەن بەرەو قەسری شیرین بۆ هەمان ئوتێل کە لێی دابەزیبووین. ئیتر شەودادێتو سنوور دادەخرێت بۆیە بە ناچاریی لەوێ دەمێنینەوە، دواتر دوو دکتۆری زراعیی دێن شیرو دەرمانمان دەدەنێ من چاوم دەکەمەوە دەبینم حەوزە خۆشەکەی بەیانی، پڕچێکی خوێناویی تێدایە، تومەز پرچی خوشکەکەمە کە تەپڵی سەری بریندار بووەو بۆ تەعقیمکردن قژیان بڕیووە.

بەیانیی براینەوە بۆ خانەقین، دکتۆر لووتی پشکنیم، وتی بەستەزمانە بەتەواویی لووتی شکاوە ئیتر دیسان لەسەر خۆم چوومەوە، دوومانگ بەوجۆرە مامەوە بەچەند (ئیسعاف)ێك براینەوە بۆ بەعقوبە، دووبارە دایکم قایل نەبوو لەنەخۆشخانە بکەوێن، ماڵەوەیان کرد بەنەخۆشخانە، قەرەوێڵە لەحەوشە، سەیارەی ئیسعافو تەداویی لەبەردەرگا، چەند نۆژدارێك تابەیانی بەدەورماندا دەهاتن سەرو دەموچاوم بەلەفاف بەسترابوو، هۆشم نەبوو نەمدەزانی چیم دەخواردەوە یان چیم دەخوارد؟ وادیاربوو هەر بێهۆش بووم، دایکم پشتی سەری بریندار بووبوو. لەم کاتەدا باوکم فەرمانی بعثەکەمی وەرگرتبوو.بەو حاڵەشەوە کەهاتمەوە هۆش خۆم هەروازی لێنەهێنام، ئەوەندەی بینیی چاوم کوێر نەبووە بەوخوێنەی ناوچاومی پڕکردبوو، پێی لێداگرتم وتی دەبێ ئەو (بعثە) یە لەکیس خۆت نەدەیت.من یەکەم مێینە بووم لەوسەردەمەدا کە ئەم پاداشتەم وەرگرت

بۆ خوێندنی باڵا لەئەمەریکا هەر ئەوەندە لەجێگە هەستام بردمی بۆ بەغدا و پێداویستیی چوونەکەمی بۆ جێبەجێ کردم.

ئەوەی سەیرە لەم باسی بەسەر هاتەدا ئەوەیە ئەو رەفیق حیلمییە چالاكو گورجو گۆڵ و ئازایە! ئەوێك كەبەو هەموو زمانانەی دەیزانین (فارسیو كوردیو عەرەبی) تەنانەت وانەی فارسیشی بە ئینگلیزەكانی سەردەمی شێخ مەحمود وتۆتەوە شیعریشی پێداناوە كەچی دەیانگێڕایەوە ئەو ڕۆژەی كارەساتەكە روویداوە نەیتوانیوە بەهیچكام لەوزمانانەی كە دەیزانین ورتەیەك بكات. واتە هەرهیچ قسەی بۆ نەكراوە. هەروەك لاڵ سەری سووڕداوەو سەیری خێزانە بریندارەكەی كردووە چۆن خەڵتانی خوێن بوونو هەریەكە لە لایەكەوە كەتون.من لەوكاتەدا سەروچاوم شین بۆتەوەو سەرم ئاوساوەو ناوچەوانم بەقەد هەرمێیەك دەرپەڕیووەو چاوم پڕەبووە لەخوێنو هەر هاواری پشتیشم كردووە، كاتێ جارجار هاتومەتەوە سەر خۆم بینیوومە براگەورەكەم شوشە ملی بڕیووەو دایكمو خوشكیشم سەریان بریندار بووە كەچی ئەو خوشكەم كە ماوەیەكی كەم بەر لەكارەساتەكە داوایكرد جێگەكانمان بگۆڕینەوە هیچی لێنەهاتبوو!.

هەر ئەو ساڵە پشووی هاوین تەواوبوو، لەوكارەساتە ڕزگارم بوو. هێشتاچاوم پڕبوو لەخوێنو زۆر بێهێزو لاواز بووم، چونكە پاشكردنەوی ئەوبرینپێچانەی كەلە دەموچاوم ئاڵێنرابوون، خوێنی لوتم بەربوو هەر لەئێوارەوە تابەیانیی نەوەستایەوەو بەتەمام نەمابوون. لەبەرئەوە تووشی كەمیی خوێنیش ووبووم. بەڵام باوكم هەر لەسەر ڕای خۆی ماو ناردمی بۆ ئەمریكا لەپێشدا چووم بۆلوبنان ،پێش ساڵێك لە ناردنەكەم بۆ ئەمەریكا دەبووایە لەلوبنان بم تائینگلیزیی فێرببم ئینجابچم بۆ ئەمەریكاو چوار ساڵ لەوێ جوگرافیا بخوێنمو بەڵگەنامەی بەكالۆریۆس لەوێ وەربگرم لە زانكۆی كلارك كە بەناوبانگترین زانكۆی جیهانە لە جوگرافیادا. لە لوبنان ناچاربووم ئەوبەشەی لەزانكۆی ئەمەریكیی لەبیروت دووساڵ بۆكچان علومیان دەخوێندو بەڵگەنامەی (A.A.) دیبلۆمی (جونێركۆلیج) ی پێوەردەگیرا ئەوەبخوێنم و ئینگلیزیی تایبەتی نەبوو بۆ ئێمە وەك بۆ كوڕان هەیبوو. لەبەرئەوە لەجیاتی ساڵێك بۆ فێربوونی ئینگلیزیی لەلوبنان دووساڵی بعثە كەم ڕۆیشت ،مایەوە تەنها سێ ساڵ بۆ تەواوكردنی بەكالۆریۆس لەجوگرافیادا لەئەمەریكا و بەپشتیوانی خواو بەهەوڵو تەقەلای خۆم و هاندانی باوكم وەك لەنامە

تایبەتییەکانیا دەبیینن . توانیم بەڵگەنامەی (B.A.)یش وەربگرم هەرچەندە لەبەشی ماستەرو دوکتۆرایش دەمخوێند چونکە زانکۆکە بەشی بەکالۆریۆسی نەبوو لە جوگرافیادا.

تێبینی/

ئەم وردەکاریانەی لێرەدا خراونەتەروو رەنگە بڵێن زیاتر باسی خۆمە. بەڵام وەك دەبینن ئەمەکێشەو ئەشکەنجە بووە بۆ رەفیق حیلمی سەرەڕای ئەوهەمووهەوڵو تەقەلایەی کە بۆ خزمەتی گەلو نەتەوەکەیو لەئیشوکاری میریدا پێشکەشیکردوون ئەم خەمانەشی هەبوون.

هەروەها دەمەوێ هەڵەیەك ڕاستبکەمەوەکە زۆر زیانی لەمن داوە ئەویش ئەوەیە د.پاکیزەی خوشکم لە ژیاننامەکەی خۆیدا بەهەڵە نووسیویەتی:

١-ئەوساڵەی ئەو ڕووداوە روویداوە لەبەر ئەو کارەساتەی بەسەرم هاتووە دەوامی قوتابخانەم نەکردووەو ساڵی دوایی گوایە ئیمتیحانیبە بەکالۆریمداوەو ناردومیان بۆ لوبنان.

أ- وەك وتومە من پێش ئەو کارەساتە تاقیکردنەوەم تەواوکردبوو بەیەکەمیش دەرچووبوومو لەپاداشتی ئەوەیشدا باوکم بردینی بۆ ئەوگەشتە و هەرچاکبوومەوە هەمان هاوین کەپشوو تەواو بوو ڕۆیشتم بۆ دەرەوەو هەرگیز لەهیچ پۆلێك نەماومەتەوە دیارە د.پاکیزە لەبەرئەوەی دەمێکە ئەمە روویداوە ئەو لەبیری چۆتەوە.

ب- بعثەکەم بۆ ئەمریکاولوبنان نەبوو هەردووساڵ بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیی لە لوبنان بووم.

٢-لەکاتی گەشتەکەماندا ئەو جێگەکەی بەمن گۆڕی نەك من بەئەوم گۆڕبێت!

نامەکانی باوکم کەدەیناردن بۆم بۆ لوبنان ئینجابۆ ئەمەریکا ماوەی پێنج ساڵ لەژیانم هەروەها وەڵامەکانی خۆم بۆی ئەوانە بە چەندین کتێب ناگێڕدرێنەوە بەکورتی بەڵام بەوردیو بەڕاستی هەرچی بەسەر هاتو ڕووداوو چی کێشەو گێچەڵو ئەشکەنجە هەیە پیشانتانی دەدات، بۆیە ماوە هەبێ بڵاویاندەکەمەوە، چونکە باشتر لەمن رەفیق حیلمی بەزمانی خۆی دەروونی خۆی هەڵدەڕێژێت. چی هەستو خواستی بەرامبەر بەئێمە

هەیبووە چی خۆبەختکردنە کە لەپێناوی پێگەیاندنی ئێمەدا کردوویەتی بەتایبەتی چەند بەپەرۆش بووە کە هەموومان خوێندنی بەرز تەواوبکەین. چەند ئاگاداری ژیانمان و کێشەمان و تەندروستیمان و خوێندنمان و ڕەوشت و هەڵسوکەوتمان بووە؟ چی هەوڵ و تەقەلای داوە پەکمان نەکەوێت هەموو ئەمانە بەروونی لەنامەکانیدا کەلەکاتی خۆیدا بۆیناردووم بەرجەستەدەبن(*)

چەند بەدوای گشت پێداویستییەکمانەوە بوو،ڕۆژ بەڕۆژ هاتوو چۆی وەزارەتی کردووە بۆجێبەجێکردنی ئیش وکارمان و پێداویستییەکانی ژیانمان و خوێندنمان، ئەمانە هەموویان لەکاتێکدا بوون کەهێندە سەرقاڵیش بووە بەئیش و کاری میری وخەباتەوە لەپێناوی سەربەرزیی میللەتەکەیدا.

ساڵی ($\frac{1949-1946}{1951-1950}$) لەم ماوەیەدا ڕەفیق حیلمی هێشتا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردە بووە لەبەعقوبە، خەڵکی دیالە زۆریان خۆش ویستووە و ئێجگار ڕێزی هەبووە لەناویاندا و زۆر هاوڕێی چاکی هەبووە کە کاتی خۆشی لەناویاندا بەسەربردووە هەروەها خێزانەکەشی لەبەعقوبە دڵخۆشتربوون وەك لەشارەکانی تر، لەم کاتەدا من ڕۆیشتم بۆ لوبنان لە ١٩٤٨-١٩٤٩ دا بەپێی بعثەکەم ، بڕواننە ئەو هەموو نامەیە کە لەماوەی ئەم (٥) ساڵەدا باوکم بۆی نووسیوم و بڕواننە وەڵامی منیش بۆئەو، لەوێدا نمونەی ژیانی تایبەتی خێزانی ئەم پیاوە گەورەیەو ئاگادارێی ئەو سەبارەت بەگشت لایەنێکی ژیانیان هەروەها بیرو ڕای و چالاکی و هاندانی بۆ سەرکەوتنیان و ڕازونهێنانیان لەخوێندن و لەتێکۆشانداو حاڵ و ئەحواڵی خۆی و منداڵەکانی تری و دەستکورتی و خۆبەختکردنی بۆ منداڵەکانی چەند بە جوانی دەردەکەوێت؟

(*)١-بڕوانە نامە تایبەتییەکانی بۆ منداڵەکانی بەتایبەتی بۆ ناهیدەی کچی کاتێ لەدەرەوەی وڵات خوێندویەتی.

٢-بڕوانە ئەو بابەتەی ناهیدە ڕەفیق حیلمی بڵاویکردۆتەوە بەناوی" ڕەفیق حیلمی ڕاستە نیشتمانپەروەری ئاینی بووە بەڵام هەرگیز منداڵەکانیشی لەبیر نەچووە، ئەمەوەڵامی بابەتێکی خوالێخۆشبو مستەفا نەریمان بوو. کاتێ لە یەکێك لەوەچەکانی ڕەفیق حیلمی پەستبووبوو وتبوی گوایە منداڵەکانی نەچوونەتەوە سەر خۆی هەروەها وتبووی ئەو دوایی ئەوەی ئاشتدەکردەوە کە لێی تووڕە دەبوو بەڵام ئەمان ئەوەش ناکەن و هتد......

لەساڵی ١٩٥١-١٩٥٢ باوکم لەبەڕێوەبەرایێتی پەروەردەی بەعقوبە لابرا، ئەوکاتە من هێشتا لەئەمەریکا دەمخوێند،نەمدەزانی بۆ لابرا لەو ماوەیەدا باوکمو ئەوان چووبوون بۆ بەغداو لەوێ دادەنیشتن. باوکم لەئامادەیی تفیض وانەی دەوتەوە، کە گەڕامەوە ئێجگار دڵتەنگ بووم لەحاڵو ئەحواڵی، هێندەی پێنەچوو کرایەوە بەمودیری مەعاریف لە عەمماره، (قەدەم خێر) واتە کچەکەمان دیسان بووبە خێر بۆمان.

کەی بەتەواوی لەبەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی بەعقوبە لابرابوو نەمدەزانی؟ وەك وتیان لەبەرئەوە بووە دوو مامۆستایان بێپرسی ئەو لە بەعقوبەوە گواستۆتەوە بۆ سەر سنوور.

ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٤ لەعەممارە

پاش ماوەیەك لەوباروودۆخە ناخۆشەی لەبەغدا لەساڵانی ١٩٥١،٩٥٠ لەخانویەکی جولەکەکاندا بردبوویانەسەر لە (بستان الخمس) ساحە النصر ئەمجارەشیان باوکم بەهەوڵ و تەقەلای هاوڕێیەکی دڵسۆزی بەناوی مامۆستا محەمەد عەلی مستەفا کرایەوە بە (مودیری مەعاریف) ئەمجارەیان لە عەممارە . هەرچەند دایکم و هەمووومان زۆرمان پێخۆشبوو کە گەڕایەوە سەرئیشوکاری خۆی، بەڵام زۆریش دڵتەنگ بووین کە هەروا زوو هێشتا پاش پێنج ساڵ غەریبیو خوێندن لەدەرەوەی وڵات ، هەمووی مانگێکی پێنەچوو کەچی سەفەربکات بۆ عەممارەو بەجێمان بهێڵێت؟!

هەرچۆنێك بوو دایکم قەناعەتی پێ کرد بچێت لەگەڵیو منداڵە بچوکەکان ببات و من وپورمو ئەوانی تر لەبەغدا بمێنینەوە، لەبەر خوێندنی براو خوشکەکەم لەبەغدا چونکە منیش لەبەغدا دامەزرابووم.

سەرگوزشتەی هەڵبژاردنی ڕەفیق حیلمی بۆ (نیابەت)

لەم ماوەیەدا دەنگ بڵاوبۆوە کەهەڵبژاردنی ئەندامی پەرلەمان سەربەست دەبێت. جاران ڕاهاتبوون ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە دادەنران و کوردەکان هەمیشە هەمان دوو نوێنەریان هەبوو ماجید مستەفاو سەعید قەزاز.

باوکم هەرچەند دەیزانی کە هەروەك جارانەو هەڵبژاردنەکە سەربەستو سەربەخۆنیە، بەڵام هەر بۆ تاقیکردنەوە خۆی بۆیەکەمجار کاندیکرد. لەبیرمە ئێوارەیەك باوکمودایکمو منداڵەکان لەعەممارەوە هاتبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە. لەپڕ ماجیدو سەعید قەزاز هاتنو

چوونە ژووری میوان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵیدا، دیاربوو بە زوویریی ڕۆیشتن، دوایی دایکم پێیی وتین کە پێیان وتووە، وازلە خۆکاندیدکردن بهێنە، لێپرسراوان بەبێ ئەوەش ڕاستەوخۆ دەتکەن بەنوێنەر، لەجیاتی هەرکامێك لەئێمە.باوکیشم پێی وتبوون من لەبەر (نیابەت) خۆم کاندید نەکردووە، من دەمەوێ گەلەکەم بزانێ هەڵبژاردنەکە ڕاست نییەو سەربەست نیە، هەروەك جارانە ئەوەتا واش دەرچوو.

ئەو سەد دینارەی باوکم پێویستی بوو بۆ تەئمینات، قەرزی کردبوو، دوایی بە قیست دایەوەو هەر سووربوو لەسەر چوون بۆ سلێمانی لە ڕۆژی هەڵبژاردنداو چوویش.... شەوی هەڵبژاردن گوایە وتیان شێخ چەند هەزار کەسی ناردبووە قەراغ شاری سلێمانی، تارەفیق حیلمی هەڵبژێرن ،بەلاّم نەیانهێشتبوو ئەو کەسانە بچنە ناوشار. شەوێ تەلەفۆنمان بۆکرا لەسلێمانی یەوە، وتیان ڕەفیق حیلمی وا لەپارێزگای سلێمانی دانیشتووە. دەیانەوێ قایلی بکەن واز لەبیری هەڵبژاردن بهێنێت و پاشەکشە بکات بەپەیمانی ئەوەی بە تەزکیە دەربچێت،کەچی قایل نابێت، ئەمەیش بەواتای خستنەوەی ئاژاوەیەکی پڕمەترسیی دێت لە سلێمانی و ڕەنگە ببێتە هۆی تەقەو چەند کەسێکی بێگوناهیش تیابچن. بۆیە دەمانەوێ ئێوە خۆتان بەڵکو هەوڵبدەن تا هیچ نەبێت لەبەر ئێوە وازبهێنێت. من خۆم بە تەلەفون قسەم لەگەڵ باوکم کردو تکام لێ کرد لەبەرخاتری خەڵکەکە وازبهێنێت ئەوەبوو کەوازی هێنا و هەڵبژاردن بەتەزکییەشی ڕەتکردەوە.

نموونەی یادنامەکانی ڕۆژانەی

ئاخر پێنج دیناری نائبی ١٩٥٧ خۆشەویست حەفیدزادە سەید ئیبراهیم ئەفەندی شەوی $\frac{12}{13}$/١٩٥٧/٧ یەعنی شەوی یەك شەممە نزیك خانەکەی کەرکوکیزادە ئەحمەد ئاغا درایەوە بەخۆیو بەمە حیسابی ئەو (١٠٠) دینارە کە بۆ تأمیناتی اینتخابات(*) بەقەرز لێموەرگرتبوو تەواو بوو لەسایەی خواوە لەم قەرزەیش ڕزگارم بوو.

$\frac{2}{13}$/١٩٥٧/١٠

ڕەفیق حیلمی

(*) ئەمەم لەدەفتەرێکی (مفکرە)یدا دۆزیەوە. باوکم ئەمە بووە، ئەگەر وەك د.موکەرەم تاڵەبانی باسی کردووە ئاخۆ پارەی ئەندامانی هیواچی لێهاتووەو ئەم بوختانەی کردۆتە ملی ئەمیندارانی هیوا، ئەگەر باوکم لەو جۆرە کەسانە بوایە هەڵبەتە پێویستی بەقەرزکردنی (تأمیناتی انتخابات)و دانەوەی بە اقساط واتە (٥) دینار ٥دینار نەدەبوو. هەروەها تادوا ساڵی ژیانی هەر قەرزی دروستکردنی ئەو خانوەی دەدایەوەکە پارەی گشت خێزانەکە بووچەند پارچە خشڵێکی کۆنی دایکمو گوارەو ئەنگوستیلەی منداڵنو تەنانەت هی باوەژنی دایکیشم و پوریشمی فرۆشت بێجگە لە وەی ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادەی خزممان پارچەیەك لەزەویەکەی پێبەخشین ئینجا توانیمان خانوو دروستبکەین.

بەغدا پێش شۆڕشی تەمموز ۱۹۵۲-۱۹۵۸

لەم ماوەیەدا رەفیق حیلمی پشکنەری تایبەتی بیرکاریی بوو لە بەغدا لە ۱۹۵۲-۱۹٥٤ کرایەوە بە بەرێوەبەری بەڕێوەبەرایێتی پەروەردە لە عەممارە وەك وتمان پاشان زوو زوو دەچوو بۆ شارەکانی تر لەبەغداوە بۆ پشکنینی قوتابخانەکانی شارەکانو بەپاص دەچوو تاپارەی زۆر نەدا بەئوتۆمبێلی تایبەتی. ڕۆژێکیان خۆم بردمە لای پاصی دیوانیە، چونکە تائەوکاتەش هێشتا مووچەی نەگەیشتبووە (۱۰۰) دینارو زۆر جاریش پێش کۆتایی مانگ ناچاردەبوو شتێك لەخزمێکمان قەرزبکاتو لە بەغدایش هەر بەپاص دەچوو بۆپشکنینی قوتابخانەکان.

پێش شۆڕش باوکم زۆر کێشمەکێشی پێکرا، جارێك دەکرا بەیاریدەدەری ئامادەیی (مەرکەزی) یە جارێ بەڕێوەبەری شرقیە یان کەرخ و زۆر ئیستیفزاز دەکرا. بڕواننە وێنەی رەشنوسی ئەم چەند کاغەزە کە بۆ لێپرسراوە گەورەکانی ناردووە کە بەزمانی تورکینو هەستو نارەزایی خۆی زۆر ئازایانە روونده‌کاتەوە وەك ئەم نامەیەی بۆ نوری سەعیدپاشا و ئەوەی بۆ ئەرشەد ئەلعمری ناردووە.

رئیس وزرا

فخامتلو نوری سعید پاشا حضرتلرینه

دینه جوررم تدریس صوکرا، سوزه باشلادیم. تشبیه و تقدیرك ده وار اولدیغنی بیلیورم

بنده لر سیاسیه لی دکل حالیم کم. ترکیه نك ذکاکرینی بیلدیکم ایچین بنده لرینی طانیه جقلره

ختم ایدیورم. بهاء الدین نوری (پاشا) سیاسیه مشرف دکلدی ایکن ادکولی وزیرلریله

ماجد نقله برلکده سیاسیه یی تشریف بیورمشدی. دینه لرکی بهاء الدین پاشانك صوکره سنده

ذات فخیمانه لری ایله برلکده قهوه التی ایتمك شرفنده بولنمشدم.

بغدادده معارف مدیری بولوندیغم بر زمانده برکوتلی وزیرلرده عبدالرسول خالصی بك

مشرف بولنیوردی. موسی الهاك اوده سی اوروپه معارف وزیری تلیل بك (کننه) ایکی

صورمادیه دیهم برکیفیتده بولونمادیه برتاج معلمی وظیفه ده مشغول ده و

واقع اولدیه اعتراضمده مضر اولدیغه بنده کری ده نه مشرف موسی الهاك تحریکی

ایله معارف مدیرلیکه نیاده ده بر متوسط معلمه نقل ایتمشدی. ادکوندنبری

مشاهده کی شناعت و النقا بیلیه رغما عملی باکدیه هرکونه برترقی بولوندیغی

خوشنودی کوریلدیکم. متعدد دفعه لر کرکلتی یا یمایه ورقلری کتاب

یازمشدم فقط فائده ویرمدی. دها فضله یازمق ایچینده بولوندیغمز

مشاکلی دیو برغوللتی تقدیر ایتمزلکدر. [معارف وزارتنه تقدیم ایدیلن سکایتنامه نك

بر صورتینی ذاتی فخیمانه لرینه تقدیم ایدیورم] - مقصدم تقریب دیالاردیکم تسیر مله

ده کلیدر. احتمال که شوکونلرده مصلحت ایجابی اولدیغه بو موقع اقتدارده هیچ بر کز

فقط بوکسك دها کره. دیه دائما اکثر ذکر لکده رغما وزارتلکرك

معارفه کوندیه لوح خیرخا لعور. نچمانه ده ؟ چوق سفله دلکال جسارته

عرض ایدیورم که معاونلکر اولدقلری عمر و ده غنادا دوشکونلرینه بنده کر

شمدی ده کیل فقط بو موقع اقتدارده ترك ایدیلدکده صوکره ....

بڕوا [illegible] قیمەتی [illegible] تەماشای کەم [illegible] الحیوه [illegible]

[illegible] عەرضحالی [illegible] بڕوانامەکەم [illegible] دیرە

[مەعارف] [illegible] شوێنی [illegible] عەدەد [illegible]

[illegible] [illegible]

[illegible] فرمانی [illegible]

بغداد رشید [illegible]

٢٢/١/٩٥٦

معارف مدیر الادارة المرکزیة

صاحب المعالي

مدير المعارف العام

لقد تسلمت الامر الوزاري المرقم ٢٠١٥ والمؤرخ ١٩/١/٩٥٦ المتضمن اعادتي الى معاونية الاعدادية المركزية بعد كل الجهود التي بذلتها لتعييني في محل آخر وبوظيفة ثابتة تتلاءم مع مؤهلاتي. واصبحت اشعر بان اصرار المسؤولين على ابقائي في هذه المدرسة بالوضع غير الطبيعي الذي انا فيه ودون اسناد اي عمل لي اقوم به، ما هو الا وسيلة لاستفزازي واثارة مشاعري وعواطفي دون ان اعرف لذلك اي مبرر. فقد كان على وزارة المعارف ان تقدر ظروف الموظفين القدماء امثالي وتجد من خدماتهم الطويلة المشرفة ومن ادائهم لواجباتهم باخلاص وكفاءة ومن تمسكهم بالمبادئ السامية وبالخلق الرصين ما يجعلها ان تشعر بواجبها نحوهم حتى تتمكن من العطف عليهم وتكليفهم المراكز اللائقة بهم جزاء لهم وتشجيعاً لامثالهم. اما اذا كان المسؤولون في المعارف يأبون السير على هذه الخطة الرشيدة او قد يجد البعض منهم لذة في التعسف بمصاير امثالي وبمقدراتهم او في ان يستمروا يحتقرون كفاءاتهم فانني لست بقادر على اي عمل سوى اظهار بعض عدم رضاي عن الروح التي اخذت تسيطر على المعارف غير مبال بما سيصيبني من الاذى بعد ان كرعت على ايدي بعضهم من الاذى المعنوي حتى الثمالة. لقد اثبت لهم باني مؤمن بان الحق يعلو ولا يعلى عليه واخيراً تفضلوا بقبول فائق احترامي ودمتم.

نسيم حلمي

معاون مدير الاعدادية المركزية

٢٢/١/٩٥٦



هێرشی سێ قۆڵیی بۆ سەرمیسر (العدوان الثلاثي)

ساڵی ١٩٥٦ لەکاتی هێرشی سێ قۆڵیدا بۆسەر میسر، ئامۆزایەکی باوکم کوڕەکەی لەئامادەیی شەرقیەبووەوباوکیشم لەوێ بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بووە. ئەو قوتابییە چۆتە ماڵەوەو بەدایکی وتووە ئەمڕۆ ئامۆزاکەتیان بەسەرشان برد بۆ باڵوێزخانەی میسر بە وتنەوەی دروشمو گۆرانیی نیشتمانیەوە.شایانی باسە کە قوتابییەکانی زۆر یان خۆشدەویستو ڕێزیان لێ دەگرت چونکە ئەویش زۆر باش بوو بۆیان (*)

ڕەفیق حیلمی پێشتگیریی قوتابییەکانی دەکرد، کە دەکەوتنە کێشەیەکەوە یان لەکاتی مانگرتنو خۆپیشاندانیاندا لەناو قوتابخانەدا. تەنانەت ڕۆژێك لەپڕ تەلەفونی کرد بەدایکمی وت: جانتایەكو دەستێك نوێنم بۆ ئامادە بکە چونکە لەوانەیە بمگرن . تاهاتەوە چەند کفنمان دڕی دواتر پرسیمان چی ڕوویداوە ؟ وتی: وەزیر بە تەلەفون فەرمانی دامێ هەرئێستا لیستەی ناوی ئەو قوتابیانەی بۆ بنێرم کە مانیانگرتووەو من وتومە هیچیان نەکردووەو قوتابیان هەموویان لەپۆلدان وەزیریش وتویەتی ئێستا هەواڵمان بۆ هاتووە لەقوتابخانەکەوەو توڕەبووەو هەڕەشەیکردووە. لەکاتی هێرشی سێ قۆڵییەکەشدا ڕەفیق حیلمی پشتیوانیی لەمیسر کردووە، هەر لەو بۆنەیەشدا قوتابیان بۆ خۆپیشاندان چوونەتە بەردەم باڵوێزخانەی میسرو ڕەفیق حیلمیی بەڕێوەبەریان بەسەر شانیان هەڵگرتووە.

بێجگە لەمە بۆ بەشداریکردن لە پشتگیریکردنی میسردا باوکم بەناوی جەمیلە خانی خێزانیەوە بەسەفارەتی میسری وتووە هیوای سەرکەوتن بۆ میسر دەخوازێتو

(*) ١٩٤٨-١٩٤٩ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دیالە (من لەبەیروت بووم).

١٩٥٠-١٩٥١ لابرا، (من لە ئەمەریکا بووم)

١٩٥١-١٩٥٢ کرایەوە بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردە لە عەممارە

١٩٥٥-١٩٥٨ هاتەوە بۆ بەغدا وەك پشکنەری تایبەتی. دەستبەکاربوو

١٩٥٨-١٩٥٩ کرابە مولحەقیڕووناکبیریی لە تورکیا پاش شۆڕشیتەمموز

١٩٥٩-١٩٦٠گەڕیەوە بۆ بەغدا بووەوەبە پشکنەری تایبەتی.

١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد..

تکایە ببورن ئەگەر پاشو پێش هەبێت لەساڵەکاندا چونکە لەو ماوەیەدا زوو زوو کارو شوێنی کارەکەی دەگۆڕانو زۆر کێشمەکێشیان پێدە کرد.

پرسیببووی بۆ گەیاندنی ئەم هەستەی خۆی بەمیسرییەکان چیبکات باشە ؟ وتبوویان بروسکە بنێرە بۆ سەرۆك (جەمال عەبدولناسر) پێخۆشحالْ دەبێت. من بۆخۆم وەلامی ئەو بروسکەیەم بەناوی جەمال عەبدولناسر-ەوە بینیووە ئەویش لەناو نامەکانی باوکمدا.

وەك چەند جار باسکراوە و بۆخۆیشی لە یاداشتەکانیدا ئامارژەی پێداوە رەفیق حیلمی هەستی نەتەوایەتی بەرامبەر بەسەرجەم نەتەوە کانی دنیا هەبووە چونکە خۆی نەتەوە پەروەربووە.

لەسالانی پێش شۆرشی تەمموزو کۆچی دوایی خۆیدا واتە لەسالانی ١٩٥٢-١٩٥٨-١٩٦٠، لەو ماوەیەدا کە بەهۆی شیعرەکانی و کاری میریشییەوە زۆر کێشەی بۆ دروستبووبوو گەلێك لەو بەرهەمانەی کە هێشتا بەچاپی نەگەیاندبوون وەك بەشێك لە یاداشتەکانی و کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی) لەچاپیدان. سالی ١٩٦٠ بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات بە ماوەیەکی زۆر کەم، کۆمەلە شیعری دووەمی بەناوی (پاش تەمموون) بەچاپ گەیاند. ئەم بەرهەمە بەکوردییەو خۆی لەژیانی خۆیدا لەچاپیداوە، بەهەلە چەند جار وتراوە ئەم کۆمەلە سیعرە پاش کۆچی دوایی رەفیق حیلمی چاپکراوە چونکە ئەم دیوانە سالی ١٩٦٠ بلاوبۆتەوەو خوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی مانگی ٨ی سالی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووەو کتێبەکە پێش ئەو مانگە بلاوبۆتەوە. بەلام بەداخەوە خۆی پێرانەگەیشت بیانگەیەنێت بەکتێبخانەکان بۆ فرۆشتن و گەلێك نوسخەیان تا ئێستاش لەمالەوە ماون (کێ ئارەزوو دەکات بیانخوێنێتەوە بابێت تاپێشکەشی بکەین).

رەفیق حیلمی لەم ماوەیەداو پێشتریش هەرپێنوسی دانەناوەو زۆر بابەتی بلاوکردۆتەوە لەگۆڤارو رۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا، تەنانەت وتاریشی لەئیستگەدا پێشکەشکردووە ! وابزانم دوا وتاری باسێك بووە سەبارەت بەئەمین زەکی بەگ.

لەوشیعرانەدا کە پاش تەمموزو پێش تەمموز هۆنیونییەتەوە، تیایاندا پێشبینی کردووە شۆرشێ هەلبگیرسێت .

١٩٥٨ لەکوێت لەگەڵ وەفدی یەکێتی ئەدیبانی عیراق

لەیادنامەیەکی بۆری بچوکدا نووسراوە :

١٩٥٨/١٢/١١ بەیانیی چوارشەممە.

بەغداد- کەرکوک- موسڵ بەفڕۆکەی هێڵی عێراقی. کاتژمێر ٧/١٥ میوانخانە، تەحقیق لەگەڵ بەڕێوەبەرو هەندێك مامۆستاو یەکێتی قوتابیان، زیارەتی قوتابخانەی کۆمەڵەی رۆشنبیریی و دار المعلمین و زراعە وصناعە.

لەلاپەڕەیەکی تردا نووسیویەتی:

خەیری مەحمود (قائم بتفیش) دژی کوردەکان (ضدالاکراد)

لەلاپەڕەیەکی تریشدا ئەمەی نووسیوە :

ئەگەر بەمن بێ من ئەڵێم

عێراق وەك دیلی بێ فەڕ

درابووە بەرلیسی نۆکەر

ئەمە وابزانم بەشێکە لەو شیعرەی دوایی لە دیوانی (پاش تەمموز) دا بڵاویکردۆتەوە.

١٩٥٨/١٢/٢٠ سەفەری یەکەمی لەگەڵ نووسەرانی عێراق بۆ کوێت

لەیەکێ لە لاپەڕەکانی ئەم یادنامەیەدا بەباسێك دەستی پێکردووە کە پیشانیدەدات ڕەفیق حیلمی چەند پاك و دڵسۆز بووە نەك هەر لەگەڵ نەتەوەو گەلی خۆیدا بەڵکو لەگەڵ هەموو گەلانی عێراق ودەرەوەی عیراقیشدا. بەناوی مامۆستا نوری کەپارێزەرێکی عێراقی بووەو مامۆستابووە لەکوێت چەند وتەیەکی وەرگرتوە کە ئەمانەن :

١-یاسای تەملیکی کوێتی ساڵی نووسیوەتەوە. فاضل الجمالی و عبدالالەو مەلیك پاش زیارەتی کوێت و وەرگرتنی دیاریی کە پێشکەشیان کردون وەك ئۆتۆمبیلی کادێلاك و گەردانەی مرواری و شێری ئاڵتون...

٢-وەزعی عێراقییەکان لەکوێت، جیاوازیی لە مامەڵەکردن لەگەڵیانداو لەمووچەوەرگرتن وئیمتیازاتدا.

٣-ژمارەی فەرمانبەران و مامۆستایانی عیراق، نزیکەی (٢٠) مامۆستان بەرامبەر بە (٥٠٠) مامۆستای میسریی.

٤- جالیەی عێراقیی ئەوانیتر زیاترن،بەڵام زۆربەیان کرێکارن.

٥- بازرگانانی کوێت جێگە بازرگانییە گرنگەکانی بەسرا لە بازاڕی سوق الصیادلە و هتد.. دەگرن

٦-خەڵکی کوێت زەوی و عەقارات لەبەغدا و بەسڕا دەکڕن پاش دەرچوونی یاسای تەملیك.

٧- قونسولخانەی ئەمەریکا لەکوێت زۆری دیناری عێراقی کڕیووە .

ڕەفیق حیلمی بەمشێوەیە باس و خواسەکانی ئەم سەفەرەی تۆمارکردووە دواتریش ناوی ئەوانەی نوسیووە کە لەو گەشتەدا وەك ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عێراق و جێگری سەرۆکی یەکێتییەکە ناسیونی و ئەمانە لە وڵاتە عەرەبییە جۆربەجۆرەکانەوە هاتوون و دیارە هەموویانی ناسیووە و گفتوگۆی لەگەڵ کردون و تاری لەسەر نوسیوون. تەنانەت نووسیویەتی ئاشنابوونی بە ئەندامانی تیپی شانۆی نەتەوەیی (المسرح القومی) لەنەخۆشخانەی کوێت بەشی دانسازیی بووە و گاڵتەی لەگەڵ ژنە هونەرمەند (ئەمینە رزق) دا کردووە کەئەکتەرێکی بەناوبانگی میسرە و پیرۆزبایی لێکردووە بۆ نواندنی ڕۆڵی (لەیلا) لەسەر شانۆی هۆڵی قوتابخانەی (الصدیق)ی شکۆدار لەکوێت بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرکەوتووانە کەئەم بەرهەمە بەشێوەیەکی تایبەتی پێشکەش بە وەفدەکە کراوە.

پێنج شەممە ١٩٥٨/١٢/٢٥کوێت

لە لاپەڕەیەکدا نووسیویەتی ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٥٨/١٢/٢٥ چووە بۆ نەخۆشخانەی ددان و سەرۆکی ئەوبەشە ناوی د. یوسف الاسدی بووە لەوێ ددانێکی کێشاوە و دکتۆر عەبدول لەتیف عەلەکەی بینیووە،لە لاپەڕەیەکی پاش ئەم تێبینییەدا بە قەڵەمی ڕەساس نووسراوە ١٩٥٨/١٢/٢٦ کە بەدەستو خەتی باوکم ناچێت و خەتی یەکێکی ترە.

لە شوێنێکدا ڕەفیق حیلمی ناوی ئەوانەی نووسیووە کە لەوێ ناسیوونی و ئەمانە بوون:

الدکتور محمد هفطشی الأردنی، یعمل في الکویت تعرفت علیە عن طریق الاستاذ درویش المقدادي واتە لە کوێت کاردەکات و بەهۆی مامۆستا دەروێش میقدادییەوە

ناسیومە. ئەم دکتۆر محەمەدە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەو زانیاریی کوێت بووەو باوکم نوسیوویەتی سەبارەت بەڕێبازی ڕۆژنامەی (العجن)ی کوێتی لەسەر پاپۆڕەکە گفتوگۆم لەگەڵدا کرد بەئامادەبوونی مامۆستا کامیل الشناوی. ئەم باسەش دوورو درێژ بۆوە تا گەیشتینە سەر باسی عەرەبە قەومییە متطرفەکان .

لەوناوانەی تر کە ڕەفیق حیلمی لەم یادنامەیەدا باسیکردون و ناسیوونی ئەمانەن(اسعد داغر، عبدللة المازني، الدكتورە بنت الشاطئيو الأستاذ امين الخوكلە) دەڵێت وێنەیشی لەگەڵ گرتوون، کە ئەم وێنانە تائێستاش ماونو لەم کتێبەدا دەیانخەمە بەردیدەی خوێنەرانی خۆشەویستو دۆستانی ڕەفیق حیلمی.

لە شوێنێکی تردا باسی دکتۆر سهیل ادریسی خەڵکی لوبنان دەکاتودەڵێت (تحدثت معە عن مجلة الأداب) واتا باسی گۆڤاری(ئاداب)م لەگەڵ کرد. دواتر باسی عە فیف الکیالی دەکات کە خەڵکی حەلەب بووەو جوانترین شیعری لەو فێستیڤاڵە شیعرییەدا پێشکەشکردووە.

هەروەها نوسیوویەتی دکتۆر شەوقی ضیف کە مامۆستای کرلێجی ئادابی قاهیرە بووە لەلیژنەی (گۆڤار)دا ناسیویەتیو وتوویەتی خاتوو پاکیزەی کچتان دەناسم .

باوکم هەر لەم یادنامەیەدا نوسیوویەتی دکتۆر سهیل کە خاوەنی گۆڤاری (الاداب) ەلە لیژنەی ئەوگۆڤارەدایە کە میهرەجانەکە دەریدەکات هەروەها مەحمود جواد الغیان-یش کە نووسەرێکی عیراقییەو خاوەنی گۆڤاری (الفکر)ە ئەمیش لە لیژنەی گۆڤارەکەدابوو،وەك دەردەکەوێت ئەندامەکانی ئەو گۆڤارە وەفدەکە خۆیان بوون، مامۆستا ڕەفیق حیلمی-یش ئەندام بووە تیایداو بەهۆی گۆڤارەکەوە لەنزیکەوە ئەو ڕووناکبیرانەی ناسیووە کەباسی کردوون.

لەم لاپەڕەیەداو بەقەڵەمێکی سەوزو دەستو خەتێك کە بە خەتی باوکم ناچێ نووسراوە (انقله هنا لمعرفة الاخطاء في الكتابه رغم ان الشخص كما ذكربنفسه في دائرة المعارف الكويتية وقدكتب: حسن ابراهيم كمال داء رة معارف حكومة الكويت قسم الاسكان وتأثيث!)

ڕەفیق حیلمی-یش بەدەستو خەتی خۆی وبە مەرەکەبی سەوز نوسیوویەتی :کان مكلفأ بتأمين راحتنا في ضيافة رقم (١)

لەلاپەڕەکانی تری ئەم یادنامەیەدا ڕەفیق حیلمی نوسیویەتی رئیف الخوری بیروت- لوبنان ڕۆژنامەی (الکفاح)، (الكليه البطرركيه للروم الكاثوليك). رئیف لە ئەدیبە یەکەمەکان بوو کە لەگۆنگرەی نووسەران لە کوێت ناسیمو بیری ساغیان هەبوو سەبارەت بە (دیمقراطیة)و ئیعتیرافکرن بە (قەومیاتی) غەیری عەرەب، بەتایبەتی باوەڕبوون بەمافی نەتەوەی کورد وەك هەر عیراقییەك باوەڕی بەدیموکراسی هەبێ، کەپاش شۆڕشی ١٤ ی تەمموز لەعیراقدا بلاوبۆتەوە . مامۆستا جواد الغیان خاوەنی گۆڤاری (المجلە)ی بغدادی وتارێکی بەنرخی لەرئیف وەرگرت کە ئەم بۆچوونەی تیادا بەیانکردبوو.

١٩٥٨/١٢/٢٢ کوێت

لەشوێنێکدا ئەم ناوانەشی نوسیووە :

سعید فهیم نوێنەری (الجامعه العربيه)، عبدالكريم المدرس

هەروەها ئەم ناوانەیشی ناساندووە:

١-حمزه عباس- دائرة الماليه بەشی نهێنی (القسم السرى) الكويت

٢-احمد شاب القدس- فلسطين

٣-خەليل البيطار- الاردن

٤-سعيد البدرى- سامراء

٥-الشيخ عەبدالزهره

٦-ابراهيم العريض -البحرين

٧-محمود محى الدين احمدى- المعارف العامه الكويت.

ڕەفیق حیلمی لەبەرئەوەی ئەندامی لیژنەی دەرهێنانی گۆڤاری فێستیڤاڵ بووە لیستی ناوی لیژنەکانو ناوی سەرجەم ئەندامانی لەلابووە وێڕای وێنەی هەموویان.

پاش شۆڕشی تەمووزو پێش کۆچی دوایی ١٩٥٨-١٩٦٠

باوکم تەنها دووساڵ دوای راگەیاندنی شۆڕش ژیا . بەیانیی لەپڕ کە ئیستگەکە وتی (هنا الجمهوريه العراقيه) واتا ئێرە کۆماری عیراقە باوکم لەو شیعرەیدا کەبەناوی (شۆڕشی تەممووز)ەوە داینـاوە هەستی خۆی بەرامبەر بەو وشانە لەدیوانی (پاش تەممووز)دا دەربڕیووەوهۆکاری روودانی ئەو شۆڕشەی بەدەرئەنجامی رەفتاری ئەو حکومەتە لەقەڵەم داوەکە ئەوەندە گەلەکەی لەدەستی بێزار بوون، رەفیق حیلمی دەڵێت کە گوێم لە (هنا الجمهوريه العراقيه) بووهێندە نەبوو لە خۆشیاندا لەسەر خۆ بچم.

پاش تەمووز ١٩٥٨-١٩٥٩

ساڵانی ٥٨-٥٩ باوکم کرا بە مولحەقی روناکبیریی لەتورکیا، بەڵام دیارە لەوێ (وەك خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان لەیەکێك لەبابەتەکانیدا نوسیوویەتی) حکومەتی تورکیی ترسی هەبووە لێی، ترساوە لەوەی کوردەکان هانبدات لەدژیان، بۆیە داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە بیگەڕێننەوە بۆ وڵاتی خۆی، هەرلەبەر ئەوە مانەوەکەی لەتورکیا تەنیا دووساڵی خایاند.

مامۆستا مستەفا نەریمان نووسیویەتی ئەم هەواڵە لەرۆژنامەی (لۆمۆند) ی فرنسیدا بڵاوکراوەتەوەو لەژمارە (٢٨)ی رۆژی کوردستانی ئێرانی(٢٠ك ١٩٦٠) ئیتر دوای ئەمە رەفیق حیلمی کە گەڕایەوە بەغدا تاکۆچی دوایی پشکنەری تایبەتی بوو، هێشتا خانەنشینیش نەکرابوو کە لە (٤ ئابی ١٩٦٠)دا کۆچی دوایی کرد.

ئەو کاتە جارێ (٤٥) ساڵ خزمەتی هەبوو هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی خانەنشینیو تەمەنی(٦٢)ساڵ بوو ئەو تادوا هەناسە لەخەبات و هەوڵ و تێکۆشان نەکەوت. هەمیشە وەك کاتی گەنجێتی بەشەو و بەڕۆژ کایدەکردو سەرقاڵ بوو، بەڕۆژ کاری میریی کە لەیەك ڕۆژدا دووجار دەچوو بۆ بەعقوبە بۆ پشکنینی قوتابخانەکان و ڕاپۆرت نوسین .

وێڕای کاری میری سەرقاڵی نووسین و پرۆژەی لەچاپدانی کتێبەکانی بوو لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە گەلێك هەوڵیدا تا کۆمەڵە کوردییەکان یەکبگرنەوەو کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی بەسوود بهێننەئاراوە، کەچی ئەوانەی خاوەنی ئەو کۆمەڵانە بوون

هەوڵیاندەدا ڕاپیکێشن بۆ ناو ئەو کۆمەڵانەی خۆیان دایانمەزراندون بەڵام وەك مامۆستا مستەفا نەریمان دەڵێت ئەو ڕەفیق حیلمی یەی کە سەرۆکی باڵای پارتی هیوا بوو نەدەکرا ببێت بەئەندامێکی لاوەکیی لەناو هیچ پارتێکی تردا.

وەك دواتر بیستومانە هەوڵیشیداوە خۆی پارتێکی یەکگرتووی نێوان کوردو عەرەب بەناوی پارتی (جمهوریە)وە دابمەزرێنێت بەڵام نەیتوانیووە، چونکە وەك دەوترا سەردەمی(مدالشیوعی) بووەو خەڵکەکە خرۆشاون هەریەکە بەلایەکدا وهەریەکە سەربەبیرو ڕایەك بوون، لەوکاتانەدا باوکم تانیوەشەو لەم وتار پێشکەشکردنەوە بۆ ئەو وتارو لەم کۆڕەوە بۆ ئەوکۆڕو کۆنگرەو کۆبوونەوەیە ڕۆیشتووە تا بەیانیش سەری بەسەر نوسیندا شۆڕکردۆتەوەو چەندبەشێکی لەیاداشتەکانی تۆمارکردووە .

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کەپاش تەمموز ڕەفیق حیلمی کرابە جێگری سەرەکیی یەکێتیی نووسەرانی عێراقو سەرۆکی سەندیکای مامۆستایان کە ئەمانەش کارێکی هەروا کەم نەبوون.

تێبینی/ کۆمەڵە شیعری (پاش تەمموون)ی ڕەفیق حیلمی بە زمانی کوردییەو وەك لەو بەڵگەیەنامەیەشدا دەردەکەوێت دیارە نوسخەیەکی پێشکەش بە عەبدولکەریم قاسم کردووەو ئەویش لەرێی سکرتێرەکەیەوە بەم نامە ڕەسمییە سوپاسی دەکات، هەرئەم بەڵگەنامەیەش دەریدەخات خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان بەهەڵەدا چووە کەنوسیوویەتی ئەم کتێبە د.پاکیزە پاش کۆچی دوایی باوکی بەچاپی گەیاندووە.

الرقم ٢٧/ ٢١٦
التاريخ ١٧/ ٣/ ١٩٦٠

ديوان
مجلس الوزراء
بغداد

الأخ رفيق حلمي
وزارة المعارف

تحية طيبة :

يسرني ان انقل اليكم شكر سيادة الزعيم عبد الكريم قاسم رئيس الوزراء على هديتكم نسخة من المجموعة الشعرية ((پاشرتموز)) الذى نظمتموها وان اعرب لكم عن تقديره لجهودكم في حقل الثقافة الكردية .

انتهز هذه الفرصة لاقدم لكم نسخة فريدة من تصوير سيادة زعيمنا الغالي مذيلة بتوقيعه ، واقبلوا شكرى واحترامى .

الرئيس
سعيد الدورى
ع. سكرتير رئيس الوزراء
لشؤون الصحافة

جەمیلەخانی هاوسەری رەفیق حیلمی

دایکم ژنێکی ئێجگار لەسەر خۆوبێدەنگ و سەنگینوکەم دوو بوو زۆر دینداریش بوو، بەتەمموز بەقرچەی گەرما رۆژوی نەدەشکان ونوێژی دەکرد وخێروخێراتی دەکردو یارمەتی هەژارانیدەدا خەسویەکی بێهاوتا بوو، زاواکانمان ئێجگار خۆشیاندەویست و خزمەتیان دەکرد، چونکە هەرگیز پشتی نەدەدان لەزەوی و ئەگەر شتێك بوایە دەیوت کچەکەی خۆم و منداڵەکانی دەکەم بەقوربانتان بۆیە ئەمانە زۆریان خۆشدەویست و ئەویش زۆری خۆشدەویستن، جیاوازی نەدەکردن لەگەڵ براکانمان. هیچ خۆی هەڵنەدەقورتاندە کاروبارو حاڵوئەحواڵی کچەکانی ، هەروەها بووکەکانی و هەرچی شوییکردایە یان ژنی بهێنایە دەچووە ماڵی خۆی و سەربەستانە دەژیا ئەو دەستی پێوەنەدەگرتن. بەڵام هەمیشە ئەوان لە بۆنەکاندا دەهاتن بۆلای هەندێجار بەشەویش دەمانەوە. کاتێ نەخۆش دەبوو دەوریان دەداو ئێشکیاندەگرت بەدیارییەوە. بوك و زاواکانی وەك منداڵەکانی خۆی وابوون، دیاربوو لەخەسویەوە زۆر وانەی وەرگرتبوو، ئەویش وابوو بۆ دایکم کە بووکی بوو، لەگەڵ پوریشمان چەند ساڵ ژیاوە وەك خوشکی بێت وابووەو تەمەنیان نزیك بووە لەیەکەوە هەندێجار کە زوویربوونێك روویدەدا دەیوت بەخوا لەئێوەم زیاتر خۆشدەوێت، هەستن دەستی ماچ بکەن و ئاشتیبکەنەوە . ئەویش خێرا لێمان خۆشدەبوو هێندە دڵی ساف و خاوێن بوو، هێندەی خۆشدەویستین، ئێمەیش ئەگەر لەدایکمان زیاترنەبووبێ لەو کەمترمان خۆشنەویستووە و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو زیاتربوو وەك لەدایکمان چونکە زیاتر ئاگای لە هەمووژیانمان بوو، هەموو پێویستیمان، هەستمان و نهێنیمان، خوێندنمان، دڵتەنگیمان، نەخۆشیمان. من دەمەوێت لەرێگەی ئەم قسانەوە ئەو راستییە روونبکەمەوە کەئەگەر باوکم خێزانەکەی وانەبوایەو لەگەڵ خوشکەکەشی وانەبوونایە ئەوا رەفیق حیلمی هێندەی سەریقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناوماڵەکەی دەبوو، هێندە بوارو دەرفەتی نەدەبوو بۆ خەباتی نەتەوایەتیی. ئەگەر ئەم خێزانەش بەمجۆرە نەبووایە چۆن بەرگەی دووریی رەفیق حیلمی و کێشەکانی رۆژگاریان دەگرت ؟

ئەم باسە ئیتر درێژەی ناوێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خۆشەویستییە گەورەیە بکەین کەلەنێوانی باوکمو دایکم دا هەبوو تەنانەت لەکاتی نەخۆشییەکەیدا سەری لەسەر ڕانی دایکم دانابوو ئەگەرچی بێهۆشبوو بەڵام دایکم بەچرپە لەگەڵی دەدوا لەو دیمەنەدا لەدوو کۆتر دەچوون کەلەترسی لەیەك جیابوونەوە سەریان نابێت بەسەری یەکترەوە.

دایکمو باوکم ئێمەیان بەجێهێشت و چوون بۆ تورکیا

دایکم لەئەستەمبوڵ عەبای فڕێدابوو، کەهاتەوە ئیتر نەیدایەوە بەسەریدا وەکو ژنە ئەوروپاییەکان دەستکێشی لەدەستدەکرد و قاتی مۆدەی لەبەردەکرد، بەتایبەتی چونکە لەگەڵ باوکم دەچوو بۆ دیداری دیبلۆماسیو بینینی پیاوی بیانی، لەو شوێنانەیش دەستی ژنان ماچ دەکرا وعەبا لەوجێگانەدا بێ سودبوو. باوکم لە سەرەتایشدا پێیخۆشنەبوو کەئێمەیش عەبابدەین بەسەرماندا کاتێ کە لە سلێمانی بووین بەڵام لە مانگی هاویندا کە دەچوم بۆ بەعقوبە لەوێ زۆر توندڕەوبوون بۆیە عەبام دەدا بەسەردا.باوکم دەیوت من نامەوێ بەعەبا خۆتان داپۆشن واباشترە بەڕەوشتی جوان خۆتان بپارێزن، ئەو نەزۆر توندڕەوبوو وەك لەنامەیەکیدا وتویەتیو نەوازی لەتەقالیدی ئیسلامیش هێنابوو. بەپێچەوانەوە زۆر پارێزگاریی لە دابو نەریت دەکرد. وەك وتم دایکم ژنێکی خانومانی بەئارامی، بێدەنگ بوو بەڵام وریاو بیرەوەری بەهێز وخۆی بەجەرگ بوو. زۆر خەمی لەدووریمان دەخواردو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەژیانی ڕەفیق حیلمیدا ، ئەو نەبوایە هیچ ژنێکیتر نەیدەتوانی لەگەڵ باوکمدا ئەو ژیانە سەختە بژی بەو جۆرەی کەباسمانکرد هەر شەش حەوت مانگ جارێك لە شارێك بوون، هەمیشە لەترسدا ژیاونو زۆربەی کاتیش دەستکورت بوون، گەڵێ جاریش دایکم بەتەنیا ڕووبەڕووی کارەساتو کێشەکانی ژیان بۆتەوەو نەیهێشتووە ئێمەش بێ باوکیمان پێوە دیاربێت.

چالاکییەکانی رەفیق حیلمی لەکاری میریدا

گـەلێك چـالاکیی هـەبوو لـەگۆڕەپانی سیاسـیی و خۆبەختکردنـدا بـۆ نیشـتمان و نەتەوەکەی، وەك بەشداریکردنی لەکاروباری شێخی نەمردا بە وەرگێڕانی گفتوگۆی شێخ لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا کاتێ کەنوێنەری تایبەتی و نهێنی پارێزو راوێژکاریشی بوو.هەروەها دامەزراندنی قوتابخانە و دامەزراند کۆمەڵەی سیاسیی بەفەرمانی ئەو، وێـڕای بـەڕێوەبردنی رۆژنامـەکانی سـەردەمی شـێخ و نوسین و بڵاوکردنـەوەی شیعرو بابەت و وتار لەرۆژنامەکاندا چالاکیشی هەبوو لە کۆڕەپانی کارە میرییەکەیدا. بڕواننە ئـەو هـەموو هەوڵـە بـۆ پێشخسـتنی خوێنـدەواریی بەنوسـین و بـە ئامۆژگـاریی، بەدامەزراندنی قوتابخانەو بەڕێوەبردنی بەچاکترین شێوە وبەئامۆژگاری بۆ قوتابیان و مامۆسـتایان بڕوانـە ئامۆژگارییـەکانی بـۆ مامۆسـتایان لـە دەفتـەری پشـکنینی قوتابخانەکاندا کاتێ پشکنەر بووە، بڕواننە کارەکانی کاتێ (بەڕێوەبەری پەروەردە) بووە هەروەها بڕواننە ئەو وێنانەی کە لە خۆنواندنی قوتابخانەکاندا گیراون بزانن ئەوانەی بینیویانە چۆن باسی دەکەن ،چیکردووە تا کارەکەی بەجوانترین شێوە دەربچێت، تەنانـەت لەسـەر ئـەرکی خـۆی لـەماڵی خۆیدا خـواردنی زۆر نایـابی دروسـتکردووە بۆسەرجەم میوانەکانیش هەرچەند خۆم لەبەرئەوەی لەدەرەوە دەمخوێند ئەو نمایشانەم نـەبینیووە . یەکـەم سـاڵ کـە لـەلوبنان بـووم بۆ هـاوین گەڕامـەوە بۆ لایـان بۆ بەعقوبـە کەگەیشتمە بەغدا دڵم خۆشبوو باوکم و دایکم و هـەمووان دەبینم کاتێ دێن بەپیرمـەوە بەتایبەتی کەساڵێك بوو دووربووم لێیانەوە و پاش ئەو کارەساتەی کەبەسەرماندا هات رۆیشـتبووم و تووشـی گـەلێك کێشـەی تەندروسـتی بووبـووم لـەلوبنان .لەهـەموو ئەمانـە ناخۆشتر ئەوەبوو پاش ئەو هەموو شتە دەرنەچم باوکم ناچار بێت پارەی کەفالەتەکەم بۆ بدات بەڵام بەهاندانی باوکم و بەخـەباتی بێوچانی خۆم دەرچووم و دەمزانـی ئـەوە دڵـی باوکم شاد دەکات، کەچی کە گەیشتم چاوم گێڕا هیچ کەسێ دیارنـەبوو،وتم ئاخۆ چی قەوماوە؟ لـەپڕ پۆلیسـێك هاتـە پێشـەوە ، وتـی تـۆ ناهیدەیت؟ وتم بـەڵی چـی روویداوە؟ وتـی مەترسـە باوکـت داوای لێکـردووم بتبـەم بـۆ مـاڵی کەسـێك لێـرە تاپشـوبدەیت ئینجابتبەم بۆ بەعقوبە، چونکە باوکت سەرقاڵی نمایشی گشتیی قوتابخانەکان وبڕیارە

مەلیك و وەصی بچن بۆ بینینی بۆیە باوکت نەیتوانی بێت بەپیرتەوە، ماڵەوەشتان خواردەمەنی بۆ میوانەکان ئامادە دەکەن.

بێجگە لەم چالاکییانە زۆر چالاکیی تریشی هەبووە لەچوارچێوەی کارە میرییەکەیدا.ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٢ من لەئەمریکابووم لەپڕ ڕۆژێك هاوڕێیەکم کە وەختی خۆی لەبەیروت لەگەڵم بووتازە لەعیراقەوە گەڕابووەوە نامەیەکی بۆ ناردم تیایدا نووسیبووی چووم بۆ بەعقوبە بۆ سەردانی ماڵی باوکت بەڵام وتیان لەوێ نەماون نەمزانی لەکوێن؟ بەم هەواڵە زۆر ناڕەحەت بووم بەخۆمم دەوت ئاخر (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایێتی پەروەردە)و پیاوێکی وەکو باوکم بەناوبانگ‌و ناسراو چۆن دەبێت خەڵکی نەزانن بەماڵ‌و خێزانەوە بۆ کوێ چوون؟ ئینجا بیری لێبکەنەوەو بزانن حاڵی من چۆن بووە، نەمدەزانی نامە بۆ کێ بنووسم تاهەواڵیانم بۆبنێرێت، پاش پرسیار و هەوڵدان زانیم لە بەغدان، بەڵام تاگەڕاشمەوە عێراق نەمزانی ئەمە چۆن بووە.

بەکورتی وتیان: گوایە دوو مامۆستا لەبەعقوبە بێپرسی ئەو گواستراونەتەوە بۆ سەر سنور واتە دوورخراونەتەوە ، ڕەفیق حیلمی کە ئەمەی بیستووە زۆری پێناخۆشبووە چونکە بەبێ لێکۆڵینەوە لەراستیی ئەو ڕووداوەی بەهۆیەوە دوورخراونەتەوە کارەکە ئەنجامدراوەو ئەم کەبەرپرسی بەڕێوبەرێتییەکەبووە پرسی پێنەکراوە بۆیە هەوڵیداوە ڕاستی‌ودرۆ دەربخرێت‌و بە ڕەسمیی بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانیان بەڵام سوودی نەبووە، دیارە تووڕە بووەو نارەزایی دەربڕیووە کەلەسەر ئەوە خۆیشی لابراوە لە بەڕێوەبەرێتی (مەعاریف). هیچ ئیشوکاری تری نەدراوەتێ، هاتۆتەوە بەغداو لەوێ لەئامادەیی قوتابخانەی (تفیضیا هلی) وانەی وتۆتەوە هەربۆیە لە نامەیەکیدا بۆ من نووسیویەتی (من ئێوە نەبوونایە شتێکی تر دەبوم) ، واتە لەبەر ئێمە نەبووایە ئەم کارەیشی لەبەغدا قبولێ نەدەکرد. پشتی زۆر قوتابی و مامۆستاو فەرمانبەری گرتووە و هەوڵی بۆداون و کاری بۆ جێبەجێکردون، لەهەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە لەتەنگانەدا پشتی بەرنەدەدان‌و هاوڕێیەتییەکانی دڵسۆزانەو تا سەربوون.

بەشی دووهەم

ژیانی سیاسی

رەفیق حیلمی

قۆناغی یەکەم

لاویتی و شیعری دلْداری ...

وەك لەیاداشتەکانیدا نووسراوە باوکم ژیانی ئەدەبیی بە شیعر دەستپێکردووەو هەربە شیعریش کۆتایی پێ هێناوە.

لە سەرەتاوە وەك خۆی لە دیوانی (پاش تەمووز)ی دا کە پێش کۆچی دوایی لە چاپی داوە ، نووسیویەتی: لە پانزە سالْییەوە [*] دەستم کردووە بە دانانی شیعر. بەلاْم شیعری دلْداری وغەزەلی نووسیوە ئەویش بەزمانی تورکی. بابزانین بۆچی بەشیعری دلْداری دەستی پێکردووە ؟ خۆی وتویەتی : چونکە ئەو کاتە هێشتا هەستی نەکردووە بە ڕووداوەکانی دەوروبەر لە گۆڕەپانی سیاسیداو ئەو کاتە هێشتا قوتابی ناوەندیی بووە. لە بەرگی حەوتەمی یاداشتەکانیدا باسی چوونە ئەنقەرەی بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود بۆ کێشەی مافی کورد کردووەو وتویەتی : هاوڕێیەکی ئەو سەردەمەی بینیوەتەوە ناوی (خلوصی)بووەو پێکەوە شیعری تورکییان داناوەو ناردوویانە بۆ ڕۆژنامەی (حوادث) و گۆڤاری (کەوکەبی شەرق) لە کەرکووك ،هەروەها وتویەتی ئەو شیعرانە بە تورکی بوون چونکە ئەو کاتە هەر ئەو ڕۆژنامەیە هەبووەو ئەویش بە تورکی بووەو لە کەرکوك دەرچووە ،نەك ئەم بەلْکو هەموو هەر بە تورکی نووسیویانە چونکە خوێندن لەتورکیابووەو ئەوانەیشی گەڕاونەتەوە بەو زمانە نووسیویانەو زمانی کوردیی و ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەو شارەداو لەو قۆناغە سیاسییەدا نەبووەو ڕێگەی پێنەدراوە ، ئەو هەلْبەستانەیش کە باوکمو هاوڕێکانی لەو بلاْوکراوانەدا بلاْویاندەکردنەوە (لاسایی کردنەوە)ی ئەوانەبوو کە لەڕۆژنامە تورکییەکاندا دەیانخوێندەوە ، مامۆستا مستەفا نەریمان زۆر بەوردییو زانستیانە بیبلۆگرافیایەکی باشی بۆ سەرجەم ئەو شیعرانەی باوکم دروستکردووە کە لە (حوادث)دا بلاْویکردونەتەوە، بەلاْم وتوشییەتی ئەوانە هەرشیعرەکانی ئەو ژمارانە بوون کە دەستی کەوتوون. ئەمەیشی لە کۆڕێکدا لەسالْی (١٩٨٥) وتووە کە لە سلێمانی بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٢٥) سالْ بەسەر کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی‌دا بەڕێوەچووە.

---

[*] لۆرد ئیریك لە پەرلەمانی بەریتانی لە پەسەند کردنی یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی‌دا بە ئینگلیزیو لەوەرگێڕانی (د. ف. حیلمی) نووسیویەتی ڕەفیق حیلمی هەر لە دە سالْییەوە شیعری لاوانەوەی بۆ شێخ سەعید بە تورکی خوێندۆتەوە لە پێشوازی (شێخ مەحمود) ی کوڕیدا .

قۆناغی دووەم

خەباتی وشیعری سیاسی

به عەرەبی نووسراوه "كانت الفترة الثانية من حياة رفيق حليمي من اهم الفترات في النضال القومي الكردي " واته دووەمین قۆناغی ژیانی رەفیق حیلمی له گرنگترین قۆناغەكانی خەباتی نەتەوایەتی كورد بووه.

وەك باوكم خۆی لەیاداشتەكانیدا نووسیویەتی پاش رۆژنامەی (حوادث) ی سەردەمی عوسمانلی كه شیعری دڵداریی بەتوركی تیا بڵاوكردۆتەوه، رۆژنامەی (النجم) دەرچووەو دیسان به توركی و لەكەركوك بووه ، ئەمەیان سەر به ئینگلیزبووه و بەڕێوەبەرەكەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ظفر) بووه له كەركوك .رەفیق حیلمی-یش ئەو كاته مامۆستا بووه لەوێ ، بۆیه كەوتۆته بڵاوكردنەوەی شیعر لەو گۆڤارەشدا، بەڵام ئەمجاره شیعری سیاسی و پەروەردەیی و بابەت و سەروتاریشی نوسیووه. ئەوەتا دەڵێ:" ئیتر نەمهێشتووه هیچ ژماره یەكی النجم بەبێ سەروتار دەربچێت " ئەم رۆژنامەیه ئەگەرچی به توركییبووه بەڵام بۆ كوردبووه .[*] ئەم نووسینانەی باوكم لەو رۆژنامەیەدا ئینگلیزەكانی خستۆته مەترسییەوه ،وەك خۆی له كۆمەڵه شیعری (پاش تەمموز) ومامۆستا نەریمان باسیانكردووه شیعره توركییه سیاسیەكانی رەفیق حیلمی توركەكان و ئینگلیزەكانی زۆر تووڕه كردووه [*] بڕوانه باسی چوونی رەفیق حیلمی بۆ لای ئۆزدەمیر له رواندزو چۆن لەكاتی گفتوگۆو تووێژ له گەڵیدا تووڕەبووەو وتویەتی شیعرەكانتم خوێندۆتەوه دەزانم گفتوگۆ لەگەڵ تۆدا سوودی نیه . بۆ شیعرەكانی سەردەمی ئینگلیز له رۆژنامەی (النجم)دا دیسان بڕوانه ئەو دوو سەرچاوەیه . باوكم خۆی له پاش تەممووزو له یاداشتەكانیداو مامۆستا نەریمان له باسەكانیدا ئەم

---

[*] بڕوانه رۆشنبیری نوێ ۱۰۸سالی (۱۹۸۵) تۆماری تایبەتی بۆ لیستەو باسی شیعرەكانی رەفیق حیلمی له رۆژنامەی (الحوادث و النجم)دا و وەرگێرانی هێندێكیان له توركییەوه بۆ كوردی . هەروەها له (۳) رۆژنامەكەی شێخ مەحمودو دوودیوانی شیعری خۆی .

[*] بڕوانه ئەم سێ بەڵگەیه لەسەر لاپەڕه (۱۲۷) بۆ سەرئەنجامی ئەو شیعره سیاسیانەی رەفیق حیلمی و سەروتارەكانی له (النجم)دا .

سەرگوزشتەیان گێڕاوەتەوە، لێپرسراوی رۆژنامەی (النجم) بە باوکمی وتووە :ئینگلیزەکان زۆر توورەن لە شیعرەکانت، ئامادەن چی پاداشتێ دەتەوێت بتدەنێ تەنانەت بشتکەن بە لێپرسراوی رۆژنامەکە بە مەرجێك لەورێگەیە لابدەیت . رەفیق حیلمی لێی پرسیوون:ئەی ئەگەر وانەکەم؟ وتویانە:زیانێکی گەورەت لیدەکەوێت وتویەتی زیانی چۆن؟ وتویانە رەوانەتدەکەن بۆ هندستان، وتویەتی : باشتر، ئەوسا چی لە گەشتێکی هندستان بە بەلاش باشترە . ئیتر کابرا وازی لێ دەهێنێت چونکە دەزانێت سوودی نییە ئەگەر زیاتری لەگەڵدا بلێت، هەر پاش چەند رۆژێك رەفیق حیلمی دەگوێزنەوە بۆ قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت لە سلێمانی [*] هتد کەواتە باوکم سەرەتای ژیانی سیاسیشی بەشیعر دەستی پێکردووە،بۆ شێوەو جۆروبابەتی شیعرەکانی بڕواننە باسەکەی مامۆستا مستەفا نەریمان لە رۆشنبیریی ژمارە (١٠٨)ی ساڵی١٩٨٥ولە باسی شیعرو پەخشانەکانیدا.

زۆر هەوڵمدا ئەو دوو رۆژنامەیە واتە (حوادث) و (النجم) بەتایبەتی ئەو ژمارانەی رەفیق حیلمی تێیاندا نووسیویەتی پەیدایانبکەم تەنانەت چووشمەلای پارێزەرێك لە کەرکوك وتیان هەموو ژمارەکانی هەیە پەیمانی پێدام بۆم بنێرێت بەڵام بە داخەوە دەستم نەکەوت، مامۆستا مستەفا نەریمان دوو دانەی لە(النجم) پیشاندام پێش کۆچی دوایی و پەیمانیشی دابوو خۆی هەموو بەرهەمە تورکییەکانی رەفیق حیلمی کۆبکاتەوەو وەریشیانبگێرێت و بڵاویانبکاتەوە بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا،کاتێ رەفیق حیلمی دەگوێزرێتەوە بۆ ناسرییە [1*] ئینگلیزەکان لەسەر ئەم شیعرانە دیوانی شیعریی (شیعر لەرم) ی کەبە زمانی تورکییە، دەیفەوتێنن .

لەسەردەمی حوکمدارێتی شێخ مەحمودی نەمردا لە سلێمانی سێ رۆژنامە دەردەچوون (بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان و ئومێدی ئیستیقلال) ئەمانە بە کوردی بوون .لەم قۆناغەدا باوکم بووەبە سەرپەرشتیاری بەشی فارسیی و تورکیی لە دوو رۆژنامەکەی پێشەوەدا و بووە بە لێپرسراوی "ئومێدی ئیستیقلال" بە فەرمانی

(*) بەڵگەی یەکەم گواستنەوەی بۆ سلێمانی

* بەڵگەی نەفیکردنی بۆ ناسرییە

شێخ مەحمود خۆی کە ئەو کاتە بە ناوی مەلیکی کوردستانەوە مۆریکردووە. بڕوانە یاداشتەکانی رەفیق حیلمی و چۆن خۆی بە درێژیی باسی ئەم سێ رۆژنامەیەی کردووە، کەی و چۆن و کێ دامەزرێنەریان بووە خۆی چی کردووە بۆ گەشەپێدان و مانەوە و بەردەوامبوونیان ؟ هەروەها بڕوانە بەشی رەفیق حیلمی و رۆژنامە نووسین لەم کتێبەدا . لەم رۆژنامانەیشدا گەلێك شیعری بڵاوکردۆتەوە بەڵام ئەمجارەیان بە کوردیی، یەکەم شیعریشی بەناوی (بۆ کوردان)ەوە بووە لە رۆژنامەی بانگی کوردستاندا بڵاویکردۆتەوە، لێرەدا داوایکردووە بەرگی نەخوێندەواری و نەزانین بدڕن و رووبکەنە خوێندن و قوتابخانە بکەنەوە، پیشەسازیی پێشبخەن، ئەمانە هۆی پێشکەوتنی شارستانیەتن و داوای شۆڕشی پیشەسازیی کردووە وەك شۆڕشەکەی فەرەنسا،چونکە ئەوە هۆی پێگەیشتنی گەل و بەرەو پێشەوە رۆیشتن و گەیشتنەوەیەتی بە گەلانی تری دنیا ...

قۆناغی سێیەم

سەردەمی شێخ مەحمودی نەمرو خەباتی نەتەوەیی

سەردەمی حوکمدارێتی یەکەم‌و دووەمی شێخی نەمرو پەیوەندیی رەفیق حیلمی بە شێخ مەحمودو کاربەدەستانی ئینگلیزەوە باسێکی دوورو درێژە،هەروەها لەگەڵ بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی وەزعی شێخدا ژیانی ئەمیش لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەدا بووە ، کاتێ شێخ پێویستی پێیبووە ئەم بەهەموو هێزو توانایەوە پشتگیریکردووەو یارمەتیداوە،ئەو کاتانەش لەئەوپەڕی جموجووڵ و چالاکیی‌و هەوڵ‌و تەقەلایدا بووە، لە لایەکەوە چی گفتوگۆ کراوە لەنێوان شێخ مەحمودو ئینگلیزەکاندا ئەم لە فەرەنسییەوە کردوونی بەکوردی‌و بۆ شێخی وەرگێڕاون بەپێچەوانەشەوە لە کوردییەوە گفتوگۆکانی کردووە بە فەڕەنسی بۆ ئینگلیزەکان، هەروەها گفتوگۆی سەرەك عەشیرەت و خەڵکەکەی بۆ ئینگلیزەکان وەرگێڕاوەو بەشارو دێهاتەکاندا گەڕاوە، لەو لاشەوە بەفەرمانی شێخ وانەی کوردیی‌و فارسیی بە هەندێك لە کاربەدەستە ئینگلیزەکان وتۆتەوە وەك میجەر نۆئێل‌و کاپتن بێڵ. کاتێکیش کەشێخ شکاوە رەفیق حیلمی خراوەتە بەندیخانەوە لەکۆیەو هەر بەتەمای رزگاربوون نەبووە، بڕوانە سەرگوزشتەی ئەم بەندیخانەیە کە لە یاداشتەکانیدا بە درێژیی باسی کردووە ! لەم کاتەدا تاقە براکەی لە تورکیا دەگەڕێتەوە ، هەر لە موسڵ پێی دەڵێن باوکیشی‌و دایکیشی کۆچی دواییانکردووە وکە دەچێتە سلێمانیش خوشکەکەی و دایکم دەبینێت پێی دەڵێن براکەی لە بەندیخانەیە لە کۆیە . زۆر لە خوشکەکەی دەپاڕێتەوە لەگەڵی بڕواتەوە بۆ ئەستەمبووڵ چونکە لەوێ (ضابط مدفعية) دەبێت،ئەم قایل نابێت ئیتربە زوویریی دەڕوات بۆ کۆیە تا براکەی ببینێت لە بەندیخانە کەچی رێگەی نادەن بیبینێت، بە دڵشکاویی دەڕواتەوە بۆ تورکیا و دەنگوباسی نابێت ،رەفیق حیلمی کە لە بەندیخانە دەردەچێت دەڕوات بۆ سۆراغێکی لە تورکیا، چەند دەگەڕێت کەسوکار دڵیان نایەت پێی بڵێن کوژراوە. ئیتر بەغەمبایی دەگەڕێتەوە و هەرگیز لای کەسمان ناوی نەبردووەو ئەو پوورەشمان تا ما کەپێشیان وتبوو نەشماوە کەچی هەرچاو لە رێبوو. ئەمەیش یەکێك بوو لە ناسۆرەییە هەرە سەختەکانی ژیانی باوکم لەسەرو بەندی خەباتی نیشتمانی‌و نەتەوایدا.

بەشی دووەم درێژەی قۆناغی سێیەم

ژیانی سیاسی ڕەفیق حیلمی لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا

باوکم لە دەفتەرێکدا چەند لاپەڕەیەکی نووسیوە،بەناونیشانی

" دەستکردن بە نووسینەوەی ئەم (خاطراتة)" وا دیارە لە پێشدا بە تەمابووە (یاداشت)ەکانی بە ناوی (خاطرات)ەوە بنووسێتەوە لەو دەفتەرەدا دەڵێ " سلێمانی ١٩٤٦/٨/١٤ لە مودیری مەعاریفی لیوای بەسرەوە بە ئیجازەی مانگێك لە سلێمانیم" ئینجا بەم سەرەتایە دەستی پێکردووە:

١٣٣٠ ڕۆمیی کێ فێری کوردایەتی کردم ؟

پاش ئەمە بەسەرەتایەکی تر ئەم پرسیارەی داناوە :

من چی بووم ؟

بەداخەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی نەداوەتەوە ، بۆچی نازانین خۆزگە ئەو وەڵامەی دادەیەوە .سەبارەت بەوەڵامی کێ فێری کوردایەتی کردم خۆزگە ڕەفیق حیلمی ئەمەی دەکرد بە پێشەکی بۆ یاداشتەکانی، وەك دیاریشە بۆ خۆیشی سەرەتا وای ویستووە بۆیە ئەمەی ڕاستەوخۆ لەدێری یەکەمدا داناوە ،پاش ئەوەی دەڵێ دەستکردنم بە نووسینەوەی ئەم (خاطراتە) وا منیش بەمە دەستدەکەم بە باسی یاداشتەکانی و سەردەمی شێخ و خەباتی سیاسی ئەو قۆناغ و سەردەمە .

کێ فێری کوردایەتی کردم ؟

" کەریمی حاجی ئەوڵا –کەرکووکی زادە کەریم بەگی حاکمی منفرد)(*) تازە لە ئەستەمبول هاتبۆوە. من لە ئەعدادی دەرچووبووم لە(١٣٣٠) ڕۆمی و دەمویست بچمە ئەستەمبوڵ بۆ خوێندن . کاغەزێکی بۆ نووسیم لای نەجمەدین حسێن برای

(*) ئەم کەریم بەگە برای ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادەی خزمی ڕەفیق حیلمی‌یە، ڕەفیق حیلمی زۆر لە یاداشتەکانیدا باسی ئەحمەد ئاغا بە تایبەتی و ئەم برایەی کردووە . چونکە ئەحمەد ئاغا کاتی تەنگانە دەستی ڕەفیق حیلمی گرتووەو دەربازیکردووە کاتێ ویستوویانە سەردەمی میجەرسۆن بەندیبکەن .

عەبدولخالق(ئەسیریی) کە یەکێکە لە شاعیرە کوردەکانی کەرکوك نەجمەدینم لە کەرکوك ناسی ، فەقێ بوو لای شێخ حسێنی باوکی ، بە تۆراوی چوو بۆ ئەستەمبوڵ لە شوعبەی ئیلاهیاتی دار الفنون دوای ئەوە لە قیسمی حقوق خوێندی . بەینێك لە ئەستەمبووڵ (معلمی) کرد ، ئەم کوردە وەتەنپەروەرە زۆر خزمەتی کردم و فکری کوردایەتی و خزمەتی کوردی خستە مێشکمەوە . دوای ئەوە لە گەڵ قوتابیانی کورد بووم بە ئاشنا ، تێکەڵ بە کۆمەڵەی (هێڤی) بووم . جارێکیش بە ئیشێکی کۆمەڵە چوومە حەلەب [*] ئەم ئیشە هەرچەند بۆ قوتابییەکی بێ تەجروبەی وەکو من زۆر خەتەر بوو ، بەلام بەبێ ترس بەجێم هێنا ".

خوالێخۆشبوو جەمال عیرفان لە حەلەب بوو و شاکر مجرمی ملازمی ئیحتیاط و مەحمود فائزی بێکباشی برای شاکر مجرم و چەند ضابطیکی تری کورد لە حەلەب بوون. مەلا عارف،عارفە سووری رئیس ئەول متقاعد ئەوساکە لەوێ وەکو ضابط ئەیخوێند . تەنیا لە شاکر مجرم دا رۆحی کوردایەتیم بینی . جەمال عیرفان هەمشەرێکی باشی کورد، بەلام ضابطیکی موخلیسی تورك بوو . باسی کوردایەتی و کورد پەروەریی بە وریا بوون و تەعەجوبەوە لە من دەبیست و پێی ناخۆش بوو . ئەو ضابطە ناسراوو زیرەکە نەك بە عەیبی بزانێ بەڵکو بەفەخرەوە دەرسی وەتەنیەتی لێ ئەبیستم [*] و تەقدیری ئەکردم .

لە رووی ئیحتیاطەوە بێ مشاوەرەو پرسی ئەوان چوومە مەکتەبی کچووك ضابطان و چوومە خێوەتەکانی عەسکەری کوردو لە بەینی ئەستەمبووڵ و حەلەب دا ئەو جێگایانەی عەسکەریان تیدابوو پشکنیمن [*].چوومە خێوەتەکانی و لەگەڵ کوردەکان دانیشتم، چیم پێ سپێردرابوو تێمگەیاندن . رۆحێکی ترم کردن بە بەراداو گەڕامەوە .

---

[*] ئەم باسەم بە هەمان نووسینی رەفیق حیلمی گوێزاوەتەوە بەلام بە رێنووسی ئێستا .

[*] شاکر مجرم : رەفیق حیلمی (باوکم) کاتێ من و دایکمی برد لەگەڵ خۆی بۆ ناوچەی رەواندز و یاداشتەکانی لەو جێگانەدا دەنووسیەوە کە پیایانا رۆیشتبوو بردینی بۆ ماڵی شاکر مجرمیش لە رەواندز . نەمانزانی بەم بیرەوەریەوە بوو .

[*] بە پێی مێژووی خوێندنی رەفیق حیلمی لە ئەستەمووڵ ئەو کاتەی ئاوا چووە بۆ حەڵەب و یەم ئیشە خەتەرەو وانەی وەتەنێتی بەمانە وتووەو گەڕاوە تەمەنی ئەوپەڕی (١٤) ساڵبووە ئینجا بزانە لە کەیەکەوە خەباتی رامیاری دەس پێ کردووەو چۆن و بەئازایی.

ئینجا بزانن ئەمە کاتێ روویداوە کە قوتابی بووە لە ئەستەمبووڵ و تەمەنی هێشتا نەبۆتە (١٤)ساڵ لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا ئەوە بووە کەهەموومان دەیناسین.

١٣٢٩ی رۆمی

هەر لەو دووسێ لاپەڕەیەدا ڕەفیق حیلمی ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە کە پەیوەندی هەیە بە هەستی نیشتمانپەروەریی‌و چۆنێتی پەیدا بوونی ئەو هەستەوە لەلای . بۆیە لێرەدا وەك خۆی دەنووسینەوە :

بەم ناونیشانە (١٣٢٩ی رومی) نووسیویەتی : یەکەمی پۆلی دوایەمین (صنفی منتهی) اعدادی عەسکەریی بووم لەبەغدا (*١)(نظیف الشاوی)(* ٢)بە روتبەی (قول اغاسی) واتا (رئیسی اولی ئێستا) معلمی قۆزمۆغرافیامان بوو رۆژێك لە دەرسێکدا سەری لێتێکچوو مەسئەلەیەکی بۆ حەل نەکرا . کە روانیم زۆری لە گەڵ خەریك ئەبێ و ماندوو بووە، بەدزیەوە پەنجەم هەڵبڕی ئەویش بەوەستایی منی هەستاندو حەلم کرد .بەلام لە جیاتی تەقدیر وتی: لە ڕێیەکی دوورو درێژەوە بۆی چووی. تۆ خەڵکی کوێی ؟ کە زانی خەڵکی سلێمانیم‌و کوردم ، وتی : (لە کوردیان پرسی کامەتا گوێت ؟ دەستی راستی لە ملیەوە برد بۆ گوێی چەپی) لەگەڵ ئەم قسەیە تطبیقاتە کەیشی بۆ کردم ، قوتابییەکان پێکەنین . من تا بنا گوێم سوور بووەوەو بەرامبەر بە ماموستایەك بەبێ نەزاکەتی ئەژمێرم . ئەگینا ئەو وەرامەی ئەوساکە دامەوە، لێرەدا ئەم نووسی لەوەوە لێم بوو بە دوژمن‌و هەڕەشەی لێ کردم بەلام دوای ئەوە زۆری پێ‌نەچوو لە مەکتەب نەقڵکرا . لە پشووی هاویندا کە چوومەوە لای باوکم لە کەرکووك ، زانیم ئەم (ماجەرایە) بۆتە هۆی ناسیاوی‌و دۆستایەتی (نظیف بەگ) و باوکم ، لەوێ ئاشت بووینەوەو دەستم ماچ کرد بەلام هەر ئەو ئیهانەیەشی لە مندا بوو بە سەبەبی پەیدا بوونی رۆحێك کە (نەجمەدین) لە ئەستەمبووڵ زیندوویکردەوە . لەوهۆکانی تر کە ڕەفیق حیلمی یان هانداوە بۆ خەباتی سیاسی وەك خۆی نوسیوویەتی ئەمانەن :-

١-ماموستا زێوەر، گەلێك نووسەرو ڕەفیق حیلمی خۆشی دەربارەی زێوەر نووسیویەتی‌و سەبارەت بە زێوەر وتویەتی: کاتێ بۆ یەکەمجار کەوتۆتە نووسینی شیعر بەکوردیی، یەکێك لەوانەی ناردووە بۆ ماموستا زێوەر کە ماموستای سەرەتایی بووە ،

ئەو شیعرە هێشتا غەزەلی بووە . مامۆستا زێوەر بەهەمان کێش و قافیەی شیعرەکەی رەفیق حیلمی نووسیویەتی ...

ئەی رەفیق حیلمی شیرین مەقال

شیعرەکەت هاتە بەردەمم وەك ئاوی زولاڵ

من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میللەتە

حەیفە صەرفی جوهدی خۆتکەیت بە باسی خەت و خاڵ

رەفیق حیلمی دەڵێ ئیتر لەو رۆژەوە شیعری غەزەلم دانەناوە مەگەر بە دەگمەن کەنووسیویشمە بۆ بڵاوکردنەوەم نەبووە. بۆ ئەم شیعرەو باسەکەی بڕواننە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی (١) لە باسی مامۆستاو شاعیر زێوەردا .

٢-مامۆستای ئەو حوجرەیەی رەفیق حیلمی لە کەرکووك لێی خوێندووە(مەلا تەقی) بووە باوم دەربارەی مەلا تەقی نووسیویەتی کەدە ساڵ بووە ئەم مەلایە (مرثیە یەك)لاواندنەوەیەکی دوورو درێژی بە تورکی فێرکردووە بە بۆنەی کوشتنی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودەوە. باوکم دەڵێ پێش پێشکەشکردنی بە شێخ مەحموودو ئەوانەی لەگەڵی لە موسڵەوە گەڕابوونەوە بۆ کەرکووك و سلێمانی، بۆ هەزاران کەسی خوێندۆتەوە . لۆرد ئێریکی بەریتانیی باسی ئەمەی کردووە لە پەسەندەکەیدا بۆ وەرگێڕانی کتێبی یاداشتی رەفیق حیلمی بۆ ئینگلیزیی لە لایەن (دوکتۆر .ف. رەفیق حیلمی)یەوە کە دەریدەخات لە (١٠) ساڵییەوە شیعری خوێندۆتەوەو داناوە واتە هەر لە منداڵییەوە چۆتە گۆڕەپانی سیاسیی و خەباتی نەتەوایەتییەوەو دەستی داوەتە قەڵەم و نووسین.

ئاشنابوونی بەشێخ مەحمودی نەمر

باوکم لە چەند لاپەڕەیەکدا بەدەستوخەتی خۆی کەوابزانم بۆ سەرەتای یاداشتەکانی داناوەو لە چاپینەداوە باسی ئەم یەکترناسینەی خۆیو شێخی نەمری کردووە و وتوویەتی :-

"معارەفەم لەگەڵ شێخ مەحمود " بالطبع لە وشەی معارەفە مەبەستی ئیعتیادی نەبووە ، چونکە ئەم وشەیە هۆیەکی تەواو نیە بۆ ناسینی کەسێتیو ماهێتی راستی مرۆیەك. بەتایبەتی ئەو مرۆیە ئەگەر پاڵەوانی وسائل حوادسی هۆو رووداوی گرنگو نهێنی بێت ، هەرچۆنێك بێت لە ناسینی کەسێتی شێخ مەحمود-ەوە معارەفەم دەست پێ ئەکات . بە یەك دوو وشەی کورت ئەم معارەفەیە باس ئەکەم "ئەم زاتەم لە زەمانی حکومەتی عوسمانیدا دوور بەدوور ئەناسی . جارێکیش لە سلێمانی لە دائرەی بانقی زراعەت مصارفی بووم من معاونی مەئموری بانك بووم . شێخ مەحمود بە ئیشی خۆی هاتە دائیرەکە، کە مەئموری زیراعەت منی تەقدیم کرد، ئیزهاری سرور و بە قصەی خۆی گوایا لەبەر موعامەلەی پیاوانە و حمایەتکارانەی لە بانە دەرحەق بە خۆمان و یا موتەعەلیقاتی شێخ مەحمود کردویەتی ، تەشەکوراتو مەمنونییەتێکی عوزمای دەرحەق باوکم ئیزهار کرد (*). لە پاش ئەم معارەفەیە وا دەزانم یەك دوو جارێك مەرحەبای سەرە رێگەمان بووە . فقط شێخ مەحمود لە موخەیەلەی گەنجییو منداڵیی مندا قەهرەمانی شەڕی هەمەوەندو جافو ئەخیرەن لە حەربی عموومیدا موقابیل بە رووسەکان مودافیعی غەیووررو بە حەمەتی سلێمانی بووە . ئەوی لەو تاریخەدا لە سلێمانی بووە ئەحواڵی سلێمانیو هات هاتی رووس ، ترسو هەراسانی ئەهالیو وەزعییەتی حکومەتی عەسکەریو کۆچو باری ماڵو منداڵ بۆ دێهاتی ئەترافو وەلحاصل ئیلتیحاقی شێخ مەحمودو عەشائری کوردی بە عەسکەری تورکەوە لەبیرە. زۆری پێنەچوو غائیلەی رووس زائیل بوو شێخ مەحمود شەوێك فجأة لە طرف ئالأی قوماندانی تورکەوە لە

---

*ئەمە لەو جارە دەگمەنانەیە کە رەفیق حیلمی باسی باوکیو کەسانی تری کردووە.

تێبینی/ تکایە بزانن لێرەدا بە هەمان نووسینی ئەو سەردەمەی رەفیق حیلمی باسەکە نووسراوەتەوە.

سلێمانی تەوقیف و تحت المحافظە ڕەوانەی کەرکوك کرا . قحط، گرانی ، نەخۆشی ،ئاساری تەخریبکاری حەرب وەکو ئەکسەری جێگایانی تری سلێمانیشی ڕۆژ بە ڕۆژ دەرەجەیەك زیاتر دەتواندەوە .(حومای مەزرەعی) یا تیفۆئیدی یەك لەسەر یەك پێنج شەش کەڕەت زۆرانی مردنی لەگەڵ گرتم . نتیجەی شێخ مەحمودم لە پاش تخلیەی و چابوونەوەی خۆم پێ زانی . ئەوەندەم لە بیرە کە لە دەوری نەقاهەمدا بووم ڕۆژێك وتیان کە فائقی مودیری تاپۆی منطقە ی حاڵیی بەغدا گیراوەو لەپاش دارکارییەکی زۆر سەوقی کەرکوك کراوە. حتی دەیانگوت ئیحتیمالی ژیانی نەماوە، فایەق بەگ ئەو وەختە لە مەحکەمەی سلێمانی عزویەك ڕەفیقی صەمیمی ویەگانەی من بوو . کە ئەمەم بیست دەستم کرد بە گریان ئەوی قصەکەی بۆ گێڕامەوە پەشیمان بۆوەو دایکم مەسئەلەکەی (تکذیب) کردو ئەویش تأییدی دایکمی کرد.

مەگەر ئەم ڕووداوە خاتیمەی مەزاڵمی ئیش بە دەستەکانی تورك بوو بێت..

عەلی ئیحسان پاشا، خەلیل پاشای قوماندانی ئۆردووی شەشەمی استخلاف کرد . شێخ مەحمودی تەخلیەو دەعوەتی موسڵو بە نەزەر مەسموعاتەوە لە پاش تەلتیفو خەلاتێکی گەورە بە ناوی ڕەئیس قوای می للییەوە بۆ تەشکیلاتی خاصە ئیعادەی سلێمانی کردووە. پاش مودەتێکی زۆر کەم قوای ئیحتیلالیەی ئینگلیز لە دەورو پشتی کەرکوك یەك دوو جارێك لە گەڵ ئۆردووی تورك موصادەمە و لە پاش مەدو جەزرێکی حەربی بە تەواوی لە کەرکوك جێگیر بوون لەم کاتەدا شائیعەیەك پەیدا دەبێت واتە عیزەتی تۆپچی ئەو کاتە لە ئۆردووی تورك یوزباشی تۆپچی و فائق کە باسکراوە لە پێشەوە لە لایەن شێخ مەحمود-ەوە بۆ " جەلبی دەعوەتی ئینگلیز بۆ سلێمانی ڕەوانەی کفریی کراون "

"ئینجا موعارەفەی حەقیقەتی من لە گەڵ شێخ مەحمود لە پاش ئەم حادیسەیە بە مودەتێکی زۆر کەم دەست پێ ئەکا . لەبەر ئەوە لە ئیعتباری ئەم حادیسەیەوە تەحلیلی شەخسیەتی شێخ مەحمود لە فائدە خاڵی نابینم ، چونکە لە کوردستانی جنوبدا (یەعنی کوردستانێك کە بە موقتەزای سیاسەتی حازیرە لە گەڵ عیراق موندەمیج بووە) نفوزی عوزمای شێخ مەحمود لەم تاریخەوە دەستپێدەکا و دیسانەوە لەم

تاریخەوە کە موقەدەراتی کوردی بەستەزمان بووە بە یازیجەی ئەم زەعیمە، زەعیمێك کە لە ظروف دروس و لەمەصائیب تەعلیمی کردووە .[*]

[*] ئەم باسە بەشێکە لە ئەو (٣٠ لاپەڕەیە) کە ئەمەمان لێوەرگرتووە بەشەکانی تری دەخەینە دواوە چونکە بە پێی مێژوو پاش سەردەمی حوکمدارێتی یەکەمو دووەمی شێخ مەحمودەو کاتێ شێخ لە ناصریە نەفی کراوەو ڕەفیق حیلمیش پاش بەندکردنی بەهۆی شەشی ئەیلولی ڕەشەوە لە ١٩٢٩دا نەفی دەکرێت بۆ ئەوێ و ١٩٣٠ شێخ لەوێ دەبینێتەوە .

شێخ مەحمود پێش حکومداریێتی

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی حەفیدی خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەدی شێخ خانەوادەی دەوری (حکومەتی بەبە) ۱۵۰ ساڵ پێش نووسینەوەی یاداشتەکان لەلایەن رەفیق حیلمی –یەوە دەستی پێکردووە. کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێ، مورشیدو گەورەی تەریقەتی قادریی، خواناس و پیاوچاکبووە بۆیە خەڵکی کوردستان بە چاوی رێزەوە تەماشایانکردووەو ئەمەیش بۆ کوڕو کوڕەزاکانیشی ماوەتەوە و بە تایبەتی بۆ شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود .

بلیمەتیی شێخ مەحمود لە منداڵییەوە دیار بووە، ناوبانگی بە ئازایی، بلیمەتی، بزێویی دەرکردووە و بە شورەتی باپیری و نفوزی ئاینیی خانەوادەکەی گەیشتۆتە پلەی بەرزی سەرکردایەتی و لە ناو دونیای سیاسەتیشدا هەر بە گەنجی چووە بەگژ عەشیرەتی جاف و هەمەوەندا .

سوڵتان عبدولحەمید کاك ئەحمەدی شێخی خۆشویستووە، بە رەوشتی سیاسی خۆی شێخ سەعیدی کوڕی داواکردووە بۆ ئەستەمبووڵ ئەویش خێزانەکەی و لەوانە شێخ مەحمودی کوریشی بردووە بۆ ئەوێ . بۆیە شێخ مەحمود لە منداڵیدا لە کۆشك و سەرای پاشای عوسمانیدا ژیاوە و ژیانی ئۆرستۆکراتیی بەخۆیەوە بینیووە ، بنەماڵەی شێخ دواتر بە مووچەو خەلاتی باش و نفوزی چاکەوە گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی .لەوێش هەموو لێپرسراوەکان رێزیانگرتوون بەلام هەندێ بازرگان و ئەفسەری پلەدار دوژمنیان بوون . بۆیە کە سولتان عەبدولحەمید لێ دەکەوێت ئەمانیش نفوزیان کز دەبێت و دوژمنەکانیان کە دەبنە ئەندامی لقی حزبی (اتحادو تەرەقی تورك) حکومەتیان لێ هاندەدەن بۆیە لە ژێر چاودێریی سوپادا دەیانبەنە موسڵ .

فیتنەی موسڵ

لەم فیتنەیەدا شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدی برای دەکوژرێن هەرچی عەشایەرو ئەهالی سلێمانی و کەرکوك و هەولێرە دەخرۆشێن و داوای بەردانی

شێخ مەحمود و گەڕانەوەی دەکەن. لە ترسی هەڵیسانی شۆڕش و چوونی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بۆ سەریان موسڵ بەریدەدەن . بۆ باسی گەیشتنە کەرکوکی بڕواننە (یاداشتی رەفیق حیلمی-بەرگی یەك- بەشی یەکەم).

چی سوارو پیادە، ئەهالی و عەشایەر،منداڵ و گەورەهەن دەڕژێنە سەر ڕێگەی کەرکوك و چەند سەعاتێ بە پێ و بەسواری ئۆتۆمبێل دەڕۆن بۆئەوەی بچن بە پیریی شێخ مەحمودەوە. بەو بۆنەیەوە قوتابیان چەندین شیعری ناخهەژێن دەخوێننەوە کەرەفیق حیلمی خۆی یەکێك بووە لەوانە کەئەوکاتە تەمەنی دەساڵان بووەو مامۆستای حوجرەکەی کە مەلا تەقی بووە لاواندنەوە (مرثیە)یەکی بەزمانی تورکیی پێ لەبەر دەکات و ئەویش بۆ هەزارانی دەخوێنێتەوە لەپێش گەیشتنی شێخدا. ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەشر دەبێت لەو ڕێگەیەو بەتەمای هەڵایسانی شۆڕش دەبن بۆیە پارێزگاری تازەی موسڵ رەشید پاشا خۆی دەچێتە کەرکوك دڵنەوایی شێخ دەکات و بە هێزێکەوە دەیگەیەنێتە سلێمانی . هەر لەوکاتەدا باوکی ئەو کابرایەی بۆتە هۆی فیتنەکەی موسڵ، لەکفری دەکوژرێ و بەسەر شێخ مەحمودیدا دەهێنن ، بۆیە حوکمی سێ ساڵ زیندانیی دەدرێ بەسەریدا ئیتر بۆ خۆشاردنەوە لەو سزایە شێخ مەحمود لە دێهاتەکان دەمێنێتەوە

شەڕی گەورەو شێخ مەحمود

١٩١٤ شەڕی گەورە پەرە دەسێنێ، ئینگلیز لە باشوورەوە دێنە عیراق و دەچنە(بەسرە، عەممارە، کوت) پێش کوت لە شوعەیبە کوردو عەرەب بەگژیانا دەچن هەروەها شێخ مەحمودیش بەهەزار سواری کوردەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و لەئاکامدا رەشید پاشاو گەلێك لەکوردەکانیش دەکوژرێن .

شەڕی تورك و رووس و شێخ مەحمود

لەشەڕی تورك و رووسیشدا شێخ مەحمود ئازایانە رووس بۆ تورك دەکات بەئەودیوی ئێراندا ، لە پاشدا تورکەکان ئەو بەڵێنانەی بەشێخ یانداوە نایبەنەسەرو بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن و کورد فریودەدەن، چەند سەرەك عەشیرەتێکی کورد بە بوختانی ئەوەی گوایە تاڵانییانکردووە دەنرێن بەبەر گوللەی شەستتیرەوە، شێخ زوویر دەبێت و

دەگەڕێتەوە بۆ ژیان لەدەوروبەری شاری سلێمانی . رووس دەگەڕێنەوە سەر تورك و تورك بێ پشتیوان دەمێننەوە لەوێ ، ئینگلیز هێزیان دەگاتە كەركووك، شێخ لەداخی تورك نامەیان بۆ دەنێرێت و تیایدا دەڵێت كە ئامادەیە بەرامبەر بەو ماف و داخوازیانەی داوای دەكات ڕێگەیان بكات بێنە ناو سلێمانییەوە خۆیشی لەژێر چاودێریاندا ببێتە حوكمداری كوردستان، لەم كاتەدا تورك دەگەڕێنەوە كەركوك، بە نامەكەی شێخ دەزانن. بە پیلانی كورد خۆی مستەفا بەگی سەركردەی لەشكری تورك لە سلێمانی لە نیوە شەوێكدا شێخ دەگرێ و رەوانەی كەركوكی دەكات و لەوێ حوكمی لەسێدارەدانی دەرئەكەن ، بەڵام لە ترسی دوا رۆژو تۆڵەی كوردەكان ئەنجامی نادەن،عەلی ئیحسان سەرلەشكری تیپی شەشەمی تورك لە موسڵەوە داوای شێخ مەحمود دەكات بە رێزو خەڵات و پارەی زۆرو ئاڵتوونەوە دەینێرێتەوە بۆ سلێمانی تا ئەو بەرەیەی بۆ بپارێزێ لە ئینگلیز ، ئینگلیز دیسانەوە كەركوك دەگرن شێخ مەحمود ئەمجارەشیان پاش ئەوەی ناونیشانی (نەقیب)ی دەدەنێ و دەشیكەن بەپارێزگاری سلێمانی ،كاتی موتارەكە هدنە اعلان دەكرێ و جەنگی جیهانی رادەوەستێت . بە هاتنەوەی ئینگلیز واز لە قیادەی مەجلیس دێنێ و دەست لە تورك دەشوات و عزەتی تۆپچی و فایەقی تاپۆ دەنێرێتە لای ئینگلیزەكان لە كفری كە ڕێگە دەدات بێنە ناو سلێمانییەوە بەرامبەر بەو ماف و داخوازیانەی داوای دەكات وەك جاری پێشوو ویلسن-ی حاكمی گشتی عیراق، كاپتن نۆئێل-ی شارەزای ئەو هەرێمە دەنێرێت لە داری كەلی وەفدی شێخ مەحمود دەچن بە پیریەوە . بە هێزی عەسكەریی خۆی و دكتۆرێك و ئەندازیارێك و چەند ئیشكەرێكەوە دەگەنە سلێمانی. شێخ مەجلیسی لە ماڵی خۆیگرتووەو لە پیاو ماقووڵانی ناردووە بە پیریانەوە ، نۆئێل بە فارسی وتارێكی دوورو درێژ دەخوێنێتەوەو لەوەدا ئیعلانی دەكات كە شێخ مەحمود (حوكمداری كوردستان) ەو خۆیشی دەبێتە حاكمی سیاسی .لەوكاتەدا رەفیق حیلمی لەوێ دەبێت و ئاگای لەم كارە دەبێت ،هەر ئەو ئێوارەیە دیسان لە ماڵی شێخ كۆدەبنەوە بۆ موبایەعەی شێخ مەحمود لە لایەن رۆئەسای عەشایەرو ئەهالی و... هتد لەوێدا رەفیق حیلمی بە دەست و خەتی خۆی ئەو مەزبەتەیە بۆ شێخ مەحمود دەنووسێ كە ئاڕاستەی كۆنفرانسی ئاشتی كردبوو تیایدا شەریف پاشا دەكات بە نوێنەری خۆی لەو كۆنگرەیەدا، بەڵام ئەم مەزبەتەیە ناگات، لە حەڵەب هێزی فەرەنسا

ڕایەگرێت دوایی درێژەی ئەم باسە دەخوێننەوە ، لێرەدا خۆم پرسیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئایا چۆن و کەی ڕەفیق حیلمی ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ شێخ مەحمود پەیدا کرد؟ ڕاستە باسیکردووە کەی یەکەم جار ناسیوویەتی، بەناونیشانی "یەکەم معارەفەم لەگەڵ شێخ مەحمودا " بەڵام ئەوە هەر پێ ناسین بووە، کەی دەستیکردووە بە ئیش و کار لە گەڵیدا باسی نەکردووە ئەوەتا ڕاستەوخۆ باسی ئەو مەزبەتەیە دەکات کە پێی نووسیوە . ئینجا چۆن ئەمری پێکردووە کە یارمەتی کاپتن نۆئێل بدات لە وەرگێڕانی گفتوگۆو نامەدا لەنێوان نۆئێل و شێخ مەحمودو ڕوئەسای عەشایەری کوردیی و وانەی کوردیش بڵێتەوە ؟ لەمەودوا باسی پەیوەندیی ڕەفیق حیلمی لە گەڵ نۆئێل و ئینگلیزەکانی تردا دەنووسینەوە بە پێی یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی خۆی . هەروەها باسی پەیوەندیی لەوەودوای دەکەین لەگەڵ شێخ مەحمود تا دەگاتە کۆتایی بەرگی حەوتەمی یاداشتەکانی ئینجا باسی بینینەوەی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٣٠ دا دەکەین کە هەردووکیان نەفی دەکرێن بۆ ناسرییەو ئەمەی لە (٣٠ لاپەرە دەستخەتی خۆیدا نووسیوەتەوە) کە چاپ نەکراوە . پاش ئەوە دەزانم ڕەفیق حیلمی تا کۆچی دوایی شێخ مەحمود هەر پەیوەندیی هەبوولەگەڵیدا ، تەنانەت پێش کۆچی دوایی شێخ لە نەخۆشخانە لە بەغدا بە دیاریەوە بوو تا دوا هەناسەی و لەگەڵ تەرمەکەشی ڕۆیشتەوە بۆ سلێمانی بە هەمان ئۆتۆمبێل و لەگەڵ جەماوەری سلێمانیدا بەخاکی کوردستانیان سپارد .تەنانەت باوکم لەکاتی کۆچی دوایی شێخ مەحمودا وا دەگریا و سەری خۆی دەدا بە دیوارەکاندا کە خۆشەویستییەکی گەورەی نێو دڵی ئەوی بۆ شێخ بەیاندەکرد.

چۆنێتی دامەزراندنی حوکمداریێتی یەکەمی شێخ مەحمود

بەپێی ئەو چەند لاپەڕەیەی کە ڕەفیق حیلمی بە ناوی "دەستکردن بە نووسینەوەی خاطراتەکەم" نووسیویەتی، لێرەدا ساڵی (١٩١٩)ی داناوە لە یاداشتەکانی بەرگی یەکەم بەشی یەکەمدا وتوویەتی ڕۆژی ت ١٩١٨ مێجەر نۆئیل بە ناوی حاکمی عیراقەوە ئیعلانی کرد . بابزانین لەم خاطراتەدا چی نووسیوە.

١٩١٩ میلادی

" چەند ڕۆژێك بوو ئینگلیز کەرکوکیان گرتبوو شێخ کرابوو بە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی، لە پڕ غەڵبە غەڵب کەوتە شارەوە بەردەرکی سەرا پڕبوو لە لادێی تفەنگ بەشانی فەرەنجی لەبەر، ئەهلی شار کش‌ومات لەم حاڵە ئەفکرین، دەنگ بڵاوبۆوە وتیان : ئینگلیز دێنە شارەوە تابوورێك عەسکەری تورك‌و هەندێك ژەندرمە لە سلێمانی بوون، چەکیان لێ وەرگیراو خرایە عەمارەوە . لە ماڵی شێخ مەحمود (مەجلسی ئەشراف) گیرا وەفدێك ڕێکخرا بچێت بە پیر میجەر نۆئێل- ەوە. دەرکەوت کە شێخ مەحمود بەینێك بەدزیەوە لە گەڵ ئینگلیز کەوتۆتە موخابەرەوەو عیزەتی تۆپچی‌و فایەقی تاپۆی ناردۆتە لای ئینگلیزەکان تا دەعوەتیان بکەن بۆ سلێمانی .میجەر نۆئێل‌و دەستەو دائرەی لە داری کەلی چاوەڕوان بوون . وەفد چووبوو بە پیریانەوە و ڕۆژی دووەم هاتنە شارەوە .

حاکمی کوردستان

ئەو ڕۆژانە شاری سلێمانی لە جۆش‌و خرۆشێکی گەورەدا بوو ئیش‌وکار هەموو وەستابوو، عەشایەری ئەتراف دوا بەدوای یەك ئەهاتن بۆ سلێمانی، ماڵی شێخ بووبوو بە قبلەی ئەخبارو موراجەعات . دوای مذاکرات لە بەینی ئەشراف‌و رونەسا ئینگلیزەکان بە مەراسیمێکی تایبەتی‌و لە بەردەرکی سەرا کۆنەکەی دەوری بابان حکومەتی کوردیی‌و حوکمداریی شێخ مەحمود ئیعلانکرا .

ئەهالی لەو رۆژەدا بووبوون بە چەند بەشێکەوە لادیی و قسمێک لە عەوامو دەستەی شێخان کەوتبوونە خۆشیەوە دوێنێیان لەبیر چووبووە . سبەینێشیان بە بیردا نەدەهات . بەشی مەئموورو خوێندەواریش کە زۆرکەم بوون دەست بەجێ بوون بە فیرقەی (*) تورک خواهان و فیرقەی نیشتمانپەروەری بێ تەجروبەو موتەحەیر.

وەکو لە هەموو دەوریەکدا بینراوەو دەبینرێت ئەم فیرقەی نیشتمانپەروەرە بێ پشتو بێ مەنهەجانە لە لایەن تورک خواو شێخ خواوە تووشی گەلێ تانووت بوونو هەر لەو رۆژەوە بە پیاوی ئینگلیزو دوژمنی وڵات درانە قەڵەم و ئەم تانووتو دوژمنایەتییە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەوانیش (کورد پەروەرەکان) پاڵبدەن بە ئینگلیزەوەو هەوڵێ بۆلە لاواز کردنی ئەوانیتر بدەن ،ئینجا رەفیق حیلمی نووسیویەتی(من چی بووم؟)

سەرەتای پەیوەندیی بە شێخ مەحمودو ئینگلیزەوە

یەکەم دامەزراندنی شێخ مەحمود بە حوکمداری کوردستان لەبەر دەرکی سەرا لە سلێمانی ،لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨دابوو کاتێ میجەر نۆئیل بە ناوی حاکمی عامی عیراقەوە ئەمەی ئیعلانکرد .

نێوارەی ئەو رۆژە لە ماڵی شێخ مەحمود ئەهالی و گەورەکان بەیعەتیان بە حوکمداردا (کە معاشەکەی مانگانە "١٥٠٠٠" رۆپیەبوو) (*) رەفیق حیلمی لەبەشی یەکەمی بەرگی یاداشتەکانیدا بۆ یەکەمجار باسی خۆی دەکات (*) ودەڵێ :

" خۆم نووسەری ئەم یاداشتە لەگەڵ (ئەحمەد ئاغا کەرکوکی زادە) لەم بەیعەتەدا حازر بووم".

میجەر نۆئیل ناوی حاکمی سیاسی لێنرا، لە مەکتەبی ئەعدادی زەمانی تورک دائەنیشت ئێجگار حورمەتی (شێخ)ی گرت .

بە پێی قسەی هەندێ لە ئینگلیزەکان شێخ کرابوو بە نوێنەری هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان (١*)

(*) ئەم وشەیە ناخوێندرێتەوە .

(*) ل ٦٢ حزوری رەفیق حیلمی لە بەیعەکەدا یاداشت بەرگی یەك بەشی یەك .

(*) ل ٦٣ معاشی حوکمدار یاداشت بەرگی یەك بەشی یەك .

رەفیق حیلمی باسی چارەسەری برسێتی و گرانیی و دابەشکردنی زەخیرەو مووچەو دیاریی و ئاڵتوون دەکات،هەروەها چارەی هەژاریی و ... هتد وەدەڵێت" تەنانەت شێخیش لە خۆی بایی بووبوو .. کە لە دەشتی کانێسکان کاتی بەسەر ئەبرد بە هیوای ئەوەبوو تا سەر بەم چەشنە بێت و کوردستانی گەورەی بۆ دروست ببێت "، تەنها شتێکی باشی بۆ کوردستان کردبێت ئەومەزبەتەیەی عەشایەرە کە بۆشەریف پاشا رەوانەکرا وەك نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی لەپاریس بۆ داواکردن لەمافەکانی کورد (٢*) رەفیق حیلمی دەڵێت: من خۆم لەو کۆبوونەوەیەدا بووم و خۆم نووسەری ئەومەزبەتەیەو ئەو نامە تایبەتییە بووم کە نێردرا بۆ (شەریف پاشا) بە رەشید کابان و ئەحمەد بەرزنجی دا .

ئەم نوێنەرانە لە حەلەب رێیاننەدرا بچن بۆ پاریس بەڵام کوردی تورکیا(شەریف پاشا)یان کردووە بە نوێنەریان و ئەمیش ٢٢ی مارتی ١٩١٩ موزەکەرەی داوە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ موعاهەدەی سیڤر مۆرکرا بە(٣) بەندی زۆر باشەوە بۆ کورد .
دوایی لە لۆزان دا (*) لە جیاتی مافدان بەکورد، کوردستان دابەشکراوە بەسەر (٣)وڵاتدا بەهۆی تورکەوەو بەشە چەورەکەی بەو دراوە لە جیاتی وازهێنانیان لە موسڵ .
رای رەفیق حیلمی بەرامبەر بە بیرو هەڵسوکەوتی مێجەر نۆئێل بەم شێوەیە بووە کە وتویەتی : "نۆئێل ویستویەتی شێخ پێبگەیەنێت بۆ حوکمداریی بە راستی دوا

(١*) ل ٦٢ شێخ نوێنەری هێزەکانی بەریتانیا یاداشت بەرگی یەك بەشی یەك .
(٢*) ل ٦٥
(*) بەوەدا کە هەر ئەوەندە شێخ مەحمود ماوەی داوە ئینگلیزەکان بچنە سلێمانی وەك دیمان پێش ئەم لاپەڕەیە چۆن یەکسەر کردوویانە بە
" حوکمداری کوردستان" و خۆیان پێویستییان بە شێخ بووە تا لای هەرێمی سلێمانی بپارێزرێت لە تورك ئیتر بۆچی دەبوو شێخ بە گومان بێت لە ئینگلیزەکان و با بداتەوە بە لای تورکدا! لە کاتێکدا تورکەکان ساڵەهای ساڵ کورد پشتگیریی کردون و خۆیان بەختکردووە بۆ سەرکەوتنیان لە چەند جەنگێکداو تەنانەت جەنگی کەمال ئەتاتورکیش بۆ بوژانەوەی تورکیا پاش جەنگی یەکەم، کە چی لەجیاتی بەجێ هێنانی پەیمانەکانیان کە سەربەخۆییان بدەنێ خۆ بەختکارانی کوردیان بە زیندوویی کرد بەژێر خاکەوە.
بۆ بڕیاری عصبە الامم سەبارەت بە پەیماننامەی لۆزان و دانەوەی موسڵ بە عیراق بەرامبەر بە واز هێنانی ئینگلیز لە وەعدەکەیان بۆ کوردو (٣) بەندەکەی سیڤر لابرا. بڕوانە رۆژنامەی "ژیانەوە" ساڵی ١٩٢٥ .

رۆژ " بۆیە دەڵێ " شکم نیە زەمان بەدڵی بڕۆشتایە لەوانەبوو بناغەی کوردستانی گەورەی دابمەزراندایە*.

پێوەندیی ڕەفیق حیلمی بە ئینگلیزەوە

١-نۆئێل : ڕەفیق حیلمی بە فەرمانی شێخ مەحمود یارمەتی نۆئێلی داوە بەمشێوەیە:

ا-وەرگێڕانی گفتوگۆی نێوان شێخ مەحمودو سەرەك خێڵەکان و خەڵکەکە لە کوردییەوە بۆ فەرەنسی و لە فەرەنسییەوە بۆ کوردیی .

ب- وانەی کوردیی بە نۆێل وتۆتەوە .

ج- بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود لەگەڵ نۆێل چووە بۆ پشکنینی کاروبار لە دەورو پشتی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و بۆ وەرگێڕانی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرەك خێڵەکان و خەڵکەکەدا .

ڕەفیق حیلمی سەبات بەم پیاوە وتویەتی: هەرچەند فارسیی زانیووە ،بەلاّم پێویستی هەبووە بە یەکێك کە زمانێکی بێگانە بزانێت . لەبەر ئەوەی ئینگلیزیزان ئەوکاتە لە سلێمانی نەبووەومن فەرەنسیم دەزانی "شێخ ئەمری کرد" کە یارمەتی بدەم . جگە لە نووسین و وەرگێڕان وانەی کوردیشم بە شەوان پێ ئەوت دوای ئەوە لە گەڵم دەکەوتە باسی کوردستان لەم باسانەدا من سوودم باشتر بوو .

نۆئیل بەتەمابوو لەگەڵ خۆی بمبات بۆ تورکیا ، تا لە گەڵ کوردەکانی ئەویێ بۆ داوای کورد تێبکۆشێت و پشتیوان و لایەنگیر بدۆزێتەوە بۆ حکومەتی کوردستان . شێخ متمانەی پێ نەدەکرد بۆیە نۆئێل دەستی لە موستەشاریی شێخ هەڵگرت و مێجەرسۆن جێی گرتەوە ، کەئەمەیان ڕقی لە شێخ بوو، سالی ١٩١٩ - ١٩٢٠ نۆئێل نێردرا بۆ تورکیا ، باوکم دەڵێت لەبەر ئەوەی نەخۆش بووم نەمتوانی لەگەڵیدا بڕۆم : (*) هەروەها دەڵێت پێش ڕۆیشتنی بەمانگێك نەخۆش کەوتم و نۆئێل هات بۆ لام و دکتۆری خۆی ڕاسپاردبوو،تا ڕۆژی دووجار سەردانم بکات و دەرمان بداتیێ و دەرزیم لێبدت .

(*) ل ٧٢ یاداشتی یەك بەشی یەك .

بۆچوونی باوکم سەبارەت چوونی نۆئێل بۆ تورکیا لەساڵی ١٩١٩، بەمشێوەیەبووە کە وتوویەتی: نۆئێل لە تورکیا هەوڵی دامەزراندنی کوردستانی گەورەی داوە . ئەگەر مستەفا کەمال ئاتاتورک بە داوای خەلیفەی بکردایەو بچوایە بۆ ئەستەمبووڵ و ئەنادۆڵی بەجێ بهێشتایە "لەوانەبوو نۆئێل و کورد بە ئامانجی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بگەیشتنایەو تەقەلای کوردو شەریف پاشا لە سێڤر بچوایەتە سەر."

سلێمانیی پاش نۆئێل (*)

رەفیق حیلمی دەڵێ « تازە لە نەخۆشیی هەستابوومەوە هێزو توانای ئیش کردنم نەبوو زۆر بێ حەوسەڵە بووم بەرامبەر ئەو وەزعە بڕیارمدا بچم بۆ کەرکوک بۆلای مامەکانم .

٢- کاپتن بێل

(گرینهاوس) وەکیلی نۆئێل پاش هەستانەوەی باوکم لەنەخۆشییەکەی چاوی پێیکەوتووە .پێی وتووە (کاپتن بێل) دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت(*) بێل معاونی حاکم بووەو تازە چۆتە سلێمانی، هێشتا رەفیق حیلمی نەیناسیووە بەڵام لەسەر ئەو داوایە چۆتەلای خۆی پێناساندووە ، بە فەرەنسی پێی وتووە ئەیەوێ فارسی بخوێنێت،باوکم لەیاداشتەکانیدا دەڵێ ویستم تێی بگەیەنم کە نەخۆشم و توانای ئەوەم نیە وانەی پێ بڵێمەوە،بەڵام ئەو هەرناچارێکردووە بڕیاربدات و ویستوویەتی کتێبی گوڵستانی سەعدی پێ بخوێنێت کە شاکارێکی ئەدەبیی زۆر گرنگە. لەدرێژەی یاداشتەکانیدا سەبارەت بەم داوایە باوکم پێی وابووە کارێکی سەختە کوردێك بەزمانی فەرەنسی کتێبێکی فارسیی واگران فێری ئینگلیزێك بکات ؟!

(*) لە ٧٦و٧٨ یاداشتی یەك بەشی یەك .

١٩١٩ ڕەفیق حیلمی و کاپتن بێل [*]

بۆیە نوسیوویەتی پاش یەکەم وانە کە بەکاپتن بێلی وتووەتەوە دیاربووە بە دڵی بووە[*] بۆیە بە گەرمیەوە تکای لێکردووە وانەی سبەینێشی پێبڵێتەوە، ڕەفیق حیلمی دەڵێت " زۆر ماندوو بووم" بەڵام چونکە سودی بۆ خۆیشی تێدا بووە بەردەوامبووە لەسەری ، بەوە زیاتر بەقسەکردن بەزمانی فەرەنسی ڕاهاتووە، کاتێ ماموٚستای فەرەنسی بووە لە ئەعدادی خوێندنەوەو گرامەری باشبووە بەڵام بەپراکتیکی گفتوگۆی زۆر نەبووە. دوای وانەکە چۆتە ئەو ژوورەی نۆئێل بۆی تەرخانکردووە ، پڕ بووە لە هندۆس و ئاشووری ، جێی دانیشتنی نەبووە، ڕاست چۆتەوە بۆماڵەوە ئێوارە چۆتە لای شێخ و ئەمانەی پێوتووە . لەوەڵامدا شێخ وتویەتی بەڵکو ئەم (بێل)ە بکەیت بە (خاکەنان)، لەبەرئەوەی شێخ ڕای لێبووە کە وانەی پێ بڵێ وتویەتی تا ماوەیەك وانەی پێ دەڵێم بەڵام زۆری پێ نەچووە لە ماموٚستایەتییەکەی سارد بۆتەوە ئەوەتا خۆی دەڵێ (چونکە قوتابییەکەم بە چاوێکیتر تەماشام ئەکات) وەك هندۆسەقاچ باریکەکان لە گەڵم ئەجوڵێتەوە ،باوکم چەند جارێك ، دڵی شکاوە لێی چونکە فیزێکی ئیجگار زلی هەبووەو خۆی زیزکردووە کە ڕەفیق حیلمی وەك ئەوانی تری نەکردووە، بەڵام جارێ خۆی گرتووە بۆ هەلێك گەڕاوە تابە جێی بهێڵێت بۆ وێنە باسێك دەگێڕێتەوە : ڕۆژێك وانەی پێوتووە سەرۆك عەشیرەتەکانی خۆشناوەتی شەقڵاوە پاش سەردانی شێخ چوونەتە لای ئینگلیزەکانیش، چایان بۆ هاتووە پاش خواردنەوەی جێ نەبووە پیاڵەکانی لێدابنێن هەر ڕەفیق حیلمی لەوێ بووە قوتابییەکەی ئەمری پێکردووە ئەو لێیان وەربگرێت، باوکم دەڵێت ئەو قسەی نەکردایە ڕەنگ بوو خۆم لەبەر ڕێزی میوانەکان پیاڵەکانم وەرمبگرتایە بەڵام بە ئەمری ئەو موستەحیل بوو بۆیە وەڵامی نەداوەتەوە ، دووبارە بێل پێی وتۆتەوە بەڵام ئەم جوڵەی نەکردووە میوانەکان تێگەیشتوون بۆیە زوو خۆیان لەشوێنێك دایانناوە. ڕەفیق حیلمی دەڵێ بێل ڕەنگێکی

(*) ٧٨- ٧٩ یاداشتی یەك بەشی یەك .

هێناوەو بردووەو من لەو خراپترم بەسەرهاتووە،هەروەها دەڵێ هێشتا نەخۆش بووم زۆریش پەست بووم " باش بوو میوانەکان زوو ڕۆیشتوون پاش لێکدانەوە بێل وتویەتی بۆچی وەڵامت نەدامەوە لەوەڵامدا وتویەتی" ڕاستت پێ بڵێم من وانە بە تۆ ئەڵێم تۆ قوتابیی منی ، لەبەر ئەوە تێناگەم چۆن ئەمری وام پێ ئەکەی ، دەبوو یەکەمجار تێبگەیشتیتایە " بێگومان ئەم قسانە کاری تێکردووە .

دەیەوێت واز لە بێل بهێنێت

باوکم ئەو مەسەلەی پیاڵە وەرگرتنەی بە هەلزانیوەو ویستوویەتی بە تەواویی لە گەڵ بێل بیبڕێنێتەوە بۆیە پێی وتویەتی ئەگەر ئەم قسانەی ئەو بەهەق نازانێ دیارە بە فەڕاشی دادەنێ بۆیە دەبێت لەو فەڕاشیەی ئازاد بکات. لەم قسەیە ڕاماوەو بێ دەنگ بووە ئینجا لە ناکاو هەستاوەو بەڕووی خۆش و زەردەخەنەوە دەستی ڕەفیق حیلمیی گوشیوەو ئەویش سوپاسی کردووە و چۆتەوە بۆ ماڵەوە .

باوکم دەڵێ لەکاتی نۆئێل دا هەستم بە فیزی ئینگلیزەکان نەکردبوو چونکە ئەو زۆر دڵی ڕادەگرتمو بە چاوێکی بەرزو بەڕێزەوە تەماشای دەکردم.

چەند ڕۆژێك پاش ئەم ڕووداوە بێل ناردوویەتی بە شوێن ڕەفیق حیلمیداو گەلێك دڵنەوایی کردووە .

گەشتی بێل و ڕەفیق حیلمی بۆ سلێمانیو هەولێرو کەرکوك(*)

بێل داوای لێکردووە گەشتێکی لەگەڵ بکات بە ناو عەشایەری سلێمانیو هەولێرو کەرکووکداو خۆی ئامادە بکات تالە گەڵیدا بڕوات دوای نەوازشێکی زۆر ئینجا باوکم بەڵێنی دەداتێ لە گەڵی بڕوات بۆیە گەلێك دڵی ڕاگرتووە و ویستویەتی هێمنی بکاتەوە ،"ئەمجارە بە چاوی هاوڕێیەکی بە ڕێزەوە سەیری کردووەو لە گەڵی جووڵاوەتەوە.

ڕەفیق حیلمیلەیاداشتەکانیدا وتویەتی" کاپتن بێل لەم گەشتەیدا هەواڵی عەشیرەتو خزمو کەسیانو نەخشەی هەرێمەکەیانی وەرگرتووە هەروەها چۆنێتی پەیوەندیان لەگەڵ شێخ مەحمودا، ئەوانەی ناحەزی بوون دەبوونە ئاغاو کوێخا "

(*)رەفیق حیلمی دەڵێت " من لەم هەموو پرسین و لێکۆڵینەوەو چەنە کوتانە هەر وەرگێڕانم لەسەر بوو لە چەنەو نەفەسی درێژی بێل و لە قسەی پڕوپووچی لادێی و عەشایەر چەنەو مێشکم ماندوو و بێ هێز ئەبوو دلیشم ئەگوشرا ، لە گەڵ ئەمەیشدا خۆم تێکنەئەدا .بێجگە لە من بێل کابرایەکی بە ناوی کاتب هێنابوو بەڵام نە دەینووسی نە قسەی لە گەڵ دەکرد ،دوایی تێگەیشتم ئەمە چاودێرە بەسەر منەوە"

بەهۆی شێخ و گوێ نەدانی بەسبەینێ " ئینگلیز ئیشیان گرتە دەست و بۆ هەل دەگەڕان تاکۆتایی بە حوکمی شێخ بهێنن (*).

سەفەری رەفیق حیلمی و بێل بۆ کۆیە ٢٠ی شوبات ١٩١٩

بێل دەبێت بە حاکمی کۆیە ، ئەمجارەش زۆر لەگەڵ رەفیق حیلمی خەریك دەبێ تالە گەڵی بێت بۆ کۆیە ئەمیش چەند هەوڵدەدات نەچێت و وازی لێبهێنێت کەچی لێی ناگەڕێ تا بەزمانی شیرین تەفرەی دەدات . ئیتر رەفیق حیلمی چاری نامێنێت بۆیە پرس بە شێخ دەکات بەڵام شێخ تەگەرەی تێناخات و بگرە پێشی خۆشدەبێت یەکێکی وەك رەفیق حیلمی لە گەڵ بێل بێت چونکە بە کەسێکی سەربە شێخ خۆیی زانیوەو جێی متمانەی بووە . باوکم دەربارەی ئەمە دەڵێ: من لە هیچ کاتێکدا نەم ویستووە لە خۆمەوەو بێ پرسی شێخ مەحمود هیچ شتێك بکەم چونکە خۆم بە جێی باوەڕی ئەو ئەزانم و حەزم بە سەرکەوتنیەتی ، کە زانیم شێخ پێی خۆشە لە ٢٠ی شوباتی١٩١٩ بەناوی یاریدەدەری وەرگێڕ چوومە کۆیە : (Assistant – Drogman)

لە کۆیە (*)

زستان بە باران و سەرما و بەسواری وڵاخ لە سلێمانیەوە تا کۆیە باران لێیداین . لێرەدا رەفیق حیلمی بۆ یەکەمجار باسی رەوشتی خۆی دەکات و دەڵێ "لە بنچینەدا زۆر ساردو هێمن نەخوڵقابووم و رەنگە درۆنەکەم کە بڵێم هێندەش فێری مەرایی و دوو روویی نەبووبووم ، لەبەر ئەوەی لە پێشدا لە گەڵ یەکێکی جێنتڵمانی وەك نۆئێل دا

(*) ل ٨٢ ١-١ یاداشت بەرگی یەك بەشی یەك

(*) ل ٨٧

ئاشناییم پەیداکردبوولە ترو فیزی بێل زۆر پەست بووم‌و قەدری خۆم ئەگرت، حەزم لە ڕاستی ئەکرد، نەمدەزانی مەرایی لەبەرا بکەم‌و زمانم وەر نەئەسووڕا وەکو خەڵکی تر پێی بڵێم (ساحێب) ئەمانە تەبیعەتی ئەم ئینگلیزە ئیستیعمارەی توند ئەکردو بۆی بلوایە لە ملی ئەدام . لە گەڵ ئەوەشدا وەك کورد دەڵێ لێم بووبوو بە مووی لووت (*) وێڕای ئەمانەش لەم سەفەرەدا لەچاو جارەکانی پێشوو گەلێك گۆڕابوو، باش بوو، تا ئەیتوانی ئەیویست دڵم ڕابگرێ بەڵام جار جار هەر مشتومڕێکمان ئەبوو . کەم‌و زۆر ساردیی ئەکەوتە بەینەوە ، ئیڕوانی لە جیاتی عوزرهێنانەوە بۆی‌و واز هێنان لەو کردەوانە لە بیانوو دەگەڕام لێی جیا ببمەوە. خۆم ئەتۆران‌و ئیزنی گەڕانەوەم داوا دەکرد بەڵام ئەو ڕێی جیابوونەوەی نەئەدام هەر جارە بە جۆرێك ئاشتی دەکردمەوە" ڕەفیق حیلمی دەڵێ کە لە ئەنجامی ئەم چەشنە هاوڕێیەتییە کەوتۆتە ئەندێشەوە ترساوە جارێك بگاتە تینی‌و تووشی داوێکی بکات. تا بەینێك لە کۆیە زۆر دڵی ڕاگرتووەو خاویکردۆتەوە لەو دەورەدا باوکم وتویەتی" تاتوانیم خزمەتی خەڵقم کرد بە هۆی (بێڵ)ەوە چاکەم بۆ گەلێ کەس بوو بەم تەرحە لە گەڵ هەندێ دۆستی پیاوانی بەنرخ خۆشم ڕابوارد ، لە لای ئەهالی‌و ئەو دوو سێ ئینگلیزەش کە لە کۆیە بوون بە قەدرو بە ڕێز بووم" بێل بێ وچان ئیشی کردووە یان بەسەر پشتی وڵاخەوە بووە بەناو ڕانیەو ڕواندزدا سووڕاوەتەوەو باوکمی لەگەڵ بووە . ئەو سەرقاڵی نووسین‌و پرسین‌و ئەمیش سەرقاڵی وەرگێڕان‌و قسەبووە ودوو ئەوەندەش سەرقاڵی نووسینی نامەی ئەم بووە بۆ ڕەئیسەکان‌و وەرگێڕانی نامەی خەڵکیش بۆ بێل . ئەو خۆی نامەکانی بە فەرەنسی دەنووسیی‌و ڕەفیق حیلمی دەیکردن بە کوردی‌و فارسی‌و نامەی عەشایەری دەکرد بە فەرەنسی‌ولەو میانەیەدا نامەی سەیرو سەمەرەی بەرچاودەکەوتن کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوون"

(*) ل ٨٩

کارو باری حکومەتی کۆیە (*)

رەفیق حیلمی خۆی وتویەتی پاش نۆئێل و معاونە ئینگلیزەکەی هەموو باری گرانی کەوتۆتە سەر شانی ئەم وتوشیەتی لەگەڵ ئەو رەنجی شەوو رۆژو تەقەلا بێ سنووورودا کە سەرقاڵی کرد بووم ئەودەمە دەورێکی تایبەتی هەبوو لە ژیانما" لێرەدا نوکتەی گێڕاوەتەوە نوکتەکە دەربارەی گفتوگۆیەکی دوورو درێژە سەبارەت بە قەند کێشانی یەکێك لە ئاغاکان و وەرگێڕانی رەفیق حیلمی بۆ دەیان پرسیارو وەڵامی نێوان ئاغاو بێل لە فەرەنسی‌یەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەوە " .

باوکم دەڵێ: بێل غەزەبی خوا بووە،لەگەڵ بێڵ لە یەك ژووردا دانیشتوون گوایە ئینگلیزێك بە هەڵە داوان هاتۆتە لای بروسکەیەکی پێ‌بووە یەکسەر داوێتییە دەست بێل، ئەویش تووڕە بووە وتویەتی بیدەرە دەست رەفیق حیلمی، کە سەیری کردووە بروسکەکە بە ئینگلیزی بووە ئیتر بۆ بیداتە دەست ئەو؟ نەشی هێشتووە کابرا ڕاستەوخۆ لەگەڵی قسەبکات و وتویەتی بالەگەڵ رەفیق حیلمی قسەبکات.

شکاندنی نفوزی شێخ لەناو عەشایەردا :

باوکم لەیاداشتەکانیدا وتویەتی سۆن هاتە سلێمانی شەڕ بە شێخ بفرۆشێت ، یەکەم هەوڵیشی بۆ شکاندنی شێخ لە رانیە دەستی پێکرد .

رەفیق حیلمی و بێل دەچنە رانیە (*)

بێل لەگەڵ کاپتن پارکەری معاونی لە رانیە لە ماڵی فەتاح بەگ میوان دەبن ،فەتاح بەگ بەتەمای جێگەی (شێخ ئەمین)ی قایمقام دەبێ بۆیە میوانداریيان دەکات، بێل ویستویەتی مەزبەتە مۆر بکرێ دژی شێخ مەحمود شێخان رازی نەبوون . کاتێ شێخان ئەمەیان رەتکردەوەو مەزبەتەکە ئیمزا نەکرا ، رەفیق حیلمی دەڵێ " بۆ یەکەمجار

(*) ل ٩٠-٩٢ (جۆرو ئیدارەی حوکمی کۆیە) یاداشت بەشی یەك بەرگی یەك

(*) ل ٩٦/٩٧ بۆ درێژەی باسەکە بڕوانە یاداشتی رەفیق حیلمی بەرگی یەك بەشی یەك

خۆم پێنەگیراو بە پێچەوانەی واجیباتێ کەلەسەرم بوو جولامەوە" واتە بە پێچەوانەوە بۆ جاری یەکەم لەژیانیدا کاری وەرگێڕانی کردووە، هەروەها دەڵێ " لەگەڵ ئەوەدا کە لە وێستاوێکی (وضع)ێکی ناسکداو لە ترسەوە نزیک بووم دیسانەوە دەورێکی وەکو هینەکەی غەفور خانم تەمسیل کرد (*) ئەم غەفور خانە یاخی وەستاوەو نەیهێشتووە ئەو مەزبەتەیە مۆر بکەن، وتویەتی باوەڕتان نەکردووە کە ئەم ئینگلیزانە باوەڕیان پێ ناکرێت ئەوەتا خۆیان سوێندیان داین لە گەڵ شێخ بین و ئێستاش خۆیان دەیانەوێ بیڕوخێنین ،بێل و پارکەر داوای یارمەتیان لێکردم کە ئیتر یەکە یەکە رەئیسەکان هەڵخەڵەتێنن و دوو بەرەکی بخەنە ناویان و ویستیان هەندێکیان جیا بە جیا ببینم پێش چوونە لایان و بیانترسێنم لەسەر ئەنجامی عنادیی لەگەڵ ئینگلیزەکان" هەروەها دەڵێ" بەڵام من لەبەر هەرچییەك هەیە بە پێچەوانەی ئەمەوە جووڵامەوە، وام لێکردن بۆ ئەم چاوپێکەوتنە جیاوازە ملنەدەن " بەڵام بێل هەر چۆنێك بێت توانی بە هۆی حاکمی سیاسیەوە تەلەگراف بە شێخ بنێرێت کە بڕیاری لابردنی شێخ ئەمین بدەن .

ئەمە هەر هەوڵێك بوو بۆ شکاندنی نفوزی شێخ مەحمود لەناو عەشایەردا بە دەسیسەی ئینگلیزو بەڵگەیەکیشە بۆ هەڵوێست و چالاکی رەفیق حیلمی.

بێل دەیەوێت باوکم ببێتە قایمقامی رانیەو پارکەر بکات بە حاکمی سیاسی تا یارمەتی بدات بەڵام باوکم بەمە قایل نەبووە بۆیە دەڵێ

" بە نەخێر وەڵامم دایەوەو دەڵێ بۆ بەڵگە سەعید فەوزی کە بە باشکاتب ناوی دەرکردبوو ئاگای لەمە هەیە ،هەتا بێل وتی کاپتن پارکەر ئەکەین بە حاکمی سیاسی رانیەو لە هەڵسووڕانی کاروباردا یارمەتیت ئەدا،ناهێڵێت تووشی گێرمەو کێشە ببیت، وتم : من ترسم لەوە نی یە کە ئەم کارەم پێ نەکرێت بەڵام دڵم بە وەزیفەوە نی یە. ئەگەر ئەتەوێت سوپاست بکەم ئیزنم بدە بگەڕێمەوە سلێمانی" ئیتر بێل وەڵامی نەداوەتەوەو بێ دەنگ بووە .

(*) ل ٩٨ یاداشت- بەرگی یەکەم- بەشی یەکەم.

سەرەتای شۆڕشی شێخ مەحمود

لەم ماوەیەدا رەفیق حیلمی هەر سەفەریکردووە لەگەڵ ئینگلیزەکان بۆ شوێنی دوور لەشاری سلێمانی، بەڵام لێرەدا دەکەوێتەوە باسی هەواڵی شێخ مەحمودو دەڵێ شێخ لە هەوڵی ئینگلیزەکان گەیشتووە لەگەڵیان ساردبووە هیوای هیچی پێیان نەماوە . لە ژێرەوە خەریکی خۆ نزیکخستنەوەبووە لەرەئیسەکان و تا لەگەڵیان رێکەوێت و ئەوانەی متمانەی پێدەکردن دەیناردن بۆ دەرەوەی عیراق و هەر ساتە حاکمێکی ئینگلیز. کوژراوەو خەڵك بێزار بوون و لە زۆربەی عیراق کۆمەڵە رێکخراوەو زۆر لەوانەی نزیك بووبوونەوە لەئینگلیز دیسانەوە بوونەتەوە بە تورك خواز . ئۆزدەمیر کە چووە بۆ رواندز ئینگلیزی بە چەشنی رووس داوەتە قەڵەم واتە بە (ظالم) و ئینگلیزەکانیش بە (تصرفیان) واتە هەڵسوکەوتیان ئەمەیان کردووە بە راست. کوردەکان نەیاندەوێرا باسی کوردایەتی بکەن پروپاگەندەیان بۆ تورك دەکرد چونکە لای تورك خواکان ئەوانەی لایەنی ئینگلیز بوون بە جاسوس دادەنران . مێجەر سۆن لە پێشدا بە نهێنیو جلی کوردییەوە کوردستان گەڕابوو فێری کوردیی بووبوو ، شارەزا بوو، بەهۆی خۆبەزلزانیەوە جلەوی لەدەست دەرچوو دوژمنی پەیدا کرد و زۆری خەڵك بەناوی جادە دروست کردن لە دەوری سلێمانی دانا لە ژێر چاودێریی (عەزیز خان)دا زۆری خەرجی میریی بۆ ئەم و سۆن چوون. سۆن لە نیشتمانپەروەرو تێگەیشتووەکان بۆتە "قەرەقۆش"[*] باسی فیزی سۆن کە بە بازاڕدا رۆیشتووەو بەهانەی بۆ جەریمە کردن و ....هتد لەبرانەوەنایەت.

لەوکاتەدا سلێمانی وەك مەنجەڵ ئەکولا، بۆیە کە سۆن ویستی شەڕ بە شێخ مەحمود بفرۆشێ، شێخ توانیی شۆڕشێك بەرپابکات.

باوکم لە گەشتێکیدا بۆهەولێر لەبەر چاوی یەك دوو حاکمی تری ئینگلیز خراپ تێکچووە بەرامبەر بە بێل و هەندێ قسەی رەقی کردووە [*] لەبەر ئەوە کەوتۆتە

---

[*] بڕوانە ل ١٠٨ی یاداشت بەرگی دوو بۆ درێژەی ئەم باسە

[*] ل ١٠٩ لە بەر چاوی حاکمەکانی هەولێرو موسڵ لەسەر قسەیەکی بێ‌فەڕ دەمار رەفیق حیلمی گرتووە بە بێلی وتووە چاوت بکەرەوە من خزمەتکاری باوکت نیم (بە فەرەنسی) " Ouvres Le Yeux " Jenasuie Poo Servetaur de Votre Pere

ئەندێشەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیە نەچۆتەوە دائیرە بۆ سبەینێ بێل ناردویەتی بە شوێنیدا تکای ئەوەی لێکردووە ئیتر لێی خۆش بێتو ئیزنی بدات بگەڕێتەوە سلێمانی بەڵام بێل زۆر بە هێمنیو لەسەرخۆ وەڵامی داوەتەوەو وتویەتی:" من زۆری پێناچێت عیراق بەجێ دێڵمو ئەگەڕێمەوە لەندەن لەبەر ئەوە نامەوێت لەم دواییەدا بە زوویریی لێم جیا ببیتەوە .هەروەها وتوویەتی سبەینێش ئەبێ بچمە ڕواندز بە وەکیلی حاکمی ئەوێ بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژێك ئەمجارەش لەگەڵم وەرە کە گەڕاینەوە پێتخۆش بوو پێکەوە تا بەغداش ئەچین، لەوێ چەند ڕۆژێك لەسەر حیسابی من کات بەسەر دەبەینو ئەحەسێینەوە ئینجا من دەگەڕێمەوە بۆ لەندەن ئەوسا خۆت چۆنت ویست وا بکە ،بەڵام نامەوێ جارێکی تر قسەم لەگەڵ کردیت وەك هەولێر وەڵامم بدەیتەوە" بەمجۆرە بێل دیسان ڕەفیق حیلمی قایل کردووە لە گەڵی بمێنێتەوەو لە گەڵی بڕوات بۆ ڕواندز.

ڕەفیق حیلمیو بێل لە ڕواندز

کە باسی ڕێگەو رابواردنی تا ڕواندز دەکات دەڵێت : لە باتاس لای عەبدوڵڵا پاشای باوکی سەعید بەگ باوکی ئیسماعیل بەگ شەوێکی خۆشمان لە ژێر خێوەتە نایابەکەیدا بردە سەرو بەهۆی دڵسۆزێکەوە لە باتاس ئیسماعیل بەگم ناسیی . ئەمە لە پێشەوە پیاوی ناردووە کە لە ڕواندز لە ماڵی خۆیدا جێگە بۆ ڕەفیق حیلمی ڕێکبخەن لەو ڕۆژەدا لە گەڵی عەلی بەگ-ەوە بە بەر تاڤگە شیرینەکەی بێخاڵ دا چوونەتە ڕواندز . ماوەی سەعاتێك حەساونەتەوەو نانیان خواردووە . ئەو شیعرانەی ناوی (وەتەن) نیشتمانە بە تورکی نووسیونی زادەی ئیلهامی ئەو تاڤگە سیحراوییە دڵڕفێنە بووە . دوای گەیشتنی بە ڕواندز ئەوەندەی پێ نەچووە بەیانییەك گەیشتۆتە دائیرە فنجانێك قاوە لەبەر دەمیا بووە بێل چۆتە ژوورەکەیو لە پشتیەوە بە(تەلەگراف) بروسکەیەکی داوە بە ڕەفیق حیلمی،ئەویش پاش ئەوەی بێل سەیری کردووەو ڕەنگی بزڕکاوە لە ڕەفیق حیلمی پرسیووە تۆ شارەزای عەشیرەتی دزڵێ هەیت ؟ وتویەتی نەء تەلەگرافەکە بە ئینگلیزی بووە بەڵام باوکم وتویەتی تێگەیشتم بەکوردییەکەی ئەمە نووسراوە"دوێنێ عەشیرەتی دزڵێ بە بیانوی زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخەوە هاتنە سلێمانی، حکومەت ویستی ڕێگەیان نەدا بەڵام بەزۆر هاتنە شارەوە، ئینگلیزەکان گیراون ، فیکری شێخ

مەحمود نازانرێت؟" مەندوبی سامی بەیانیی بە فڕۆکە چۆتە نزیک شاری سلێمانی بەیاننامەی بۆ شۆڕشگێڕان خستۆتە خوارەوە داوای چاوپێکەوتنی لێکردوون لە ئەنجام ئاگادارتان ئەکەین . شێخ مەحمود بە دزییەوە ڕایسپاردووە، مەحمود خانی دزلی بە (٣٠٠) کەسی چەکدارەوە سلێمانی دەگرن لە ٢١ی مایسدا .

شێخ مەحمود هەل لەهەستانی عیراق وەردەگرێت دژی ئینگلیزو ئەنجامی یەکەم هەڵمەتی کوردی عیراق بۆسەر ئینگلیز لە٤ نیسانی ١٩١٩دا کوشتنی کاپتن (بسن) حاکمی سیاسی زاخۆ دەبێت ئیتر لە هەموو لایەکەوە دژی ئینگلیز هەستان و کەوتونەتە کوشتنیان، کاتێ مەحمود خان سلێمانی داگیردەکات شێخ مەحمود بە ناوی پاراستنەوە ئینگلیزەکان دەخاتە دەبۆکەوە . ویڵسن بە فڕۆکە دەچێتە سەریان بە بەیاننامە داوا لە شێخ دەکات بچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆ ،حاکمی ئینگلیزی هەڵەبجە هەورامییەکان دەیگرن بەڵام ویڵسن بەهۆی خانمی(*) وەسمان پاشاوە بەردەدرێت و خانم بەهۆی ئەمەوە ناو دەنێن (خان بەهادەر) یارمەتیدەری شێخ و شۆڕشی عەشایەری کوردی ئێرانیش یەك دەکەون بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە .

خۆفرۆش موشیری سلێمان بەگ

شێخ لە دەربەندی بازیان سەردەکەوێت .لە زەمانی ئاشوورییەکانەوە کەس نەیتوانیوە بەو شاخەدا بچێتە ئەودیوی بەڵام وتراوە بە پیلانی موشیری حەمەی سلێمان کە یەکێك بووە لە ڕوئەسای هەمەوەند دژی شێخ ئینگلیزەکان سەردەکەون و لە پشتەوە لە سوپای شێخ دەدەن، شێخ بریندار دەبێت و لەژێر بەردە قارەماندا دەگیرێت ،ئەویش دیسان بە پیلانی ئەم موشیرە(*) .

(*) ١١٦ یاداشتی بەك بەشی دوو

(*) لەم دواییەدا یەکێك لە نووسەران بابەتێکی نووسیبووبەرگری لەم موشیرە کردبوو

هەواڵی رواندز لەو کاتەدا

وەك باسمانكرد باوكم لەگەڵ بێل دەبێت لە رواندز، بۆیە ئاگای لە رووداوەكانی ئەوێ دەبێت و لەشوێنێكدا دەڵێ "رواندز كاتی شەڕی دەربەند خۆیان بۆ شەڕ ئامادەكردووە، بەتەمای ئەوەی شێخ بگاتە كۆیە ،لە داخا ئینگلیز پەرۆش بوون، بێل وەستاوی گرنگو سامناك بووە تەنها خۆیو معاونەكەیو هێزێكی كوردی بەكرێگیراو بەڵام بە وەستایی جوڵاوەتەوە"هەروەها دەڵێ" گوێنییەك نۆكی بەدەستی من بەسەر ئەوانەدا بڵاوكردۆتەوە، كە چاوەڕێی تاڵانكردنی خەزنەی رواندزبوون، بەوە چاو بەرەوژێریكردونو سەرەك عەشایەر رۆیشتوونو ئەوانیتریشی كۆكردۆتەوە تا ڕایان بەرامبەر شێخ بزانێت . لەوكاتەدا باوێڵ ئاغای رەئیسی هێزەكەی رواندز دژی شێخ قسەی دەكاتو رەفیق حیلمی لێی توڕە ئەبێت، بێل-یش لەو توڕە ئەبێتەوەو دەڵێ " تۆ وەرگێڕی نابێت تەدەخول بكەیتو لایەنگیریی بكەیت،لێی دەپرسێت ئەوە چی ئەڵێ پێم بڵێ رەفیق حیلمی وەڵامی بێل ناداتەوەو هەڵدەستێتە سەرپێو پوودەكاتە باوێڵ ئاغاو ئەوانیترو بەپێی تێگەیشتنو بیرو باوەڕی خۆی ئەو رۆژە چی بەباش زانیوە بێ توێكڵو ئازایانە پێی وتوونو لە جەلسەكە چۆتە دەرەوە(*) ئەمە لە ماڵی حاكمی سیاسی رواندز واتە لە ماڵی بێل روویداوەوباوكم ئەو رۆژە نەگەڕاوەتەوە بۆ دائیرە، بۆ سبەینێ بێل ناردوویەتی بە شوێنیداو رووی خۆش بووەو رۆژباشی لەگەڵدا كردووەو قاوەیان خواردۆتەوە وتویەتی " لەكردەوەی (*) تۆ نەڕەنجاوم ئەزانم تۆ هەقت بەدەستەو ئەبێ وابیت، سبەینێش ئەچمە هەولێر چاوم بە سەید تەها دەكەوێت ئەمەوێت تۆیشم لەگەڵ بیت" رەفیق حیلمی دەڵێ بێ بیانوو و راستەوڕاست پێم وت "بۆ هیچ لایەك ناچمو ئیتر با بەس بێتو ئیزنم بدەرێ بگەڕێمەوە سلێمانی،ئیزنیشم نەدەیتێ بەبێ ئیزن ئەڕۆمەوە" بێل بێ دەنگ دەبێت، بۆ سبەینێ مەعاشی ئەو مانگەو چەند روپیەیەك خەرجی تا كەركوك دادەنێ بۆ رەفیق حیلمیو خۆی دەڕوات بۆ هەولێر، بەمجۆرە لە بێل جیا دەبێتەوە . لێرەدا پرسیارێك لە خۆی دەكاتو هەر خۆی وەڵامی دەداتەوە سەبارەت بە

(*) ل ١٣٤ یادداشتی یەك بەشی دوو

(*)ئەمەیش هەڵوێستێكی تری ئازایانەی رەفیق حیلمیو دڵسۆییەتی بۆ شێخو كورد

هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ بێل و بێل لە گەڵیدا کە چۆن بێل هێندەی چاو لێی پۆشیووە؟ ماوە هەبێت لەدوایدا باسیدەکەین دەگەڕێینەوە سەر باسی ڕەفیق حیلمی و چی بەسەر دێت پاش ڕۆیشتنی بێل بۆ هەولێر .

ڕواندز پاش ڕۆیشتنی بێل بۆ هەولێر :

ڕەفیق حیلمی لە ڕواندز وەك دەستبەسەر دەمێنێتەوە لەماڵ ناچێتە دەرەوە، ئینگلیزو بێل لە هەولێر بەتەما دەبن سید تەها بخەنە جێی شێخ مەحمود .

بۆیە دەڵێ " وەك ئەستێرەی شێخ لە نەوین بوو منیش کەوتبوومە گێژاوێکی بێ بنی لێکدانەوەوە سەعاتی دەرەکم دەستی کردبوو بە لێدان". ئینجا باسی خانوەکەی دەکات لە ناو باخێکا بووە کەوتۆتە دەرەوەی خۆرئاوای ڕواندزو بە تاقی تەنیا بەناوی پاسەوانی و خزمەتەوە نووری باوێڵ نەفەرێکی بە تفەنگەوە بۆ ناردووە، شەوان چۆتە ژوورەکەی و ڕاست و درۆ باسی هەواڵی شێخ و ناوبازاڕی بۆ گێڕاوەتەوە. ڕەفیق حیلمی گومانی لێکردووە هەرچەند خۆی بە کوردخوازو لایەنگیری شێخ داناوەو بەدڵ خزمەتی کردووە بە ڕەفیق حیلمی وتووە دەتگەیێنمە لای شێخ، باوکم ترساوە لەوەی ئەمە فێڵ بێت.

گیرانی لەڕواندزو ڕەوانەکردنی بۆ بەندیخانەی کۆیە

بێل چوار سوار عەسکەری (لیڤی) بە ناوی پارێزگاریەوە ئەنێرێتە سەر ڕەفیق حیلمی ، ئەمری پێ دەکات لەگەڵیان بگەڕێتەوە کۆیە، ئەو شەوە دەگاتە کۆیە لەماڵی خۆیدا دەنوێت.لەم کاتەدا (شەفیق)ی برای لە تورکیا دەگەڕێتەوە دەچێت بۆ کۆیە لەگەڵ نۆکەرێك چاوەڕێی ڕەفیقی برای دەکات بگەڕێتەوە بیبینێت. بەڵام بەیانی عەریفێکی ئینگلیزو پۆلیسێك ڕەفیق حیلمی لەجێ دەردەهێنن پاش جل گۆڕین دەیبەنە سەرا

هێشتا کەس نەچووە ئینگلیزەکە دەرگای بەندیخانە دەکاتەوەو دەخاتە ژوورەوەو ناهێڵێت شەفیقی برای ببینێت .(*)

لە بەندیخانەی کۆیە :

زۆر بەوردی‌و دوورو درێژیی باسی بەندیخانەکە دەکات کاتێ لەگەڵ کۆمەڵە بەندییەکی تردا دایدەنێن‌و کاتێ جیای دەکەنەوە بەتەنها ماوەیەك چاوی لێدەپۆشن‌و خواردن‌و کتێب‌و کات بەسەربردنی سەراکەو بینینی هاورێکانی لێ قەدەغەناکەن لەپڕ دەرگاوبانی لەسەر دادەخەن‌و پاسەوانیی چاودێریی توندی دەکەن‌و چوونە دەرەوەی ژوورو بینینی خەڵك یان کتێب‌و کاغەز بردن بۆی لێ قەدەغەدەکەن رەفیق حیلمی بەمشێوەیە باسی ئەو ماوەیە دەکات لە بەندیخانەکەو چارەنووسی دوا رۆژی خۆی دەبەستێت بەکۆتایی کتێبی نوقم بوونی پاپۆڕی تایتانیك-ەوە کە لەزینداناو لەوکاتانەدا دەیخوێنێتەوە .

لە سەرەتادا دەیخەنە ناو تاوانبارەکانەوە ئەمانە دەیناسن‌و دەزانن کێیە. لەبەری هەڵدەستن‌و بە کش‌وماتی لە دەوری دەوەستن،ئەویش بەڕووی خۆشەوە بۆی روانیوون.

هەوڵیداوە هۆی گرتنی لە کاپتن ڕاندڵ بزانێ سوودی نەبووە . نامەی بۆ حاکمی شار حەمە ئاغاو نائبی جەمیل ئاغا ناردووە وەڵامی نەبووە. کاپتن راندڵ خستویەتی‌یە ژووری تایبەتی بەناوی گوناهباری سیاسییەوە. تاوانبارەکانی ناو زیندان پێیان ناخۆش بووە جیابنەوە لێی، هەروەها رەفیق حیلمی خۆی، پاسەوانی بەردەرگاکەی پۆلیسی نەبووە ئەمانە نێردراون بۆ شەڕی شێخ بەڵکو کرێگرتەبوون. راسپێردراون بینینی خەڵکی لێ قەدەغە بکەن. داوای نوێن‌و کتێبی لە پاسەوانەکەی کردووە لەماڵەکەی بۆی بهێنێت کەچی هەڕەشەی لێکردووە، پاسەوانەکە دەچێتە لای مودیری پۆلیس ئەو دەگۆڕن یەکێکی بۆ دەنێرن ئەمیان رەفیق حیلمی چی دەوێت بۆی دەکات.

(*) شەفیقی برای ئەو کاتە لە ئەستەمبووڵەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی کەس‌و کاری ببینێت . هەر لە موسڵەوە پێی دەڵێن دایکی‌و باوکی کۆچی دواییان کردووە. دەچێتەوە سلێمانی تاقە خوشکەکەی لەگەڵ ژنی رەفیق حیلمی لەماڵی خەزووری رەفیق حیلمی دەبێت . لەوێ دەڵێن رەفیق حیلمی لە کۆیە لە بەندیخانەیە، دەچێت بۆ ئەوێ نامێڵن ببینێت، دەڕواتەوە بۆ تورکیا. ئیتر وابزانم ئەوە دواجار دەبێت‌و یەکتری نابیننەوە .

١٨ی حوزەیرانی ١٩١٨ فرایزەر بەرامبەر بە شێخ مەحمود

لەم کاتەدا رەفیق حیلمی هەست بە نەخۆشی دەکات نامە دەنێرێت بۆ ڕاندەڵ داوای نۆژدار دەکات وەلامی ناداتەوە، دەڵێ ئەو کاتە مامەڵەیان لە گەڵیدا بە پێی هەواڵی شەڕی شێخ و ئینگلیز بووە. هاتووچۆی خەڵك بۆ لای و رەوشتی پاسەوانەکان لەگەڵی و گۆڕانیان هەر رۆژێ ئینگلیز شکستیخواردووە کەوتۆتە خۆشییەوە، کاتێ شێخ شکستیخواردووە بە پێچەوانەوەبووە واتە ئیتر رابواردنی حەوشەو کورسی و مێزو خواردن و میوان و گۆرانی و بەزم و هەرای نەماوە. خەڵکی کۆیە بە تایبەتی لاوەکان سەر بە شێخ بوون.

سدیق ئەفەندی : سدیق ئەفەندی رقی لە باوکم دەبێت (یەکەمجارە ببیستم یەکێك ڕقی لە رەفیق حیلمی بووبێت) رۆژێك لە بەندیخانەکەیدا چوار پاسەوانی بۆ دادەنێن و هاتوچۆی لێ قەدەغەدەکەن ئەم سدیق ئەفەندییە دێتە لای و پێی دەڵێت : وتم ئینگلیزەکان ئامانیان نیە . ئاگات لە دەمت بێت، پاش گەڕانەوەت لە رواندز بەکردەوەی بێ جێ و خیانەتەکانیان زانیویت،هەر خوا بکات ئیعدامت نەکەن باشە .

باوکم دەکەوێتە حاڵتێ لەترسەوەو باسی بیرو خەیاڵاتی دەکات و زۆر بەراوردی نامەی حاجی نەورەس دەکات کە لەسەری کردۆتەوە دژی جاسوسەکان و بیر لەژنەکەی و ماڵەکەی دەکاتەوە کە هێشتا تا ئەوکاتە واتا (١٩١٩) هێشتا منداڵی نەبووە .

ئینجا بزانن رەفیق حیلمی کە ١٨٩٨ لە دایك بووە تا ١٩١٩ واتە تەنها (٢١) ساڵ تەمەنی بووە،چ لاوێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو بووەو چۆن ئاوا لاوێتی و ژیانی سەرەتای خۆی خستۆتە لاوەو کەوتۆتە داوی سیاسەتێکی وەك سیاسەتی کاربەدەستانی ئینگلیزەوە کە ئەو کاتە هەرەتی زەبرو زەنگیان بووەو پێیان وتوون (الامبراطورية العظمى) و نیوەی جیهانیان بەدەستەوە بووە.

باوکم بەقسەکانی (مستەر سدیق) زۆر دەکەوێتە ئەندێشەوەو ترسی لێدەنیشێت کە شتێکی وای بۆ رێکخرابێت لەناوچوونی تێدابێت؟ بەمجۆرە دەڵێ بە بیرکردنەوەو هەزاران قسەوباس ویستوویەتی لەلایەن گوناهباریی یان بێ تاوانی خۆی لەسەر

بڕیارێك بوەستێت. وایلێهاتووە زۆر دڵگرا بێت و ئەو شەوە بە برسێتی بچێتە ناو جێگاوەو نەزانێ کەی خەوی لێکەوتووە. نزیك بەیانی بەئاگاهاتۆتەوەو دووبارە کە خەبەریبۆتەوە کەوتۆتەوە ناو دەریای خەیاڵاتەوە.

دەڵێ "رابوردووم وەکو شریتێکی سینەما هاتەوە بەرچاو، سلێمانی، خزمان، دۆست و ناسیاو، ژن و ماڵەکەم[*] هەموو شتێکم دوا بەدوای یەك بەتیژیی لە پشت پەردەیەك لە تەمەوە بەبەرچاودا ئەهات و ئەڕۆیشت" هەروەها دەڵێ "دەربارەی گەلێ کەس کەوتمە شکەوە زۆر لە دۆستەکانم وەکو دوژمن هاتە بەرچاو. دارو بەردم کرد بە جاسوس باوەڕم بە چاکەو ڕاستی و خێر نەما. لاوێکی کەم ئەزموون بووم، لەمردن ئەوەندە باکم نەبوو خەفەتی ئەوەم ئەخوارد کە دونیا بەشەڕو بە خراپە داگیرکرابێ. ماتەمینی ئەیگرتم ئەوانەی بەسووکم ئەهاتنە بەرچاو بتوانن سەرکەون و بە فەوتانی من بڕوا بە هەستی خۆیان بکەن و لەشکری شەڕو خراپە بەوان بەهێزبێ" .

ئینجا باسی ئەو کتێبە دەکات کە لە تەنیشتی جێگەکەی بووەو گرتویەتی بەدەستییەوەو لەسەر گازی پشت کەوتۆتە خوێندنەوەی کە بەتورکی بووە. ئەم کتێبە سەعید فەوزی شاعیری سلێمانی لەگەڵ هەندێکی تر بۆیناردۆتە بەندیخانەکەی . باسی نوقم بوونی کەشتیەك بووە کە هەندێ لەسەرنشینەکانی رزگاریان بووە بەهۆی ئەوەی بەسەر پارچە تەختەوە بوون، رەفیق حیلمی سەرئەنجامی خۆی بەچارەنووسی ئەوانەوە دەبەستێتەوە. ئەوکەشتیە (تایتانیك) بووە، وەك لە پێشەوە وتومانە، رانەوەستاوە تادوالاپەرە هەمووی بەیەکجار خوێندۆتەوەو وتویەتی " ئەبەد ئەوەندەم بێ ئۆقرەیی بەخۆمەوە نەدیوە".

بەیانی زوولە حەوشە، ئینگلیزێکی تەپلە بەسەر دەبینێت پۆلیسێکی لەگەڵدا دەبێت دەترسێ و لەدڵی خۆیدا دەڵێ ئەمە چی‌یە، هێشتا کەس نەهاتووە بۆ سەرا؟ نۆبەچیش هێشتا لەخەودا بوون، لەچی ئەگەڕێن، ئەوا ڕوویان کردە ژوورەکەی من ؟ نزیك بوونەوە، ڕاست ڕووەو ژوورەکەی من هاتن، یاخوا خێربێ ئەوا بەژوور سەرمەوە وەستاون با هەڵسم بزانم چییان ئەوێت؟ دڵم دەستی کرد بە ترپە ترپ و ڕەنگم سوور هەڵگەڕا. هەستم

---

[*] ل ١٥٤ یاداشتی یەك بەشی دوو ئەمە یەکەمجارە باسی ماڵ و ژنی بکات ئەویش کە گەیشتۆتە تەمەنی (٢١) ساڵی، پێش ئەمە ناوی کەسی نەبردووە تەنانەت نەبینی براکەشی کە چۆتە لای بۆ کۆیە .

کرد خوێن هورووژمی برد بەرەو سەرو مێشکم ... کابرای ئینگلیز پاش رۆژ باشێکی ساردوسڕ وتی ئادەی سنگت بکەرەوە تاقە فانیلەیەکی تەنکم لەبەردا بوو، پشکنینی بۆ سنگ و پشتم کرد. هەروەها دەڵێ "لەم کاتەدا دووبارە بیری سلێمانیم کردو وتم : ئاخوا ژن‌و کەس‌و کارەکەم ئەزانن ئێستا من لە کام لاو لە چیدام ؟! ئایا ئەزانن کەوا دەمبەنە پای قەنارە؟! چونکە من ئەمزانی پیشەی ئینگلیز وایە لە پێش شەبەقدا گوناهبار ئەخنکێنن‌و لەپێش خنکاندنیشی ئەبێ پزیشك ببیبنێ " لەژێر کاریگەریی ئەو قسانەی سدیق ئەفەندی دا بیری ئەوەی نەماوە کە بەنامە داوای نۆژداریکردووە کاتێ هەستی بەنەخۆشیی کردووەو ئەمە وەڵامی ئەو نامەیە بووە. ئینجا بزانن ئەم لاوە گەنجە لە چ کێشەو ئەندێشەو دەردەسەری‌و مەترسییەکدا بووە لە پێناو خەباتی سیاسی‌و خۆبەختکردندا بۆ گەلەکەی‌و نەتەوەکەی، درێژەی باسی ئەم رووداوە لە ل ١٤٢-١٦٣ی یاداشتی بەرگی یەکەم‌و بەشی دووەمدا دەخوێنێتەوە، نۆژدارەکە راندالّ ناردویەتی‌و رافیق حیلمی دەڵێ واتە بەخوت‌و خۆڕایی کەوتبوومە دەریایەکی بێ سنووری ئەندێشەوە.

دکتۆرەکە هەندێ دەرمانی بۆ دەنووسێت‌و خواردنی تایبەتی دەدەنێ‌و بەدزییەوە رێی کتێب‌و کاغەزو ئەو شتانەی لێ ناگیرێت کە بۆی‌بچێتە ژوورەوە دەڵێ "قەرەوێڵەیان بۆ دانام لەبەر ئەوەی ئەوئەرزەی لەسەری نوستبووم تائەوکاتە شێداربوو. ئیتر کەمێك سەری رەحەت دەبێت‌و کاتەکەی بە خوێندنەوەو نووسینەوەکانی بەسەردەبات‌و دەڵێ لەو رۆژانەدا زۆر شتم بە تورکی نووسیوە .دوای رۆیشتنی دکتۆرەکە لە ستایشی یەزدانا قەسیدەیەك دادەنێ مسوەدەکەی لەسەر کاغەزە بۆرە ئەستوورەکانی زەمانی ئینگلیزبووە، لەگەڵ هەندێك هەڵبەستی تر . ئەمە لەگەڵ دیوانی (شیعرلرم) کە ساڵی ١٩٢٤ داویەتی بە چاپخانەی نەجاح‌و دایناوە بۆ لە چاپدان لە بەغدا لە چاپدراوە بەڵام ئینگلیزەکان فەوتاندویانە .

لەدواهەمین بەیتی ئەو قەسیدە تورکییەدا وتوویەتی:

اولما سەیدی فکرمی تحدیدە باعث محبسم(*)

شمدی تاعرش مجیدە بلکە جیقمشدی سم

(*) ل ١٥٨ بەشی دووەمی یاداشتی یەکەم.

عەبدوڵلائاغای حاجی تایەر ئاغای حەویزی

لەپاشدا باسی ناودارێکی کۆیەی کردووە بەناوی عەبدوڵلاَ ئاغای حاجی تایەر ئاغای حەوێزی کە سەر بە شێخ مەحمودبووەو ئینگلیز چارەی نەویستووەو بژێوو زمان درێژ بووە بەلاَم رەفیق حیلمی خۆش ویستووەو بیستویەتی بەتەمای ئیعدام کردنین بۆیە بڕیاریداوە دەربازی بکات. پاش شەوی دکتۆرەکە پیاوێکی عەبدوڵلاَ ئاغا بەدزیەوە ئەچێتە لای رەفیق حیلمی و پێی دەڵێ لە نیوەشەودا وڵاخ و سواری بۆ دەبەنە ژێر دیواری سەراو پۆلیسەکانیش تەمێ کراون چاوی لێ بپۆشن تا دەگاتە سوارەکان و لەگەڵیاندا دەڕوات و دەیگەیەننەوە لای شێخ مەحمود. باوکم ئەم تەگبیرەی بەدڵنابێت، چونکە بەهۆی هاتنی دکتۆرەکەوە کەمێ ترسی نەماوە و چونکە هیچ بڕوایشی بە کەس نەماوە بەهۆی ئەوەوەی کە پێشتر لەبەر خۆشباوەڕیی تووشبوو بوو دەڵێ" ئەم بێ باوەڕیەشم خێری تیابوو" ئەگەر شەوێك لەوە پێش بوایە لەوانەبوو ئاگریش بوایە خۆمم تێ فڕێدایە. بەلاَم ئەوشەوە هیوای رزگاربوونم تازە بۆتەوە "بۆیە وەلاَمی پیاوەکەی بە سوپاسەوە داوەتەوەو تکای لێکردووە واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنێت.

ئینجا دەڵێ رۆژی بەپەنجە ژماردووەو چاوەڕوانی پێشکەوتنی شێخ بووەو پەرینەوەی هێزەکانی بۆ کۆیە وایزانیوە کە تا شێخ بەتەواوی سەرنەکەوێت و شۆڕش هەموو هەرێمەکان نەگرێتەوەو ئینگلیز کوردستان بەجێ نەهێڵێت ئەو لە بەندیخانە رزگاری نابێت یان لە پڕێکدا لەناوی ئەبەن، نەیزانیوە لەوەدا بەهەڵە چووە چونکە ڕزگاریی ئەو بەداخەوە بەستراوەتەوە بە گیرۆدەیی شێخەوە هەرلەبەرئەوە کە بەیانیی رۆژی هەینی مانگی حوزەیران ١٩١٩ جارچی لە بازاڕی کۆیە جاڕی داو وتی شۆڕشی شێخ توایەوە رەفیق حیلمی دەڵێ " کە ئەم پەیامە کوشندەو جەرگبڕەم پێ گەیشت گێتی بەجارێ لەبەر چاوم تاریك بوو لەدوو سەرەوە ماتەمینی دایگرتم،بۆ گرفتاریی قارەمانێکی کوردو فەوتانی خۆم" بۆ سبەینێ خەڵك چوونە سەرا بۆ چاوڕوونی ڕاندەڵ باوکم بۆ ئەمە دەڵێ : "من لەبەر خۆمەوە ئەگریام بۆ ئەنجامی رەشی حوکمداری کوردستان و بۆ کەساسی و سیاچارەیی خۆم فرمێسکی گەرمم ئەڕژاند، ئەو رۆژە ئەنجامی شێخ ئەنجامی کوردو کوردستان بوو منیش کۆستکەوتووی لێ قەوماوی قەومی

کورد بووم چی له دەستا بووە تا بیکەم هەر ئەوەندەنەبێ دەرگای ژوورەکەم داخستوو بەدەمدا کەوتم تا زەماوەندی سەرنگومکردنی لەشکری کورد تەواو بوو ".

بەربوونی له بەندیخانه :

لەو دەمەدا لە بەندیخانەکە ڕێیاندا خواردن و کتێب و ئاوی خۆشتنی بۆ ببەن بەڵام بۆی نەبوو ریشی بتاشێ. دوای گیرانی شێخ بە برینداریی ڕەوانە بەغدا کرا لەو کاتەدا باوکم ئیتر هیوای بەربوونی نەما، کاتبی تایبەتی راندالّ دەچێتە لای (محەمەد ئەفەندی) ئەویش دێتە لای باوکم و مژدەی دەداتێ کە حاکمی سیاسی و حاکمی شار کۆبوونەتەوە خەریکن بڕیاری بەردانی دەردەکەن، ئیتر ناردویەتی دەلاکیان بۆ هێناوەو سەرو ریشیان تاشیوە. ئینجا ناسیاوەکانی پۆل پۆل چوونەتە لای و مژدەی بەربوونیان داوەتێ و دواتر کاپتن راندەڵ دەنێرێت بە شوێنیدا بروسکەی بێل-ی پێ نیشاندەدات کە بۆ ئەو نووسراوەو هەندێك بەسەریدا دێت و ئینجا پێی دەڵێت دەتوانیت بچێتەوە ماڵی خۆت. بیرمان دەخاتەوە دەڵێ شەوی پێش ئەمە گەیشتۆتە خوێندنەوەی کۆتایی کتێبی پاپۆڕەکەو دەرکەوتووە ئەوانەی بەسەر تەختەکەوە ماون رزگاریان بووەو چوونەتەوە لای ماڵ و منداڵیان دەڵێ کە ئەمەی خوێندۆتەوە زەردەخەنەیەکی نائومێدیی گرتویەتی و بەزەیی بەخۆیدا هاتووە . کە ئەنجامی رەشی خۆی بە ئەوانەوە بەستووە !

ئیتر باسی موحاکەمەی شێخ و ناردنی بۆ ئەندامان دەکات و باسی وەزعی سیاسی ئەو کاتە دەکات.

باسی نەگەیشتنی نوێنەری شێخ بۆ لای شەریف پاشاو موئتەمەری ئاشتی و باسی واز نەهێنانی کۆمەڵە کوردییەکانی تورکیا و هەوڵ و تەقەلایان دەکات بۆ سەندنی مافی کورد لە موئتەمەری ئاشتی و (١٤)بەندەکەی دەستووری ویڵسن ومافی سەربەخۆیی و گفتی کلیمانصو سەبارەت بەوەی کە تورك ناتوانێت ئیدارەی نەتەوەکانی تر بکات و ترسانی تورکیا لە هاندانی کوردەکان دژی تورك تا کورد دیسان بەناوی برایەتی و ئیسلامەتیەوە هەڵبخەڵەتێنن و نەهێڵن هەل لەو هەموو تەقەلایانە وەربگرێ بۆ وەرگرتنی مافی خۆی بۆیە تورك لیژنە دروستدەکەن گوایە بۆ ئەوەی بزانن کورد چی دەوێ وخۆیان بڕیار دەدەن کورد حوکمی زاتی بدرێتێ یان نا بەڵام هەر زوو وەزارەت دەگۆڕدرێت و وەزیری تازە ئەم بڕیارەش پووچەڵ دەکاتەوە.

لەولاوە مستەفا كەمال لە گێژاودا بووە، حكومەتی خەلیفە لە ئەستەمبووڵو دەورەدانی كوردەكان بەناوی حوكمی زاتییەوە بۆیان، دوژمنی خۆی پیلانی سوێند خۆرەكان دژی مەترسی هەڵگەڕانەوەی كوردەكان كە (٦) ویلایەتیان گرتۆتەوەو لەدەست چوونی ئەوانەماڵی وێران دەكات بۆیە كە هێشتا موئتەمەری ئاشتی سێڤر لەكاردا بووە هەوڵیداوە ئەویش كوردەكان هەڵخەڵەتێنێتو تەفرەیان بدات تاڵێی جیا نەبنەوەو ببنەوە بەدۆستی، لە وڵاتی قەومی كوردا سەری بۆ رزگاری تورك بەرز دەكردەوە، لێرەدا رەفیق حیلمی دەڵێ كوردەكان لەم كاتەدا پەیمانی سەربەخۆیی كوردستانیان بەدەستەوەبووەو ودوور نەبووە ئەمە بكەن بەبەڵگە بۆ زیندوو بوونەوەی قەومی كورد بەڵام كوردەكانی ئەنادۆڵ وایاننەكردووەو بەقسەی مستەفا كەمال تەفرەیان خواردووە و ئەمیش وەك حكومەتی ئەستەمبووڵ لە پێشدا بە ناوی ئاینەوە لە موسڵمانەكان نزیك بۆتەوەو كوردی بە برای تورك داناوە وپەیمانی بە كورد داوە پاش شكانی یۆنانییەكان بێگومان بە یارمەتی كوردەكان، كوردستانێكی وا دائەمەزرێنێت ببێتە هۆی برایەتیو یەكێتی هەردوو قەومەكە بەمجۆرە كوردی ساویلكە(*) شەڕی ئیستیقلالیان بۆ توركو مستەفا كەمال كردو مافی خۆیان فرۆشت بە قسەی هیچو بێ بنەما(*) وئەوەبوو لە موعاهدەی لوزاندا لەجیاتی مافدانیان بە كوردو كوردستان وڵاتەكەیان دابەشكرد بەسەر سێ دەوڵەتدا كەیەكێكیان توركیایە.

ئینگلیزەكانو هاوپەیمانانیشیانو نۆئێل -یش دەركەوتووە ویستویانە كوردەكان دامركێننەوە تا شەڕنەكەنو ئاژاوە نەنێنەوە چاوەڕێبكەن تا وەزعی توركەكان بەتەواوی دەرئەكەوێت و كوردەكانیان بەتەما كردبوو ئەگەر بەدڵی ئەوان كۆتایی هات ئەوا تورك ناچار بێ سێ بەندەكەی سێڤر بەجێ بهێنێتو كورد شتێكی دەستبكەوێت. بەڵام لەشەڕی یوناندا مستەفا كەمال سەركەوتو ئینگلیز ناچار دەستیان خستە دەستیەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیانو مافی كوردیان پێشێلكرد بە هەموان و هەموو شتێكیان گۆڕییەوە

(*) زابتێكی كورد لە توركیا گێڕاوێتیەوە پاش شەڕكردنی كوردەكان بۆ تورك،هەموو ئەو زابتە كوردانەی شەڕیان بۆ كردون دواتر زیندە بەچاڵیان كردون .

به واز لێهێنانی تورك له موسڵ كه نەوتی تیدابوو ئەو نەوتەی كەهەردوولا چاویان تێ بڕیبوو .

سلێمانی پاش شكانی شێخ مەحمود

سۆن به ئەنجامی خۆی گەیشت و ئەو پرۆگرامەی كۆلۆنێل وێڵسنی حاكمی گشتی عیراق پێی سپاردبوو دوای خوێن رژاندنێكی زۆر له هەردوولا (ئینگلیزو كورد) جێ بەجێی كرد. سۆن بوو به حاكمی بێ شەریكی هەرێمی سلێمانیو ئینگلیزەكان گەڕانەوە سلێمانی. سۆن دوژمنی تورك بوو بەڵام رێی به كورد نەئەدا كه بۆ كوردستان تێبكۆشن. هەرچەند شێخ مەحمود نێردرا بۆ هیندستان بەڵام بەوە نەتەوەی كورد بۆ دوا رۆژی كوردستان دەستی له تێكۆشانو تەقەلا هەڵنەگرت .

رەفیق لەیاداشتەكانیدا باسی حوكمی فەرامۆشكراوی ئینگلیزەكان به تایبەتی مێجەرسۆن دەكاتو هەڵگیرسانی شۆڕش له عەمادیەو عەقرە .

بێل ئەچێت بۆ لای فارس ئاغای زێباری، بەرزانیەكان كه نارێك بوون لەگەڵ زێباری دا لەمە دەكەونە گومانەوە بۆیە له رێگە بێلو معاونەكەی دەكوژرێن و٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ له هەموو لایەكی كوردستانەوە دەنگی نارەزایی دژی ئینگلیز بەرز دەبێت. هەرێمی سلێمانی-ش له ئیدارەی ئینگلیز بێزار بوو، سۆن له ڕووی فیزو غرورەوە ئیدارەی له دەست دەرچووبوو بۆیە وا دیاربوو كه ئەو هەرێمە دیسان شۆڕشێكی تری تیا سەرهەڵدەدات.

سۆن یەكەم كەس بووە فەرمانیداوە له سلێمانی به كوردیی رۆژنامە دەربچێت كه ئەویش رۆژنامەی (پێشكەوتن) بوو كه بەزمانی كوردیی بوو بۆیە له سلێمانیدا دەخوێندرایەوە تیاشیدا دەنووسرا هەروەها به هاندانی سۆن هەندێ نووسەر كەوتبوونە نووسینی كوردیی پەتیو پاداشتی دانابوو بۆ ئەوانەی به كوردیی پەتی دەیاننوسی بۆیە ئەوانەی له (پێشكەوتن)دا دەیاننوسی پێیان دەوترا بۆ پارەو پاداشت لەسۆن چوونەتە پێشەوەو كاریانكردووەو نووسیویانە،پێیان وابووە ئەم پرۆژەیە لەپێناوی كوردا نەبووە هێندەی دژی توركو توركخوازەكان بووە. بەمەش دوژمنی زیاتریان بۆ سۆن پەیدا دەكرد،لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا سۆن بوو به هۆی فیتنەو ئاژاوە له

کوردستانداو بووبە هۆی بیرکردنەوە لە دامەزراندنی مەجلیسێك بۆ ئیدارەی هەرێمی سلێمانی.

مەجلیسی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی

کاتێ سیاسەتی ئینگلیز بە تایبەتی سیاسەتی سۆن لە سلێمانی بووە مایەی ئاژاوەنانەوە بۆیە لەوهەرێمەدا بیر لەوەکرایەوە ئەنجومەنێك (مجلسێك) دابنێن بۆ ئیدارەی هەرێمی سلێمانی،تا یارمەتیدەری حاکمی سیاسی بێت بەسەرۆکایەتی حاکمێك و١٢ ئەندام، ئەوەبوولە (١٩٢١-١٩٢٢) لە سلێمانی دامەزرا.

رەفیق حیلمی دەربارەی ئەمە دەڵێ [*]"ئەهالی سلێمانی چەند کەسێکیان هەڵبژاردووە بە مەزبەتەی جیا جیاو داویانە بە حاکمی سیاسی، گوایە ناوی رەفیق حیلمیشی تیدابووەو دەنگەکانی بۆ ئەو دراون لە ئەوانی دیکە زیاتر بووە بەڵام پێش دەرکەوتنی ئەنجام (جەمال عیرفان) کەخۆیشی یەکێك لەوانە بووە یەك دووجار چۆتەلای و پێی وتووە لە زمانی حاکمی سیاسییەوە داوای لێ ئەکات خۆی بکێشێتەوەو مەزبەتەکە وەرگرێتەوە. بەناوی خۆیشییەوە ویستویەتی رەفیق حیلمی تێبگەیەنێت کە لە گەڵ ئینگلیزدا هەڵناکاتو خزمەتی وڵاتی پێ ناکرێت. دوایی کاپتن هۆڵت دەنێرێت بە شوێن باوکمداو بە تکایەکی تێکەڵ بە هەڕەشە دەیەوێت پەشیمانی بکاتەوە بە بیانووی ئەوەوەی کە لە ڕێی تەدریسەوە خزمەتێکی باشتردەکاتو داوای لێکردووە کە مەزبەتەکە وەرگرێتەوە بەڵام ئەم قسانە هەر کەڵکیان نەبووە دوایی نامەیەکی رەسمیی بە مۆری کاپتن هۆڵت-ەوە وەردەگرێت کە تیایدا نووسراوە (لەبەر ئەوەی لەوەدا شك نییە کە لە رێگەی وانە وتنەوەوە بە لاوانو قوتابیانی وڵات خزمەتتان پێ خۆشەو بە خزمەتێکی تری ناگۆڕنەوە ئەو مەزبەتەیە کە ئێوەی پێ هەڵبژێردراون بۆ ئەندامی مەجلیسی ئیدارە بەکارمان نەهێناو پووچەڵمان کردەوە) لەم کاتەشدا کۆمەڵەی نهێنی دامەزراوەو چەند هەوڵیانداوە یەکێك هەڵوەشێننەوە یەکێکی تر جێی گرتۆتەوە. ئۆزدەمیر چۆتە رواندز تا عەشایەر لە ئینگلیز هەڵبگێڕێتەوە . [*]

---

[*]ل٣٢ یاداشتی دوو بەشی یەك.

[*] ل ٣٤ یاداشت- بەرگی دوو بەشی یەکەم .

حوزەیرانی ١٩٢٢ ئۆزدەمیر لەگەڵ عەلی شەفیق دەچێتە رواندز تا عەشایەر لە ئینگلیز هەڵبگێڕێتەوەو ببنە تورکخواز و پارەی زۆر دەبەشێتەوەو بەکرێ چەتەی کورد دەکات بە عەسکەر. ئەگەرچی زابتو نەفەری تورکی لەگەڵ دەبێت .بە درێژی ئەم باسە لە یاداشتی-بەرگی دوو بەشی یەك دا بخوێننەوە.

لاوان کۆمەڵەیان دامەزراندووەو کەوتوونەتە وێزەی ئینگلیز. جاسوسەکان لە نیشتمانپەروەرەکان بەداخ بوون، لەلایەك ئینگلیزو لەلایەك ئۆزدەمیر ئاسایشی تێکچووە،لەبەرئەوەی مەحمود خان دووبارە سەر بەرزدەکاتەوەو بەهۆی درێژەی هەڵسانی عەقرە و عمادیەو گەلی مەزورگەو سوارە تووکەوبەهۆی کوژرانی چەند زابتێکی ئینگلیز ەوە.

پاش بەربوونی لە بەندیخانە

بە یارمەتی (ئەحمەد ئاغا کەرکووکی زادە)ی خزمیەوە لە قەیسەریی نەقیب دوکانی عەتاریی داناوەو خەریکی کاسبی بووە.لەگەڵ ماجید مستەفای هاوڕێی مەکتەبی و تۆفیق وەهبی کەهەردووکیان تازە لە ئەستەمبووڵ هاتبوونەوە شەوانە لە ماڵی تۆفیق وەهبی کۆدەبوونەوە چونکە ئەم ماڵو ژنی نەبوو لە خانووی رەشید مەستی خاڵیدا بوو.

ئەمان گومانیان کردووە سلێمان خان جوولەکە بێت وەك ئەحمەدی عەزیزئاغا وتویەتی ، پاشان زانیویانە ڕاستە جوولەکەیەوئەم سلێمانە دواتر چۆتە لایانو رەفیق حیلمی دەڵێ لەم سلێمان-ەوە فێری قسەکردن بووین بە فارسی و زۆرتر لە من نزیك دەبوەوە هەرچەند لێی بە شك بووم .

کینەی مێجەرسۆن لە کورد:

هەمیشە لە پڕ خەفیە چۆتە سەر ئەو لاوە کوردانەو ئەوان بەسەرخۆشی شتیان وتووە، مێجەرسۆن لێیان خۆشبووە. خەفیەکان زیاتر لە ماجید مستەفاو رەفیق حیلمی و مەحمود جەودەت بەکین بوون. رەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا دەڵێ سۆن ویستویەتی عاقڵمان بکاتو بۆ هەل گەڕاوە، یەك دووجار چوونەتە پۆلیسخانە بەلام "تێیان هەڵنەداین" دەیانزانی لەناو خەڵکا خۆشەویستبووین.

باوکم شەوو ڕۆژ لەگەڵ ماجید مستەفا بووە خۆیان لە سۆن دووره پەرێز گرتووە، کە بینیویانە لە دوورەوە خۆیان لاداوە لێی . نەیانویستووە کرنووشی بۆ ببەن و ترساون کەتنێکیان پێ بکات. ڕۆژێك لوتیان بووبە لووتیەوە، گەڕۆکەکەی وەستاوەو ئەمانیش سلاویان لێ نەکردووە .سۆن لە پیاوەکەی خوڕیووە وتویە:" ئەوانە بانگکە "ئەویش بانگی کردوون. باوکم ویستویەتی بچێتە پێشەوە ماجید نەیهێشتووە، چونکە ترساوە لەوەی هەڵبچێت. سۆن پرسیویەتی بۆ سلاوتان لێ نەکردم؟ ماجید لە وەلامدا وتویەتی بۆ چی بیکەین؟ سۆن وتویەتی: من ناناسن؟ ماجید وەلامی داوەتەوە بەلێ دەتناسین.سۆن وتوویەتی کەوابوو چۆن سلاو ناکەن؟ ئەویش لەوەلامدا وتوویەتی هەر کاتێك هاتین بۆ کارێك یا عەریزەماندا بۆ وەزیفەیەك بۆمان مەکە و گەڕاوەتەوە بۆلای ڕەفیق حیلمیو ڕۆیشتوون. ماجید لەو دەورەدا لاوێکی خوێن گەرمو هەڵەشە بووە. لەو نیشتمان پەروەرانەبوو کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران.

ڕەفیق حیلمیو ماجید لەژێر چاودێریی دا

مستەفای حاجی برایم ئاغا مفەوەزو قۆمیسەر دەبێت، لە چایخانەی مەجۆلی خانە سنەیی بە باوکم دەلێ ئاگاداری دەمیانبن چونکە خەفیە(جاسوس) دانراوە بۆ چاودێری کردنیان. ماجیدو مەحمود دەخرێنە بەندیخانەوە کاتێ عەونی حاجی گوروون دەبێتە مودیری پۆلیس. ئەمیش کە زانیویەتی خەریکی گرتنی کەسێکن هەوالی بۆ ناردوون تا خۆیان دەرباز بکەن،لەوکاتەدا تۆفیق وەهبی چۆتە بەغداو بووە بەزابت لەوێ .

ئیتر باوکم، ئەحمەد ئاغای خزمی دەنێرێتە دوکان بۆ لای گوایە عەونی خەبەری داوەتێ کە نۆرەی هاتووە بیگرن. وا ئەحمەد ئاغا ولاخی ئامادەیە پاش نانخواردن دەچن بۆ بەغدا .

بەرەو بەغدا:

ڕەفیق حیلمیو ئەحمەد ئاغاو ئەحمەدی سەعەی فەتاح بە سواری ولاخ بە ڕێی سەگرمەدا بەرەو بەغدا دەڕۆن. پاش سەعاتێك سەرخەوشکاندن نیوەشەو ڕێگا

دەگرنەبەرو بەیانی لە بێستانی گوێ چەمی شاخی ئیمام شاسوار، شووتی دەخۆن‌و دەچنە کفری لەوێ ولاخەکان لە ماڵی کاروانچی ئاشنای ئەحمەد ئاغا بەجێ دەهێڵن‌و بە شەمەندۆفێر دەچن بۆ بەغدا .

رەفیق حیلمی زۆر بە دوورو درێژی باسی ئەو سەردەمە دەکات بۆ درێژەی ئەو باسانە بڕواننە یاداشتی بەرگی دوو بەشی یەك‌و بەرگی دوو بەشی دوو .

باسی پاش جەنگی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ و دابەشکردنی ولاتان‌و ئینتیداب دەکات‌و باس لەوەشدەکات عیراق چۆن بوو بە موڵکی ئینگلیزو عوصبەتولئومەم چۆن دامەزراوباسی ١٤ بەندی ویلسن‌و موئتەمەری ئاشتی‌و شۆڕشەکانی کوردو عەرەبی عیراق ١٩١٩-١٩٢٢ و شۆڕشی گەورەی عەرەبی عیراق ١٩٢٠ و موجتەهیدەکانی شیعەو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان دەکات [*] ئینجا دەڵێ حوزەیرانی ١٩٢٠ نوێنەری کۆمەڵەی (حەرەسی ئیستیقلال)و ئەلعەهد لە ماڵی (حەمدی پاشای بابان) لەحەیدەرخانە کۆبوونەوە .

دیسان حوزەیرانی ١٩٢٠ کاتبی ئەوقافی بەغدا ناوی عیسا عەبدولقادر [*]بووە لە مزگەوتی حەیدەرخانە شیعرێکی خوێندۆتەوە شیعرێکی نیشتمانی ئێجگار بەهێز بووە،هەموو خەڵکەکەی هێناوەتە خرۆش‌و هاوار کردن بڕوخێ ئیستیعمار و هەریەکە بووە بە عیسایەك ئەمە لە وەزیفە دەرکراوەو خراوەتە بەندیخانەوەو بۆتە نیشتمانپەروەرێکی ناودار ئیتر نیشتمانپەروەریی بۆتە پیشەی گەلێك لە لاوەکان‌و ئینگلیز بێ دەنگ وەستاون تا عەشایەر کەوتوونەتە شۆڕش ئینجا لەپڕ داویانە بەسەر ماڵی ئەندامانی ئەوکۆمەڵانەداو گرتن‌و رەوانە کردنیان بۆ هەنجام باوکم چەند وێنەیەکی تر پیشاندەدا باسی وروژانی خەڵکی بەغداو کۆبوونەوەی کۆمەڵەکان لە مزگەوتەکاندا دەکات بەناوی مەولودەوەو باسی وتارو شیعری (مەهدی ئەلبەصیر) لە مزگەوتی حەیدەرخانە دەکات‌و دەڵێ جۆرە پەخشانێکە پیاو دەتوێنێتەوە(*) ئینجا دێتە سەر باسی خۆی چۆن فرمێسك بەچاویدا هاتۆتە خوارێ، بەسەرو سنگیدا رێچکەی

(١*) ل ٦٠-٦٩ یاداشت- بەرگی دوو بەشی یەك هەروەها.

(٢*) ل ٤١ یاداشت بەرگی دوو بەشی یەك بڕوانە وەسفی رەفیق حیلمی بۆ باسی خرۆشانی خەڵك بەو خوتبەو شیعرە.

بەستووەو هەموو گیانی هاتۆتە لەرزین، چۆن ئەو خەڵکە لەناو مزگەوتو لە دەرەوەیدا کەوتونە هاوار و دروشم لێدان(*).

چونی بۆ ماڵی کۆنە قایمقامو خرۆشانی بەغدا :

باوکم لە گەڵ هەندێك هاوڕێی وەك کەریمی برای ئەحمەد ئاغا کەرکووکیو هەندێك لەلاوان دەچن بۆ ماڵی مستەفا بەگ،ئاشکرایە کە چوون بۆ کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی کۆمەڵە عەرەبییەکاندا. هەر چاوەڕێیانکردووە مستەفا بەگ بچێتەوە ماڵێ لەوێ نەبووە هەر سوودی نابێت لەپڕ گوێیان لە دەنگێك دەبێت هەموو ڕاست دەبنەوە ئەو وا دەزانێت مستەفا بەگ هاتۆتەوە سەیری کردووە هەموو بەرەو کۆڵان ڕایانکردووە ئەویش بە دوایاندا ڕۆیشتووە. سەیری کردووە شەقامەکانی شار خرۆشاوەو تەقو هوڕو ترسو هەرا دەستی پێ کردووە. ئینگلیز ئەو ڕۆژە دەدات بەسەر ماڵی ئەندامانی کۆمەڵەکاندا لەبەغدا ودەستدەکات بەزیندانی کردنو ڕۆژنامە داخستنو هتد (*)ڕۆژنامەی (ئیستیقلال) دادەخرێت ڕوئەسای تەحریری عەبدولغەفور بەدریو قاسم علوی دەخرێنە بەندیخانەوە.سەبارەت بەمە ڕەفیق حیلمی دەڵێ " بەوە ئەو دەنگە دلێرە تاقانە نیشتمانپەروەرەی شۆڕشی ١٩٢٠ کپکرا -خنکێنرا" لەگەڵ ئەوەشدا باسی عیراق بەگشتی دەکات و هەستانی عەشایەر لە هەرێمی فوراتو دیالەو کفری بە چەکەوە بۆ سەر شارەکان و لەشکری ئینگلیزو هتد ...

(*) بڕوانە درێژەی ئەو باسە هەمان سەرچاوە. بڕوانە باسی (قاسم علوی) ئەمە هاوڕێ عەرەبەکەی پۆلی بووە لە عەسکەریەی بەغدا .

رەفیق حیلمی و حەمدی بەگی بابان و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد: (*)

"١٩٢٠ کاتیٰ کوردستان و عیراق قوڵپیان دەدا ئینگلیز بەتەمابوو حەمدی بەگی بابان بخاتە جێی شێخ مەحمود، کە ئەوکاتە دوورخرابووەوە بۆ هیندستان. حوکمی قەرەقوشیانەی مێجەرسۆن و مەسەلەی کورد هەر نەبڕایەوە، ئاگری شۆڕشی لە گشت کوردستان و لە عیراق هەڵگیرساندو سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە تورکیا ئینگلیزی نابووتکرد" ئەمانە دیسان کەوتنەوە سەر بیری دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کورد سەی تەها نەهاتبوو بە دەنگیانەوە چەند مەرجێکی بۆدانابوون تا قایلبێ بە دڵیان نەبووە " گەڕان بۆ یەکێك لە قەومەکەی زیاتر بۆ خۆی بکات. کە چاوی لە زیندوو کردنەوەی خانەوادەی بێ بە یارمەتی بێگانە، بۆیە حەمدی بەگی بابان بە باشترین کەس دادەنێن"

پەیوەندیی بە حەمدی بەگی بابانەوە

باوکم دەڵێ" لەم دەورەدا لە بەغدا بووم(*) هەر ناوی حەمدی بەگم بیستبوو" ئەمە خۆی لەو کوردانە نزیك خستۆتەوە کە لە سیاسەتی کوردایەتیدا دەستیان هەبوو لەوانە تۆفیق وەهبی، عیزەتی تۆپچی، ئەوڕەحمان سەعیدو سەید ئەحمەدی بەرزنجی کەکاتمی ئەسرارو ئەمینداری شێخ بووهەروەها ئەندامی چوونەلای (شەریف پاشا) بوو، مانگانەشی بۆ هەندێك لەوانە بڕیبۆوە ،ئینگلیزەکان لێی نزیك بوونەوەو سەودای حوکمدارییان خستە سەریەوە.

حەمدی بەگ خۆشەویستی بەرزنجی بووەو چەندجار لای رەفیق حیلمی باس وستایشی کردووە. باوکم دەڵێ لە پێشدا دڵی نەداوەتێ دوایی تێگەیشتووە دەیەوێت لە حەمدی بەگی نزیك بخاتەوە. چەندجار بەساردیی وەڵامی داوەتەوەو نەیویستووە بچێتە لای بەڵام کە چووە بە ئینسانێکی بەرزو بەنرخ هاتۆتە بەرچاوی بۆیە پێی خۆش بووە بیناسێت. رەفیق حیلمی بە دوورو درێژی باس و وەسفی ئەم ئەمیرە دەکات لە یاداشتی

(*) یاداشتی دوو بەشی یەك و دوو.

(*) ل ٩٠

بەرگی دوو بەشی یەك ل ٩١ دا و لە وەسفیدا دەڵێ: تەقالیدی ئۆروستوکراتی بووە، ڕووخۆش، میوان پەرست، قسە خۆش، ڕاستی، دڵ ناسکی، تۆرینۆکیو کەمێك توندی ... لە مۆلکییەی شاهانەی ئەستەمبووڵ دەرچووە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا نموونەیی بووە شارەزای ئینگلیزیو فەرەنسی بووە کەچی لەگەڵ ڕەفیق حیلمیو هاوڕێکانیدایە بەتورکی قسەی کردووە و کوردیی نەزانیوە بەڵام کەمێك تێگەیشتووە.

دوای چەندجارێك بینین ئاشنایەتی لەگەڵ باوکمدا پێشکەوتووە جارجار لە ئوتێل ڕۆیاڵ لە بەغدا دەعوەتی بۆ کردووە لە نزیك سوق الصفافیر. جێگەی سینەمای هاوینیی قاهیرە وتویەتی باسی سیاسەتی کوردستانی کردووە ویستویەتی بەهۆی باوکمەوە هەواڵی هەرێمی سلێمانیو کوردەواریی تێبگات ئەمیش بۆیگێڕاوەتەوە کە جارجار هاتوو چۆی لە گەڵ ئینگلیزەکانو مەندوبی سامیدا هەبووەو نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە. متمانەی بە ڕەفیق حیلمی هەبووە و جارجار لەو نامانەی بۆ خوێندۆتەوەو تێگەیشتووە کە خەریك بوون لە کوردستاندا دەورێکی پێ هەڵسوڕێنن بەڵام چۆن؟ دیار نەبووە چونکە جارێ لە ژێر چاودێریی سیاسیدا بووە. باوکم لەم ماوەیەدا ویستویەتی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی(*) چونکە ڕێگەی بەغدا کەرکووك کراوەتەوەو پارەشی پێ نەماوە بە کومپیالە هەزار ڕوپیەی لە ئەحمەد ئاغا کەرکووکی وەرگرتووە بۆ شتومەکی عەتاریی بۆ دوکانەکەی سلێمانی. بۆ ماڵئاوایی چۆتە لای حەمدی بەگ لە ڕۆیال زیافەتی کردووەو وتویەتی دیارە دۆستایەتی بەدڵ بووە. بە تەما بووە ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد بە هێزی عەسکەریەوە دروست بکرێت. بۆیە ویستویەتی لە نیشمانپەروەرەکانی کورد نزیك ببێتەوە.

ویستویەتی کۆمەڵەیەك دابمەزرێنن لە ناو هەمووانیدا ڕەفیق حیلمی هەڵبژاردووەو هیوای بەوبووە کە چۆتە سلێمانی واتە بە پرسو ڕای ئەو بچێت بەڕێوە،باوکم هیوای بەوە نەماوە ئینگلیز ڕاستی لەگەڵ بکەنو بەتەما نەبووە سەربەخۆیی بەکورد بدەن، بەڵام دەڵێ "دیسان هەر قسەم دا کە تێبکۆشم بۆ ئەم مەبەستەو کۆمەڵەیەك دابمەزرێنم(*)" لە

(*) ل٩١- یاداشتی دوو بەشی یەك

(*) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ل ٩٤و٩٥ یاداشتی دوو بەشی دوو

کۆتایدا ئەو ویستویەتی پارەی بداتێ بەڵام باوکم قایل نەبووە ئینجا قەڵەمێکی پێ بەخشیووە بەجێی هێشتووە.

دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد

پێش دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە ڕای باوکم سەبارەت بە هەڵبژاردنی (حەمدی بەگی بابان) بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردیی لەسەرەوە وتویەتی مستەفا کەمال سەرکەوتووە. خەلیفە هیچی بەدەستەوە نەماوە بۆیە پەیمانی سیڤری مۆرکردووە. تورک وازی لە موسڵ نەهێناوە ئینگلیز لەبەر نەوتی موسڵ ویستویەتی بەهۆی مەسەلەی کوردەوە ساغی بکاتەوە تورک واز لە موسڵ بێنێت ئەمانیش واز لە حوکمی سەربەخۆیی کورد بێنن. بۆیە ویستویانە حوکمی کوردستان زیندووبکەنەوەو حەمدی بەگ لە جێی شێخ دابنێن. هەروەها چونکە ئینگلیز پاش جەنگی یەکەم زۆر ماندوو بووەو ترساوە کورد دیسانو عەرەبیش شۆڕشی گەورە هەڵگیرسێنن. بۆیە بە سێ مەبەست ویستویانە مەسەلەی کوردستان زیندوو بکەنەوە:

-دوور خستنەوەی کورد لە شۆڕش .

- دەرکردنی ئۆزدەمیرو تورکەکان لە ڕواندز بەهۆی کوردەوە .

- بڕینەوەی مەسەلەی موسڵ.

کوردەکانیش لەو حاڵەتەی تێیدابوون بەرەو دوو ئەنجام ڕۆیشتوون:-

یەکەم-بوونە یەك لەگەڵ ئۆزدەمیرو تورکەکان .

دووەم- شۆڕشێکی گشتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان . ئەمانە بێگومان پێچەوانەی مەبەستی ئینگلیز بووە بۆیە دامەزراندنی حکومەتێك بۆ کورد بەرپەرچدەداتەوە. ڕەفیق حیلمی دەڵێ ئەگەر بەرنامەیەك کە بۆ ئەم کارە دانرابوو سەری بگرتایەو کوردستان بهاتایەوە ناو سیاسەتی ئەو ڕۆژەی ئینگلیز هەنگاوێکی بۆ پێشەوە دەهاویشتو ئیمڕۆ ڕۆڵی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەندا بەجۆرێکی تر ئەبوو ".(*)

ئینجاباسی ئەم حەمدی بەگی بابانە دەکاتو بەراوردی دەکات بە شێخ مەحمود کە بۆچی هێندە بڕوای نەبووە ئەم کارە سەربگرێتو حەمدی بەگ بتوانێت حکومەتێکی

(*) یاداشت دوو بەرگی یەك ل ٩٧

کوردیی لەو سەردەمەدا بەرێت بەڕێوە، لە کاتێکدا تەنانەت هەر سلێمانیشی نەبینیوە وکوردیی نەزانیوەو لەناو کوردا نەناسراوەو حاڵو ئەحواڵی وڵاتەکەو خزم وکەسی نەزانیوە. بەڵام دیسان هەر هیوای نەبڕیوەو لەسەر ئەو پەیمانە کە داوێتی بە حەمدی بەگ کە دەگەڕێتەوە سلێمانی یەکسەر هەوڵدەدات لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە کە "بە هیوای خزمەتی میللەتی کوردو مەسەلەی کورد." دەشڵێت دەمزانی ئەم کارە ئاسان نییە، لەوانەیە لە ڕەنجێکی بێسوود زیاتر ئەنجامێك نەبەخشێت ،سیاسەتی ئینگلیز وابوو ئیتر ئاوڕ لە شێخ نەدەنەوە "بۆیە ویستمان خۆشەویستی شێخ نەکەین بە بەرهەڵستی خزمەتی مەسەلەی کورد و لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکانی کەوتینە کار "(*)

لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵە هاتە چووە ناو زۆربەی لاوە نیشتمانپەروەرەکانو ئاغا، ئەفەنی، بازرگانی بابان، کاسب وهەورامانو جافو پشدەرو هەمەوەندو جەباریی هاتنە ناو کۆمەڵەکەوە. ڕۆڵی ماجید لەمەدا جێی نکوڵی لێکردن نەبوو لە پەرەپێدانی کۆمەڵەو هاتنی شێخانو سەیدەکانی بەرزنجەو قەرەداغو سەنگاوو سەرگەڵوو عەسکەرو سەرۆك عەشیرەتەکانی هەمەوەندو جافو پشدەرو هەورامانو جەباریی، ماجید مستەفاو مەحمود جەودەتو سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن بەشێکی گەورەو ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو، ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی سیاسی نەبوو هێشتا تەشکیلاتی ڕێكوپێکی بەڕێو شوێنی تیانەکرابوو چونکە لە پێشدا ئەم مەبستانەیان هەبوو:

١-بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتیو گیانی نیشتمانیی لە ناو ئەندامە یەکگرتووەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا. بەڵام بۆ ئیدارەی کۆمەڵەو ڕێپیشاندان بە ئەندامەکان دەستەیەك لە لاوە چالاكو نیشتمانپەروەرەکان پێکهاتن و ژمارەیان ٧ کەس بوو ئەمانە بێوچان کاریاندەکرد .

٢-بیرکردنەوە لە ڕێکخستنی تەشکیلاتێکی تایبەتیو دامەزراندنی لق لە هەموو هەرێمێکدا کە چەند سەرەك عەشیرەتێکی لە کۆمەڵەکەیدایە یا بەشێکی زۆری خەڵکەکەی.

٣-مەسەلەی سەرۆکی کۆمەڵە، بە پێی کردەوەو تەقەلاکانی بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەڵێ: زۆربەی هاوڕێکانم لەو باوەڕەدابوون من سەرۆکی بم یان پێویستە ببم

(*) یاداشت دوو بەرگی یەك ل ١٠٠

بە سەرۆك مـن تێمگەیانـدن کـە بیرم لەمـە نەکردۆتـەوە وتم ئـەبێ لـە لاوە سـەرۆکێك هەڵبژێرین کە نەبێتە هۆی چەندوچوون و تێکچوون لەناو خۆماندا دوای بیرکردنەوەی زۆر هەوڵمدا بیری هاورێکانم لەسەر ناوی حەمدی بەگ بابان بوەستێنم. لەمەدا تووشی ئـەرکێکی زۆریـش بـووم ماجید دۆسـت و هـاورێی پـۆلی مەکتـەبم لـە ئەندامـە خـوێن گەرمەکانی کۆمەڵەبوو بە درێژایی وەخت لە هەموو کردەوەکانما لەگەڵم بوو" .

ماجید مەحمود جەودەت، ئەورەحمان سەعید لە بەندیخانە بوون کە باوکم چووە بۆ بەغدا وکە ئەم گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ئەوان هاتونەتە دەرێ لە بەندیخانە، باوکم دەڵـێ "لـە دامەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـەدا زۆر بـە گـەرمیی یارمەتیانـدام و لـە پەرەسـەندنیدا دەستێکی باڵایان هەبوو" ماجید کە لە ئەستەمبووڵەوە بە (نافرەد)ی نێراوە (ئەیاستە فانووس) رەفیق حیلمی لە ئەستەمبووڵ بووە. بۆیە ئەو وێنەیەی منداڵیی کە لەوێوە ناردویەتی بۆ رەفیق حیلمی لە ل ١٠٤ی یاداشتی دوو بەشی یەکەمدا بڵاویکردۆتەوە.

بڕیاریانداوە جارێکی تریش لە ماڵی عەزمی بەگی بابان کۆببنەوەو لە دانانی(سەرۆك) بۆ کۆمەڵـەو لەحەمـدی بـەگ بـدوێن. بۆ رۆژی دوایـی لـەوێ لەگـەڵ ئەنـدامان کـە جێـی متمانـەبوون نامـەیان نـاردووە بـۆ حەمـدی بـەگ تـا سـەرۆکایەتی قبـووڵ بکـات و داوا لـە نوێنـەری بـەریتانیا لـە بەغـدا بکـات کـە سیاسـەتی بـەریتانیا لـە عـیراق بـە تایبـەتی لـە کوردســتانا بەســتراوە بــە ئاوڕدانــەوەیان لــە کــوردو بــە دامەزرانــدنی حکومــەتی کوردستانەوە. ئەگەر وابکات کۆمەڵە پەیمانی لەگەڵ دەبەستێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات "ئەگەر ئینگلیز بێ دەنگ بێت، کورد شۆڕشی دووەمی دەست پێ دەکات" [*]

چونی حەمدی بەگ بۆ سلێمانی :

حەمدی بەگ بەناوی هەموانەوە دەچێت بۆ سلێمانی بەڵام بڕواننە درێژەی ئەم باسە لـەم یاداشـتەدا. چـۆن هـەروەك نەیانناسـێ و ئاگـای لـە کۆمەڵـە نـەبێت بـە هـیچ جۆرێـك ماوەشی نەداونـەتێ بەلایدا بچن وقسـەی لەگەڵـدا بکـەن.هەروەها چـۆن رەفیـق حیلمـی و کۆمەڵـە سـەریان سـوڕماوەو بـە پـەرۆش بـوون و ئـەو هـەموو رەنـج و تەقەلایـەیان بـەفیڕۆ

---

[*] ل ١٠٩–١١٠ یاداشتی دوو بەرگی دوو .

ڕۆیشتووەو کۆمەڵە ئیتر لەکار کەوتووەو حەمدی بەگ بە شێوەیەکی ناخۆش لە بەغداش ڕۆیشتووە.

بەکورتی کە چوّتە سلێمانی کۆمەڵەی ئاگادار نەکردووەو وەڵامی نامەکەیانی نەداوەتەوە، ئینگلیز بەرنامەیان بۆ داناوە. نەچوّتە ماڵی عەزمی بەگی خزمی. مێجەرسۆن کردویەتی بە میوانی ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، کە نزیکترین متمانە پێکراوی سۆنی حاکمی شاری سلێمانی بووەو لە ژێر چاودێری ئەودا دایناوە هەرچی چوّتە لای هەر چاك‌و چۆنی ڕەسمیی لەگەڵدا کردووە. ڕەفیق حیلمی دەڵێ" ئەم حاڵە جێگەی داخی من‌و هاوڕێکانم بوو" لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ یەك دوو کەس سەری لێداوە. بەڕموزو ئیشارەت ویستویەتی تێیانبگەیەنێت کە دەستبەسەرە. کەوتۆتە داوەوەو تێدەگەن کە سۆن لە پێشەوە دەستی خۆی وەشاندووە، حەمدی بەگ لە ترسی خەفیەکانی نەیوێراوە نزیکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی بکەوێت. دەرکەوتووە کە سۆن لای مەندوبی سامی دانی خێری پیانەناوە و حەمدی بەگ هەردوو لای لەکیس چووە بۆیە گەڕاوەتەوە بەغدا وئیتر لە لایەن کوردستانەوە باسی لەگەڵ نەکراوە .

باوکم کە دەچێتەوە بەغدا دەزانێت هۆکاری ساردیی نێوان حەمدی بەگ‌و ئینگلیز دیسان تورك بووە. ئۆزدەمیر نامەی ناردووە بۆ حەمدی بەگ هەڵی خەڵەتاندووە گوایە موسڵ هەر دەدرێت بە تورك و ئینگلیز کورد دەدەن بە دەستەوەو جوان نییە بۆ ئەو دوای ئینگلیز بکەوێ، حەمدی بەگ وەڵامی داوەتەوە کە تورکی خۆشی ئەوێت‌و باسی برایەتی کوردو تورکی کردووە ئینگلیز ئەم نامەیەیان بەر دەست کەوتووەو وازیان لە حەمدی بەگ هێناوە.. بەمشێوەیە ئەو هەموو ڕەنجەی ڕەفیق حیلمی‌و خەباتی شەوو ڕۆژی کە ژیانی لە خۆی‌و ژن‌و ماڵی تاڵکردووەو هەڵپەی کردووە دەست بە پووشێکەوە بگرێت تا گەل‌و نیشتمانەکەی بگات بەمافێك کەچی بە دەسیسەی تورك هەمووی با بردوویەتی. هەرچۆن وەك چی کردووە بۆ دامەزران‌و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی کوردستان‌و (جەمعیەتی کوردستان)و ڕۆژنامەکەی‌و چۆن مستەفا پاشای یامولکی دامەزرێنەریان پێشلێکردوون‌و ڕەنجی ڕەفیق حیلمی‌و لاوە نیشتمانپەروەرەکانی هاوڕێی داوە بە بادا .

چونی بۆ کەرکوک لەساڵی ۱۹۲۱دا:

پاش ڕۆیشتنەوەی حەمدی بەگ کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان کە پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر کەوتۆتە وێستگەیەکی گرنگەوەو دەستەی منەوەران واتە نیشتمانپەروەران لەم ناوەداو بێ قەراری سیاسەتی ئینگلیز لە چاوەڕوانی زیاتر هیچیان پێ نەماوە. ئۆزدەمیر بەناوی برایەتی و ئاین و سەرکەوتنی کەمالییەکان بەسەر یۆناندا (۱۹۲۲)و ڕۆیشتنی سۆن لە سلێمانی.. و هێزی ئۆزدەمیر بە یارمەتی پشدەری و هەمەوەندی هەڵخەڵەتاو دەگاتە نزیك سلێمانی شەڕی کوردو ئینگلیز لە ڕانیە دەست پێدەکات ئیتر ڕەفیق حیلمی و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی سەربەخۆیی چەند هەوڵدەدەن، چونکە بیریان لە دانانی سەرۆکێك نەکردۆتەوە لە خۆیان بە ڕۆیشتنی حەمدی بەگ و لەو بارودۆخەدا وردە وردە دەپوکێتەوە. دوای ئەمە باوکم دەچێت بۆ کەرکووك بۆ لای مامەکانی و نزیکەی (٥) مانگ لەوێ دەمێنێتەوە (۱۹۲۱ی مارت – ۱۹۲۱ی ئاب) سەبارەت بەمە دەڵێت "هەرێمی سلێمانی تا ڕواندز بەرەو شۆڕشی گەورە چووە، کە گەڕاوەتەوە سلێمانی ناو شار بە دڵی ئینگلیز بووە، لە دەرەوە عەشایەر وروژاوەو هێزی ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە بەرامبەر بێچووە شێرەکانی کورد لە(۲۳)ی ئۆغستۆسی (۱۹۲۲)دا شپرزە بوون .

هەروەها دەڵێ کە لە کەرکووك چووبوو بۆ سەردانی مامەکانی، لەوێ بیستبووی ئینگلیز زۆر شکست بوون و لە ڕانیە ۲۳ ئاب ۱۹۲۲ لە باشوورو باکوری عیراقدا گڕی شۆڕشی بەرزبۆتەوە. حکومەتی بەریتانیا لەو ساڵەدا لە ئیستگەیەکی گرنگدا وەستاوە. لەبەر سەرئەنجامی جەنگی یەکەم باری ئابووری خەڵکەکەی پەشۆکاوە، بۆیە ویستویانە خۆیان لە شەڕو شۆڕ دوور بخەنەوە. لە قاهیرە کۆنگرە دەگرن بۆ باسکردنی مەسەلەی کوردو عەرەب تا بزانن بیری شۆڕشگێڕەکانی کورد یەکدەگرێ لە گەڵ عەرەبدا یان بۆ کوردیش حکومەتێکی تایبەتی دابنێن. هەستیانکردووە کە بە تەنیا بەچەك و تەقەمەنی ئیدارە ناچێتە سەر.

لەم کۆنگرەیەدا فەیسەڵ کراوە بە مەلیکی عیراق (۲۳ ئاب ۱۹۲۱) کوردەکان دەگیان بۆ نەداوە، لە باشوور شۆڕش بۆ لابردنی ئینتیداب هەڵگیرساوە، (کۆکەس) بە ناوی

نەخۆشیی مەلیکەوە حوکم دەگرێتە دەستو ڕۆژنامەکان دادەخاتو نیشتمانپەروەران دەخاتە زیندانەوە .

شکستی ئینگلیز لە رانیە پێویستیەکی هێنایە ئاراوە کە مەسەلەی کوردستان زوو بەئەنجام بگات. کۆکەس بڕیاردەدا سوپاکەیان لە سلێمانی بکشێنەوە بۆ بەغدا بۆیە نامەیەك بۆ دایکی دەنووسێ کە ئەمە زۆر ئازایانە بە یەك ڕۆژ گەیشتۆتە بەغدا لێرەدا باوکم بۆ نوکتە نوسیویەتی دەڵێ "ففی الهجاء ما جربت نفسی ولکن في الهزیمە کالغزال " [*] ئینجا دەڵێ حکومەتی فەیسەڵ-یش لەوانە نەبوو ڕێ لە شۆڕشی کورد بگرێ، بۆیە سلێمانی بە جارێ بێ حکومەت بووە، ڕواندز کەوتە بەرهەڕەشەی هەڵمەتی ئۆزدەمیر . بۆیە گەورەو ناودارانی سلێمانی لە ئەعدادی زەمانی عوسمانی کۆدەبوونەوە بە ناوی (مەجلیسی میللی) لە ژێر ئاڵای سەرەکی شێخ قادری حەفید برای شێخ مەحمودا بۆ پاراستنی شار لە ئاژاوەو بەڕێوەبردنی ئیشو کاری خەڵكو بەرهەڵستی تورك تا بەیارمەتی عەشایەری کورد نەچنە سلێمانی. لەم بارودۆخەدا کە کۆمەڵەی سەربەخۆیی هەڵدەوەشێتەوە ئەندامەکانی وەك ماجیدو تۆفیق وەهبی دەڕۆن بۆ بەغدا .

بروسکەیەك لە کەرکووکەوە :

لەو کاتەدا کە ئەندامانی کۆمەڵەی سەربەخۆیی بڵاوەیان لێ کردبوو هەر یەکە بەلایەکداو چوبوونەوە سەر وەزیفەی میریی . تۆفیق وەهبی بووبووەوە بەزابت لە سوپای عیراقداو ماجید بانگکراوە بۆ سەرا بەڵام قائیل نەبووە بەو وەزیفەیە، مەحمود جەودەت کراوە بە ئەندازیاری بەلەدیە وازیهێناوە، ڕەفیق حیلمی بروسکەیەکی بۆ هاتووە لە کەرکووکەوەو کەچووە خۆی دەڵێ ئەوەندەی نەمابوو ببم بە وەکیلی ئەحمەد ئاغا [*] دواجار بە کاتب (بەڵام ئەم کارەی نەکردووە، بە جوانی نەزانیوە پێی بڵێن کاتبی یا موحاسیبی فلان).

---

[*] ل ١٢٦ یاداشتی دوو بەرگی دوو .

[*] ئەحمەد ئاغا کەرکووکی کە خزمی ڕەفیق حیلمی بوو گەلێك جار باسی ئەمەوەی کردووە کە یارمەتیداوە یەکەم ملیۆنێری ئەو کاتە بووە ڕەفیق حیلمی زۆر خۆش ویستووە زۆر جار دەستی گرتووە وقەرزی داوەتێ.

باوکم کە لە کەرکووك بووە لەو ڕۆژانەدا لە (شوکری عەبدولواحید)ەوە بروسکەی وەرگرتووە کە تیایدا نووسراوە:" نازری مەعاریف لە کەرکووك تۆی داوا کردووە بەبێ وەستان وەرە ،چاوەڕوانتە" شوکری بە منداڵی ناسیوە .. کاتێ ئەم لە ئامادەیی عەسکەریی عوسمانی بووە لە بەغدا ئەو لە قوتابخانەی سوڵتانی بووە و لە کەرکووك چاوی پێکەوتووە. ئینگلیزەکان کە چوونەتە کەرکووك کردوویانە بە بەڕێوەبەری قوتابخانە نازر ناوی فازیل بووەو دیاربووە ویستویەتی باوکم بکات بەمامۆستا، لەو وەختەدا مامۆستا وا بە ئاسانی دەستنەکەوتووە.سەبارەت بەوەی ئەو نازرە چۆن ناوی باوکمی زانیوە باوکم لە یاداشتەکانیدا دەڵێ " من ئافەرۆز کرابوومو لە دائیرەکانی میریدا ڕێی هاتووچۆم نەبوو لە کاروباری میریدا دامەزرانم بە شوکریی نەدەکرا هاوڕێکانم وای بۆ چووبوون کە ئەمە بۆ دوورخستنەوەم لە سلێمانی کراوە، منیش بەرەو ئیفلاس ئەچووم هەرچی پووڵو پارەم هەبوو خەرجم کردبوو، تەنانەت خشڵەکانی خێزانەکەشم فرۆشتبوو واتە ژیانێکی سەختو تاڵم ڕائەبوارد(*).

دیسان باسی یارمەتیدانەکانی ئەحمەد ئاغای کەرکووکی کردووەوکە (مستەفا)ی مامی مردووەو بێ وەکیل ماوەتەوە ویستویەتی بیکات بە وەکیل بەڵام باوکم قایل نەبووەو بەڕاسپاردنی ئەو قادر ئاغای برازای خۆی پێ کردووە بە وەکیل . ماوەیەکیش ویستویەتی حساباتی سلێمانی بداتە دەست باوکم، بەڵام وتویەتی لەبەر ناوو ناتۆرەی خەڵکی ئەمەشم ڕەتکردەوە.

(*) ئەمە لەوجارە کەمانەیە کە تیایدا باسی ژیانی تایبەتی خۆیدەکاتو ناوی ژنەکەی دەهێنێت. ئەویش تا پیشانیبدات کە لە ناچاریدا ئەوکارەی وەرگرتووە .

ویستویەتی (قیرائەتخانە) بکاتەوە

رەفیق حیلمی دەڵێت" پێش تەلگرافەکەی شوکری، لەگەڵ هاوڕێکانما دەمانویست قیرائەتخانەیەك بکەینەوە، لاسایی نیشتمان پەروەرەکانمان دەکردەوە کە قوتابخانەیان کردۆتەوە بۆ فێرکردنی منداڵان".

هیچیان لەدەست نەهاتووە بیکەن بۆیە هەوڵیانداوە هەرچۆنیك بێت شتێك بکەن، بەن بەهۆی راهێنانی لاوەکان لەگەڵ خوێندنەوەی گۆڤارو کتێبو رۆژنامەو بڵاوکردنەوەی زانستیو شارەزایی لەمێژوو ئەدەبدا ئەگەر ئەم بیرۆکەیە سەری بگرتایە هەنگاوێکی گەورە دەبوو بۆ خزمەتی وڵاتەکەمان. تۆفیق قەزاز هانیداونو پەیمانی داونەتێ دوکانەکانی لای چاپخانەی حسە کەر-یان بۆ ئامادەبکات.

مەحمود جەودەت لەم کاتەدا ڕاستبۆتەوە وتویەتی ڕاوەستن با بچم ئیستعفا بکەم " داخەکەم ئەم بیرەشمان سەرینەگرتو نەهاتە دی ".(*)

رۆژێك لە سلێمانی لە گەڵ هاوڕێیەکی وەك نوسیوویەتی زۆر خۆشەویستی کە ناوی عەزیزی حاجی ساڵح بووەو لەگەڵ برازای ئەحمەد ئاغا لە ڕێگا تووشی کاپتن بێل-ی ئاشنای کۆنی دەبێت کاتێك کە لە لەندەن گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو بۆتە حاکمی سلێمانی رەفیق حیلمی نەچۆتە لای بۆیە ویستویەتی خۆی لێ لابدات بەڵام ئەو ڕێگەی لێ دەگرێتو لێی دەپرسێت چی دەکات چی دەوێت بچێتە لای تابۆی بکات لە وەڵامدا باوکم دەڵێت کاسبی دەکامو کارەکەم باشەو هیچم پێویست نیە. بێل لەمە دڵگیر دەبێت ئینجا لێی دەپرسێت: هەواڵی یوسف بەگی ئاشنات دەزانی ؟ ئەمیش وتویەتی داخەکەم مردووە بەڵام لە ڕاستیدا بە نهێنی لەناو براوە چونکە دژی ئینگلیز بووە، بەمەش کاپتن بێل ویستویەتی رەفیق حیلمی بترسێنێت چونکە سەرکەشبووە.

(*) ل ١٣٦ یاداشتی دوو بەرگی دوو .

دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی زەفەر لە کەرکووك :

رەفیق حیلمی دەڵێت:" بۆ بروسکەکەی کەرکووك پرسی بە ماجیدو مەحمود جەودەت کردووە ئەوانیش وتویانە هەل لەدەستمەدە ". بۆیە وڵاخی لە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ داواکردووە لەگەڵ ئەم ئەحمەدبەگەدا پێکەوە قوتابی بوون لە مولکیەی سلێمانی بە منداڵیی و باوکیشیان هاورێ بووە لە ئۆردوی عوسمانی. ئەمە لەگەڵ پیاوێکی خۆیدا رەوانەی کردووە بۆ کەرکووك لەرێگا لای رەشید جەودەت کە لە تاسلوجە خێوەتی هەڵداوە لایداوە. لەو وڵاخی وەرگرتووەو ئەوی تری ناردۆتەوە، ئێوارە گەیشتووەتە چەمچەماڵ، سەعید چەلەبی لەوێ بەرێوەبەری مالیی و شێخ محەمەدی بەرزنجی دادوەر شەوێك لەوێ بەقسە خۆشەکانی دادوەر پێدەکەنن و بەیانی چەلەبی فەتحوڵڵا کەرکووکیی لەگەڵ ناردووە بۆ کەرکووك .

نازر چووە بۆ موسڵ، بەڵام شوکری ڕاسپاردووە بە گەیشتنی رەفیق حیلمی دەستبکات بەوانە وتنەوەو بە بروسکە هەواڵ بنێرێت بۆ نازر فازیل. بەو جۆرە باوکم لە کەرکووك لە قوتابخانەی (ظفر) دەبێتە مامۆستای بیرکاریی و زمانی تورکی .

لە موسڵەوە فازیل بە بروسکە فەرمانی دانانی بە مامۆستا ناردووە. ١٩٢١/٣/١٦ جگە لەوە هەر (مەدرەسەی عیلمیە) هەبووە (ظفر)ییە دوای گرتنی کەرکووك بە یادی سەرکەوتنی ئینگلیزەوە ناودەنرێت . مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە کە بەرێوەبەرەکەی شوکری بووە ئەمانە بوون (رەشید عاکف هورمزی، ساڵح قازیی بۆڵشەویك، سەعدوڵڵای کوڕی موفتی دەروێش ئەفەندی، ئەورەحمانی مەلا مەحمودی مەزناوەیی زاناو عەلامەی کورد، شەوکەتی عەبدوڵڵا ئەفەندی ئەمە مامی رەفیق حیلمی خۆی بووەو وێنەیەکی ئەو مامەی داناوە وتویە بۆ یادگار چونکە مامی بە منداڵی یارمەتی خۆیی و براکانی داوە .

رۆژنامەی (النجمه) ئەستێرە :

ڕۆژنامەی (النجمه) بە زمانی تورکی بووەو لە کەرکووك دەرچووە حکومەتی داگیرکەر (ئیحتیلال) دەریکردووە، هەر ئیعلانی تاپۆو بەیان و تەبلیغاتی حکومەتی تێدابووە. جارجار هەندێ شیعرو باسی بە تورکی بڵاوکردۆتەوە زیاتر هەر مامۆستاکان تیایدا نووسیویانە ، لە ژێر چاودێریی شوکری بەرێوەبەردا بووەو پارەیەکی باشی لەسایەیدا

دەستکەوتووە. جێی متمانەیانبووەو نەیهێشتووە هەر وتارێ بۆنی سیاسەتی لێ بێت لەوڕۆژنامەیەدا بڵاوبکرێتەوە. ڕەفیق حیلمی دەڵێت "بەڵام من هەرچۆنێ بوو خۆمم تێوەردا بوو" لە پێشدا شیعرێکی تورکی تیا بڵاودەکاتەوە زۆر لە هاوڕێکانی پێیان خۆشدەبێت. ماجید نامەیەکی ستایشی بۆ دەنێرێت خۆیشی لەسەری دەڕوات، جارجار شیعرو وتاری تیادا بڵاودەکاتەوە. ڕۆژنامەکە ڕواج پەیدا دەکات، شوکری ستایشەکانی پێ خۆش دەبێت بەڵام ڕۆژنامەکە تا ئەو ڕۆژە سەروتاری نابێت، ئیتر ڕەفیق حیلمی ناهێڵێت بێ سەر وتار دەربچێت، بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە یاداشتی دوو، بەرگی دوو، ل ١٢٤و١٤٤ لەو ماوەیەدا دۆستی ئینگلیز کەم بوون و ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ سەرچاوەی باس و هەواڵ بوون. ئەوڕۆژنامانەی هاتونەتە کەرکووک پڕبوون لە باسی تورک و کەمالیەکان. باوکم لە بەغداوە ڕۆژنامە فەرەنسیەکانی بۆ هاتووە لەبەر ئەوە باش ئاگای لە هەواڵی تورک و ئەنادۆڵ و کردەوە ناڕەواکانی سۆن بووە.

وەڵامی ئینگلیز بۆ نووسینەکانی لە (النجمە)دا :

ئینگلیزەکان تا ماوەیەك لەباوکم بێ دەنگدەبن بەڵام کە خەڵك چاویان دەکرێتەوەو زمانیان دەپژێ و دەکەونە ستایشی تورك و جنێو دان بە ئینگلیز و ناوی ڕەفیق حیلمی بە تایبەتی بە هۆی (النجمە)وە دەنگ دەداتەوە، لە دیوەخانەکان هەر باس باسی (النجمە)و وتارە بە هێزەکانی باوکم دەبێت ئیتر شوکری بانگی دەکاتەماڵی خۆی (*) و پێی دەڵێ ئەگەر واز لەو باسانە بهێنێت خەڵاتدەکرێ و ئەگەرنا ئەوا سزادەدرێت و دەریدەکەن ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ ئەی ئەگەر وانەکرد؟ دەڵێ دەتنێرن بۆ هیندستان ئەمیش دەڵت ئینجا باشتر، سەفەرێکی خۆڕایم دەستدەکەوێ بۆ هیندستان !

(*) درێژەی ئەم باسە ل ١٤٨ یاداشتی دوو بەشی دوودا بخوێنەرەوە.

سزادانی

دوو رۆژ دوای ئەم مشتو مڕە بە نامەیەکی رەسمیی میللەر موفەتیشی ئیداری ڕێی نووسینی لێ دەگرێ دوای چەند رۆژێك بە بروسکەیەك فەرمانی گۆڕینی وەردەگرێت بۆ مامۆستای قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت لە سلێمانی لە ٢٠ ئۆغستۆس ١٩٢١دا . محەمەد بەشقە کە موفەتیشی مەعاریف دەبێت لە کەرکووك‌و نوێنەری نازر دەبێت کەبە رەفیق حیلمی دەڵێ بڕۆ ئەم دەڵێ ناچم بۆ سلێمانی، نوێنەری نازر پێی دەڵێت: بچێت باشترە،ئیتر دواجار بە قسەی دەکات‌و رۆژی دووەم لە بەغداوە بروسکەیەکی تری بۆ دێت‌و لە وەزیفەکەی دەردەکرێت.

پاش دەرکردنی لە قوتابخانەی ظفر

رەفیق حیلمی دەڵێ "بەهەڵەدا چوبووم، ئینکاریی ناکەم لەوەدا کەلەسەر تورکم دەکردەوە بە هەڵەداچووبووم.(*) ئێمە لە عیراق ئاگامان لە نیشتمانپەروەرەکانی کوردی تورکیا نەبوو، کۆمەڵە سیاسیەکانیان پەیوەندییان نەکردبوو بەوانەی عیراقەوەو نوێنەریان نەناردبووە لای شێخ . هەوڵی ئینگلیز بۆ دانانی سەیدتەهاو حەمدی بەگ بەهیچ چوو بوو . لای من مەسەلەی کورد لە عیراقدا لەو رۆژەدا بڕابۆوە. کوردی تورکیا لەوێ لە گەڵ کەمال دا بەپێی پەیماننامەیەکی میللی بۆ پاراستنی نیشتمان‌و یەکێتی کوردو تورك‌و شانبەشانی کەمالییەکان شەڕیان لەدژی یۆنان کرد. خەلیفەی لاواز-کەمالیش سوارە کوردەکانی خستبووە خەتی پێشەوەی شەڕو هەزاران نامەی دەنارد بەناوی کوردەوە بۆ کۆنفڕانسی ئاشتی‌و لەونامانەدا دژی خواستی شەریف پاشا سەبارەت بەداخوازیی کورد بۆسەربەخۆیی بوو بەمشێوەیەش توانی یاریی بە عەقڵی کورد بکات.(*)

بە سیاسەتی ژیرانە گرەوی بردەوە، هەڵبژاردنی تازە مەبعوسان سێ‌یەکی کورد بوون. کوردەکانی نزیك خستەوە لەخۆی تا لە تەقەلا بۆ کوردستان سارد ببنەوە و

(*) رەفیق حیلمی ئەم باسە درێژە بۆیە دەکات چونکە گلەیی لێکراوە بۆ ئەو کاتە لەسەر تورکی کردۆتەوە.

سوێندخۆرەکانیشی لە مەسەلەی کورد پەشیمانکردبۆوە. پەیمانی سیڤر بە هۆی عیسمەت ئینۆنۆوە هەڵوەشابووەوە. بەهەنجەتی ئەوەی شەڕی تورك‌و یۆنان تەواو بوو تورك هیچ تەگەرە دروستنەکات ئەگەر کورد داوای ئیدارەیەکی تایبەتی سەربەخۆی بۆ کوردستان کرد. بەڵام ئەوەبوو هەر ئەوەندە کورد یۆنانی بۆ کردنەدەرێ هەرچی ئەفسەروپلەدارەکانی کورد هەبوون بە دەستی کوردەکان بە کوشتی دان‌و زیندە بە چاڵی کردن.

باوکم دەڵێ" مامی گەورەی تۆفیق ئامان هاتەلام کەپیاوێکی پارەداربوو پێی وتم بەتەنگەوە مەبە تۆ بۆ وەزیفە دەستنادەی کاغەزت بۆ ئەنووسم بچۆ لە بەغدا (٣٠٠٠) روپێ وەربگرەو شتومەکی پێ بکڕەو دوکانی پێ دابنێ". دوای‌چەند رۆژێك دەچێ بۆ بەغدا خەریکی کەل‌وپەل کڕین دەبێ، رۆژێك حەمدی بەگ دەچێت بە شوێنیداو دەیبات بۆ ئوتێل باسی نووسینەکانی رۆژنامەی (النجمە)ی لەگەڵ دەکات‌و تێیدەگەیەنێت کە ئەو لەوە زیز بووە لە سەر تورکی کردۆتەوە " باوکم دەڵێ "بۆچوونەکانمی نەچووبوو بە دڵدا، منیش پرسیارم لێ کرد بەوە رەنجاو سەغڵەت بوو هەستایە سەرپێ‌و ئیتر زۆر بە ئەدەبەوە لێی جیابوومەوە" پاش چەند ساڵێك لە لەندەن گەڕابووەوە رەفیق حیلمی بینیبوو لای شوکری سەروو ڕیشی وەکو کلووی بەفر سپی بووبوون ئەمیش زۆر داخی خواردبوو کە کوردێکی وابەکزی ببینێت .

بینینی فازیل لەسەر پردی مۆد لە بەغدا

رەفیق حیلمی فازیل دەبینێت‌و سلاوی لێ ناکات وادەزانێ نایناسێتەوە چونکە هەر یەك جاربینیویەتی، بەتورکی قسەی لەگەڵ دەکات. باش تێی ناگات. سەلیم حەسون پێی دەڵێ بە فەرەنسی قسەی لەگەڵ دەکات‌و لێی دەپرسێت لە قوتابخانە چی ئەڵێیتەوە ؟ وتویەتی بیرکاری‌و هەندەسەو تورکی، کاغەزێك دەخاتە بەردەمی دوو پرسیاری عیلمی تێدایە بەزمانی فەرەنسی باوکم هەر بەوزمانە وەلامی دەداتەوە بەدڵی فازیل دەبێ، پێی دەڵێ تۆ هەر مامۆستایی بکە بۆ سبەینێ هەواڵی باوکم لە رەمزی کەرکوکیی مامۆستا دەپرسێ‌و داوای دەکات تا بچێت بۆفەرمانگە بۆلای . ئەمیش باوکم دەدۆزێتەوەو پێی دەڵێ فازیل دەیەوێت بتبینێ بەلام باوکم قایل نابێت بچێت بۆلای.

ئینجا سلێمانەکەی سلێمانی کە جوولەکە بووە ئەویش پێی دەڵێ فازیل داوات دەکات، تکای لێدەکات بچێت چاوی پێی بکەوێت، هەر دەڵێ ناچم، پاش ئامۆژگاریی کردنی دەچێت، فازیل زۆر بەشیرینی بەپیریەوە دەچێت و پێی دەڵێ ئەو لەسەر داوای ئیدارەی کەرکووك داوای لابردنی کردووە لە وەزیفەکەی و لێی دەپرسێ بۆ نەچوویت بۆ سلێمانی؟باوکیشم دەڵێ لە ماڵەوە نەخۆشم هەبووە، ئەویش دەڵێ جێی داخە لە کاتێکدا دەبوو یارمەتی بدرێیت لە وەزیفە دەرکراویت. رەفیق حیلمیش وتویەتی شایەنی داخخواردن نیەو سوپاستان ئەکەم، باوکم دەڵێ دیاربوو " ئەیویست دامنێتەوە بە مامۆستا، هەرچیم وت کەڵکی نەبوو وشەکانی زۆر جوان و پیاوانە بوون لەدەمی نازرێکی ئینگلیز دەردەچوون بەرامبەر بە موعەلیمێکی دەرکراو، چاوەڕوانی ئەمەی لێ نەدەکرا. شەرم گرتمی و بەڵێنمدا کە بچمە سلێمانی. داوای ئەو لیستەی کرد کەناوی مامۆستاکانی کەرکووك بۆ پلە بەرزکردنەوە نوسرابوون یەکەم ناو ناوی من بوو وتی تۆ ئەبێ بە مامۆستایی خزمەتی زانستی قەومەکەت بکەیت" .

فازیل محەمەد باشقە لە باوکم دەپرسێت کەی دەگەڕێیتەوە بۆسلێمانی دەڵێ سبەینێ، فازیل پێی دەڵێ ئەتوانی لەگەڵ من تا کەرکووك بڕۆیت چونکە ئۆتۆمبێل کەم و گرانە، قایل دەبێت واتە هەر (٢١) رۆژ لە وەزیفەدا نامێنێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و دیسان ئەکەوێتەوە باسی شۆڕشی عەرەبەکانی عیراق لە ١٩٢٠. ل ١٥٧-١٨٠ی یاداشتی دوو بەشی دوو

٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢١ فەیسەڵ کە بووبووبە مەلیکی عیراق لە بەغدا پێشوازیکرا بە شکۆداری.

ئینجالەلاپەڕە ٢٠٢ی هەمان سەرچاوەدا رەفیق حیلمی باسی چۆنێتی سەرکەوتنی تورکەکان دواتر باسی کۆنگرەی لەندەن و باسی کورد دەکات .(*) هەروەها باسی دەکات لەکۆنگرەی ٢١ی شوباتی ١٩٢٢ و مەسەلەی کوردو ئەرمەنی لە تورکیا ئەویش لەلاپەڕە

(*) نوێنەری مستەفا کەمال و خەلیفەی ئەستەمبوول بە فڕوفێڵ وایان پیشاندا کە کوردو ئەرمەن وەك تورك مافیان هەیەو خۆیان داوای سەربەخۆیی ناکەن (لە پێشەوە نوێنەریان دانابوو لە مەجلیسی میللی تورك) و بەبەرتیل دەمکوت کرابوون و ئۆزدەمیر مەزبەتەی بە ناوی کوردەوە ناردبووبۆ کۆنگرە کە برای تورکن وهتدو شەڕی ئەرمەن و کوشتاریان گوایە کوردی نەفام کردویەتی و فەرەنساو ئیتاڵیا پشتی تورکیایانگرت بۆیە (٣) بەندەکەی سێڤر هەڵوەشێنرایەوە.

(٢٠٥)ی هەمان سەرچاوەدا دوای ئەوەی ئینگلیز هیوای بە تورکیا نامێنێت و بەرامبەر بەشۆڕشی کوردو عەرەب سیاسەتیان دەگۆڕێت لەبەرکارهێنانی هێزەوە بۆ ڕێککەوتن. بۆیە شێخ لە هندستانەوە دەهێننەوە بۆ عیراق و فەیسەڵ دەکەن بە مەلیك و بەنیازن شۆڕش دابمرکێنەوە.

بەڵام لە هێنانەوەی شێخ بە سستی جوڵانەوە، بۆیە ئاژاوە لە کوردستان دوایی نەهات و ئاگری شۆڕش بە هاتنەوەی شێخ نەکوژایەوە بەڵکو هێندەی تر کڵپەی سەندو گڕیگرت. (*)

(*) یاداشتی چوار بەرگی دوو بەشی دوو، واتە بڕوانە باسی کۆنگرەی لەندەن ل ٢٠٤

کورتە باسی هەرێمی سلێمانی پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستانەوە

–ئینگلیز لە رانیە دەرکراوهەربۆخۆشیان لە سلێمانی رۆیشتن.

–دەسەڵاتی ئۆزدەمیر لەناو عەشایەرەکاندا پەرەی سەندبوو.

-تورکخواکان نیشتمانپەروەریان بە دوژمن دائەناو بەچاوی ئینگلیز تەماشایان ئەکردن.

–نیشتمانپەروەرەکان بە تورکخوایان وتووە (جلخوار)

–نیشتمانپەروەرەکان لەلای ئینگلیزیش دوژمن بوون

–حوزەیران ١٩٢٢ ئینگلیز لە رانیە چوونەتە دەرەوە سلێمانیان بە فڕۆکە بەجێ هێشتووەو بەرەو بەغدا چوون.

–ئاژاوە بەتەواوی کەوتۆتە کوردستانەوە ، هەڕەشەی گەڕانەوەی ئۆزدەمیرو تورکەکان بۆ سلێمانی ئەوەبووکە گوایە نیشتمانپەروەرەکان دەکوژن بێگومان رەفیق حیلمی یەکێك بوولەو نیشتمانپەروەرانە لەسەردەمێکدا کەخەڵکیی هیوایان نەمابوو چونکە نیشتمانپەروەر باوی نەماوە.

کۆمەڵەی کوردستان :

ئا لەم بارودۆخەی کوردستاندا مستەفا یامولکی لە ئەستەمبووڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆپاگەندەی تورك‌و پاراستنی سلێمانی لە هەڵمەتی ئۆزدەمیرو تازەکردنەوەی گیانی نیشتمانیی کورد. بە ئومێدی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و ئەمەش پێویستی بە کۆمەڵەیەکی کوردیی بوو.

کۆمەڵەی کوردستان‌و رەفیق حیلمی :-

رۆژی (٢١ی تەممووزی١٩٢٢) پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە حکومەتی سیاسیی، مستەفا پاشا یامولکی لەمزگەوتی سەید حەسەنی‌موفتی کۆبۆتەوە بۆ هەڵبژاردنی نهێنی ئەندامانی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە .

یەکەم دەنگ لە دوای مستەفا پاشا بۆ رەفیق حیلمی دراوە و [*] کۆمەڵە ناوی نراوە (جەمعیەتی کوردستان) لە هەمان کاتدا مستەفا پاشا مۆڵەتی دەرهێنانی رۆژنامەی وەرگرتووە. رۆژێك پاش ئەم هەڵبژاردنە لە٢٢ی تەمموزدا مستەفا پاشا نامە دەنێرێت بۆ رەفیق حیلمی‌و ئەم نامەیە ماوە ئیمزای سەرۆکی جەمعیەیی کوردستانی لەسەرە دەربارەی ئەوەی کە بۆتە ئەندامی جەمعیەتەکە.

یەکەم کۆبوونەوەی جەمعیەت لە ماڵی میرلیوا مستەفاپاشا دەبێت لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم بڕیارانە دەدرێن: ڕۆژنامەیەك دەربکەن بەسێ زمان بێت (کوردی ، فارسی، تورکی) بەناوی (بانگی کوردستان)، ئەوەبوو یەکەم ژمارەی لە (٢٢ئۆغستۆسی ١٩٢٢)دا دەرچوو باوکم نووسینی لەبەشە کوردی‌و فارسیەکەیدا هەبووەو سەرپەرشتی بەشە تورکیەکەشی کردووە.

کاتێکیش کە کراوەتەوە بە مامۆستای نموونەیی قوتابخانەی سەعادەت‌و لە بەغدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی (کاپتن هۆڵت) تەماشای کاروباری مەکتەبەکانی کردووە، ئینگلیزیش بە دوایەمین پۆل وتراوەتەوە. هۆڵت مامۆستای هەبووە، لەو قوتابیانەی پێشکەوتوون جێگەی بەرزیان وەرگرتووە .

---

[*] بۆ درێژەی باسی ئەم کۆمەڵەیە بڕواننە یاداشتی رەفیق حیلمی بەشی پێنجەم لاپەڕە ٤٨٦. بۆ رۆژی دامەزراندنی‌و دەنگەکان‌و هەڵبژاردنی ئەندامان بڕوانە گۆڤاری (رۆژی نوێ) ژمارە ٧ ساڵی ١٩٦٠ ژمارە تایبەتی شێخ مەحمود. هەروەها بڕواننە کتێبەکەی جەمال خەزنەدار گۆکراوەی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان‌و بانگی کوردستان). بڕوانە سەبارەت بەو کۆمەڵانەی کە لە دامەزرێنەریان بووە رەنجی زۆری داوە بۆ دامەزراندن‌و پەرەپێدانیان‌و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان کەچەندین گیرو گرفت هاتۆتە رێی لەو رێگەیەدا رەفیق حیلمی هەر ئەندام نەبووە لەم کۆمەڵانەدا وەك کۆمەڵەکانی کوردستان‌و سەربەخۆیی کورد کە دایمەزراندووە تا ببێتە پشتگیریی ئەگەر لە جێی شێخ مەحمود کرا بە حوکمداری کوردو کوردستان.

دەیبینن لە یاداشتەکانیدا بە تایبەتی یاداشتی دوو بەشی یەلەو دوودا ولەبەشی پێنجەمیدا باس لە هەردوو کۆمەڵەکەو بەسەر هات‌و ئەنجامیان دەکات‌و باسی ئەو کۆمەڵانەی کەدامەزرێنەرو ئەندامیان بووە دەبینن چۆن ئەم لاوە کە تا ئەوکاتەش نەگەیشتووەتە تەمەنی ٢٣-٢٤ ساڵیی ، ئەم هەموو ئەرکە سیاسیەی لەئەستۆدابووە لە جیهانێکی پڕلە جەنگ‌و ئاژاوەداو پێ‌بەپێی هەستان‌و دانیشتن‌و گفتوگۆ و کارو نووسین‌و وەرگێران بۆ گەورە کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستانی‌عیراقداو بۆ شێخ مەحمودی حاکمی کوردستان. هەر لە ساڵی (١٩١٨-١٩٢٤) بێ ئەوەی کەس بزانێ کەس‌و کارو ژن‌و ماڵی لە کوێ بەجێ هێشتووەو چۆن ژیاون‌و بێ ئەوەی هیچ باسیان بکات.

کۆمەڵەی کوردستان

لە گۆڤاری(ڕۆژی نوێ)ی ژماری ٧ی ساڵی ١٩٦٠دا ژمارەیەکی تایبەتی باسی شێخ مەحمود دەکات و لەلاپەڕە ٣٥دا نووسراوە:

ڕۆژی ٢١ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لەسەر داوای حاجی مستەفا پاشا کۆبوونەوەیەك لە مزگەوتی سەید حەسەن کراو داوای دامەزراندنی کۆمەڵێکی کرد بە ناوی (جەمعیەتی کوردستان)ەوە . ئەم کۆمەڵەیە پێکهات بە سەرۆکایەتی ئەم کورد پەروەرانە:

(١)حاجی مستەفا پاشای بامۆکی

(٢) ڕەفیق حیلمی

(٣) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ

(٤) ساڵح ئەفەندی قەفتان

(٥)حاجی ئاغا فەتحوڵڵا

(٦) فایەق بەگی مارف بەگ

(٧) عیزەت بەگی وەسمان پاشا

(٨) ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی

(٩) ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی یوزباشی

(١٠) شێخ محەمەد ئەفەندی گولانی

(١١) شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار

(١٢) عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا (شاعیر)

(١٣) عەبدوڵڵا ئەفەندی محەمەد ئەفەندی

(١٤) شوکری ئەفەندی عەلەکە .

ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) زمانی حاڵی کۆمەڵەی کوردستان

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە ٢٢ی ئابی ١٩٢٢دەرچووە چواردە ژمارەی لە سلێمانی و سێ ژمارەی لە بەغدا ساڵی ١٩٢٦ دەرچووە .

لەم ژمارانەدا (ڕەفیق حیلمی و عەلی کەمال باپیر ئاغاو شێخ نوری شێخ ساڵح) شیعرو وتاریان تیادا بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەخۆگرتووە هەر یەك وەك وتراوە جێ پەنجەیان لە بواری خزمەت کردن و گەشەکردنی ئەدەبی کوردی و کاروانی ڕۆشنبیریی کوردیدا دیاربووە. (*) باوکم جگە لە نووسین لێپرسراوی بەشی تورکی و فارسیش بووە .

مستەفا پاشای یامولکی دەچێت بۆ سلێمانی

لە ئەستەمبووڵ خەلیفە، مستەفا پاشا دەکات بە لێپرسراوی دیوانی عورفی بۆ سزادانی نیشتمانپەروەرەکانی تورك. کاتێ مستەفا کەمال سەردەکەوێت و خەلیفە وەحیدەدین و دەستەو تاقمەکەی هیچیان بە دەستەوە نامێنێ و مستەفا پاشا بە خنکاندن و بەدارو فەلاقەی دیوانی عورفی (نمرە ١) لە ئەستەمبووڵ نیشتمانپەروەرەکانی تورکی پێ تەمێناکرێ کۆڵدەدات، لە کوردستانی عیراقیش شێخ مەحمودی حوکمدار بەدیل دەگیرێ و دەنێردرێ بۆ هیندستان خەڵك بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی ئینگلیزو لەجەوری دەست و پێوەندەکانیان پەنایان ئەبردە بەر شەیتان ئینجا مستەفا پاشا گوڕیدایە بەرخۆی بەهیوای بزواندنی کوردەکان و بەرپاکردنی شۆڕشێك لە کوردستاندا بۆیە بەپەلە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی (*)

مستەفا پاشا جەمعییەتی کوردستان دادەمەزرێنێت و ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە دەبێتە زمانحاڵی ئەم کۆمەڵەیە دەردەکات.

(*) بڕوانە باسی ڕۆژنامەی کوردستان نووسینی مامۆستا جەمال محەمەد ئەمین چەند دانەیەکی ڕۆژنامەکەمان لایە. دوایی بە درێژی باسی نوسینەکانی ڕەفیق حیلمی ئەکەین .

(*) ل ٥٠و ٥١ یاداشتی ٢ بەشی یەك

جەمعیەتی کوردستان ۲۱ی تەمموزی ۱۹۲۲

دامەزراندنی ئەم جەمعیەتەو دەرچوونی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بە پێنووسی رەفیق حیلمی خۆی لە یاداشتەکانیدا وەك سەرەوە نووسراوە.

پاش باسکردنی هەواڵی کوردستان سەبارەت بەوە نوسیویەتی چی بەسەر هاتووە کاتێ ئۆزدەمیر هاتووە بۆ رواندزو ئینگلیزی لەوناوە دەرکردووە بە یارمەتی عەشایەری کوردو ئینگلیز نەویستەکانەوە. هەروەها باسی هەڕەشەی داگیرکردنی سلێمانیو سزادانی نیشتمانپەروەران و لاوازیی ئینگلیزو هەستانی عەشایەری عەرەبو سەرکەوتنی مستەفا کەمالو تنازولی سوڵتان وەحیددەدینو ڕاکردنی مستەفا پاشا یامولکی لە تورکیاوە بۆ سلێمانی،کردووە، چونکە لەوێ (رەئیسی مەجلیسی عورفی) بووە لای خەلیفە لەدژی مستەفا کەمال. لەم کاتەدا مستەفا پاشا بە پێویستی زانیوە کۆمەڵێکی کوردیی دابمەزرێنێ بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆپاگەندەی تورکو پاراستنی سلێمانی لە هەڵمەتی ئۆزدەمیر و بۆ تازە کردنەوەی گیانی نیشتمانیو هۆشی میللی کورد واتا دانانی رێگا چارەی تەقەلایەکی تازە بۆ دامەزراندنەوەی کوردستانی سەربەخۆ.

ئەم باسە زوو کەوتە سەرزمان، ئینجا مستەفا پاشا مۆڵەتی لە حکومەتی سیاسیی سلێمانی وەرگرت لە (۲۱ی تەمموزی ۱۹۲۲) پاش نوێژی هەینی لە (مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی) خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە دەربارەی ئەم مەسەلەیە مستەفا پاشا وتارێکی دوورو درێژی بەکوردی خوێندۆتەوە. دوایی بەهەڵبژاردنی نهێنی، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵبژێردراون. بە پێی ژمارەی دەنگەکان بەڕیز ئەمانە دەرچوون:

١- رەفیق حیلمی - نووسەری ئەم یاداشتە.

٢-ئەحمەد بەگە تۆفیق بەگ کە دوایی بوو بە پارێزگاری سلێمانی.

٣-فایەق بەگی مارف بەگ ، خزمی سەعید پاشای باوکی شەریف پاشا.

٤-شێخ عەلی سەرکار، خاڵی حەپسە خانی نەقیب.

٥-شێخ محەمەد گولانی، لە زاناکانی سلێمانی بوو.

6-ساڵح ئەفەنی قەفتان، لە تاقمی بازرگانانی سلێمانی بوو هەروەها لەزابتەکانی دەوری عوسمانی بوو ماوەیەك لەئامادەیی، مامۆستای مێژوبوو.

٧-سـديق ئەفـەنی عەلەکـە، لـە مەسـیحییە کوردەکـانو بازرگانـە ناودارەکـانی سلێمانییو برازای کەریمی عەلەکە وەزیری مالیەی حکومەتەکەی شێخ بوو.

مستەفا پاشا کە خۆی دامەزرێنەری کۆمەڵەکەبوو کرا بە لێپرسراوی کۆمەڵەکەو نـاونرا (کۆمەڵـەی کوردسـتان)، لەگـەڵ وەرگرتنـی مۆڵەتـدا کۆمەڵەکـە مۆڵـەتی رۆژنامەیەکیشی وەرگرت.

مسـتەفا پـاش رۆژی ٢٢ی تـەمموز واتـە رۆژێـك پـاش دامەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـە دەربارەی ئەوەی کە بووم بە ئەندامی (جەمعیەتی کوردستان) بە ئیمزای خۆی نامەیەکی بـۆ نـاردم ئـەو نامەیـە تـا ئێسـتاش لام ماوەتـەوەو لـەناو نووسـراوەکانی ئـەو دەورەدا هەڵمگرتووە.

ئیمزاکەی

رئیس جمعیت کوردستا

متقاعد میر لوا (مستەفا)

بـاوکم دەڵێـت "بـۆ یەکـەمجار لـەماڵی مسـتەفا پاشـا کۆبووینـەوە. لـەناو بڕیارەکـانی تریشدا بڕیاری ئەوەدرا کە رۆژنامەکەمان بەسێ زمان (کوردی – فارسی– تورکی) بێتو ژمارەی یەکەمی (بانگی کوردسـتان) لـە ٢ئۆگستۆسـی ١٩٢٢ بڵاوکرایـەوە مـن (نووسـەری یاداشت) بێجگە لەنووسینی بەشێکی کوردی(*) و فارسییەکەی بە تایبـەتی، سـەرپاکی نووسینەکانی بەشی تورکیشم خرابووە ئەستۆ " ل ٧١

هـەروەها دەڵـێ " مـن کـە کرامـەوە بـە مامۆسـتا لـە مەکتـەبی نموونـەیی سـەعادەتو گەڕامەوە بۆ سلێمانی (*) کاپتن هۆڵت معاونی حاکمی سیاسیی بوو تەماشای کاروباری مەکتەبەکانیشـی دەکـرد . جگـە لەمـە لـە مەکتـەبی نموونـەیی سـەعادەت-یـش وانـەی

(*) تا ئێستا کـەس لـە باسـی رۆژنامـەی (بانگی کوردستان) ئـەم راستییان نـەوتووە چۆنو کێ جگـە لـە مستەفا پاشا دامەزرێنـەرو بڵاوکـەرەوەی بـانگی کوردسـتان بـووە ئـەوەتا رەفیـق حیلمـی کـە لێپرسـراوی بەشێکی کوردیەکەی بووەو دوایی باسی حیساباتیشیو داخستنی دەکات تائێستاش هـەر بەسـەر زاری وتراوە بەشداریکردووە لە نووسیناو سەرپەرشتی فارسیو کوردی کردووە.

(*) تەماشای لاپەڕە (١٤٩-١٥٦)ی بەشی چوارەمی یاداشت بکە.

ئینگلیزی بە پۆلی دوایین دەوتەوە. بەڵام ئەم وانەیە وانەیەکی تایبەتی بوو. دەتوانم بڵێم کە قوتابییەکانی ئەم پۆلەش لە رووی ئەم وانەیەی (هۆڵت) ەوە چوبوونە ریزی قوتابییانی تایبەتیەوە، وانەی وای هەبوو دوو سەعاتی پێوە دەبوون لەبەر ئەوەی (هۆڵت) وانەکانی خۆی خستبووە دوای هەموو وانەکانەوە . لەو قوتابییانە هەندێکیان پێشکەوتن و لە حکومەتا جێگەی بەرزیان بۆخۆیان گرت.

عومەری سادق ئەفەنی یەکێ بوو لەو قەتابیانە. دوایی لە سوپای عیراقدا بوو بە زابت بەڵام لە(شەڕی ئاوباریك)ی نێوان سوپای عیراق و شێخ مەحمودا کوژرا.

ئینجا کە من لە بەغداوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و چوومە مەکتەب هەر ئەو رۆژە رەشید زەکی بابانی بەڕێوەبەر ناردمی بۆ لای هۆڵت کە چووم پێی وتی (هیوام وایە لەمەودوا لە سیاسەت دوور بکەویتەوە. خەریکی وانە وتنەوەو پێگەیاندنی قوتابییەکانت بی و لەم رێیەوە خزمەتی وڵاتەکەت بکەی! .. منیش لە دڵی خۆمدا وام نیازبوو کە توخنی سیاسەت نەکەوم و سەری خۆم کز بکەم، لەبەر ئەوە ئەو رۆژە کە (جەمعیەتی کوردستان) دامەزرا من بەتەما نەبووم بچمەوە کۆڕی سیاسەتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامدا بۆ ئەنجومەنی ئیدارە ناوی من وەکو لەمەوبەر باسم کرد بە مەزبەتەیەکەوە درابوو بە حکومەت بەڵام بە نامەیەك بە ئیمزای هۆڵت پووچەڵکرایەوە. ئینجا لە رووی دژایەتیکردنی هۆڵت یان حکومەتی سیاسیەوە بەرامبەر بە من رۆژی کۆبوونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسەن لەسەر ئارەزووی یەك دوو هاوڕێ بەبێ مەبەستێکی تایبەتی و تەنیا وەکو سەیرکەر چووبوومە مزگەوتەکە . ئەوەم بە بیرا نەهاتبوو کە ناوی منیش بێتە ناو ناوان و بکرێم بە ئەندام . بەڵام لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دەنگەکانا بە زۆرترین دەنگ، بووم بە ئەندامێکی (جەمعیەتی کوردستان) بە پێویستم زانی بچمە لای هۆڵت چونکە ویستم جارێ لە بارەی ئەم (جەمعیەت)ەوە لە بیری حکومەت بگەم. لەلایەکی تریشەوە بۆ من لە بیری هۆڵت گەیشتن بە تایبەتی پێویست بوو. دەبوو بزانم کە دەربارەی هەڵبژاردنی من بۆ کۆمەڵەیەکی وا ئەڵێ چی؟ داوام لێ ئەکات ئەمجارەش خۆم دوور بخەمەوە یان نا ؟ واتە ئەم ویست بۆم دەربکەوێ کە ئەم (جەمعیەتە) لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە ئاشکرا پشتیوانی ئەکرێ یان هەر دووراو دوور چاودێریی دەکەن و بە هۆی مستەفا پاشاوە دەیبەن بەڕێوە؟ بۆ ئەمەیش بیانووم بە

دەسەوەبوو چوومە لای هۆڵت. لە گەڵ چاوی بەمن کەوت نەیهێشت قسەبکەم ئەو هەڵیدایێو وتی "پیرۆزبێ! بەڕاستی ئەم باوەڕە کە خەڵك بە تۆیان هەیە جێی پیرۆزباییە، هیوام وایە بتوانی خزمەتی نەتەوەکەت بکەی!" من وەڵامم دایەوە وتم : بەم وشانەتانا دیارە کە ئەم جەمعیەتە سیاسیی نەبێ! چونکە پێم ناڵێی خۆمیان لێ دووربخەمەوە، وتی باوەڕ ناکەم کە (جەمعیەت) شتێکی وا خراپەی لێ پەیدابێ، ئیتر ماوەی نەدام لە گەڵی درێژەی بدەمێ، بە بیانووی ئەوەی کەکاری هەیە دەستی گوشیمو بەیەکەوە لە ژوورەکەی هاتینە دەرەوە. دوای ئەمە من بەدوورو درێژیی بیرمکردەوە لە تێکەڵبوون بەم کۆمەڵەیە یان دوورکەوتنەوە، گەلێ شتم بە بیردا هات. بەڵام لە ئەنجامدا وام بەباشزانی لە (کۆمەڵە)کەدابم، بەلامەوە وابوو کە کەڵکی خزمەتم پێوە ماوە بە پێی رەوشتێك کە بۆ خۆم کێشاومە دەتوانم بەڕێوەبچم".

"مستەفا پاشا خۆی هەڵسوڕێنەری (بانگی کوردستان) بوو هەر چەند لە نووسیندا زۆری بەربەست ئەهێنایە رێمان دیسانەوە کەمو زۆر نووسراوی باشم ئەخستە رۆژنامەکەوە بە کوردیو بە تورکی چەندم پێکرا بۆ کوردایەتی چیم بە باشزانی نووسیمو بڵاومکردەوە لەو رۆژنامەیەدا بە تایبەتی قینم لە جلخوازەکان ئەبۆوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوان قینی زۆریان لە کوردایەتی بوو من لەم کردەوەیەو لە نووسین دەربارەی کوردایەتی تاقەیەكو نەشئەیەکم وەرئەگرت .

مستەفا پاشا داخەکەم، زیاد لە پێویست سڵی لە ئینگلیزەکان ئەکردەوە. لەبەر ئەمە لای کوردە خوێنگەرمەکان و نیشتمانپەروەرەکان ئەوەندە جێی متمانە نەبوو، جلخوارەکان بە پیاوی ئینگلیزیان ئەزانیو زۆریان ئەبوغزاند . لەمانە جێی داختر زمانی ناڕەحەتی خۆی بوو، لەو رۆژەوەی هاتبووە سلێمانی ناوو شۆرەتی دەرەوەی رووی لە کزیی کردبوو. هەموو سلێمانی هەریەکەی بەجۆرێ لە خۆی زیزکردبوو تۆراندبوونی، واتە رەوشتێکی وای نەگرتبووتا لە خەڵکی سلێمانیی بباتە پێشەوە .

لە بیرو باوەڕیشدا لە گەڵ کەس رێنەئەکەوت، بەشتی ئەوتۆوە ئەنووسا کە بۆ مناڵیش نەئەشیا پێوەی بنووسێ ل ٤٩ هەر چەند میرلیوا یەکی ئەرکانی حەرب بوو بەڵام خۆی وا نەئەنواند خاوەنی رۆشنبیرییەیەکی بەرز بێو بەتەنگ دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە نەبوو تاکە رەوشتی هەرە باشی ئەوەبوو کە کوردییەکەی پەتی بوو لە کاتێکا لە

دەوڵەتی عوسمانیدا جێ و شوێنی بەرزو بەڕێزی هەبوو بە کوردییەکی پەتی بێ فیزو هاوشاریی پەروەر ناسرابوو، ناوی دەرکردبوو. لەکاتی تەنگ و چەڵەمەدا فریای گەلی کوردو خۆولاتیەکانی دەکەوت. لەبەر ئەمە ئەوانەی ئەیانناسی و ئاگاداری رابووردووی بەشکۆی بوون بەڕێزەوە تەماشایان ئەکردو دەورەیان ئەدا.." هەرچەند پێشبینی زۆرتر ئەکرا بەلام (جەمعیەتی کوردستان) و رۆژنامەکەی کەمو زۆر خزمەتی کوردایەتی و مەسەلەی کوردیان کردو بە هۆی (بانگی کوردستان)ەوە بوو کە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان سلێمانی چووبووەوە دۆخی جاران و بووبووەوە بە ناوچەی جووڵانەوەی کوردایەتی و بەرزبوونەوەی ئاوازی نیشتمانپەروەران.

چونی مستەفا پاشا [*]بۆ لای سمکۆ [*] کە سمکۆ بەگژ ئێراندا چووبوو پاش ئەوە دەستێکی خراپی لە نەستووریەکان وەشان بوو، مارشەمعونی کوشت بوو ئیتر (٤٠,٠٠٠) ئاشووریی ڕایانکرد بۆ عیراق بۆ بەعقوبە. لە ئێران سمکۆ هەموو ورمیە (رەزاییەی ئەمڕۆ) و بەشێکی زۆری تەورێزی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە ئەهالی ئازربایجان ترسان و هەلاتن هەروەها خەلکی سابلاغ و سەردەشت. هەندێکیان هاتن بۆ سلێمانی و باسی زەبرو زەنگی تورکیان دەکرد. لەم کاتەدا جەنگی تورك و یۆنان پەرەی سەند لە ئاسیای بچووکدا، بۆیە بزووتنەوەی سمکۆو هێرشی بۆ سەر ئێران و سنووری تورکیا تورکەکانی خستبووە مەترسییەوە، بە تایبەتی کە مستەفا پاشا چوو بۆ لای دەترسان لەوەی بزوتنەوەکەی بەهۆی کۆمەلە سیاسییە کوردییەکانەوە رەنگێکی تر وەربگرێ و بە بارێکی تردا وەربگەڕێ. نەشیان ویست بە پەلە بجووڵێنەوەو دەست بۆ سمکۆ درێژ بکەن و لە پێشدا خۆیان لێ نزیك خستەوە بە ناوی دیارییەوە هەندێك چەکیشیان بۆ ناردو وردە وردە هەڵیانخەڵەتاندو سمکۆ ئیتر بەلای تورکەکانا نەچوو، پاش شکاندنی هێزی ئێران تورك بە جارێ کەوتە مەترسییەوەو دەستی خۆی وەشاند، بەدزییەوە شەوێك دەستەیەك سواری گورج وگۆڵی کردە سەر لە نیوە شەودا دایان بەسەر ناوچەی لەشکرگای سمکۆدا گەلێ پیاوماقووڵ و ژنێکیش کوژران، خوسرەوی کوڕی

---

[*] تورکەکان بە مستەفا پاشایان وتووە نەمرود بەهۆی رەئاسەتی دیوانی عورفیەوە لە ئەستەمبووڵ لەبەرکردەوەکانی.

[*] ئیسماعیل خانی شکاك ، سمکۆ سەرۆکی عەشیرەتی شکاك بووە.

بەدیلگیراو غەزنەیان تالأنکرد. خۆیو برایەکی لەگەڵ دەستە سوارێك کشانەوە بۆ دەوری رواندز ،لە سلێمانیەوە هەندێك زابتی نیشتمانپەروەر چووبوون بۆ یارمەتی بەڵام بە هۆی ئەم رووداوەوە بە نائومێدیی گەڕابوونەوە. (*)

ئینجا رەفیق حیلمی باسی پروپاگەندەی جلخوارەکان ئۆزدەمیر دەکات کە تورك موسڵ دەگرێتەوەو بەرەو سلێمانی دێت لەسلێمانی بەهەوڵدانو مەزبەتە دروستکردن داوای گەڕانەوەی شێخ کراوە مستەفا پاشاو شێخ قادرو حەپسەخانی نەقیب لەمانەدابوون. ئینگلیز لە ترسی ئۆزدەمیر رایانکردووە بۆ بەغدا، سلێمانی بێ حکومەت ماوەتەوە بە سەرۆکایەتی شێخ قادر کۆبوونەوەیەك بۆ دانانی (مەجلیسی میللی) بۆ پاراستنی شارەکە رێکخراوە، سیخوڕی ئۆزدەمیر هەوڵی تێکدانی کۆمەڵەکەیانداوە. (کەریم بەگی فەتاح بەگ) کەپیاوی ئۆزدەمیربووە لەگەڵ چەند نەفەرێکی تر دەچنە ناو کۆبوونەوەکەو مستەفا پاشا دەگرنو لەسەرا حەپسی دەکەن . کەریم بەگ وتویەتی ئەمە لای تورك تاوانبارە ئەینێرێتە لای ئۆزدەمیرو ئەمەش بەواتا فەوتانی دێت.

بەڵام (مەجلیسی میللی) هەر دادەمەزرێت بە سەرۆکایەتی شێخ قادرو ئیتر پاراستی سلێمانی هەمووی دەکەوێتە دەستی ئەمەوە، دەستەی لاوانی نیشتمانپەروەر لە گەڵ حەشاماتێکی گەورەی ئەهالی دەدەن بەسەر بەندیخانەی سەراداو مستەفا پاشا دەبەنەوە بۆ ماڵی خۆی (*)

چونی مستەفا پاشا بۆ لای سمکۆ و هاندانی بۆئەوەی بچێتە سەر تورك، تورکەکانی شێت کردووە.

(*) کە لە سوید سیاسەتی دەولیم دەخوێند نووسیبوویان کورد لە خۆیان ئازاتر نیە بەڵام دڵ سافو پاكو ساویلکەو خۆش باوەڕنو ئەمە یەکەم دەردی سەرییانەو هۆی نەگەیشتنیان بە هیواکانیان ئەوەتا راستە سمکۆیەك کە ئازایانە زۆرشاری ئێرانی گرتووە بە دەستەیەك لەسوارەی تورکو بەئاسانی هەڵخەڵەتاوە.

مەسەلەی موسڵو حکومەتی دووەمی شێخ

هەر ئەوەندە باسدەکەین کەچۆن شێخ دێتەوەو دەبێتەوە بە حوکمداری سلێمانی چونکە ئەمە دیسان پەیوەندیی هەیە بە ژیانی سیاسیی رەفیق حیلمیییەوە کەسیاسەت هەموو ژیانی بووە .

بە هیچ جۆرێك مستەفا کەمال ناشکێتو تورك دەکەوێتە داوای موسڵ- ئینگلیزەوە لەبەر ئەمە بیر لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی دەکاتەوەو بڕیاردەدات شێخ مەحمود بنێرێتەوە بۆ سلێمانی. جڵەوی ئیدارە لەدەست ئینگلیز دەردەچێت سلێمانی نادرێتە حکومەتی ساوای عیراق، هەرچەندە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی مەندووبی سامیدا بووە . کوردستان پێویستی بە ئیدارەیەکی نەتەوەیی بووە، هەموو کورد لە ئینگلیز هەڵگەڕاونەتەوەو داوای ناردنەوەی شێخ مەحمودیانکردووە داوای دامەزراندنی حکومەتی کوردییانکردووە. ئینگلیز بەتەمابوون حکومەتی شێخ مەحمود ئۆزدەمیرو هێزە تورکەکە لە رواندز دەربکات. مستەفا پاشا دەستی هەبووە لە هاتوچۆی نێوان ئینگلیزو بەرەی شێخاندا.

پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود زەماوەندی

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان(*)

رەفیق حیلمی دەڵێ: پێش ئەوەی ئینگلیزەکان لە سلێمانی دەربچن ئەو چۆتە کەرکووك بۆ کۆکردنەوەی ئابوونەی (بانگی کوردستان) لەوێ بیستویەتی ئینگلیزەکان بە فڕۆکە ڕایانکردۆتە بەغدا کە ئەم دەیەوێت بگەڕێتەوە وادەزانێت (جەمعیەتی کوردستان) دەبێت ئیتر زیاتر بکەوێتە کار. لەو کاتەدا هۆی گواستنەوەی لە کەرکووك بڕراوە .لە تەمووزی ١٩٢٢دا باوکم لەگەڵ سەید ئەحمەدی هەنجیرەدا دەگەڕێتەوەبۆ سلێمانی، ئەمە بۆ هەواڵی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە بەغداوە بۆ سلێمانی چۆتە ماڵی کەریمی حاجی ئەولا برای ئەحمەد ئاغا، مەجلیسی میللی سلێمانی ناردوویەتی بۆ کەرکووك، حەشاماتێکی زۆر رژاونەتە ناوشاری سلێمانی بۆ پێشوازیی شێخ مەحمود، لێرەدا باوکم باسی بیروڕای دەکات سەبارەت بە جەمعیەتی کوردستان و ڕۆڵی لەم کاتەدا . وایزانیوە کۆمەڵە ئیتر دەبێت بە جۆش و خرۆش بکەوێتە کار، نەهاتووە بە بیریدا ئەمە لە خۆیەوە ناجوڵێتەوە، ئینگلیزەکان کە لە سلێمانی بوون دەستیان هەبووە لە جەمعیەتەکەدا. بەڵام نەیزانیوە کە ئەوان نەبن ئیتر کۆمەڵەکەش لەکار دەکەوێ. رەفیق حیلمی دەڵێ دوای ئەمە زانیم (جەمعیەت) و ئەو کۆمەڵانە بە ئیشارەتی بێگانەکان دائەمەزرێن و نابێ بەتەمای خزمەت و چاکەیانبم. ئەمانە گەلێ جار بەهۆی بێگانەو کاربەدەستانیانەوە دائەمەزرێن کە سیاسەت بە کاسبی دائەنێن. ئەندامانی پاکی نیشتمانپەروەری ئەو جەمعیەتانە بەهەڵەدا چوون کە باوەڕ بەڕووی دەرەوەی خەڵکی دەکەن یان بە تەمادەبن بە زۆرانبازیی لە گەڵ بەرهەڵستکاراندا کەڵکی قەومییان ببێ. باوکم وایزانیوە لە ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی کوردا کۆمەڵە قۆڵی لێ هەڵدەکات و تێدەکۆشێ کە چی بڵاوەیکردووەو لە کار کەوتووە، مستەفا پاشا ئیتر بەلای کۆمەڵەدا نەچووە. "بانگی کوردستان"یش لە جیاتی ئەوەی دەنگی کورد بە هەموو جیهان بگەیەنێت ، گیانی میللی و بیری کوردایەتی بڵاوبکاتەوە هەر بە جارێ بێ دەنگ بووەو پەیڕەوی قسەی خاوەنەکەی کردووەو کشاوەتەوە دواوە. رەفیق حیلمی ویستویەتی

(*) بڕوانە درێژەی ئەم باسە لەگەڵ باسی ئەوکۆمەڵانەی رەفیق حیلمی کاریتێداکردوون.

ئابوونـەکان بنێرێتـەوە بـۆ کـەرکووك بـەڵام مستەفاپاشـا نەیهێشـتووەو ئابوونـەکانی لێ وەرگرتووە بە پسووڵە (وەسڵ) .

بــاوکم تەقەلایــداوە بــۆ پێشخســتنی (بــانگی کوردســتان)و بڵاوکردنــەوەی بــە دەســتوورێکی نــوێ بــەڵام ســەری نــەگرتووە دەڵــێ کــە وتومــە ئابوونــەکان دەنێرمــەوە نەیهێشــتووەو وەســڵی لێوەرگرتــووم ئــەو وەســڵانەش مــاون لــەناو شــتەکانی رەفیــق حیلمیدا.

باوکم وەك ئەندامێکی دڵسۆز زۆر هەوڵیداوە لەگەڵ پاشاو سەرۆکی ئەنجومەنی میللی دا کــە رۆژنامەکــە بمێنێــتو خزمــەت بکــات بــەڵام ســوودی نــەبووە، بۆیەدەرکــەوتووە ئەمجارەش هەل لەدەست دەرچووە.(*)

بناغە بۆ حکومەتی کوردیی دانەرێـژراوە، "بەڵکو لەسەر حیسابی کوردو کوردستان نواندنێکی شانۆیی نوێ بەدەستەوە بووە"واتە رەفیق حیلمی هەرپێش گەڕانەوەی شێخ مەحمودو حکومەتەکەی بۆ دووەمین جاری لەگوماندابووە کەسەر ناگرێو هەرواش بووە وەك لەمەودوا دەیبینین.

پەردەی یەکەمی شانۆییەکە رەفیق حیلمیشی هەڵفریوانـدووە بۆیـە دەڵـێ "وایلێکردم هەســت بەشــتێ بکــەم، تــەزووی شــادی بــە لــەشمابێ، خــوێنێکی گــەرمو خــۆش بــە دەمارەکانما بکەوێتەگەڕ" بڕواننە وەسفی هەستی خۆیو باسی رۆژی هـەڵکردنی ئاڵای کوردســتان؟ کــاتێ لــە مــاڵی ســەرۆکی ئەنجومــەنی میللــی شــێخ قــادری حەفیــد بڕیــاردرا گۆنگرەیەکی گشتی ببەسترێ کە بەدەستوورێکی رەسمیـی ئاڵای میللـەتی کوردی تیـادا هــەڵبکرێ. بۆئەمــەش هەزارکــەس لەمزگــەوتی گــەورە کۆبوونەتــەوە ئینجــا وەك بــە ڤیــدیۆ وێنــەی ئــەو کۆبوونەوەیــە گیرابێــت رەفیــق حیلمــی باســی ئــەو حەشاماتەیکردووەو چۆن

(*) بڕوانن رەفیق حیلمی چ رەنجێکی داوە لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵانـە وەك سـەربەخۆیی کـورد بـۆ حەمـدی بـەگی بابانو (جەمعیـەتی کوردسـتان) ی مستەفا پاشـا و بـانگی کوردسـتانو رۆژنامەکـانی تـریش، چ ئومێـدێکی هـەبووە پێیـان بـۆ خزمـەتی کـورد کەچـی کـە بـاس دەکرێـت هـەر دەڵـێن ئەنـدام بـووە یـان لـەو بڵاوکراوانـەدا نووسیوویەتی.

لەم دواییەدا کوڕاسێکم بەرچاو کەوت چەند ژمارەیـەکی رۆژنامـەی (بـانگ حـەق) و (ئومێـدی ئیسـتیقلال)ی تیادا دانرابوو. وابزانم ئەمە کاتێ بووە کە(بانگی کوردستان) ڕاگیراوەو ئەمە لە جێی ئەو دەرچووە بـەڵام دیارە هەرچەند ژمارەیەکی لێدەرچووە.

ڕێکخراون و چی کراوه. لەدەوری حەوزی ناو مزگەوت لە پێشەوه ڕیزی قوتابیان یەکەم ئەڵقەبووه ئینجا ئەڵقەی خەڵکەکە لە دەوریان کچ و کوڕ سروودی میللیان خوێندوه بە دەنگێکی خۆش باوکم سەبارەت بەمە وتوویەتی :پیاوم ئەویست فرمێسکی شادمانی نەڕێژێ ؟!

دواتر باسی خۆی دەکات و دەڵێ "من بەسەر دونیاوه نەمابووم، لە ئاسمانی خەیاڵا پەرپازیم ئەکردو ئەفڕیم، لەپڕ سەرکەوتمە سەر کورسی‌یەك و هەر لەبەر وتارێکی دوورو درێژم خوێندەوه وشەکان وەك تەرزە لەدەمم هاتنە دەرێ، بەڵام تەرزەیەکی وا بەڕاستی کە لە ناوەندی وتارەکە موچڕکێکی سارد بەلەشمدا هات. دانەکانم کەوتنە چۆقەچۆق، ئەژنۆکانم هاتنەلەرزین. ئەوەندەی نەمابوو لە کورسی‌یەکە بکەومە خوارەوه! بەڵام دانم بەخۆمدا گرت و هەر چۆنێ بوو وتارەکەم گەیاندە دوایی."(*) ئینجا ئاڵای کوردستان وردە وردە بەرز بۆوه لەگەڵ دەنگی ئاوازو مۆسیقادا.

ڕەفیق حیلمی دەڵێ" ئیتر لەو ڕۆژەوه چاوم بە شێخ قادر نەکەوتەوه" دواتریش نەچۆتە لای و لێی نەپرسیوەتەوه چونکە لێی زیز بووه.

کەنیشتمانپەروەرو زابتەکان دوور خراونەوه، عەشایەر خراونە پێشەوه (بەحوکمی سیستمی دەرەبەگایەتی) بەڵام مەجلیسی میللی ڕۆڵی باشی هەبوو لەڕووی ئاسایشەوه.

(*) بڕوانە ل ٥١٢- ٥١٣ یادداشتی (٥).

گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانیو بە پیرەوەچوونی

(حوکمداریێتی دووەم)

دەبووایە شێخ مەحمود لە بەغدا بە گفتوگۆی (مندوبی سامی) و (مەلیك فەیسەڵ) بکرایە بە (رەئیسی مەجلیسی میللی) بەڵام ئەمەیان گۆڕی بە ناوی (حوکمداری کوردستان) چونکە شێخ ئەوەی تریانی بەدڵ نەبوو.

پێش هاتنەوەی، دەستەیەك زابتی لەگەڵ نێردرا کە هەستی نەتەوەییو نیشتمانیان بڵاوکردبووەوە.سەبارەت بەدەستەی مامۆستایانیش رەفیق حیلمی دەڵێ: ئێمەیش چیمان پێکرا کردمان، گۆرانیی بە پیرچوونەوە فێری خەڵك کرا ئەهالی عەشایەر تا کفریی یان تا بەغدا بە پێ یان بە سواریی نزیکەی (٢٠)هەزار سواری کورد رژانە ئەو دەشتە، شێخ دەرکەوت بە شکۆیەکی شاهانەوە لە (٣٠)ی ئەیلوولی ١٩٢٢ گەیشتە سلێمانی. باوکم پێی وابووە کە ئەگەر ئەوکاتە هۆی پێویست ببوایە بۆ تۆمارکردنی دیمەنی گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانیو بکرایە بە شریتی سینەمایی هەریەکە لەودیمەنانە تابلۆیەکی رەنگینو بەنرخ دەبوو. بەڵام وا بزانم باوکم خۆی بەو وەسفە جوانە بەو پەخشانە نایابەی جێی ئەو ئامێرانەی تۆمارکردنی گرتۆتەوە کە ئاواتی خواستووە لەوکاتەدا لەولاتەکەماندا هەبوونایە،بڕوانن چ تابلۆیەکی بۆ نەخشاندووین (*).

بۆ وێنە دەڵێ "چۆن لە بیرم بچێتەوە؟! لە لایەکەوە گریانی خۆشیو هەلهەلەی شۆڕە ژنی مێخەکبەند لەملو هەیاسە لەپشت لەولای ترەوە گوڵبارانو قریوەی کچۆڵە خنجیلانە ئێسك سووکە پەنجە خەناوییەکان. فرمێسکی شادی بە چاوەکانما ئەهێنایە خوارەوە، ئەمەش بیرچێتەوە! ئەی ئەو رۆژە کە سلێمانی بووبوو بە رۆژی حەشر! هەزاران پیاووژن بەچەپڵە رێزانو دەنگی هەربژی و کچو کوڕ بە بەرگی نەورۆزەوە، گۆرانی نیشتمانی چریکەی نێرانەی زابتەکانی کوردو سیرەی هەڵکێشانی شیرە بریقەدارەکانیان تەقو هوری دەمانچەو هتد ... لەگەڵ نالەو گرمەی تۆپ، گوێی کەڕ

(*) بڕواننە درێژەی ئەم وەسفە ل ٥١٦-٥١٨ یاداشتی پێنجەمی هەروەها بڕواننە باسی نووسینی پەخشانی رەفیق حیلمی لەبەشی دیکەی ئەم کتێبەدا.

دەکرد، هەموو ئەمانە لەهۆشیان دەبردی کە لەژێر سێبەری شیرو تفەنگدا حوکمداری کورد گەیشتە پێشەوە! دەنگی نێری شێرانەی زابتێك عەسکەرەکان و مامۆستا و قوتابییەکانی بۆ سلاوی حوکمدار وریاکردەوە! دووبارە چەپڵە رێزان و گوڵباران تێکەڵ بە ئاوازی شیرینی رەنگی قوتابیان بوو"!

لەو رۆژەدا شێخ مەحمودو نۆئێل(*) بۆ ماوەیەك لەحەوشەی ماڵی میرزا فەرەج حەسانەوە قوتابیان و گشت ئەهالی و سەرەك عەشایەر ریزبوون شێخ و موستەشاری سیاسیی لەسەر پێپلیکانەکان وەستان.

دیسان لەوێشدا رەفیق حیلمی سەردەکەوێتە سەر تەختەبەندێکی بەرزو دەستدەکات بەقسەکردن و وتارێکی دوورو درێژی دەخوێنێتەوە. بە درێژایی وتارەکە چەپڵە رێزان بەردەوام دەبێت. بە تایبەتی قوتابییەکان خوێنیان هاتە جۆش و حەماسەتیان کاری کردەسەر ئەهالی و عەشایەر، باوکم دەربارەی ئەم وتارەی دەڵێ" لەوەدا نەمابوو وشە بە تەرازووی سیاسەت بکێشم، باسی رۆڵی سەرەکیی شێخم دەکردو لە هەڵەکانی ئینگلیز دەدوام، توانجم تێدەگرتن و تانووتم لێدەدان (*)بە کورتی ئەم وت: "لەسەر ئینگلیزەکان پێویستە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە کە جاری پێشوو کردیان، ئەبێ بەڕاستی پشتی شێخ بگرن و هەر لە گۆشەی مەبەست و قازانجی خۆیانەوە تەماشای ڕووداوەکان نەکەن(*) ئەبێ باشبزانن کە فریودانی شێخ و کورد بەئەنجامدا زیانی بۆ ئینگلیز زیاترە" ئینجا بایداوەتەوە سەر خۆمان واتە سەر کورد وتویەتی"لەسەر خۆشمان پێویستە کە قازانجی نەتەوەکەمان بخەینە بەرچاو ودەستبدەینە دەستی یەك و ماوەی ئەوە نەدەین فریومانبدەن، بمانکەن بە کوتەکی دەستیان ئەمیش بۆ خزمەتی سیاسەت و قازانجی بێگانەکان" کە ڕوانیویەتی بینیویەتی نوئێل تەواو گرژبووە بەلام شێخ پێی خۆشبووە ئەگەرچی لێوی کرۆشتووە لەبەر نۆئێل و هیچی نەوتووە.

(*)رەفیق حیلمی نوسیوویەتی: "یارمەتی نۆئێل-م دەدا بۆ وەرگێڕانی قەیدەکانی مالیەو گومرگ لە تورکی‌یەوە بۆ فەرەنسی بەتەما بووم لە گەڵی بچم بۆ کوردستانی تورکیا ".

(*) ل ٥٢١ یاداشتی پێنج

(*) ٥٣١ هەمان سەرچاوە

دەبێت بەرەئیسی تەشریفاتی شێخ مەحمود

لە لایەن (مەجلیسی میللی)و لیژنەی بە پیرەوەچوونی شێخەوە رەفیق حیلمی کراوە بە (رەئیسی تەشریفات) کەدوای تەواوبوونی وتارەکەی دوای شێخ و نوئێل دەکەوێت و لە گەڵیاندا دەچێتە ئەو ژوورەی کە بۆ زیارەت و چاوپێکەوتنی حوکمدار رێکخراوە.

وەسفی چاوپێکەوتنی شێخ لەگەڵ خەڵکی

خەڵکەکە پۆل پۆل چوونەتە ژوورەوە بە پێی ناونیشان ، رەفیق حیلمی پێشکەشی حوکمداریکردوون یان دەستیان گوشیوە یان ماچیانکردووە. حەشامەت هێندە زۆر بووە ماوەی گفتوگۆ نەبووە. تۆفیق وەهبی سەبەتۆلکەیەکی ئاوریشمی تایبەتی پڕ لەگوڵی داوەتە دەست باوکم لەگەڵ دوو گوڵەباخ،گوڵەکان بۆ یادگاریی ئەو رۆژە بەسەر زۆربەی خەڵکدا دابەشکراون و دوو گوڵەباخەکەش بۆ حوکمدارو نۆئێل بوون کە حوکمدار بە سوپاسێکی گەرمەوە بەرۆکی بۆ راگرتووە بەڵام نۆئێل بە پوویەکی ترش و گرژەوە بۆی ڕوانیوە ورەنجاویی خۆی بۆ دەرخستووە. رەسمی تەشریفات زۆری کێشاوە تا ئێوارەیەکی درەنگ.. نۆئێل لەسەر کورسییەکی رەق نزیک دەرگاکە هەر هەستاوەو دانیشتۆتەوە.

شێخ تا (١٠) رۆژ پاش مەراسیمەکە چووە خەڵوەتەوە. رەفیق حیلمی دەڵێ بەتەمابووم دوای مەراسیم لەشێخ دوور بکەومەوە. بەڵام حوکمدار نەیهێشتووەو ئەمری پێکردووە لای بمێنێتەوە.(*)

پێوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود لە سەردەمی حوکمدارێتی دووەمدا :

وەك وتمان لەسەرەوە دوای مەراسیم شێخ مەحمود ئەمری بە رەفیق حیلمی کردووە لای بمێنێتەوەو بە جێی نەهێڵێت .(*) ئینجا رۆژ بەرۆژ بە تایبەتی دوای نیوەڕۆ

(*) بڕوانە لاپەڕە (٥٢٣) یاداشتی پێنج

(*) بڕوانە یاداشت ل ١٠٦– ٥٢٣ .

کە کەسی غەریبیان لەدەور نەماوە رەفیق حیلمی چۆتە ژووری تایبەتی شێخ و گفتوگۆیانکردووە. باوکم دەڵێ بە تەواویی لە مەبەستی ئەو خەڵوەتە نەگەیشتووم. بێ ئۆقرەو کەم باوەڕ دەهاتە بەرچاوم . لەسەر قەراری نەدەوەستا.... لەگەڵ ئەوەشدا (وەزارەت) هەیئەتی رونەسای داناوە .(*) شێخ لە پڕێکدا لە خەڵوەت دەچێتە دەرێ و دەست دەکات بە تەماشاکردنی کاروباری حکومەت.

رەفیق حیلمی بە وردی سیاسەتی ئینگلیز لەگەڵ شێخدا شیدەکاتەوە بەڵام لێرەدا ماوەی درێژەدان بەم باسەمان نیە چونکە لە یاداشتەکانی باوکمدا وەك یاداشتی پێنج بەدوورو درێژی باسی ئەم قۆناغەکراوە. ئاسان نییە حەوتبەشی یاداشتی پیاوێکی وەك رەفیق حیلمی لەم چەند لاپەڕەیەدا کورتبکرێتەوە،بۆیە لەمەودوا هەوڵدەدەین تا بتوانین ئەوەی زۆر پێوەندیی نەبێت بە ژیانە تایبەتییەکەیەوە نەینووسین. ئەوانەی عەودالی یاداشتەکانی باوکمن لە(٧) بەرگدا لە چاپدراون دەتوانن پەیدای بکەن و بیخوێننەوە. بەداخەوە باوکم بەنیاز بووە یاداشتەکانی (١٨) بەرگ بێت بەڵام فریا نەکەوتووەو هیچی وا بەدەستەوە نییە کە کەس بتوانێت لەم چاپکراوانە زیاتر بنووسێتەوەو لە چاپیان بدات. گرنگترین قۆناغی ژیانی رەفیق حیلمی بەمە بۆتە نهێنی، کەس تا ئێستاش راستییەکەی نازانێت تەنانەت ئێمەیش کە منداڵەکانی ئەوین، چونکە ئاگامان لێ نەبووە لە ژیانیدا چی کردووەو چی بووە، بە تایبەتی ئەو سەردەمەی سەرۆکی باڵای پارتی هیوا بووە. وەك کاك جەمال بابان وتبووی بەدەم کاك فایەق هوشیارەوە هەرچی باسی ئەو پارتەیەو چی هەبووە سەبارەت بە پارتی هیوا کە رەفیق حیلمی وازی لێ هێناوە بە فایەق هوشیاری وتووە لە سێ سندوقی تەختەدا بوون لە ماڵی خەزووری رەفیق حیلمی، فایەق هوشیارو مەحمود خەفاف چوون لەوێ بردوویانەتە ماڵی کاك فایەق و هەموویان سووتاندووە، بۆیە هیچ شتێك تەنانەت وێنەیەکی ئەندامان یان پارچە کاغەزێك یا دەفتەرێك نەماوە ولەبەشی باسی پارتی هیوادا لەم کتێبەدا هەرچی پاش رەفیق حیلمی

(*) بڕوانە رۆژنامەی (بانگی کوردستان ژمارە (١٠)
بانگی کوردستان ماوەیەك دوای گەڕانەوەی شێخ بڵاوکراوەتەوە دوایی "ئومێدی ئیستیقلال" جێیگرتووە. رەفیق حیلمی بە نامەی شێخ بۆتە لێپرسراوی بۆ ماوەیەك.

دەستم کەوتووە لە نووسینی خەڵك و هەندێ وەلامی خۆشم هەر ئەوانەم داناوەو باسکردووە بەهیوای ئەوەی بەشێك لەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکاتەوە.

سەرئەنجامی حکومی دووەمی شێخ مەحمود

باوکم لە کۆتایی بەرگی پێنجی یاداشتەکانیدا ئەم نامەیەی مێجەر ئەدمۆنز (موستەشاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی عیراق) کە لە لەندەنەوە بۆی ناردووە بلاودەکاتەوە، کە ئەمە ڕای یەکێك لەو کاربەدەستە ئینگلیزانەی ئەو سەردەمەیەو پیشانیدەدات بۆچی حکومەتی دووەمی شێخ سەری نەگرت وەك چۆن ئەوەی یەکەم زوو تێکشکا.

لەنامەکەدا دەلێ "بەلام هەوای نەشئە بەخشی کێوەکانی سلێمانی شێخ مەحمودی سەر مەستکرد. لەبەر ئەمە هەر گفتێکی دابووی و هەر پەیمانێ لەگەل گەورەکانی حکومەتی بەغدا کردبووی لە بیری چووەوەو زۆری پێ نەچوو ناوی خۆی نا (مەلیکی کوردستان) و دەستی کرد بە داواکردنی شارە کوردەکانی ترو هەموو ئەو خاکەی بە کوردستان ناو ئەبرێ و(*) تا سنووری جەبەل حەمرین درێژ دەبێتەوە."

ئەم نامەیەی لە The middle East Jornal – The Kurds of Iraq دا بلاوکردۆتەوە. ڕەفیق حیلمی لە کۆتایی یاداشتی پێنجدا لە (ل٥٢٩)دا دەلێ" شێخ مەحمود لە گەنجێتیا تەنیا ئامانجێکی هەبوو ئەویش سەربەخۆیی کوردستان بوو لەبەر ئەمە لەوانە بوو کە لە ڕێی ئازادیی کوردا خزمەتی ئینگلیز بکات. بەلام ئینگلیزەکان لە ئاستی ئەوا چاویان نەیدەبینا. ئەیانویست بە بەرتیل و تەماعی دونیا بیکڕن نەیان ئەزانی بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان. بە زۆرو بە فێلّش نەئەکرا بە مەقاشی دەست و بۆیان نەئەخرایە قەفەزەوە، لەبەرئەوە هێشتا بە ڕێی بەغداوە بوو دوو دلّیی کەوتبووە بەینەوە. هەر لەڕێ بووە کە ئینگلیزەکان بیریان دەربارەی گۆڕیووە بەلام تازە کار لەکار ترازاوە، بۆیە بە ناچاریی قایل بوون عینوانی ڕەئیسی بکات بە (حوکمدار) مەلیکیشی بەتەمای ئەوەی تورکەکان دەربکات و مەسەلەی موسل بڕێنێتەوە دانی نا بە حوکمداریی

(*) ئەمە بۆ ئینگلیزەکان دەستی نەداوە، ئەوان بەڕاستی بۆ کوردو کوردستانیان نەهێنابووە هێنابویان ئۆزدەمیرو ورکی پێدەرکەن و مەسەلەی موسلّیان لە دەست دەربهێنن لەبەر نەوتەکەی.

شێخداو پەیمانیدایە لە وێنەیەکی فراوانا (خودموختاریەت) بدرێ بە کورد، شێخ مانگێکی پێ نەچوو عینوانی حوکمداریشی کرد بە (مەلیکی کوردستان) لەتشرینی دووەمی دا١٩٢٢. ئینجا داوای سەربەخۆیی سەرتاپای خاکی کوردستانی کرد".

بۆ مەسەلەی کورد سەرینەگرت و چۆن چارەسەردەکرا

هۆیەکی تری سەرنەگرتنی حکومەتیی دووەمی شێخ لەزاری یەکێ لەو بیانیانەوەی ئاگاداری کێشەی کورد بوون و ناوی (ئیلڤەستن)ە، ئەوە بووە کە "کورد ئازان لە توانایاندا هەیە زۆر شتبکەن، بەڵام یەکێتییان نییە، لەناو یەکتریدا دڵ پیسن و نایانەوێ سەرکردەیەك دەستبخاتە کاروباری سەرکردەیەکی ترەوە. هەرچەند کە دوژمنیان یەك بوو ، بۆ لابردنی یەکدەگرن." بۆ یەکناگرن؟ سروشتی وڵاتەکەیان شاخاوییە، بە سنووری سروشتی خێڵ و دێهات جیاکراوەتەوە، سەرەڕای سنووری دەستکرد کە بیانیی دروستیکردوون و هێندەی تر خاکەکەیانی پارچە پارچە کردووە. لە تورکیاوە سەرەتای کێشەی کورد دەستی پێ کردووەو هەر لێرەشەوە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت. بۆ سیاسەتی تورك باشە کە بە گیانێکی پاك و دڵسۆزانە لە گەڵیاندا هەڵسوڕێن، تا ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی باش ببڕێتەوە. پەیماننامەی ئەتلانتیك تروسکەی ئومێدی ئازادیی بۆ کوردیش تیا بوو، پێش ئەوەی کورد داوای بکات تورك خۆی ببیبەخشیایە بە کوردەکان. هەروەها کۆمەڵی سان فرانسیسکۆ تروسکەی ئازادیی و سەربەخۆیی بۆ گەلان تێدا بووکە رەنگ بوو بۆ کوردیش قسەی لێبکرێ. دیسان تورك دەبوو ببیبەخشیایە تاکورد نەریتی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت. چاکترین رێگەچارە ئەوەیە بێ جیاوازیی کوردی تورکیاو عیراق و ئێران و سوریا بە ئەندامی دەوڵەت بناسرێن و حورمەت لەنەریتی میللییان بگیرێت چونکە کورد بەزۆر ناکرێت بە میللەتێکیتر!!!"

کارەکانی لەسەردەمی حوکمی دووەمی شێخ مەحمود دا

یەکەم/مەعاریفی سلێمانی: رەفیق حیلمی دەڵێ ئەو کاتە لە دائیرەی حوکمدار کاروبارێکی ئەوتۆم نەبوو (واتا پاش هاتنە دەرەوەی شێخ لە خەڵوەت) کەسەرقاڵم بکات، لە قوتابخانەی (نموونەیی سەعادەت) وانەم دەوتەوە،وانەی بیرکاریی بەڵام لەچاو پێویستییەکانی ئەو رۆژەدا باوکم نەیتوانیوە بەو جۆرەکات بەسەربەرێت. هەستی بە دەست بەتاڵیی کردووە[*] بۆیە جارێ ویستویەتی بگەڕێتەوە مەکتەبەکەی خۆی تا بەوانە وتنەوەوە خەریك بێت. مستەفا پاشا کەسەرۆکی مەعاریف بووەو دەستیکردووە بە رێکخستنی قوتابخانەکان و حەزی لە چارەی (رەشید زەکی) بەڕێوەبەری (نموونەیی سەعادەت) نەکردووە. داوای لەباوکم کردووە پێکەوە خەریکی ئەو کارەبن. لەو رۆژەدا لە سلێمانی هەردوو قوتابخانە هەبووە ئەوانیش قوتابخانەیەکی سێ پۆلیی منالانیان کردۆتەوە و پۆلێکی تازەشیان خستۆتە سەر نموونەیی سەعادەت و ناویاننـاوە (ئەعدادی) ئەوانەی دەرچوون دەگەڕانەوە تا ئەو پۆلەش تەواو بکەن. رەفیق حیلمی دەڵێ ئەمە بۆ ئەو رۆژە کەم نەبووە چونکە پۆلی دووەم تا ئەو کاتە مامۆستای نەبوو. دواتر مستەفاپاشا ناوی ئەم قوتابخانەیە دەگۆڕێت بە (مەحمودییە) و رەفیق حیلمی ئەکات بە بەڕێوەبەری. رەشید زەکی کە مامۆستای خۆی دەبێت لەم رەفتارە دەتۆرێت و بە مامۆستای بیرکاریی قایل نابێت. ئەم سێ قوتابخانەیە زۆر دڵسۆزانە وانەیان وتۆتەوەو گیانی نیشتمانیی لاوانی ئەو رۆژە ئێجگار بەرزبووە بۆیە پەك لەسەر مامۆستا نەدەکەوت و بێ پوول و پارە وانە وتراوەتەوە. زابتە کوردەکان بە هەموو هێزیانەوە سەرقاڵبوون لاوەکانیان هانداوەو وانەیان وتۆتەوە. لە ئەعدادیدا دوو زابتی کورد ئەمین رواندزی و عەزیز قەزاز وانەی (مەشقیسەربازیی)یان وتۆتەوە. حەماسەت و خوێن گەرمیی مستەفا پاشای وایلێکردووە خۆی وانەی (جەبر) بڵێتەوە و رەفیق حیلمیش وانەی (هەندەسەی موجەسەمەو مثلثات) بڵێتەوەو سدیق پاشای موفەتیشی حکومەتی

---

[*] بێ گومان ئەوە لەچاو ئەو هەموو گێژەڵووکەو شەپۆلە سیاسیانەی ئەو هەموو کارە گرنگانەی حوکمی یەکەمی شێخ و پەیوەندی و کاری بێ وچانی لە گەڵ کاربەدەستە ئینگلیزەکان و ئەهالی و هتدیدا... کەچی هەستی بەدەست بەتاڵی کردووە.

کوردستانیش وانەی وێنەی وتۆتەوە. ئینجا بزانن ئەمە چۆن قوتابخانەیەك بووە؟!
مستەفا پاشا ناوی دوو مەکتەبەکەی تری ناوە (قادرییەو لەتیفییە) ئینجا رەفیق حیلمی گەراوەتەوە سەر کاری پەیوەندیی بە شێخ مەحمودەوەو سەبارەت بەمە بۆ خۆی دەڵێت: بە گەڕانەوەی بۆ ئەعدادیی بە تەواویی لە (مەلیك) دوور نەکەوتبۆوە جارجار ناردویەتی بە شوێنیداو هەندێ نامەی تایبەتی خۆی پێ نووسیوە یان پێی خوێندۆتەوە. لەبەر ئەوە بە بەهانەی وانە وتنەوە بە کوڕەکانی (رەئوف و بابە عەلی) مەلیکی کوردستان ئەمرێکی بۆ دەرهێناوەو هەموو رۆژێك دوای نیوەڕۆ بەبێ پرس و ڕا چۆتەلای شێخ. ئەمە بۆ ئەو رۆژە ئیمتیازێك بووە کە بە هەموو کەسێك نەدراوە. لەبەرئەوە لەناو پیاوە ناسراوەکانی ئەو رۆژەداو دەست و دائیرەی مەلیك خۆشی بە چاوێکی پڕ لەبەرێزەوە سەیرکراوەو هەندێکیشی ئێرەیشیان پێ بردووە!.
لەباسی قوتابخانەو قوتابییەکانیدا دەڵێ :هەموو بە گەرمی و شەوقەوە خوێندویانەو زۆرتر لە جاران ڕوویانکردۆتە چوونە قوتابخانەو بەشێکی زۆری مامۆستایان زابتی کۆن و تازەی کورد بوون، خۆیان لە زەمانی عوسمانی لێرە دەرچوون لە (ئەعدادی عەسکەریی) بۆیە حەزیان ئەکرد ئەعدادیەی مەحمودییەش لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو بەڕێوە بڕوات، واتە بە نیزامێکی عەسکەریی بڕوات بەڕێدا. بەرگی هاوشێوەیان بۆ قوتابییەکان کردووەو بۆ قوتابییە هەژارەکان بە پارەی کۆکراوە (پیتاك)کڕراوە. دواتر باسی چالاکی و گورج و گۆڵیی قوتابخانەکەیان دەکات لەمجۆرە کاروبارانەدا تەنانەت دەشڵێت خوێندکارەکان کە کڵاوی عەسکەریی وەك ئەسکۆچەکانیان لە سەردا بووە کە لەناوچەوانەکەیدا بەسوورمە وشەی (مەحمودیی) نووسراوەو دەوڵەمەندەکان ئەمەیانکردووە بە ئاڵتوون، قوتابخانەکانی تریش یەك جل و لە جیاتی مەحمودیی ناوی قوتابخانەکانیان کە قادریی و لەتیفیی بوو لەکڵاوەکانیان دەنووسی.
سالح بۆریزەن کە تائەو کاتە ماوە ناردویەتی کردویەتی بە فەڕاشی قوتابخانەکەو بۆرییەکی لە دائیرەی عەسکەریی بۆ وەرگرتووە لە جیاتی زەنگ بەوە قوتابی چوونەتە پۆلەوە. تیپێکی بچووکی مۆسیقاشیان پەیدا کردووە بۆ کاتی مەشقکردن و ئەوانی تریش بە ئاوازی گۆرانیی میللی و نیشتمانیی سرودیان وتووە. خەڵکی بازاڕو ناوشار بە گەورەو بچووکەوە شوێنیان کەوتوون و چەپڵەیان لێداوەو فرمێسکی شادییان

ڕشتووه[*]. ئەم بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە، تا ئەو ڕۆژە سلێمانی بزووتنەوەیەکی وای بە خۆیەوە نەبینیوە باوکم دەڵێ: لەو حاڵەی وا خەریکی ڕێکخستنی مەعاریفی سلێمانی بووین و لە قوتابخانەکاندا هەستی کوردایەتیمان زیندوو دەکردەوە بێگومان لەولاوە تورکخواکان دەوری حوکمداریان دابوو. شێخ مەحمود واقی وڕمابوو! نەیدەزانی ڕووبکاتە کام لایان؟ لەبەر بێ قەراریو تێکەڵو پێکەڵی بیرو باوەڕیی، متمانەی بە کەس نەکردووە. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە لاپەڕە (٥٤١)ی یاداشت بەرگی شەش . دەستەیەك لە لاوەکان ئیمانیان بە ئینگلیز هێناوە گاڵتەیان بەم تەقەلای نیشتمانپەروەرانە هاتووەو ئەمەیان بە تورکخوا زانیوە، گوایە شوێن کڵاوی بابوردو کەوتوون وتورکخوا ئەوانەی سەر بە ئینگلیزیان بە سیخوڕ زانیوە.

نیشتمانپەروەرەکان کەم بوونو بێ پشتیوان بوون، بەڵام گیانی میللیان ئیجگار بەهێز بووە، زۆربەی ئەهالیو خەڵکی ڕەشۆکی بەمانەوە لکاون. دەستەی قوتابیو مامۆستایانی خوێن گەرم هۆی پەرەسەندنی بیری نیشتمانیو گیانی قەومی کورد بوون لەناو خەڵکدا.

دواتر دێتەسەرباسی شێخ مەحمودو دەورەدانی شێخ بە تورکخواکانو ئەوانەی لەگەڵ ئۆزدەمیر بوونو چۆن پێکەوە ئینگلیزیان لە ڕانیەو دەربەند دەرکردووەو هتد... هەروەها و باسی تورکەکان دەکات چۆن هاتونەتە ڕواندزو ڕۆڵی ئەحمەد تەقی چی بووە لەمەدا . [*]

ڕۆڵی وەك نوێنەری شێخ بۆ لای ئۆزدەمیر

ڕەفیق حیلمی دەڵێ: کە خۆی لە گەڵ ئەحمەد تەقیو فەتاحی ئەمینی عەتار (ژن برای شێخ) بە ناوی حوکمداری کوردەوە چوونەتە لای ئۆزدەمیر سەرەکی لەشکرە بچوکەکەی تورك لە ڕواندز ١٩٢٢ لەوێشەوە لە گەڵ فەوزی بەگو ڕەمزی بەگ (قایمقامی

---

[*] ئای ڕەفیق حیلمی چیت کردووە بۆ ئەم میللەتە! کوا ئێستا زیندوو ببویتایەتەوەوهەمان هەستی نیشتمانیت لە ناوقوتابخانەو گەنجاندا بڵاوبکردایەتەوە .

[*] ل ٥٤٣ یاداشتی شەش. ل ٥٤٤ هەمان سەرچاوە بڕواننە ل ٥٤٦ بۆ درێژەی باسی ڕۆڵی ئەحمەد تەقی لە چوونی تورك بۆ ڕواندز.

کۆنی تورك) له کۆیه بۆ گفتوگۆ سەبارەت به مەسەلەی کورد لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی ئەنقەرە چوونەتە تورکیا .

گوایە ئەحمەد تەقی رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە چوونی تورك بۆ رواندز لەبەر سەرنەگرتنی کاروبار لەگەڵ ئینگلیزدا. کوردەکانی ئەو ناوە نرخیان نەدابوو بە تەشکیلاتی قەومیو باوەڕیان بە ئینگلیز نەبووە لەبەر پڕوپاگەندەی (تورك‌و ئیسلامییەت) ئەحمەد تەقی رۆڵی لەوەدا هەبوو کە تورك بڵێ کورد ئینگلیزی ناوێ دەیەوێ لەشکری تورك بچێتە رواندز. دەیانەوێ بچنە لای سمکۆو لە گەڵیدا کۆبوونەوە بکەن ئەو ئەڵێ ئیستا هەل لەبێهێزیی ئێران وەربگرین باشترەو یارمەتی کوردی ئەوێ بدەین. بەهاری ١٩٢١ مانگی مایس لەشکری تورك‌و ئەحمەد تەقی تا شەمدینان دەچن‌و لەوێ ئەحمەد تەقی دەچێتەوە لای سمکۆ وهتد... (*)

بە گەیشتنی تورك بە رواندز بۆ کاروباری ئەوێ تەشکیلاتێك دەکرێ بە پێی دەستووری کەمالییەکان بەناوی مەجلیسی میللی‌و ئەحمەد تەقی دەبێتە نائبی مەجلیسی میللی‌وناوچەی هەریروباتاس-یش دەگرن‌و دەسەڵاتیان تا (زێبار، عەقرە ، رانیە، دەربەند) تەشەنە دەکات، ئینگلیز دەستدەکەن بە جوڵانەوە بەڵام دەشکێن. شێخ ئەحمەدی بارزان‌و ئەهالی عەمادییە لە گەڵ کوردەکانی رواندز هاوڕا بوون.

ئۆزدەمیر دەگاتە رواندز، هەموو ئاغا کوردەکان پشتگیریی دەکەن و بڕیاردەدەن بچن دەربەند بگرن. ئینگلیزو بابەکری سەلیم ئاغا لە دەربەند دەرکران. ئینگلیز سەری لێ شێوا نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوا، چووە گردە بڵوێز ئەمانە ماندووبوون کە دایان بەسەریانداو گشت کەلوپەل‌و چەکەکانیان کەوتە دەست کوردەکان، بە ژێر سێبەری فڕۆکەوە بە کۆیەدا چوونە هەولێرو بە فڕۆکەش لە سلێمانی‌یەوە رۆیشتن بۆ بەغداو دەنگی گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی بڵاوکرایەوە.(*)

لەسەر نوێنەری تورك ئۆزدەمیر لە رانیە دەچێتە دەرێ‌و بۆ شێخ مەحمودی بەجێ دێڵێ . بەڵام ئینگلیزەکان لەسەر وشەی خۆیان لە کۆیە نەچوونە دەرێ پەلپیان بە شێخ

(*) ل ٥٥٠ گەیشتنی تورك بە رواندز

(*) ل ٥٥٨-٥٥٩ عەباس ئاغا بە (چەپمەن) دەڵێ لە داخی ئێوە تورکمان هێنایە کوردستان

مەحمود گرت تورکەکان لە رواندزیش دەربکات. ئەمە یەکێك بوو لە هۆیەکانی رێکنەکەوتنی شێخ مەحمودو ئینگلیز.

شێخ مەحمود چۆن فریودراو راکێشرایە ژێر باڵی ئۆزدەمیرو تورکەوە؟(*)

جێی گومان نییە کەشێخ مەحمود حەزی کردووە ببێت بە(مەلیکی کوردستان) بێگومان حەزیشی دەکرد خزمەتی کورد بکات، بەڵام هیوای نەمابوو بە ئامانج بگات. ئۆزدەمیریش لەم کاتەدا بە وەستایی لە گەڵی جووڵاوەتەوە هەر چەند باوەڕی بە ئۆزدەمیر نەبووە، بەڵام دەترسا ئەو سیاسەتە هۆی دۆڕاندنی هەموو شتێك بێت.

سمکۆ دەچێت بۆ سلێمانی

سمکۆ کە تورکەکان هەڵیان خەڵەتاندبوو، لە ژێرەوە وەکو مار پێوەیاندا بەشەو هێرشیان بردە سەرو چەند کەسێکیان لێ کوشتن‌و خۆی‌و برایەکی گەیشتنە رواندز، ئینگلیز زانیبوویان خەریکە لەگەڵ شێخ مەحمود رێکبکەوێت، هەوڵیاندا بەینی شێخ‌و تورکەکان تێکبدەن ئەو کاتەی شێخ دوورخرایەوە بۆ هندستان ماڵ‌و منداڵی شێخ چوونە لای سمکۆ بۆ ئێران‌و دەستی باوکانەی بۆ درێژکردن . ئینجا شێخ دەیویست کە سمکۆ ماڵی وێرانبووبوو خێزانەکەی لەناوبرابوو چاکەی بداتەوە، ئینگلیز پێیان خۆش بوو سمکۆو شێخ رێکبکەون بەو ئومێدی تورك بکەنە دەرەوە. بۆیە ماوەیاندا سمکۆ بچێت بۆ سلێمانی، سمکۆ ماوەیەك لە ئێران وەك دووەمین شای لێهاتبوو ئەو لەناو کوردا قارەمانێکی میللەیی بوو .

چونی سمکۆ بۆ سلێمانی

سمکۆی سەرەك عەشیرەتی شکاك سەردەمێك لە ئێران بە شای دووەم لە قەڵەمدراوە. تورك خیانەتیان لێکردووەو شەو بە دزیەوە چوونەتە سەری ماڵ‌و منداڵیان تەفروتونا کردووە، خۆی‌و برایەکی بەسەلامەتی گەیشتوونەتە رواندز. سمکۆ پەیوەندییەکی باشی

(*) بۆ ئەم باسە بڕوانە ل ٥٦٠و بەرەوژوور لە یادداشت بەرگی شەشەمدا. بۆ درێژەی باس بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٥٧٦-٥٧٧

لەگەڵ شێخ مەحمودا هەبووە. ماڵو منداڵی شێخی بردۆتەلای خۆی کاتێ شێخ دەرکراوە بۆ هندستان بۆیە شێخ بانگی دەکات بۆ سلێمانی ئینگلیز پێی خۆش دەبێت بەڵکو بتوانێت شێخ لە تورك هەڵگێڕێتەوە. ئەهالی سلێمانیو گشت کورد سمکۆ بە قارەمانێکی نەتەوەیی کورد دادەنێن بۆیە شار دەخرۆشێ چاوەڕێی سمکۆ دەکەن بە تایبەتی کوردە نیشتمانپەروەرەکان، بەهیوابوون ببێتە هۆی گۆڕینی سیاسەتی شێخ بەڵکو تای تەرازووی شێخ سەربکەوێت،مستەفا پاشا لە هەموو کەس زیاتر شاد بووە. بەتەما بووە سمکۆ شێخ بەرەو ئامانجی خۆی بەرێتو سیاسەتی ئینگلیز بچێتە سەر، ئاژاوە بگاتە کوردستانی تورکیا بۆ شکاندنی مستەفا کەمال،لە یاداشتەکانیدا رەفیق حیلمی باسی رۆژی گەیشتنی سمکۆ بۆ سلێمانی دەکات بڕوانە دیسان چۆن تابلۆیەکمان لەپەیڤی جوان لەمبارەیەوە پێشکەش دەکات بڕوانە ل٥٧٨ ی یاداشت بەرگی (٦) . ئەمە بۆیە دەنووسینەوە چونکە لەپەخشانە جوانەکانی رەفیق حیلمییە هەروەها باسی کوردە کە خوێنی گەرمی نەتەوایەتی دێتە جۆشوخرۆش لە کاتی رووداوی نەتەوەییو نیشتمانییو بەبینینی قارەمانێکی کورد!

رۆژی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی لە پەخشانێکی رەفیق حیلمیدا (*)

رۆژی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی سەرتاپای سلێمانی بە جارێ لە ماڵ هاتنە دەرەوە، زۆربەی سوارە عەشایەرەکانی دەورو پشت چووبوون بە پیریەوە، شاری سلێمانی وەك بووك رازابۆوە. لەناو ئاهەنگێکی گشتیو زەماوەندێکی میللیو نەتەوەیدا. بەرەو پیرییەکی زۆر شیرینو شاهانەی لێ کرا. شەوێك پێش گەیشتنی ، شاری سلێمانی چەشنی شارە مێروولە وروژا. دەرزیت بهاویشتایە نەئەکەوتە سەر ئەرز، تا رۆژ بۆوە خەو لەچاوی زۆر کەس نەکەوت (*)شتێکی کە سەیربوو ئەوە بوو تورکخواکانیش لە کەیفابوون، بەڵکو ئەوان لە کورد پەروەرەکان زیاتر بە نەشئە بوون ئەوان بە هیوای

(*) لە لاپەرە ٥٧٩- یاداشت بەرگی شەش

(*) بێگومان خۆی یەکەم کەس بووە نەنوستووە هەمان پەرەو سەرچاوە- بڕوانە باسی خۆیو قوتابیو فێرکردنی سرود بەو شەوە.

سەرکەوتنی سیاسەتی تورك بوون. رۆژئاوا بوو کە لە مستەفا پاشاوە کاغەزێکم وەرگرت.

رۆڵی لە ئاهەنگی پێشوازیکردن لە سمکۆ دا

مستەفا پاشا لە نامەکەی ئەو ئێوارەیەدا نوسیبووی "هەر بۆئەم شەو سرودێکی میللی جوان رێکبخەو قوتابییەکان فێربکە بێن بۆ ئەوەی کە لە پێشوازی سمکۆدا پێشکەشی بکەن" باوکم دەڵێ" چوومە قوتابخانەی ئەعدادی شەو بوو بە رۆژ، لەبەر ئەوەی بە ئاسانی قوتابییەکان کۆکرانەوە. تا ئەوان کۆبوونەوە سرودێکم ئامادە کرد" رەفیق حیلمی دوو سروودیی هەیە وابزانم ئەم سرودەی باسی دەکات ئەوەیانە کەبەناوی (وەتەن بەجەنەت ناگۆرینەوە)یە هەروەها دەڵێ" تا نیوەی شەو لەگەڵ دەستەیەك قوتابیی مەشقمانکرد لەسەر سرودەکەو هەموو شتێ جێبەجێ بوو، قوتابییەکان لەخۆشیاندا نەیاندەزانی چی بکەن؟ پێیان عەرزی نەئەگرت. دواتر بۆ سەرخەوێك چوونەتەماڵەوە تا بۆ سبەینێ کە جەژنی کوردبووە و چوون بەپیر پاڵەوانێکی کوردستانەوە ئامادەبن، بەیانی پێش هەتاو کەوتن شاری سلێمانی وردو درشتی، بە پیاوو ژنەوە رژاونەتە کۆڵانەکان، قوتابیانی مەکتەبەکان، لەو کۆڵانانەندا کە دەچوون بۆ ماڵی (شێخ مستەفا،(*) کۆڵانەکەی ماڵی شێخ قادری حەفید) لەگەڵ عەسکەرو پۆلیس بەرامبەر بەیەك ریزیان بەستبوو، بۆ راگرتنی خەڵك و رێکخستنیان، زابتە کوردەکان و مامۆستاکان چالاکانە لە هاتوچۆدا بوون، خەڵك تا ئەدەهات زۆر دەبوون و لەو دەشت و کۆڵانەدا جێیان نەدەبۆوە، تەلارو پێش هەیوان و بەر پەنجەرەی خانوەکان و سەربانی مزگەوتی گەورەو دوکان و بازاڕ جمەی دەهات! دێهاتەکانی لادێکانی نزیکی سلێمانی بەجارێ روویانکردبووە ناوشار لە دوای ئەمانەو چاوەڕوانییەکی بێ ئۆقرە، نزیکی نیوەڕۆ ئوتومبێلی شێخ قادر دەرکەوت. خەڵکەکە جارێکی تر خرۆشان و بەیەکدا هاتن . مامۆستا خوێن گەرمەکان و زابتە چوست وچالاکەکان گورج بوونەوەو چوون بۆ لای قوتابیان و عەسکەرەکان، ئیتر بۆ سلاو چاوەڕوانی ئاماژەیەك بوون.

(*) لێرەدا جێ بۆ سمکۆ چاککراوە.

ڕیزی قوتابیان بەرامبەر بە ڕیزی عەسکەرەکان وەکو دوو خەتی ڕاستی بە ڕاستە کێشراو وەستابوون چاویان بڕیبووە دەمی زابت و مامۆستاکانیان. لەپڕ ئوتومبێلەکە هاتە پێشەوەو دەرگاکەی کرایەوە، بەتەنیشت شێخ قادرەوە بالآی بەرزو قەدی شمشاڵیی سمکۆ دەرکەوت پڵنگی کوردستان لە بەرگی عەسکەریدا بە وێنەی ژەنەڕاڵێك دەهاتە پێشەوە (*).

چاوێکی بەو خەڵکەدا خشاندو بۆ سڵاو هەردوو دەستی بەجارێ بڵندکرد ئیتر لەگەڵ هەلهەلەو چەپڵە ڕێزانی ژنان لە لایەکەوەو گوڵباران و دەنگی (بژی بژی) لە لایەکی تریشەوە، گرمەی تۆپ دەستی پێکرد. فرمێسکی شادیی بەری چاوی نیشتمانپەروەرەکانی گرتبوو. بۆ ماوەیەك لە هۆش خۆیان چوون، لە مێژووی ڕۆژە پیرۆزە گرنگەکانی سلێمانیدا لە ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان دەچوو. ئەو ڕۆژە دووەم ڕۆژی شادیی شاری سلێمانی بوو پاش ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ.

ئەو قوتابی و عەسکەرانەی لە پێشوازیی سمکۆدا وەستابوون چاوەڕێ بوون بە بەردەمیاندا بڕوا بیانپشکنێ، ئینجا سمکۆ بە هەنگاوێکی ڕێك و لەسەرخۆ بەرەو ئەوان جووڵایەوە، لەو ساتەدا لەشاهێ لەو شاهانە ئەچوو کە لە بیرو خەیاڵی کوردا ئەژیان. قوتابیان لەگەڵ سرودی بەخێرهاتنا دەستیان کرد بە گوڵباران و عەسکەرو پۆلیس بە تفەنگە بریسکەدارەکانیانەوە لە سڵاوا وەستان، وێنەی ئەو ساتەی سمایل خان و دەستە سوارە پرچەکەکەی شکاك ئەشیا کە بچێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەوەو سمکۆ هەرچەند خۆی بەرگی عەسکەریی لەبەردابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی ڕەگەزی کوردایەتی ئەو بەجێگەیەکی بەرزەوە ئەبینرا کە کڵاوەکەی سەری بوو ئەو کڵاوێکی کوردانەی شکاکی لەسەر نابوو چەند هەورییەك و مشکی بەدەوری ئەم کڵاوەدا پێچابۆوە ئەو پیاوانەی لە گەڵیشی بوون بە بەرگی کوردیی شکاکییەوە لە کوردستانی باکوورەوە دیارییەکی بەنرخ بوون واتا دیمەنێکی شیرینی براکانی ژووروویان بۆ هێنابووین. مستەفا پاشا دۆستی دێرینی سمکۆ بە وتارێکی گەرم و بەهێز داستانی دوورو درێژی

(*) بڕواننە ئەم وەسفە بێ هاوتایە وردە کە هیچ خاڵێکی بەجێ نەهێشتووە هەر وەك نەخشەیەکە، تابلۆیەکە، سیناریۆیەکە ئامادەکرابێت بۆ دەرهێنانی فیلم کوا خوا بکا ئەمانە هەمووی بکرانایە بە فیلم.

ئەو بەچکە شێرەی بۆ گێڕانەوە. مێژووی پاڵەوانیی و نیشتمانپەروەریی سمکۆو ئەو کارەساتانەی بۆ هۆنینەوە کە لەم ڕێیەدا بەسەری هاتووە .

ئەو ترسی لەلای تورکەکان دروستکردبوو چونکە مستەفا پاشای دوژمنی خۆیانیان باش ناسیووەو بەخۆڕایی ناوی (نەمرود)یان لێ نەناوە. هەر لەبەر ئەوەش بووە تورکەکان شەو هەڵیانکوتابووە سەر سمکۆ . چونکە مستەفا پاشا چووبووە لای کە ڕووی لە ئێران پێ وەرگێڕێ و بچێتە سەر تورك".

تورکەکان زانیویانە سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کورد خەباتی کردووە. کوڕەکەی بەردەدەن و پارەو موڵکی دەدەنەوە دەچێتەوە تورکیا... تورکەکان بە فڕوفێڵ تەفرەی شێخ مەحمودیش و سمکۆش دەدەن، تا بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

لێرەدا بڕواننە ل ٦٠٤ی یاداشتی ڕەفیق حیلمی بەرگی شەشەم بۆ نامەی شێخ بۆ ئۆزدەمیر کە چاوەڕێی نامەیانە، تاڕێ و شوێنی پێویستی بۆ دابنێن. هەروەها دەنووسێ سەرۆکایەتی (جەمعیەتی کوردستان) کە کاتێ لە هیندستان بووە دامەزراوە بە شێخ سپێراوەو ئەویش بە شانازییەوە قبووڵی کردووە. پەیمانی داوە لە خزمەت و یارمەتی درێغی نەکات.

بەشی دووەم

قۆناغی چوارەم

Общий №.........
Специальный №.........

توركيه بيوك ملت مجلسى حكومتى

Правительство Большого Национального Собрания Турции

عمومى نومره
خصوصى نومره ۲۰

پاسپورط

ПАСПОРТ

Имя и фамилия Гасан эфенди
Отчество Ахмед
Профессия и политическое убеждение
воен. пленный
Место и год рождения Диар-Бекир 28 л.
Религия мусульманин
Национальность турок
Место постояннаго жительства Батум
Место поездки Константинополь
Цель поездки по делам

Приметы владельца паспорта

Рост сред.
Цвет смугл.
Цвет глаз карий
Рот обыкнов.
Нос ...
Цвет волос черн.
Борода бритая
Усы черн.
Особые приметы нет

Подпись или печать владельца

Находятся при нем:

Имя	Кем является	Возраст	Рост	Цвет	Глаза	Нос	Волосы	Особые приметы

Предъявитель сего действительно является Подданным Правительства Большого Национального Собрания Турции, а потому Генеральное Консульство Турции в Батуме просит властей дружественных и Союзных с ними Государств оказать предъявителю сего во время передвижения и жительства возможное содействие.

Действителен на один год
установленный ... груш взыскана
Генеральный Консул Правительства Большого Национального Собрания Турции в Батуме

... 1923 г. Батум

پاسپورط حاملنك اسم و شهرتى حسن افندى
پدرينك اسم و شهرتى احمد
صنعت و مسلكى اسير عسكرى
محل و تاريخ ولادتى دياربكر ۲۸
مذهبى اسلام
مليتى تورك
محل اقامتى باطوم
محل عزيمتى استانبول
مقصد سياحتى برای تجارت

اشكال مخصوصه

بويى اورته
رنكى اسمر
كوزى
آغزى
بورنى
صاچى سياه
صقالى تراش
بيقى سياه
علامت فارقه
حاملنك مهر ويا امضاسى
رفاقتنده بولونانلر

اسمى	صفت رفاقتى	تاريخ و محل ولادتى	...	...	...	...	علامت فارقه

اشبو پاسپورطك حاملى توركيه تبعه‌سندن اولديغى جهتله اقامت و سياحتى اثناسنده توركيه‌نك دوست و متفقى اولان دولتلرك مأمورلرى طرفندن معاونت و حمايت اولنماسى طلب والتماس ايله باطوم ... طرفندن ويرلشدر.

۱۰ نيسان ۱۹۲۳

ايكى يوز غروش رسمى آلنمشدر

ڕەفیق حیلمی نوێنەری شێخ مەحمود لە ئەنقەرە

باوکم ئەمجارە ڕۆڵێکی تازە وەردەگرێت لە خەباتی سیاسیدا بە ئاواتی سەربەخۆیی گەل و نیشتمانەکەی لە سەردەمی حوکمداریێتی دووەمی شێخ مەحمودا، کە پاش تاقیکردنەوەی دڵسۆزیی و ڕاستی و چالاکی و ئامادەیی خۆی (شێخ مەحمود و سمکۆی شکاک) بڕیاردەدەن ڕەفیق حیلمی وەك نوێنەری شێخ مەحمود لەگەڵ دوو ئەندامی تر بچێت بۆ ڕواندز بۆ لای ئۆزدەمیرو ئینجا بە پێی هەڵسوکەوتی ئینگلیزو وەڵامدانەوەی نوێنەرەکانی بۆ لای ئینگلیز، بگەڕێنەوە سلێمانی یان ڕاستەوخۆ لەوێوە بچن بۆ ئەنقەرە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەمال ئەتاتورك، سەبارەت بەو پەیمانانەی کە لەڕێی نامەکانی ئۆزدەمیرەوە داویانە، (ئەگەر شێخ مەحمود دەست لە ئینگلیز بەربدات و دەریانبکات و ببێتە دۆستی تورك، تورك پاش شەڕی یونان و گەڕانەوە بۆ موسڵ، حکومەتی سەربەخۆ بۆ کورد دائەمەزرێنێت و خۆی وەك خدێوی حوکم دەکات و بە ویراسی بۆ وەچەکانیشی دەمێنێتەوە) هەرچەند بڕوای بە هیچ لایەك نییە نەئینگلیزو نە تورك بەڵام ناچارە لایەك بگرێت ، دوو هەیئەت دەنێرێت هەریەکە بۆ لایەك تابزانێت هەریەکە بەڕاستی بەتەمای چییەو چی بۆ کورد دەکات؟بالێیگەڕێین ڕەفیق حیلمی ئەمەمان بۆ باس بکات لە یاداشتی بەرگی حەوتەدا [*].

گفتوگۆی نهێنی پاش نیوەشەو لەگەڵ شێخ مەحمودو سمکۆ

ڕەفیق حیلمی لێرەشدا ڕاگوزەریانە ئاماژەیەك دەدات بەژیانی خۆی و خێزانەکەی ، ئەویش دیسان بۆ دروستکردنی دیمەنێکی نوێی سیاسی، کە پەیوەندیی بە شێخ و بەجێ هێنانی کارەکانیەوە هەیە ئەمجارە وەك نوێنەری شێخ لە دەرەوەی وڵات. دەڵێت زستان بووەو خۆی و خێزانێکی سێ کەسیی (ناشڵێ ئەو سیانە کێ بوون، وا دیارە خۆی و هاوسەرو خوشکی بوون چونکە لەو ساڵەدا کە ئەو باسی دەکات هێشتا منداڵی

---

[*] بۆ درێژەی باسی سەفەری ڕەفیق حیلمی لە ڕواندزەوە بۆ ئەنقەرە بڕواننە یاداشت- بەرگی (٧) و بڕواننە کتێبی "پەخشانی کوردیی" مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار

نەبووە) لە خانوویەکی بچکۆلەی دوو نهۆمیدا بوون، خاوەنەکەی ساڵحی وەستا بستە (ساڵحی چایچی یان پێ وتووە).

دەڵێ لەو کاتەدا خەڵك شەوان زوو دەگەڕاونەوە بۆ ماڵەوە بێگومان نەك هەرلەبەر بارودۆخی شارەکە بەڵکو لەبەرئەوەیش کە کارەبا نەبووەو شەقامو کۆڵان تاریك بووە. خۆشی دیارە لەبەر ساردو سەرمای زستان کەمێ هەڵامەتی بووەو نەچۆتە دەرێ .لە ژوورە بچکۆلە قوڕینەکەیدا دانیشتووە لەبەر چرادا کتێبێکی خوێندۆتەوە، تازە ژنی هێناوەو هێشتا منداڵیان نەبووە، ژنەکەی ئەو کاتە نووستووە، تاقە خوشکەکەشی ، لە ژوورەکەی تردا نووستووە دەرگاکەی لەناو ژوورەکەی خۆیاندا بووە. ڕەفیق حیلمی هەستاوە بەبێ دەنگیی چۆتە حەوشە، هەورێکی ڕەش دونیای کردووە بە شەوە زەنگ نمەی باران بووە. لەبەر کشوماتی دەرزیت بهاویشتایە گوێت لێ دەبوو دەچێتەوە ژووری و کتێبەکە دەگرێتەوە بەدەستەوە، کە لە ماڵەکەی تەنیشتیانەوە بە دەنگێکی ئەسپایی بانگی دەکەن دەنگەکە دەناسێتەوە، ژنەکەی خورشید بەگی قۆڵچی گومرگ بووە کە خورشید زوو کۆچی دوایی کردووە. ژنەکەیو چەند منداڵێکی لە خانووەکەی تەنیشتی ماڵی ئێمەدا بوون دیوارێکی قوڕ جیایکردونەتەوە، لەو دەنگە دایکم خەبەری دەبێتەوە بۆیە پێی وتووە زووکە بزانە ماڵی خورشید بەگ بەم شەوە چیان لێ قەوماوە؟ ئەویش خێرا دەچێتە دەرێو زوو دەگەڕێتەوە. بەڵام بە شڵەژاویی بەرەنگی بزڕکاوو هەناسەی سوارەوە باوکم دەڵێت لێم پرسی ویستم بیهێنمەوە زمان،ئیتر لەوکاتەدا لە دەرگا دەدەن دایکم ئەو وەختە هاتۆتەوە زمان (*) و دەستی بردووە بۆ دەمی ڕەفیق حیلمی وتێیدەگەیەنێت وەڵامیان نەداتەوە چونکە ماڵی خورشید بەگ پێیان وتوون ماڵی ڕەفیق حیلمی لەم گەڕەکە نەماونو چەند ڕۆژێکە گواستویانەتەوە. باوکم وتویەتی لەبەرچی؟ دایکم وەڵامی داوەتەوە: ئەی سێ تفەنگچی بەمشەوە تۆیان بۆچی‌یە؟ بەڕاستی دۆخەکە وابووە ئینسان بترسێ بەڵام باوکم ماوەی لێکدانەوەی نەبووە، جارێکی تر لە دەرگا دراوەتەوە. بەدەم دەرگا لێدانەکەوە (وسوو ئاغا) بانگی کردووە ڕەفیق ئەفەنی !منم وسووی خزمەتکارت شێخ مەحمود داوات ئەکا، ئیتر باوکم چووە

(*) بڕوانە چۆن وا بە وردی هیچی نەهێشتووە باسی نەکات هەر وەك بە ئومێدی ئەوەی ئەم تابلۆیانە بکرێن بە فیلم یان هەرکارێکی تر.

دەرگاکەی لێ کردۆتەوە. وسوو دوو تفەنگچیشی لە گەڵ بووە، وتویەتی فەرموو (مەلیك) داواتدەکات.باوکم گەڕاوەتەوە بۆ پاڵتۆو چرا دەستیەکەی و دەمانچەکەی بەبێ کیف خستۆتە گیرفانی. پورم لەخەو هەستاوە، کاتژمێر بەرەو دوانزەی شەو چووە، پورم و دایکم کەوتوونەتە گومانەوە بۆچی بەو نیوەشەوە بۆ لای شێخ مەحمود بچێت؟! باوکم دڵنیایان دەکاتەوەو دەگەڕێتەوە بۆلای وسوو.

مەلیك لە تەنیشت خانوە تازەکەی ئەو رۆژەی میرزا تۆفیق-ەوە لە خانووی میرزا فەتاحی بەرامبەر ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەمە دانیشتووە کە رەفیق حیلمی گەیشتۆتە ماڵی مەلیك گەڵێ لە پیاوە چەکدارە تایبەتەکانی شێخ سەرقاڵی ئێشکگرتن بوون. تفەنگچی‌یەکی زۆرو عەشایەریش بەچەند جێ وەستاون یا دانیشتوون و هەندێکیشیان لە ئاستی خۆیانەوە خەو بەلایدا بردوون. بەو جۆرە تا بەردەمی ژووری مەلیك مەحمود تفەنگچی وەستاون بەناو ئەوانەدا تێپەڕیوەو بە ڕاڕەوێکدا چۆتە سەرێ، لەبەردەمی ژوورەکەی مەلیکدا وسوو.ئاغا لە دەرەوە بانگیکردووە."قوربان رەفیقە ئەفەنی حازرە " لەتیفی کوڕی شێخ دەڵێت: فەرمو بابێتە ژوورەوە لەو کاتەدا ئەم کوڕەی شێخ مەحمود حەوت هەشت ساڵ بووە بەڵام وریاو قسەزل و بەکاربووە چووە بەپیر رەفیق حیلمیەوەو پێکەوە چوونەتە ژووری سمکۆ لەلای راستی شێخ مەحموودەوەو تایەری ئەمین ئەفەنی بەو بەرەوە، بەرامبەر بە شێخ دانیشتوون.باوکم دەڵێ "سەلامم کرد وابزانم وەڵامیان نەدامەوە، بۆ دانیشتنیش خولقیان نەکردم بەپێوە مامەوە". ئەمە رەسم و عادەتی شێخ نەبوو ئەو هەمیشە رێزی لە هەموو میوانێك ناوەو لەبەر مناڵێك هەستاوە بەردەوامیش بەچاوێکی تایبەتی سەیری باوکمی کردووە و دڵی لەخەڵکی تر زیاتر ڕاگرتووە، تەنانەت لەهەندێ کەم و کورتیشی بوردووە. بۆ ئەو لێبووردەیەی شێخ-یش باوکم وێنەیەك دەدات کە ئێواران وەك هەموولاوێکی ئەو زەمانە کاتەکەی بەخواردنەوەو رابواردنەوە بردۆتە سەر، شێخ ئەمەی زانیوە بەڵام هیچ جارێك ڕووی لێ گرژ نەکردووە. هەندێجار کەچۆتە لای بۆنی دەمی کردووە بەڵام هەر گاڵتەی خۆیکردووە لەگەڵی و جارجاریش چوارینەکانی (خەیام)و شیعری (حافظ)ی بۆ خوێندۆتەوە.ئەگەرچی ئەو شەوە باوکم لەبەر هەڵامەت هیچی نەخواردۆتەوە بەڵام شێخ

بۆنی دەمی نەکردووە، ڕووی ترش و گرژ شتێکی لە دڵا بووە. باوکم لەیاداشتەکانیدا سەبارەت بەمە دەڵێت"ئەبوو ڕاوەستم تا ئەوشتەی دڵی دەربخات".

لەپڕ ڕووی تێکردووەو لێی پرسیوە: لەکوێ بووی؟ ئەمیش وتویەتی لە ماڵەوە، وسوو ئاغا لەو دیو دەرگاکەوە هاتۆتە وەڵام وتویەتی: قوربان بەسەری تۆ لە ماڵەوە بوو.مەلیك فەرموویەتی کە وای بیستووە ئەمشەو کۆبوونەوەیەکیان بە دەستەوە بووە، ڕەفیق حیلمی وتویەتی: یەعنی چی؟ فەرموویەتی، خۆت دەیزانی و نەیهێشتووە وەڵام بداتەوە هەروەها وتویەتی تا ئێستا یەك مستەفا پاشا هەبوو لەمەودوا هەموو لێم بوون بە مستەفا پاشا! ئیتر لە وزەما نەماو ناتوانم لەمەزیاتر چاوتان لێ بپۆشم، ئەبێ یا ئێوەبن یا من! چیتان لەمن داوەو ئەتانەوێ چی بکەن؟ ماوەی باوکمی نەداوە هیچ بڵێ، جارجاریش دەنگی بەرز کردۆتەوەو بە هەڕەشەوە وتویەتی: بڵێ بزانم! ئەتانەوێ چی بکەن؟ بەتەمای چین؟ من بە خائن و بە دوژمنی کورد دائەنێن و ئێوە کوردن بۆ کوردستان هەوڵ ئەدەن! وانیە؟ ئێوە کوردستان دروستئەکەن یا ئینگلیز بۆتان دروستئەکات؟ مستەفا پاشای دۆستی ئینگلیزەکان بۆچی دەنگی نیەو کوردستان بە ئینگلیز دروست ناکات؟ لێرەدا دیسان ڕەفیق حیلمی تەکاندەدات قسە بکات بەڵام ماوەی نادات و دەڵێت: بڕۆن لەبەر چاوم ، هەستن بچن بۆ کەرکووك بۆ بەغدا لەوێ لەگەڵ مستەفا پاشا داوا لە ئینگلیز بکەن و کوردستانی پێ دامەزرێنن!

ڕەفیق حیلمی دەڵێ من لەم قسانە سەرم سووڕمابوو دەمم بووبوو بە تەڵەی تەقیو.کاری ڕاستبێ (سمکۆ) فریام کەوت ڕووی کردە شێخ و وتی" ماوەی نادەی؟ با ئەویش قسەیەك بکات و وەڵامت بداتەوە" ئەمە دەبێتە هەل بۆ ڕەفیق حیلمی و گوڕدەداتە بەرخۆی و دەست دەکات بەقسەو دەڵێ" قوربان ئەگەر ڕاستتان ئەوێ لەم بەزمە حاڵی نەبووم، هیچ تێ نەگەیشتم. ئینکاری ئەوە ناکەم کوردم و ئامانجی بەردەوامم سەربەخۆیی کوردستانە بەڵام خۆشت ئەیزانی کە شوێن کەس نەکەوتووم و ناکەوم. نە ئۆزدەمیر ئەناسم و نەپیاوی مستەفا پاشام، ڕاستەکە (جەمعیەتی کوردستان) هاتە ناو ناوان و بووم بە ئەندام تیایدا بەڵام ولاخ نەبووم کە ڕەشمەکەم بەدەستی خەڵکەوە بێ. من تەنیا کۆیلەی ئەو کەسەم کە کورد بێ و بۆ کورد تێبکۆشێ. پاشای من و تاجی سەری من ئەوەیە کە کورد بێ و تۆشم بۆیە خۆشدەوێ کوردی و لەو باوەڕەدام بۆ کورد

تێدەکۆشی. ئەگەر تۆ من بە کورد دائەنێی و لەبەر ئەوە لێم بەگومانی جێی شانازیە بۆم دەرمبکەیت و لەم شارە بچمە دەرەوە."(*) رەفیق حیلمی هێشتا لەقسەکردن نەبۆتەوە کە سمکۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و ڕوو دەکاتە شێخ مەحمودو دەڵێ "عەرزم کردبووی کە لەو رۆژەوە چاوم بە رەفیق کەوتووە تێگەیشتوم کوردێکی بێ غەش و جێی باوەڕە" (*) شێخ مەحمودیش هەڵدەستێ و " رەفیق حیلمی ماچ دەکات و دەڵێ وائەزانی بەڕاستم بوو؟ بە گۆڕی (کاك ئەحمەد) سووعبەتم لەگەڵدا دەکردی " ئینجا دەستی دەگرێت و دەیخاتە نێوانی خۆی و سمکۆوە. باوکم لەدرێژەی باسەکەدا دەڵێ "ژوورەکە گەرم بوو ئەگەر چی زستانیش بوو، هێندە ماندوو بووم عارەق بە ناوچەوانمدا دەهاتە خوارەوە پیاڵە چایان بۆ هێنام خواردمەوە".

مەبەستی شێخ مەحمودو سمکۆلە گفتوگۆ نهێنییەکە

تابلۆیەکی تری رەفیق حیلمی، دیمەنێکی تری ئەم فیلمە مێژووییە کە بەم پەخشانە جوانە نووسیویێتیەوەو چاوەڕێی دەرهێنەرێکی هونەرمەندە بینوێنێ، بە جیهاندا بلاویبکاتەوە، بلێ کوردیش نەتەوەیەکی هەڵکەوتوو شکۆداربووەو مێژووی هەیەو دەوڵەت و حوکمداری هەبووە تەنانەت خاوەنی مەلیکیش بووە. هەر لە دێر زەمانەوە، ئەوە مەلیکە مادەکان و زەندی و ئەوە سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەوە میرە بەدرخانەکانیەکان و ئەوەش حوکمدارو میرەکانی بابان و موکریان و لوڕو هتد... کە لە ژمارە نایەن بابێینەوە سەر ناوەرۆکی ئەم هەموو گفتوگۆیەی شێخ مەحمودو مەبەستی ئەو لە بانگکردنی رەفیق حیلمی بەو نیوەشەوەو دانیشتنی لەگەڵ سمکۆ کە میوانی بووە لە سلێمانی

باوکم سەبارەت بەمە دەڵێت" وەك عادەت و تەقالیدی شێخ پاش چاو شەکراو و قاوەی تاڵ خواردنەوەو هەندێ سوعبەت و گاڵتەو چاك و چۆنی لەگەڵ سمکۆدا شێخ فەرموویەتی : رەفیق! ئەبێ سوێندم بۆ بخۆی کە گفتوگۆی ئەم شەوەمان نهێنی بێ و نەچێتە دەرەوە." ئەویش دەڵێ هەر ئەو فەرمایشە بەسە کە باسی ئەو شەوە نەگاتەوە

(*) بزانن کوردایەتی رەفیق حیلمی گەیشتۆتە چ رادەیەك ل ٦٣٢ یادداشت (٦) .

(*) ل ٦٣٣ هەمان سەرچاوە بڕوانە هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

دەم كەس. بەڵام شێخ بە تایەر ئەفەنی دەڵێت بچێتە ئەودیوو بۆلای میوانەكانی ئەودیوو .بۆ سبەینێ باوكم دەزانێ كە ئەوانە فەوزی بەگ تورك‌و هاوڕێكانی بوون. دوای ئەوە فایلێك دەداتە دەستی رەفیق حیلمی كەپڕە لە كاغەزو نامە، دەڵێ بیخوێنەوە. هەمووی بە توركی بوون نامەی نێوان سلێمانی‌و رواندز واتا بەینی ئۆزدەمیرو شێخ بوون. سەیری نامەكان دەكات جیایاندەكاتەوە ئەوانەی بە گرنگی زانیون بۆ خوێندنەوە، لەناو پاكەتێكیشدا بە تایبەتی پێچراونەتەوە نامەیان دەربارەی شێخ لە ئۆزدەمیرەوە بۆ هەندێ لەگەورەكانی تورك یان لەوانەوە بۆ ئۆزدەمیر تیادابووەو تاقە نامەیەكی (مەلیك فەیسەڵ)یش هەر بە توركی‌و بۆ شێخ خۆی.

لای باوكم گرنگترینیان پاش نامەكەی مەلیكی عیراق مەزبەتەی سەركردە كوردەكان‌و وەڵامەكەی ئۆزدەمیر بووە. چونكە تا ئەو كاتە ئەویش وەك هەموو خەڵكی سلێمانی لە لایەن ئەو مەزبەتەیەوە مەرجەكانی رێكەوتنی نەزانیوە، ئەو شەوە چۆتە بنج‌و بناوانی مەسەلەكەوە. پاش ئەمە باسی ئەو كۆبوونەوەیە دەكات كە شێخ لەگەڵ سەرەك عەشیرەتەكاندا ئەنجامیداوە بۆ ئەوەی ئەو مەزبەتەیەی بۆ مۆربكەن كە بە ناونیشانی (رەئیسی هەیئەتی تەمسیلیەی كوردستانی جنوبی)یە تا بتوانێ بە ناوی كوردەوە لەگەڵ ئۆزدەمیر بكەوێتە گفتوگۆی سیاسی‌و دانانی ئەو مەرجانە كە لەوانەیە ببێتە بنەمای دۆستایەتی كوردو تورك‌و هۆی رێكەوتنی ئەم دوو نەتەوەیە بەكجاریی. ئەم مەزبەتەیە (٢٦) سەرۆك عەشیرەت مۆریكردووە بۆ ناوەكان بڕواننە یاداشتی ل (٦٣٦-٦٣٧) و بۆ رێكەوتنەكەو نوێنەری شێخ مەحمود بڕواننە یاداشتی (٧).

رەفیق حیلمی دەڵێ "شێخ دەیویست سوێندی بۆ بخۆم كەس بە گفتوگۆكەمان نەزانێ پێم وت ئەگەر باوەڕت هەیە كە ئینسانێكی ڕاستم‌و خاوەن شەرەفم پێی ناوێ سوێند بخۆم ئەگەر بەبێ شەرەفم بزانی نرخی سوێندم ئەبێ چی بێ؟" شێخ دەوەستێ بەڵام سمكۆ دێتە جواب دەڵێ "تكام وایە باوەڕ بە رەفیق بكەی" ئینجا شێخ بە دوورو درێژیی باسی فیداكاریی خۆی دەكات كە لە رێی كوردایەتیدا نواندویەتی‌و ئەو كارەساتانەی بۆ

گێڕاونەتەوە لەم رووەوە بەسەری هاتووە [*]. باسی چوونی بۆ بەغدا دەکات پێش رۆیشتنی ئینگلیزو ئەو پەیمانەی مەندووبی سامی و مەلیك فەیسەڵ دەیدەنێ کە حکومەتێکی کوردیی دابمەزرێنێ. بەڵام لەو رۆژەوە هیچیان دیارنەبووەو شێخ لە مەبەستیان نەگەیشتووە، هەر داوایان لێ کردووە تورکەکان لە سنووری عیراق بکاتە دەرەوە شێخ وتویەتی تا ئەمان یارمەتی پێویستی نەدەن بەتەما نیە خۆیان بە خۆڕایی بۆ بخاتە ئاگرەوە، تورك بە ئاسانی دەرناکرێن و ئەگەر نەیتوانی دەریانبکات کێ فریای کورد دەکەوێ؟[*] شێخ داوای بۆچوونی رەفیق حیلمی دەکات لەسەر ئەم مەسەلەیە. ئەویش دەڵێ ئەم قسانەی شێخ بە جێ بوون و هەر گوێی لێگرتوون، هەرچەند گومانیشی هەبووە لە راستی ئینگلیز. ئینجادەڵێت شێخ چی وتووە جوان و بەجێ‌یە، بێ ئەوەی ئینگلیز پەیمانی خۆیان لە بابەت ئامانجی کوردەوە بەجێ بهێنن بەگژ تورکدا چوون لەبەرژەوەندی شێخ و کورد نابێت. لە گەڵ ئینگلیز تا بتوانن و سەربگرێت لەسەر بناغەی راست رێککەوتن بۆ شێخ جوانترەو بۆ کورد بەکەڵکترە. پێشی وتووە کە لە بەینی تورك و ئینگلیزدایە، هەریەکە دەیەوێ بەلای خۆیدا بیبات. بەڵام نابێ فریو بخوات، دەبێ بەوردی مەسەلەکە بیخاتە سەر سەنگی مەحەك و وانە لە رابوردوو وەربگرێت و لە مێژوودا رەوشتی سیاسی دەوڵەتەکان بزانێ و بە تایبەتی بزانێت ئامانجی خۆی چییەو ئەیەوێ چی بکات و بزانێ ئەوان بارودۆخیان چی‌یە؟ بەرامبەر ئەو

---

[*] یاداشت ٧ ل ٥٩ – ئەمانە بۆیە دەنووسین تا بزانن تا چ رادەیەك شێخ مەحمودو سمکۆش متمانەیان بە رەفیق حیلمی کردووە و بەشداریکردووە لە بیروڕای سیاسی و لە رێکخستنی نەخشەیەك کە لەسەری بڕۆن لەگەڵ ئینگلیزو تورك بۆ گەیاندنی نەتەوەی کورد بە ئامانجی سەربەخۆیی و لە دەستنەدانی هەل.

[*] ئەمە بۆ وەڵامی ئەوانە باشە کە لە خۆڕایی دەکەونە رەخنە گرتن لە شێخ مەحمود گوایە ئاگای لە کاروبارو سەردەم نەبووە نەیزانیوە هەل لەکیس نەدات. نەیزانیوە چۆن هەڵسوکەوت بکات هتد... شێخ ئەوەتا هەموو بارەکانی لێکداوەتەوەو ئاڵوگۆڕی کردووە بەڵام لە نێوان دوو ئاگردا بووە ئینگلیز (بەریتانیای عوزما) و سیاسەتی و ئیستعمارو بەرژەوەندییەکانی و تورکیاو دوژمنایەتی لەگەڵ کوردو مەسەلەی موسڵ و هتد... و بێ دەسەڵاتی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوو دەوڵەتی گەورە کە چەکو سوپای بە هێزو زۆریان بووەو نەبوونی پشتیوانی بۆ کوردو شێخ. هۆکاربوون ئەوانەی خۆیان لەو سەردەمەدا هەر لە دایك نەبوون ئێستا دادەنیشن و توانج دەگرنە ئەوانەی ئەو کاتە لەناو ئاگری جەنگدابوون و چەندجار چوونەتە جەنگەوەو بریندار کراون و گیراون و دادگاییکراون و حوکمی ئیعدام دراون و نەفی کراون بۆ هیندستان و هتد... خەڵك بە پێوەری ئێستا کاروباری ئەو سەردەمە دەپێون. راستە وتویانە: "ئێر ئاگای لە برسی نی‌یە"

ئامانجەی بەڕاستی بەرژەوەندیی تورك‌و سیاسیەتی حكومەتەكەیان لەگەڵ ئامانجی كورد ڕێك ناكەوێت، چونكە حكومەتی تورك سەربازەكانی لەشكری لە سیاسیەكانی زیاتر كار دەبەن بەڕێوە، بۆیە وڵات بە دیموكراسی‌و سیاسەت ئیدارە ناكات‌و نایەوێت پیاو خەیاڵی حكومەتی سەربەخۆی ببێت لە وڵاتەكەدا هەڵكەوێت.ئەوهەردەم هەوڵدەدات ئەمانە بفەوتێن، بەریتانیا سیاسەتی ئەویٚ شەڕنا لەبەر ئابووری وڵاتەكەی، هەر بۆ پاراستنی سوودی ئابووری‌و بازرگانی شەڕ دەكات‌و كە ئەمری بۆ هاتە دیی حكومەتی وڵاتی داگیركراو دەداتە دەست خۆیان تا مەسرەفیان نەكات [*]بۆیە باوكم بەشێخ دەڵێت: "ناتوانیت لەگەڵ تورك ڕێكبكەویت‌و ڕێككەوتنی وا بناغەی ڕاست نیە" . شێخ دەڵێت "ڕاست ئەكەی منیش جاریٚ بڕیارمنەداوە لە گەڵیان ڕێكبكەوم، ساردیی ئینگلیز وایلێكردووم كە توركەكان لە خۆم نەسەڵمێنمەوە" وەك ڕەفیق حیلمی دەڵیٚ ئەو شەوە لەم بابەتەوە لە بەینی خۆی‌و شێخ‌و سمكۆدا زۆر گفتوگۆ كراوە، لەئەنجامدا شێخ هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی تەقەلا بدات ئینگلیزەكان بخاتە سەر بیری بەجیٚ هێنانی پەیمانەكەیان‌و تێیان بگەیەنیٚ كە دامەزراندنی حكومەتی كوردو سنووری كوردستان دەبێت پێش هەموو شتێك بێت.

باوكم نوسیوویەتی كە شێخ ویستویەتی بڕوای پیٚ بكەم ئەگەر ئینگلیز مەبەستی بیٚ ئامانجی شێخ وەك سەرەوە جیٚبەجیٚ بكات ئامادەیە خۆی بەختبكات لە ڕێی سنووری ئەم وڵاتەوە هەوڵدەدات خاكی كوردستان پاك بكاتەوە لە تورك.

كاتیٚ شێخ فایەلی ئەو نامانەی لەگەڵ تورك ئاڵوگۆڕكراون دەیداتە دەست ڕەفیق حیلمی، ئەویش دەیانخوێنێتەوەو دوا نامەی ناخاتەوە ناو فایلەكە چونكە شێخ دەڵیٚ ئەو نامەیە لەگەڵ دەستەیەكی تر كاغەزدا لەگەڵ هەیئەتی كورد بدەبە (ئەنقەرە) دواتر ئەمە درا بە گەورە بەرپرسانی حكومەتی تورك. باوكم خۆی یەكێك بوو لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە كە چوو بۆ ئەنقەرە بۆ موزاكەرە لە گەڵ حكومەتی توركدا، ناوەڕۆكی ئەو نامەیە نرخێكی سیاسی زۆر گرنگی هەبوو بۆ دوارۆژی كورد، بە تایبەتی لە شەقامی ژیانی شێخ مەحموودا.

---

[*] ل ٦٣ یاداشت بەرگی حەوت .

١.	به پێی ئەو نامەیە ئۆزدەمیر چەند نامەیەکی ناردووە بۆ (مستەفا کەمال)و حکومەتەکەی هێناوەتە سەر بڕیاردان بۆ دامەزراندنی خودموختارییەکی کوردیی لە کوردستانی عیراقدا لەژێر چاودێری حکومەتی تورکو والی‌یەکی سەربەخۆدا وەك خدێویی ئەم ئیمتیازەش بدرێت بە شێخو نەوەی نێرینەی پشتاو پشتی .

٢.	ئۆزدەمیر وتویەتی لەشکرێکی گەورە ئامادەیە پەلاماری موسڵ بدات ئەگەر پەیمانی لۆزان بێ شەڕ موسڵیان نەداتێ.

٣.	ئۆزدەمیر بە زمانی لووس داوا لە شێخ دەکات هەیئەتێ لە کورد کە متمانەی پێیان بێت بینێرێتە ئەنقەرە [*] بۆ راستی پەیمانەکە و بۆ گفتوگۆ لە بابەت رێی و شوێنێ کە حکومەتی ئەنقەرە دایدەنێ بۆ دامەزراندنی ئەو خودموختاریەتەی کوردو پەیمانی نێوان هەردوو لا، گوایە لەوێ زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەم هەیئەتەن.

پاش گفتوگۆی دوورو درێژ لەسەر ئەمە رەفیق حیلمی دەڵێ: بڕیارماندا کە شێخ بۆ راگرتنی دۆستایەتی لەنێوان خۆی‌و ئینگلیزدا هەوڵ بدا ئەو هەیئەتەی ئۆزدەمیر داوایکردووە بینێرێتە تورکیاو هەیئەتێکیش بنێرێتە کەرکووكو بەغدا، تا لە مەبەستو بیری تەواوی ئینگلیز بگات. هەیئەتەکەی ئەنقەرە لە پێشەوە بچێتە رواندز لەگەڵ ئۆزدەمیر گفتوگۆ بکات، ئینجا بە ئەمری شێخ بڕوات بۆ ئەنقەرە.باوکم دەڵێت" مەبەستمان لەمە ئەوەبوو ئینگلیز وریا بکەینەوە کە موستەعدین دەست بۆ تورك درێژ بکەین تا نەرم بن لەگەڵ هەیئەتەکەی لای خۆیانو وا بکەن هەیئەتەکەی لای ئۆزدەمیر بگەڕێنەوە".

چونی بۆ ئەنقەرە

باوکم زۆر بە وردی رۆژ بە رۆژ چی بینیوە لە هەموو لایەکەوە لە دەفتەردا نووسیویەتیەوەو بۆ خستوینەتە سەر لاپەڕەکانی بەرگی حەوتەمی یاداشتەکانی، بەڵام بە داخەوە ئەمەی تەواو نەکردووە. لە ناوەڕاستی سەفەری گەڕانەوەیدا لە ئەستەمبووڵەوە بۆ سلێمانی[*]وەستاوە تا ئێستا هەر چەند گەڕاوین لەناو شتەکانیدا

---

[*] ل ٦٥ یاداشتی (٧) ئەو هەیئەتەی کە شێخ داوای لە رەفیق حیلمی کردووە ببێتە ئەندامی (واتە لەوانە بووە کە متمانەی پێ کردوونو بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە چۆتە ئەنقەرە) .

[*] ئەم باسە بە دوورو درێژی لە یاداشتی رەفیق حیلمی بەرگی حەوتەمدا ل ٦٦٠ تا کۆتایی بخوێنەوە.

هیچ دەفتەرێکی وامان نەبینیوە کە باسی کۆتایی ئەم سەفەرە بکات. هەروەها هیچمان بەرچاو نەکەوتووە کە بتوانین بەکاری بهێنین، هیچ نەبێت بۆ نووسینەوەی کەمێکی تر لە یاداشتەکانی، لەلایەك نووسیویەتی بەتەما بووە (١٨) بەرگ یاداشت بنووسێتەوە، ئایا ئەوانەش لەو سێ سندوقەدا بوون کە کاك جەمال بابان لەسەر زاری کاك فایەق هوشیارەوە وتبووی لە ماڵی خەزووری رەفیق حیلمی بوونو کاك فایەقو مەحمود خەفاف بردویانەو سوتاندوویانن. گوایە نووسراوەکانی پارتی هیوا بوون ئەو کاتەی رەفیق حیلمی سەرۆکی باڵای بووە؟!

بڕوانە پەخشانەکەی مامۆستا عەبەورەزاق بیمار لە کتێبی(پەخشانی کوردی)دا کە باسی ئەم پەخشانەی باوکمی کردووە. وەك نموونەیەك بۆ پەخشانی زانستیانەو جوانی گەشتو گەڕان داینـاوە. بزانە چۆن هیچی نەهێشتووە باسی نەکردبێت سەبارەت بەو سەفەرەی بۆ ئەنقەرە . ئاووهەواو دیمەنی سروشتی بێ هاوتاو کەسێتیو کەسایەتی هەر کەسەی لەگەڵی بوون یا بینونی تەنانەت جلو بەرگو کەلوپەلو خواردنو کردنو هەڵسوکەوت و پلەی شارستانییەتیان لە هەر شارەو وڵاتەو شێوەی رابواردنیان لەهەر لایەك، میوانخانەو چێشتخانەو هۆی گواستنەوەو رێگەوبانو وەرزو سەرماو بارانو تۆف لە هەندێك جێگەو ئاوو هەواو دیمەنی جوان لە هەندێك شوێنی تردا بڕوانە باسی پەرینەوەیان لە زینوی شێخو ساردو سەرماو قوڕو چڵپاوو بەفرو رێگەی سەخت ! بڕوانە چۆن لە گشت شتێك ورد بۆتەوە تەنانەت چۆن ئاوو گۆشتیان لە کاسەدا لێناوەو بە چەندیان فرۆشتووە هەروەها نرخی هەموو شتێك. بڕوانە وەسفی منداڵی هەژارو بێ غیرەتیی ئەوانەی بەکاریان هێناون! وەسفی لێقەوماوی جەنگەکانو ئابووریانو برسێتیوهەژارییان ... بڕوانە چۆن فرمێسکی بۆ ئەمانە ڕشتووە بە درێژایی ئەو ناوچە لێقەوماوانە، ئەوانە کوردو ئەرمەنی بوون بڕوانە باسی چایخانەکان لە گەلێك جێگە کە وەك حەمامی ژنان بووە جێگەی دانیشتن نەبووە پەرپووتو بێ کەلوپەل بووە باسی هەندێك شاری وەك تەورێزو میوانخانەکانیو وەسفی دەعوەتی شابەندەری رووس بۆیانو هتد... بڕوانە وەسفی شاری ئەنقەرە پایتەختی ئەتاتورك چەند چۆڵو هۆڵو بێ دەنگ بووە. بە پێچەوانەی شاری تەورێزە... ئەمە بەڕاستی دەشێت بکرێتە فیلمێکی مێژوویی لە گەڵ وەسفی گەڕانەوەی شێخو سمکۆدا...

ڕێگەی سەفەرەکەی وەك نوێنەری شێخ مەحمود بۆ ئەنقەرە

سێ رۆژ پاش موزاکەرەو ئەو هەموو گفتوگۆیە لەگەڵ شێخ مەحمودا بە حزووری سمکۆ ، لە ٢١ شوباتی ١٩٢٢ (رەفیق حیلمی و فەتاح ئەفەندی[*] ویوزباشی ئەمینی عەتارو ئەحمەد تەقی) بەیانی پێش هەتاو کەوتن لە ماڵی (وسوو ئاغا) کۆ دەبنەوە. لەوێوە بێ ئەوەی کەس بزانێ [*] لەگەڵ چوار سواری تر ڕووەو رواندز دەکەونە ڕێ.

یەکەم شەو لە ماڵی عەباسی مەحمود ئاغا لە رانیە دەمێننەوە سێ فڕۆکەی ئینگلیز بەسەر سەریانەوە دەڕۆن لە شاخەکانەوە بەلای قەندیل دا دەڕۆن بۆ رواندز. لە رواندز ئۆزدەمیر پاشا لە ماڵی حاجی نەورەس ئەفەندی میوانداریيان لێ دەکات.

رەفیق حیلمی زۆر بە وردی ڕەوشتی جوانی ئۆزدەمیر باس دەکاتو دەڵێ خۆمانم بیر کەوتەوە کەیەکێکی وامان پێویست بوو. چۆن بۆ خزمەتی وڵاتەکەی لە پلەی خۆی هاتۆتە خوارێ بۆ ناو خەڵکەکەو لە خۆی نزیك خستونەتەوە پێنج فەرزە وەك سۆفیو نوێژ کردن...

لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشا (عەلی شەفیق)

رەفیق حیلمی وەك وتمان باسی ئۆزدەمیر دەکات.دەڵێ زیرەك وریابووەو ئەهالی هەڵخەڵەتاندووە بە هاتنە خوارەوەی لە پلەی بەرزیو نوێژو سۆفێتی ... ئینجا دەڵێ: بە گفتوگۆکانی لە گەڵ ئەوانو بەرابەریکردنی ئەمە لەگەڵ ئەهالیو ساوێلکەو نەخوێندەواران تێگەیشتم کە ئەمە بە بلیمەت دەژمێردرێت. هەر چەند لەژێر ریشەکەیەوە کەدەمڕوانیە بریسکەی چاویو وردیی بیری گومانم نەدەما کە نوێنەرێکی زۆر بەهونەرە. خەڵکەکەی لە ئینگلیز هەڵئەگەڕانەوە. سفرەو خوانی عەشایەرانەی بۆ سەرەك عەشیرەتەکان دادەناو دەبووە هاوڕێی گەلێکیان و هتد...[*]

---

[*] ل ٦٦ یاداشتی ٧ ، فەتاح ئەفەندی – برای ژنەکەی شێخ مەحمودبووە.

[*] لە نامەیەکی بچووکی شێخ مەحمودا بە مۆری خۆی بۆ رەفیق حیلمی نووسیوە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك تەنانەت ژنەکەشی بەم سەفەرە نهێنیە بزانێ. بۆیە پاش ئەو ماوە درێژە ئەگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە سلێمانی نازانن لە کوێ بووەو چی لێهاتووە تەنانەت بەتەماشی نامێنن .

[*] ل ٦٨ یاداشت ٧ بۆ درێژەی باسی ئۆزدەمیر .

باوكم دەڵێ لە لایەن ماڵی شێخ مەحمودەوە هەندێ دیاریان بۆ خانمی ژنی ئۆزدەمیر پێ بووە دیارییەکان زێڕبوون لە لایەن مەلیکەوە بۆ ناودارەکانی رواندز تۆپە تاقەو چەفتەی سورمەی نایابیش نێردرابوو.

بەم چوونەی رەفیق حیلمیو هاوڕێکانی بۆ لای ئۆزدەمیر هێندەی تر لای خەڵك شیرین بوونو ئۆزدەمیر لە خۆشی ئەوە زۆر بە کوڵو بە دڵ خزمەتی رەفیق حیلمیو وەفدەکەی دەکرد.(*) بەڵام، باوکم دەڵێ ئێمە دڵمان لە لایەکی تر بوو بیرمان لە شتێکی تردەکردەوە، بیرمان لەوەدەکردەوە لە دوای چونمان بۆ رواندز ئینگلیزەکان چۆن دەجوڵێنەوە لە گەڵ شێخ مەحمودا؟ سلێمانی دەکەوێتە چ وەزعێکەوە؟ لەگەڵ ئۆزدەمیرو تورك.

ئۆزدەمیر وتویەتی ئەگەر ئینگلیز هێزێکی ناردە سەر سلێمانیو شێخ نەیتوانی بەرەنگاری بێتەوە، دەبێت بێتە رواندز بەخۆیو هێزەکانیەوەو لەگەڵ هێزی ئۆزدەمیر پێکەوە دژی ئینگلیز بوەستنو موسڵ بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان... بەمە تەقەلای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە عیراقدا لە ژێر حوکمی شێخ مەحموودا سەر دەگرێت.

باوکم دەڵێت فەتاح هەر دەیوت "ئەوێت ئەفەندم"(*)

بۆیە خۆی ویستویەتی لە ئۆزدەمیری بگەیەنێت کە شێخ کابرایەکی ساویلکەو خۆش باوەڕنییەو بە هەموو دوعایەك ناڵێ ئامین. ئۆزدەمیر بە هەموو بارێك بردویەتیەوە سەر ئاینو موسڵمانێتیو بە ئاشکرا پێی وتووە شێخ وەك رەفیق حیلمی لێکیداوەتەوە سەودای میللەتو کوردایەتی لەسەریدانیە، موسڵمانێکی پاکەو دۆستی ئەوانە.

ئەم هەیئەتەی لای ئۆزدەمیر راسپێردراون لە رواندز چاوەڕێ بکەن تا ئەمر لە شێخەوە وەردەگرن بڕۆن بۆ ئەنقەرە یان بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی بە پێی وەڵامی ئینگلیزو سەرئەنجامی وەفدەکەی بۆ لای ئەوان چونەتە کەرکووكو بەغدا.

(*) ل ٦٩ یاداشت ٧

(*) بڕوانە باسی فرۆفێلی فەتاح ئەفەندی کە لە سوپای تورکدا دەبێتو ئیدیعا دەکات دەریانکردووە تومەز ناردوویانە شێخ فریو بدات دژی تورك کە گەیشتونەتە ئەنقەرە رەفیق حیلمی بەمەیزانیوە.

ئۆزدەمیر کاتێ دەبینێت رەفیق حیلمی زۆر وەڵامی دەداتەوە دەڵێ تۆ بۆ مەبەستی خۆت دەتەوێ شێخ وادەربخەیت کە کوردێکە بەتەنیا شوێن سەربەخۆیی کوردستان کەوتووە باوکم بۆخۆی سەبارەت بەم قسەیە دەڵێ "ئەمە هەر بۆ ئەوەی تێمبگەیەنێت من کوردێکی نیشتمانپەروەرم واتا دوژمنی تورکم یان خائینم " ئۆزدەمیر لەدرێژەی قسەکانیدا وتوشیەتی وابزانم رەفیق حیلمی شاعیریش هەر تۆی ، چونکە لە بیرمە لەغەزەتەیەکدا شیعرێکی (رەفیق حیلمی) ناوێکم خوێندۆتەوە کە ئەمە چەند بەیتێکە لەو شیعرە :

مەسقەتم در مەسکەنم در مەدفەنم در
کیمسە کوردستانمە یان قمە سون
ئاقما یورسە چاغلا یانلر کورد ایچین
ئیستەمەز من بعد اصلا اقماسۆن
کە ئەم شیعرانەی خوێندۆتەوە ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان ڕوویانکردۆتەباوکم و بەرامبەر بەم پلارتێگرتنەی ئۆزدەمیر بە زەردەخەنەیەکی شڵەژاوەوە تەماشایانکردووە.باوکم دەڵێ: بۆ جاری یەکەم وەك فەتاح وتم بەڵێ قوربان (ئەڤێت ئەفەندم).

واتای ئەو شیعرە بە کوردی ئەمەیە:
"کوردستان جێگەی لە دایك بوونمە، نیشتمانمە، گۆڕمە
لەبەر ئەوە نامەوێت کەس بە تیلەی چاو تەماشای بکا
ئەو تاڤگانەی بە شاخەکانی کوردستانمدا دێنە خوارێ
ئەگەر بۆ کورد نەبن باهەر نەبن! پێی ناوێ ئیتر با نەیەنە خوارێ "

باوکم و هاوڕێکانی شەوێك لەسەر زیافەتی ئۆزدەمیر لە ماڵی ئەشرافێکی رواندز دەبن، باسی ئەو فڕۆکانە دەکەن کە وتویانە پێش دوو رۆژ چوونەتە شاری سلێمانی. لەو کاتەدا دوو سواری شێخ گەیشتوونەتە لایان و نامەیەکیان داونەتێ بینیویانە فڕۆکە ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لە لەشێخ کردووە کە خۆی و هەیئەتی حکومەتەکەی لە رێگەی چەمچەماڵ و کەرکووك-ەوە بچنە بەغدا خۆیان بخەنە بەر رەحمەتی حکومەتی بەریتانیا،

شێخ لەنامەکەیدا ئەمری بە رەفیق حیلمیو هاورێکانی کردووە راستەوخۆ بچن بۆ ئەنقەرە، خۆیو سمکۆش تەرتیباتی خۆیانکردووە.

دوای ئەمە ئۆزدەمیر دوو نوێنەری خۆی کەفەوزی بەگو رەمزی بەگ دەبن لە گەڵ وەفدەکەی رەفیق حیلمی دەنێرێتو دەبن بە (٥)کەسو (٤) کەسی تورکیش لە گەڵیاندا لە رێی دەربەندو زینووی شێخەوە دەکەونە رێ لەوکاتەشدا رێگەی تورکیا بەفر گرتوویەتی بەهۆی سەختی زستانەوە بۆیە بە رێی ئێراندا دەڕۆن لە ورمێو تەورێزەوە.

تەنیا بەربەست پەرینەوە بووە لە زیندووی شێخ تابچنە ئەو دیوی ئێران، ناوبانگی (زیندوی شێخ) کەلەنێوان رواندزو شنۆدایە بۆتە داستان. ئەوشوێنە سامێکی کوشندەی هەیە بە شێوەی ناوبانگی (دەربەندی قوتور) لەلای خەڵکی (وان) و(دەربەندی شەپکە) لە کێوە بەرزەکانی (کاربات) لە (بەڵقان). بۆیە هەر پێش دەرچونیان لە رواندز یەکی سەرو جووتێك کالەو پێتاوی کوردیی دەکڕنو ناڵو بزمارو هتد بۆ وڵاخەکانیان دادەنێن دێهاتەکان ئاگادار دەکەن کە چی یارمەتییان پێویست دەبێت فریایان بکەون لە دەربەند، بێ زەحمەت دەردەچن، ئێوارە دەگەنە زیندووی شێخ کە کەم کەس بەزیندوویی لەوێ ڕزگاریان بووە. لێرەدا رەفیق حیلمی رای فەلسەفیی دەردەبڕێتو دەڵێ سروشت کوێر نییە چۆن لە ئەمازۆن مەلاریا بڵاوەو داری (گەنە گەنە) هەیە کە بۆ چارەی ئەم نەخۆشییە باشە. هەروەها لەو جێگە ساردو زوقمو لەم سەرە رێگە سەختو گرنگەدا پاش (١٠) سەعات رۆیشتن کە بارانو بەفر تا ئەژنۆ هاتبوون وەك پلوسك بەسەرو لەشی خۆیانو وڵاخیانو کەلو پەلیاندا هاتۆتە خوارێ تا ئەژنۆیان لە قوڕو چڵپاوی بەفردابووە پاش ئەمانە خوا ماڵە کوردێکی میوان پەرستی هێناوەتە رێیان سەیری ئەم تابلۆ شاکارەی ڕەفیق حیلمی ئەمجارەشیان نەخشی کردووە بە وشەو پەخشانی بێ هاوتا، بیخوێننەوە بزانن هەست بەچی دەکەن ؟!

ئەودەڵێ، پاش ئەم سەفەرە سەختە بگەرە دیوەخانێکی پاکی بێ دەنگ گڕی ئاگری کورەی دیوەخانو زیڕەی سەماوەری وەرشاو خواردنەوەی چای لەعل ڕەنگو گەرمو خۆش (*) چەند بە تامو سەعاتێکی فەرەح بەختە! لە ماڵی شێخ عەبدوڵڵا نەوەی شێخ

کەمال [*] حەساونەتەوە حەسانەوەیەك کە باوکم دەڵێ تامردن تامو لەزەتی لە بیر ناچێتەوە. جلوبەرگیان بۆتە سەر هەویر لە قوڕاوی بەفردا دەستو پێ و سەریان لە ناو ئاوی گەرمی سوێنەدا شتووەو شێلراون، خوێنی گەرمیان تێ زاوەتەوە. چیکڵدانەیان لەبەر سەرماو برسێتی کەوتۆتە تەمبوورە لێدان بەناو ساجی گەرمو نەرمو کەبابی مریشكو قبوڵی چەوری بە ڕوبەهەنار لێنراو لە نەغمە سازیی کەوتووە. لە ناو جێگای ئاوریشمیی پاكو خاوێندا خەوێکی قووڵو خۆش [*] باڵی بەسەردا ڕاکێشاون، ئاگایان لە دونیا بڕاوە. بەیانیش هەروەها چاو نانو قاوە خراوەتە بەردەستیان ئینجا خۆیان ئامادە کردووە لە سنووری ئێران بچن بەودیوودا. ئەم گەروە سامناکەی (زینووی شێخ) ببڕن. شێخ عەبدوڵڵا و عەلائەدینی خەلان تێشویەکی زۆر بەلەزەتیان بۆ ئامادە دەکەن، خاوەنی ئەم دیوەخانەی حاتەمی‌تەیە بیست سواری لاوی وەك بێچوە شێریشیان دەخاتە پێش تا ڕێگەیان بۆ بکەنەوە لەناو بەفرەکەدا . [*]

بەوشەوەو بەم هەموو خزمەتەوە ئەو ڕێگەیەشیان بردۆتە سەر . هەروەها باسی دوعاکردن دەکات کاتی بەفرو سەرماو باران بۆئەوەی هەتاو دەربکەوێت ئەمان بە پێچەوانەوە لەو ڕێگە ساردو سەرماو تۆفانە دوعایانکردووە هەتاو دەرنەکەوێت نەك

---

[*] لە نامەیەکمدا بۆ ماڵەوە کاتێ لە گەڵ باوکمو دایکم لە دەربەندی نزیك خەلان بووین، باوکم بە سەردانی ئەو جێگایانەی لەم سەفەرەیدا بۆ ئەنقەرە چوبووە ئەوێ کە لەو جێگایانەدا یاداشتەکانی بنووسێتەوە. وەك بەم وەسفی ماڵی ئەم شێخ عەبدوڵڵا یەدا دەردەکەوێت کە ئەو پیاوە بەماڵو باخو باخاتەکانی لە خەلان لەوانەیە هەمان شێخ عەبدوڵڵا بێت یا وەچەی ئەو بڕوانە ئەو نامەیەی کە دەیخەمە ئەم کتێبەوە. چونکە لە هەمان کاتدا باسی ماڵی (شاکر مجرم) یشم کردووە کە ئەویش لەو سەفەرەی ڕەفیق حیلمیدا باسکراوە.

[*] تێبینی :- باوکم کاتێ یاداشتەکانی دەنووسیەوە منو دایکمو برا بچووکەکەمی برد هەر لە هەولێرەوە بە ڕێگەی بێخاڵو گەلی عەلی بەگو دەربەندو شاخەکانی دەوری دەربەندەکەدا بردینی و لە وێدا خزمێکمان کەپری بۆ هەڵدابوو نزیك چایخانەو ئوتێلێکی هاوینی شاخەکەوەو ئاوی دەربەندەکە لە خوارەوە هاژە هاژی بوو، پاشان بردینی بۆ حا جی هۆمەرانو لە دێیەکی سەر شاخەکە بردینی بۆ ماڵە ئاغایەك، باخو باخاتو حەوزو ئاو وفەرشو دۆشەك لە دەوریو چاو سەماوەرو دار میوەی قەیسیو سێو بەسەرمانەوەو خاوەنی ئەم ماڵو دیوەخانە ناوی شێخ عەبدوڵڵا بوو ئایا ئەمە بووە ئەو ماڵە یان یەکێکی وا بووە ئەوە نازانم. هەروەها بردینی بۆ رواندز بۆلای شاکر مجرم وەك دیارە ئەمە بۆ یادی ئەو جێگایانە بووە کە پێشتر پیاپۆیشتبوو. بۆئەوەی یاداشتەکانی بنووسێتەوە.
- بڕواننە باسی ئەم گەشتەی ڕەفیق حیلمی لە گەڵ منو دایکما لەم نامەیەمدا بۆ ماڵەوە

بەفرەکە بتوێتەوەو برۆخێت بەسەریاندا. ئینجا دیسان بەپەخشانێکی جوان باسی هەورو هەتاو لە پشتییەوە دەکات کە وەك چاوشارکێ تاوێ خەریك بووە دەرکەوێ و ون بۆتەوە لە گەڵ ئەوەدا دڵیان لەترسدا بووە نەك دەربکەوێ . دەڵێ وەك ئاسك بە گورجی و لەش سووکی رێگەکەیان بڕیوەو تا نیوەڕۆ ئەوەندەیان نەماوە لە سنووری عیراق بچنە دەرەوە بۆئەوەی شەویان بەسەردا نەیەت لە زینووی شێخ کە ورچیشی تیدا نەژیاوە. لەو کاتەدا هەتاو گۆشەیەکی روخساری نازەنینی دەرخستووە بڕوانە چییان بەسەر هاتووە ئەوەتا رەفیق حیلمی دەڵێ: "خوا بەبەشی هیچ کەسێکی نەکات لە ماوەی سەعاتێکا هەتاو بەنێونیگا کارێکی بەسەر هێناوین لەناو دەریای لیتەو قوڕاوی بەفراو .. بەدەم ناگێڕێتەوە ."(*)

لەکۆتایدا دەڵێ" بە یارمەتی خوا، تەنگمان بە زینووی شێخ هەڵچنی" بەسەر تەپۆڵکەیەکدا سەردەکەونە سەرەوە لەسەرو ئەوەوە دەشتی ئاوداری (شنۆ)یە بای نەسیمێکی ساردو بۆنخۆش لێیاندەدات ئیتر دەچنە ئەو دیوی ئێران دوو رۆژ ئەسپەکانیان بە دوای خۆیاندا راکێشاوە چونکە ئەو ئەسپە بەستەزمانانە لە عەزرەتا میزی خوێناوییانکردووە. ئینجا خۆیاندەدەن بەزەویداو ئەمانیش تۆزێ لە تێشوەکە دەخۆن و خۆیان دەدەنەوە بەسەر ئەسپەکانیاندا تا نەکەونە شەو، چوونەتە خوارێ بەرەو دەشتی پان و هەزار بە هەزاری پڕ لە ئاوی چەمەنی گوڵزاری شیرینی شنۆ و لە ژێر تیشکی گەرمی خوێن بزوێنی بزوێنەری ئافتاوی کوردستانی ئێران بە سواریی رێگە دەبڕن تا دەورو پشتی شنۆ دیسان بڕوانە ئەم تابلۆ شاکارەی تری رەفیق حیلمی بە کورتی دەڵێ" پاش شنۆ بەیەك وشە سروشت مژدەی نەورۆزی پێ بوو هێندە فێنك و خۆش نەسیم و چیمەنی سەوزبوو بە ئاورنگ و گوڵ و گوڵزار رازاوەبوو بە درێژایی رێگەکە تاڤگەو جۆگەی ئاوی بلوورین بینراون و هتد ...).

<u>شاری ورمێ</u> : پاش حەوت رۆژ لە رواندزەوە دەگەنە ورمێ لەم سروشتە خۆشەدا رەفیق حیلمی بیر لە کەساسی و هەژاریی هەرێمەکە دەکاتەوە "لەم بەهەشتەدا دۆزەخیەکان دەژیان.. "ورمێ نزیك دەریاچەی ورمێ یە. ئاوو هەوای و بازاڕی رێك و

(*) بەم وەسفەدا دیارە حاڵیان لەم رێگەی زینووی شێخەدا لە حاڵی سوپای شکاوی ناپلیۆن و هیتلەر چووەکە لە مۆسکۆوە بە سیبیریادا گەراونەتەوە .

پێکیو گشت خواردەمەنی یەکەی باس دەکاتو دەڵێ ئەم شارە بازرگانیە بە چوار شورە دەورە دراوە خەڵکەکە بە تورکیو کوردی گفتوگۆ دەکەنو فارسیش دەزانن. سەردەمێك لەژێر دەسەڵاتی شکاك دا بووە، لێرە شابەندەرخانەی تورك هەبووەو زۆر هەوڵی بۆ داون بەڵام کوماندانی ناوچە تەگەرەی خستۆتە بەردەمیان (٣) رۆژ تەفرەیداونو وڵاخەکانیان فرۆشتووە بەتەمابوون بە پاپۆڕ بە دەریاچەی ورمێدا بپەڕنەوە.بۆیە رەفیق حیلمی نامە دەنێرت بۆ والیو ناوی خۆی لە بیر دەچێ بیخاتە سەر لیستەی ناوەکانیان. دەیەوێ دیسان بۆ والی بنووسێتەوە فەوزی بەگ بەسەر خۆشیی زۆری لەسەر دەڕوات نایەوێ ئەمە بکات لێیان دەبێ بە شەڕ، لەسەر ئەمە باوکم زۆر لە فەوزی بەگ دەدات شابەندەری تورك ئاگای لەمە دەبێ پیرۆزبایی لە باوکم دەکات بۆ سەرکەوتنەکەی. فەوزی بەگ بۆ بەیانیباوکم ئاشتدەکاتەوە.

لە ورمێ وە بە پاپۆڕ بۆ شەرەفخانە

والی ئەمر ئەکات بەعەرەبانە بچن بۆ ئەسکەلە بۆ سەر پاپۆڕی ئازادستان. بەیانی زوو شابەندەری تورك رەفیق حیلمی دەباتەلای خۆی بۆ چا خواردنەوە، دوای سەعاتێك بە پایتۆن دەچن بۆ ئەسکەلە (ئەسکەلە واتا رۆخی دەریا) پاپۆڕەوانەکە دەچێ بە پیریانەوە لاوێکی کورد دایان دەمەزرێنێتو دەستبەجێ پاپۆڕ دەکەوێتە جوڵانەوە. پاپۆڕەوان دەعوەتیان دەکات فەوزی بەگ لەسەر وەعدی خۆی ناخواتەوە.

پاپۆڕەوانەکە دەڵێ ئاوی ورمێ تاڵە ماسی تیا ناژی و پاپۆڕ بە کزە بایەك دەکەوێتە شەپۆلو سەرنشینان سەغڵەت دەبن. (باوکم دەڵێ ئەمە راست بووە) هێندەی پێ نەچووە شەپۆلو فەرتەنەو دڵ تێکچوون دەستیپێکردووەو چوونەتە نهۆمی خوارەوەو ڕشاونەتەوەو سەریان هاتۆتە ژان. پاش چوار سەعات گەشتوونەتە رۆخی شەرەفخانە. رۆژێك پێش جەژنی رەمەزان لە ئازادستان دادەبەزن .

لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر

لە شەرەفخانە لە خانویەکدا پاش نانی نیوەڕۆ ئەفسەرێکی ئێرانی پێیان دەڵێ کوماندان داوای رەئیسی هەیئەتەکە دەکات. فەوزی بەگ دەنێرن چونکە هەر ئەو هێشتا جلی دانەکەندووە، کە دێتەوە دەڵێ کوماندان وتویە بروسکەی بۆ هاتووە گوایە رەفیق حیلمیو هاوڕێکانی بگرنو تەسلیمی ئینگلیزیان بکەن، بۆیە دەبێ لەوێ نەمێنن خۆیان

دەرباز بکەن، باوکم لەڕووی مەنتیقەوە ئەمە بەڕاست نازانێت و دەڵێ ئینگلیز چی دەکەن لەوێ و چ زەبرێکیان هەیە؟ بەڵام دیسان لە ترسی گەڕپێکردن بڕیار دەدەن بڕۆن. ناچار لە شەرەفخانەوە بچن بۆ شیستەر بەبێ خەوتن بەو هەموو ڕشانەوەیەوە بەسواری گوێدرێژ بکەونە ڕێ یان بە پێ. ڕێگەی شەمەندۆفێر هەبووە بەڵام بەجەژن نەبووە.

دوو گوێدرێژیان بۆ بە کرێ دەگرن و دەڵێن ڕێگەکە هەر چوار سەعات دەبێت . بۆیە کەلوپەلەکانیان دەخەنە سەر گوێدرێژەکان و خۆیان بەپێ دەڕۆن لە جیاتی چوار سەعات دەبینن ڕێگەکە یانزە سەعاتە. ئەم ڕێگە دوورو درێژە بەپێ دەبڕن بەدەم ڕۆیشتنەوە ئەو کشمیش و بادەمەی لە شەرەفخانە کڕیویانە دەیخۆن(*)نیوە شەو دەگەنە شێستەر .

شێستەر دێیەکی ئێرانە بەڵام باوکم دەڵێ دێهاتی ئێران وەك ئەوانەی ئێمە نین گەورەو ئاوەدانن و لەشارو شارۆچکەی ئێمە دەچن. پاك و خاوێنن و بازاڕو دوكانی ڕێك و پێك و قاوەخانە وچایخانەو کاروانسەرایان تێدایە بەو نیوە شەوە خواردنی باش و جێی نووستن دەستدەکەوێ.. شەوێ لە ژوورێکا دەبن پاش نان و چا بە عەرەبانەی بارهەڵگر نزیك قاوەڵتی بە (میان دواب) دا بەتیژیی تێدەپەڕن. لێرەدا دیسان ڕەفیق حیلمی ماتەمینی دەیگرێت و بیری شەڕی یەکەم دەکاتەوە کاتێ حیلمی بەگێکی تورك شارەکانی کوردستانی ئێران وێران دەکات و سابلاغ و بانە داگیر دەکات و سەردارەکەیان دەکوژێت و تاڵانیاندەکات دواتر ڕوودەکاتە شوێنەکانی تر. باوکم دەڵێ ئەو وەختە لە ئەستەمبووڵ دەیخوێند هەر ڕۆژە کە حیلمی شارێکی داگیردەکرد لەسەر ئەو نەخشەیەی ئێران کەبەڕووکاری کتێبخانەکانەوە هەڵواسرابوو بەیداخێکی کاغەزیان لەسەر چەسپدە کرد بەوەدا دیاربوە کەلەو کاتەدا ئاگای لە دەنگوباسی ئەم کارەساتە بووە.هەروەها دەڵێ: "لە ژێرەوە بۆ بەسەرهاتی بێ خاوەن و بێ دەسەڵاتەکان فرمێسکم ئەڕشت.لەشکرەکەی ئەم حیلمی‌یە سەرتاپای کورد بوون هەر حیلمی خۆی کورد نەبوو. ئینجا بزانن چۆن بە کورد خۆی کوردیان فەوتاندووە؟!"

دواتر وەسفی ئێرانی تەپلە بەسەر دەکات کە بەڕیز لەسەر فەرش دانیشتوونو نێرگەلەو چای دیشلەمەیان گێڕاوەو کڕنووش بردنو سڵاو لە هەمووان هەبووەو بەمەدا (یەنی چەری) مۆزەخانەی ئەستەمبوڵی هاتۆتەوە بە بیردا.

لەپاشاندا باسی خواردنی گۆشتاو دەکات ، باسی گۆشتاوی عەجەم کە لە گڵێنەدا دادەنرا هەر گڵێنەیەو بەجیا ڕیزدەکرا لەسەر ئاگردانو تامو بۆنو چێژی لەگەڵ گۆشتاوی ئێمەدا جیاوازبوو تەنانەت نرخی خواردەمەنیەکانو خواردنو جۆری لێنانیشیانی بە وردی نووسیوە کە گڵێنەیەك لەوانە بەیەك تارانی بووە واتە ٢٠ فلسی عیراقی کە بە چاو نێرگەلەو میوەو بەخشیشەوە دوو تارانیی کردووە .

<u>تەورێز:</u> پاش گۆشتاو خواردن دەچن بۆ تەورێز لە (میان دوئاب) دوو شەقام هەبووە لە خۆرهەڵاتەوە چووە بۆ تەورێزە. شەقامی لای چەپی بۆ جولفای نێوان ئێرانو ئازربایجان لەوێدا بۆ وەرگرتنی ڤیزە پێویستیان بەوە بووە چاویان بە نوێنەری تورکو روس بکەوێت لە تەورێز، چونکە تا تەورێز بێ پاسپۆرت چوون. لەوێوە بە پاسپۆرتی تورکیو بەناوی خواستراوەوە (*) بە خاکی ئێرانو ئەرمەنو گۆرجستان واتا بە ئازربایجانو قەفقاسدا (*) ڕۆیشتوون بۆ تورکیا.رەفیق حیلمی دەڵێ بۆیە لێرەوە پێویست بووە بچنە تەورێز چونکە تا ئەوێ هەربە هۆی نارەحەت ڕۆیشتوون وەك بریچقەو زۆر ماندوو بوون ویستویانە بە هۆیەکی باشتر بڕۆن ،باش بووە لە تەورێزەوە پایتۆنێك چووە بۆ جولفا بەمە ڕۆشتوون لێرەدا بۆ یەکەمجار باسی (مەحمود)ی خاڵی دەکات کە بە درێژایی سەفەرەکەی تا تورکیاو گەڕانەوەی لەگەڵیدا بووە دەڵێ کە ئەمو پیاوەکەی فەوزی بەگ-یان لەگەڵ بریچقە ناردووە لە پێشەوەیانو خۆیان بە پایتۆنەکە ڕۆیشتوون و ئەمە یەکەم جار بووە پاش دەرچوونیان لەسلێمانی بەهۆیەکی هاتووچۆی

(*) پاسپۆرتەکە بەناوی خواستراوەوە بووە .
لێرەدا نموونەی ئەو پاسپۆرتەی بەناوی خواستراوەوە دراوە بە مورافیقەکەی مەحمود ئاغای کوڕی خاڵی رەفیق حیلمی دەیخەینە ڕوو کە لەوێدا ناونراوە حەسن ئەفەندی

(*) د. موکەرەم تاڵەبانی کە وتویەتی "ئێمەی ڕۆشنبیران بە ڕۆژنامەو رادیۆ باسی روسیای سۆڤێتیمان بیستووە اتا ئاگایان لە بڵاوبوونەوەی شیوعی بووەو رەفیق حیلمی گوایە ڕۆشنبیر نەبووە چونکە نەبۆتە شیوعی و ئاگای لێ نەبووە بابزانێ کەئەو خۆی بەناو روسیای سۆڤێتیدا ڕۆیشتووەو باشتری ناسیون .

نەرمو شل بڕۆن. بانگی ئێوارەی هەفتەی دووەمی مارتی ١٩٢٢ دەچنە ناو پایتەختی شاهەکانی سەفەوی. ئینجا بڕوانە چۆن باسی ئەم پایتەختە دەکات، شاری تەورێز، شەقامی دوورو درێژی پان، هەموو هۆیەکی تازەی گواستنەوەی تیادایە خۆیان سەری پایتۆنەکەیان هەڵداوەتەوە بۆ سەیرکردنی ژنو پیاو بەرگی خۆرئاواییان لەبەردابووەو قەڵەباڵغی، پلەی بەرزی شارستانێتی، بینای چەند نهۆم، میوانخانەی گەورەو گشت هۆکانی رابواردنی تێدا بووە، دوکانو بازاڕو خواردنی بەتامو چێژو پاکوخاوێن خزمەتی چاكو هتد...لەو کاتەدا تەریق بونەتەوە کە خۆیان بەراوردکردووە بەوان تا ئەو کاتە هەستیان نەکردووە چییان بەسەر هاتووە، خۆیانو جلوبەرگیان بەربادبووە بۆیە خواخوایانبووە بگەنە میوانخانەیەك تا چارێکی خۆیان بکەن کاتێ لە ڕێگە بوون ئاگایان لە جلوبەرگ نەبووەو بە جوانی سروشتەوە گیرۆدەبوون، لەوێدا خۆیان بیر کەوتۆتەوە ویستوشیانە خۆش رابوێرن بۆیە خۆشترین جێگەیان هەڵبژاردووە، لێی دابەزیوون. لە گەڕەکێك ناوی تاش مغازەلەوبووەو ئەمە هەر لە بۆیاخچییەوە تا گەوهەرفرۆشیان بەدەست ئەرمەنیەکانەوە بووەو چاکترین جێگەبووە بۆ کات بەسەربردن. (*)

لەم کاتەدا ئیبراهیم بەگی مولحەقی عەسکەریی تورك لەم میوانخانەیە دەبێ وەکیلی ناردووە بۆ لایان وتویەتی لەبەر دوژمنایەتی کۆمیتەی تاشناقو ئەرمەنی لەگەڵ تورك باش نیە لەوێ بمێننەوە. لەسەر ئارەزووی ئەو دەگوێزنەوە شابەندەرخانەی تورك، خۆشیان هەستیانکردووە ئەرمەنیەکان بە گومانەوە سەیریاندەکەنو چاودێرییان دەکەن. بەڵام پاش دوو ڕۆژ بێزاربوون لە ڕەسمو قەیدی شابەندەرخانە.. لەبەر ئەوە خۆیو فەتاح ئەفەندی گەڕاونەتەوە ئوتێلەکەو لەوێ ماونەتەوە.

لە شابەندەرخانەکە سەر شابەندەری روسیی بۆلشەویکەکان سەریان لێدەدات و زیافەتێکی نایابیان بۆ دەکات لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەکەو ژنەکانیشیان، ئینجا باوکم باسی ئەو شەوە دەکات، چییان بینیوەو کردووە دەڵێ: ژنەکان بوونەتە هاودەمی میوانەکانو ژنی سەر شابەندەر خۆی بۆتە هاودەمی ڕەفیق حیلمی، بەڵام نەك هەر ئاگای لەوبوویێت بەتەنیا بەڵکو لەوانی تریش بە جوانیو ناسکیو بەئەدەبیشەوە لەگەڵ هەمووانو لەگەڵ ئەویشدا هەڵسوکەوتی کردووە سەرقاڵی ئەوە بووە شەرابو ڤۆدگایان

(*) بۆ درێژەی باسی ئەرمەنیو ئێرەو کۆمەڵەکەیان بڕوانە ل ٩٤–٩٥ی یاداشت بەرگی(٧).

دەرخوارد بدات. بەڵكو لەهۆش بچن تا بزانن ئەمانە كێنو بۆچی لەوێن .. رەفیق حیلمی باس لەوە دەكات كەخۆی بەزۆر گرتووە تا هیچ نەدركێنێت وسەر شابەندەریش هێندەی خواردۆتەوە ئاگای لە خۆی نەماوە وەك منداڵ قسەیكردووە، لە ئەحمەد تەقی بەولاوە كە نەیخواردۆتەوە هیچ كەسێك هۆشی لەلای خۆی نەماوە. بۆیە جار جار بە كوردی پلاری گرتۆتە رەفیق حیلمی كە بینیویەتی ئەو ژنە جوانە خزمەتی دەكات. ئینجا لەسەر شەرەفی لینین سەر شابەندەر كەوتۆتە پێك بەیەكداندا دواتر لەسەر شەرەفی كەمال ئەتاتورك و بۆ رواڵەتیش لەسەر شەرەفی شێخ مەحمودو كوردەكانیش ئیتر ئاوێزەكان دەكوژێنەوەو سەر شابەندەر بە هەڵی دەزانێ دوایانبخات. رەفیق حیلمی پەست دەبێت ژنی سەر شابەندەر دەیبات بە شابەندەرخانەكەدا دەیگێڕێ لەگەڵ سكرتێرەكەیدا باوكم باسی شابەندەرخانەكە دەكات(*) ئەمانە هەموو تا بەردەرگا ئەم هەیئەتە بەرێدەخەن. سكرتێر كە ئێرانی دەبێت بە رەفیق حیلمی دەڵێ سبەینێ تۆ بۆ قاوەڵتی بە تەنیا میوانی سەر شابەندەری، باوكم ناچێت بەڵام سكرتێرەكە دوایی قەناعەتی پێ دەهێنێ بیباتە ماڵی خۆی، لەوێ بەدوورودرێژیی باسی كوردو كوردستان دەكەن واتە سكرتێر ویستویەتی بڵێ روس لەگەڵ مافی كوردن بەڵام باوكم باوەڕی پێ نەكردووە ئەوان بیر لە ئازادی كورد بكەنەوە. تا تورك لەبەر ئینگلیز پشتی تێ نەكردوون، بیریان لە كورد نەكردۆتەوە ئەویش بە مەرجێك بەرهەڵستیی بێ بەرامبەر بە ئینگلیزو كەڵكی هەبێ بۆ سیاسەتی توركەكان.

رۆشتن بەرەو ئەستەمبوڵ : بڕیار بووە لە تەورێزەوە بە قەفقاسداو لە زەریای رەشەوە بۆ ئەستەمبووڵ بڕۆن. ئەریوانی ئەرمەنیو حكومەتی تەفلیسی گورجستان لەسەر رێیان بووە، ئەمانە لە ژێر چاودێریی روسیادا بوونو پێویستیان بە ڤیزەی روسیا بووە. لە تەورێز چاوەڕێی ئەو ڤیزەیەیان كردووە كە لە مۆسكۆوە بۆیان بنێرن، بۆیە چەند رۆژی تر لە تەورێز دەمێننەوە. بە خۆشی رایانبواردووەو گەڕاون بە شارەكەدا. رەفیق حیلمی لەگەڵ مەحمود ئاغای خاڵی دەچێ بۆ خواردنی چلەو كەبابی ئێرانی لە (كاتلیس) شفتە بێزار دەبێ، ئینجا چۆنیەتی دروستكردنی چلەو كەبابیش باسدەكات...

(*) ل ٩٧ یاداشتی ٧

له تەورێز جل‌وبەرگی باش دروستدەکەن، سەرو قەڵپاخی پێست‌و جل‌و پێڵاوی باش دەکڕن و نەورۆزی تەورێز دەبینن‌و وەسفی ئەوەیش دەکات‌و دەچێتە سەرای حکومەت‌و مەراسیمی رەسمی عەسکەریی دەبینێت.

ئینجا باسی بارودۆخی جەنگ‌و هەژاری لاوان دەکات کە بۆتە هۆی خراپەو ئیشی ناڕەوا. جارێکی تریش لە ماڵی سەر شابەندەری روس زیافەتیان دەکەن‌و سەر شابەندەری تورکیش بەهەمان شێوە. هونەرمەندەکانیشیان میوانداریانیدەکەن بۆ شانۆیی کە بۆ قوتابیان پارەیان کۆکردۆتەوە وەسفی ئەوەیش بە درێژی دەکات کە لەوێش دیسان گریاوە بۆ کوردی بێکەس لە حەماسی ئەرمەنییەکان. دواشەو لەسەر حسابی خاوەنی ئۆتێلەکە زیافەت دەکرێن.

وەڵامی مۆسکۆ دێتەوە. سەعاتێك دوای نیوە شەوی (٣٠)ی مارتی ١٩٢٢ شابەندەرخانەی روس بە ئۆتۆمبیلی خۆیان رەوانەیان دەکەن، بەیانی میان دواب بەجێ دەهێڵن. فێنکیی بەهارو هەشت کەس سێ کوردو دوو تورك‌و سێ رووس بەشەقامە گەورەکەی نێوان تەورێزو جولفادا دەڕۆن.

<u>شاری جولفا :</u> ئەم شارە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ئێران‌و ئەرمینیای روس لەسەر ڕۆخی (ئاراس) کە پێی دەڵێن ئاراسی خوێناوی. لێرەدا رەفیق حیلمی شەڕی تورك‌و ئەرمەنی بیردەکەوێتەوە و دەموچاوی بەو ئاوە دەشوات. پاش پەڕینەوە بەو بەری ئاوەکەوە دەچنە جولفای روس، سنووری حوکمی روسیای شورەوی، زابتی رووسەکان سەیری شتەکانیان دەکەن‌و جانتای لۆککراو دەبینن مشت‌ومڕی ئەوەیاندەبێت بیکەنەوە، ئەمان ناهێڵن.

چەند تورکێکی ئێرانی هاوڕێی ئەو روسانەی لە گەڵیانن زیافەتیان دەکەن ئەمانە دەکەونە گۆرانی و زەماوەندو چەپڵە ڕێزان‌و هەڵپەڕکێ.

رەفیق حیلمی باسی بێ نرخیی پارەی روس دەکات،کە بۆیاخکردنی جووتێ پێڵاو چەند هەزار رۆبڵەو گوایە ئەوان بەو رۆبلانەی پێیان بووە بە ملیۆنێر دانراون هەروەها دەڵێ (٢٥٠ هەزار) رۆبڵی بیرچووە خەرجی بکات لە پاڵتۆکەیدا ماوە، (ئەمە راستە

بۆخۆم ئەم رۆبلانەم بینیوە بەلام بەداخەوە نازانم کەوتنە کوێوە (*) لە ناو شتومەكو کاغەزونامەکانیدا ون بوونو نەم دۆزینەوە) ئەو روسانەی لە گەڵیان بوون تا ئەوان سواری شەمەندۆفێر بوون لەگەڵیاندابوونو دواتر گەڕاونەتەوە بۆ تەورێز.

باوکمو هاوڕێکانی ئەو بەیانییە بە سواری شەمەندۆفێر لە (نەخچەوانا)وە تێدەپەڕن، نزیك قاوەڵتی دەگەنە ئیستگەی شاری ئەریوان پایتەختی حکومەتی شورەویی ئەرمەنی. ماوەیان نەبووە ئەم شارە ببینن لە چێشتخانەیەکی ئیستگەکە ناندەخۆن لەبەر پاڕانەوەی هەژاری ئەرمەنی نازانن چۆن نانەکە دەخۆن دیسان لەڕێگە لە ئیستگەی (گومری) ئەحمەد تەقیو فەوزیو رەمزی بەگ-یان لێ جیا دەبنەوە. واتە دەمێننەوە رەفیق حیلمیو فەتاح ئەفەندیو مەحمودی کوڕی خاڵی رەفیق حیلمی. ئەوان دەچنە ئەوبەشەی شەمەندۆفێرەکەوە کەدەچێ بۆ (صاری قامیش)لە سنووری تورکیا. ئەحمەد تەقی بۆ مەسەلەی سمکۆ دەچێتە لای (عەلی سەعید) سەرداری لەشکرەکانی خۆرهەلاتی تورکو بڕیارە لە (گرابزون) بە رەفیق حیلمیوهاوڕێکانی بگەنەوەو بچنە ئەنقەرە.

هەر ئەو رۆژە (١١,٥)ی نیوەڕۆ دوای کەوتنەڕێ لە (جولفا)وە بە سێ رۆژ رۆشتن نیوەشەو دەگەنە تفلیس.

تەفلیس : پایتەختی گورجستانەو لە شارە گەورەکانی هەرێمی قەفقاسە، نیشانەی ئاوەدانیو شارستانیەتی وەك ئەوروپاییوە دیاربووە لە ئیستگە دادەبەزن خاوەنی (ئۆتێل گراند) لە تەورێز کارتی داونەتێ کە لە هەرێمی گالاوێنکی لە (ئۆرێنت ئۆتێل) دابەزن. باسی شاری گەورەو پیاوی خراپو وەسفی جوانیی ئۆتێلەکە دەکاتو باسی خراپیی دوو غولامی بەر دەرگا کە بەسەرخۆشیی شەڕیانکردووەو دەرگاکەیان نەکردۆتەوەو (مەحمود)لە ورچی سەر قالدرمەکان ترساوە وایزانیوە ڕاستیە پاش حەسانەوە باوکم دەچێتە دەرێ بەو نیوەشەوە کەس بە شەقامەوە نابێت. برسی دەبێت هەر چەند جەژنی جۆرجی دەبێتو خەڵکەکە لە ئاهەنگ دەگەڕێنەوە. باسی شارستانیەتو پێشکەوتنی شارەکەو پاكوخاوێنیو بینای گەورەو باخچەو جێی یاری

منداڵان و هەیکەلی زۆرو ئەو پۆلیسە دەکات کە هاوار دەکات (دۆست) ئەویش وەڵام دەداتەوە (نەوارش) ئەمەشی لە هاوڕێیەکی کۆنییەوە بیستووە، کابرا دەکەوێتە قسەکردن بە جۆرجی و دەزانێ زمانەکە دەزانێ.

لە دوکانێکدا مریشکی سوورەوەکراو و هێلکەو پەنیرو شەراب دەکڕێ بە (٧٥٠فلس دەیخاتە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە. لە میوانخانەکە تێروپڕ دەخوات و لە جێگەیەکی شل و نەرم و پاکدا دەنوێت.

بەیانی لە سەفارەتی تورکیاوە زابتێك دێت و دەیانباتە سەفارەت بۆلای مولحەقی عەسکەریی بیکباشی ئەرکانی حەرب (محەمەد بەگ) بەر چاییان دەداتێ و نیوەڕۆش قاوەڵتیان بۆ دەکات. دەیانەوێ بچنە سەفارەتخانە . پاش شەوێکی تر لە ئۆریانت دەچنە میوانخانەی (شەیتان بازاڕ) کە ئوتێلێکی میللی هەمەجۆرو زمانە جیاکانە وەك ئۆتێلی حەیدەرخانەو بازاڕەکەشی وەك شۆریجەیە لەگەڵ خاوەنەکەی (محەمەد ئەفەندی ڕێزەلی) خۆش رادەبوێرن، حەسانەوەو خواردەمەنی لەم ئوتێلە زۆرو هەرزانەو لەوێ بە (٢) تارانیی توورێکی سووری عەجایەب دەخۆن .

تفلیس نیشتمانی ستالینە، نەوتی لێیە [*] باوکم باسی تفلیس و قەفقاسی کۆن و حکایەتی جنۆکەدەکات لەم ناوەوباسی کێوی قاف و دێوی سپی و سەددی یاجوج و ماجوج کەلە ئاسنکراوە لەدژی وەحشی مەغۆل و هێرشیان بۆ سەر کێوی قاف.

هەروەها نوسیویەتی لەقەفقاس (٣٠) میللەت دەژین...

باتوم: (٨) رۆژ لە تفلیس دەمێننەوە ئینجا بە شەمەندۆفێر بەرەو باتوم دەڕۆن کە لە جۆرجیایە. لەسەر زەریای ڕەش کە نێوان تفلیس و باتوم (٢٤) سەعات بە ئیستگەی (گۆنالیس) دا تێ دەپەڕن، ئێوارە دەگەنە باتوم، لە ئۆتێل (بولڤار)ی ئاغا (پیێترۆس) دادەبەزن. شەقامەکانی وەك تفلیسە بەلاّم لەخانووی بەرزدانا سەردەمێ لەشارە گەورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە و جێنشینی وەلی عەهد بوو دوایی بوو بە موڵکی رووسەکان و بووبە یەکێك لە سێ‌کۆمارەکەی قەفقاس.

---

[*] بڕواننە چۆن تەنانەت جوگرافیاو مێژوو وئابووری و کۆمەڵایەتی و خواردن و کردن و شارستانێتی گشت شارێکی زانیووەو باسیان دەکات.

باوکم لەوێ ئێواران چۆتە باخچەیەکی گشتی گەورە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا. باسی گرژی پیاویانو جوانیو هێمنی ژنیان دەکاتو باسی حەمامی گشتی ژوور بە ژوورو زۆرشتی تردەکات...

لە (باتوم)ەوە بۆ ئەستەمبوڵ بە پاپۆڕ بە زەریای ڕەشدا دەڕۆن واتە لە خاکی رووسەوە بۆ تورکیا. بۆیە پاسپۆرتی تازەیان پێویست بووە. لەم پاسپۆرتەدا ناوی خواستراو بەکارهاتووە لە جیاتی رەفیق حیلمی (عەلی فایەق بەگ)و لەجیاتی مەحمود (حەسەن ئەفەندی) لە پاسپۆرتەکان نووسراوە مێژووی (٥)ی نیسانی ساڵی ١٩٢٢و ژمارە (٣٥)ی لەسەرە بە هەفتەیەك ئەمەکراوە ئێوارەی (١٥)ی نیسانی ١٩٢٢ سواری پاپۆڕی (شیفیلد) دەبن.لەقەمارەی پلەی یەکەم دانیشتوون خواردنیشی لەسەر یەك سفرەو لە جیاتی ئاو شەراب بووە. پارەی ئینگلیزی هەر قەفتان-ەکە ئینگلیز بووە ئەوەکانی ترلەسەر یۆنان بوون نیوەشەو باوکم تووشی ئازاری سەر دەبێتو دەڕشێتەوە کەس لە کابینەکە نابێ ئینجا دەزانێ پاپۆڕەکە خەریك بووە نوقم بێت وئەو ئاگای لە خۆی نەبووە. چوار سەعات لە مەترسیدابوون.

ئێوارەی ڕۆژی چوارەم دەگەنە (قەواق) ئەسکەلەی ئەستەمبوول لە دەمی گەرووی دەریای رەشدا گرمەی تۆپی رەمەزان دەبیستریت .

<u>ئەستەمبوڵ</u>

خەلیفەی ئەستەمبوڵ هەر حوکمی ئاینیی بە دەستەوە ماوە لە ژێر چاودێریی سوێندخۆراندا بووە . ئەو شەوە تا بەیانی نەیانهێشتووە بچنە ئەستەمبوڵ بە تاریکیی لەسەر پاپۆڕەکە ماونەتەوە. باوکم ئەو دەفتەرەی تا ئەو رۆژە باسی سەفەرەکەیانی تیا نووسیوەتەوە دڕیویەتی. دیارە ترساوە گومانیان لێبکەن، بەیانی زوو دێن بۆ پشکنینی شتومەکیانو بۆپرسیار دەیانەوێ جانتای لۆککراوی ئەوکاغەزانەیان بکەنەوە ئەمان دەتوانن قەناعەتیان پێ بکەن تاوازیان لێ بهێنن.

لە قەواقەوە بۆ ئەستەمبوڵ هێندەی ڕێگەی کازمیەی بەغدا دوورە .

لە سەعات (٩,٥) بەیانی بە پاپۆڕەکە دەگەنە ئەستەمبوڵ نزیك قاوەڵتی لە (سرکەچی) دەچنە میوانخانەی (مەسەرەت) لە بەر فەرەسیەکان جێ نابێت دەچنە (عوسمانلی ئۆتێل).

باوكم زۆر پەرۆش دەبێ بچێت ئەو جێگایانە ببینێت كە كاتی خوێندنی لە ئەستەمبوڵ بینیونی. هەر ئەو رۆژە تا ئێوارە هەرچی بتوانێ دەیبینێت.[*] راستەوخۆ بۆ ئەو جێگەیە دەڕوات كە بۆ یەكەمجار تیایدا میوان بووە، نزیك بە سركەچی پێیان وتوە (تەختە قەڵا) وەكو (شەیتان بازاڕ)ی تفلیس بووە. ئەو كاتە لەوێ هەفتەیەك ماوەتەوە ئەمجارە ئیتر ئەو كاتەی بیر كەوتۆتەوە، باسی منداڵی و غەریبی زۆركاری لێكردووە، بە سواری وڵاخ و عارەبانە لە (سلێمانی)ەوە تا (حەڵەب) و لەوێوە بە شەمەندۆفێر تا (بەیروت)و بە پاپۆڕ لە زەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ ئەستەمبووڵ لە وڵات ئێجگار دوور بووە بەراوردی ئەم سەفەرانە دەكات لەگەڵ سەفەرەكەی ئێستایدا كە بە دوو رۆژ دەگەنە نیویورك بە فڕۆكە.

ئەو كاتە بە وڵاخ بەسێ رۆژ دەگەشتنە كەركوك و دە رۆژ یان هەفتەیەك دەگەیشتنە بەغدا رەفیق حیلمی دەڵێ لوت و لێویان چەور دەكرد چونكە توێكڵی هەڵدابوو پەنا ڕانیان ئازاری هەبوو هەروەها باسی یەكەم سەفەری دەكات كە(٧) رۆژ بە كەرو وڵاخ لە رێی موسڵەوەو سیانزە رۆژ بە بریچقە بە رێی حەڵەبەوەو دوو رۆژ بەشەمەندۆفێر بەڕێی بەیروت و (٧) رۆژ بە پاپۆڕ بەڕێی ئەستەمبوڵەوە بووە واتە لە سلێمانییەوە بەدوومانگ گەیشتۆتە ئەستەمبووڵ كە چاوەڕوانی هۆیەكانی گواستنەوەی كردووە لەهەر شوێنێ لەم شوێنانە بۆیە ماتەمینی گرتویەتی كە گەیشتووە. چۆتە بازاڕ لە كتێب فرۆشێكی گەڕۆك چەند كتێبێكی توركی كڕیوە یەكێكیان (دۆن كیشۆت) بووە دوای ئیش وكار

[*] بۆیە لەو سەفەرەدا كە لەگەڵ باوكم و دایكما بۆ لوبنان- بەیروت كردمان پاش چەند ساڵ لەدەرچوونم لە جونێر كۆلێج، لەوێ باوكم لە (بێت مەری) كە لێی ئەژیایین ئەو هاوینە، هەر دوومین رۆژ بردمی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو كۆلیج و زانكۆو هەرچی ئەو جێگایانەی كە كاتی خوێندنم لەوێ بە گەنجێتیم بینیومن، هات لە كەڵەو دەفتەرێكی بە دەستەوە بوو چی ببینیایە تیایدا ئەینووسیەوە. هاروەها كە سەركەوتمە سەر ئەو فڕۆكەیەی یەكەم جار سواری بووم بۆ دەرەوە بۆ خوێندن دەفتەرێكی بچووك و قەڵەمێكی دایە دەستم وتی هەر لە ئێستاوە چی دەبینیت چی دەبێت بینووسەرەوە دوایی سوودی لێدەبینیت. هەر چەند سەفەرتكرد بیرت نەچێ یاداشتەكانت بنووسە منیش بەو ئامۆژگارییە بە نرخەی ئەومكرد ئێستا دوو سندوقی گەورە دەفتەری رۆژنامەم هەیە چاوەڕێم ئەم كتێبەی باوكم چاپبكرێت لەهەلێكدا ئەوانیش بنووسمەوە. یەك دوو ساڵ جاروبار لە گۆڤاری رەنگین بە وێنەی رەنگاورەنگەوە باسی هەندێ لەو سەفەرو سەیرانانەم كردووە. وا بزانم ئەوانەی خوێندویانەتەوە بڕوایان نەدەكرد ئەمە ڕاست بێت من ئەمانەم بینیبێ، تا یەك دوو وێنەی خۆمم لەگەڵ باسی وەك دورگەكانی (هەوایی)و چاوگە گەرمەكانی (پەلۆستۆن پارك) و ئەم جێگە سەیرانەم بڵاوكردەوە.

خوێندویەتیەوە وتویە تا ئەو ڕۆژە چیرۆکی وا سەیرو خۆش و ئەنتیکەی نەخوێندۆتەوە. جاری وا هەبووە لە تریقەی پێکەنینی خۆی پێکەنیوە بە خۆی ، دوایی تێکەڵ بە عالەمی ئەو ڕۆژەی ئەستەموولْ بووە.(*)

تێکەڵ بوونی بەلاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردی تورکیا بەهۆی نەجمەدین —ی برای (ئەسیری)ی کە وتویەتی لە هەموو لایەك باسی کوردایەتی کردووەو لاوانی ورياكردۆتەوەو بلیمەت بووە. بە هۆی ئەمەوە گەلێ کوردی ناسیووە کە بە خوێن پاكو جێی باوەڕ ناسراون، وتویەتی کە لاوی سلێمانی وەکو دیاربەکر،خارپوت، ئەرزروم،تفلیس دیار نەبوون. پاش ئەمە کە خوێندنی تەواو کردووەو گەڕاوەتەوە سلێمانی وتویەتی ئیتر وازم لە شیعری غەزەل هێناوەو کەوتۆتە نووسینی شیعری نیشتمانیی و خەباتی سیاسی .

دیسان باسی گەڕانی دەکات بە جێگە کۆنانی سەردەمی خوێندنیدا وەك (تەختە قەلاّ)، (چەنبەر لی تاش) و (گەدك پاشا) و لەوێ (ئەپارتمانی) (هاجی بەگ) لێرە دوای داخرانی کۆلیجەکەیان لەگەڵ یەك دوو هاوڕێی عیراقیی کاتیان بەسەربردووە. چۆتە وەزارەتی حەربیەی پێشوو (فاتح،ئایا سۆفیا،بابی عالی،سوڵتان ئەحمەد،غەلەتە،خواجە پاشا،بەی ئۆغلو،تەقسیم) بە سواری پاپۆڕ بۆ (قادی کۆی ، یلْدن) سەرای مێژوویی (سوڵتان عەبدولحەمید) تا ئێوارە گەڕاوەو لە دوو لا وەستاوەو بە بیری کۆن دیسان فرمێسکی ڕشتووە (ئەپارتمانی هاجی بەگ)و(*)قیرائەتخانەکەی (جەنبەر لی تاش)

(*) بڕوانە باسی تێکەڵ بوونی بە لاوەکانی ئەندامی هێڤی لە تورکیاو هەستی نیشتمانپەروەری لە دیوانی پاش تەمووزیو لەم یاداشتەدا ل ١٢٠ و لەو بابەتانەی خۆم لەسەرم نووسیوە لە سەرچاوەکاندا .

(*) تێبینی: تا ئەم کاتە ئێمە هیچ باسێکی کۆنی ڕەفیق حیلمی-مان نەخوێندۆتەوە (کاتی چوونی بۆ ئەستەموولْ بۆ یەکەم جار بۆ خوێندن) ئایا چۆن و کەی ڕۆیشتووە ئەو کاتە باوکی ماوە، براکەی لە کوێ بووەو چۆن لە ئەستەموولْ ژیاوە؟ چی کردووە؟ هەرباشە کەبەهۆی ئەم سەفەرەی سەردەمی شێخ مەحمودەوە وەك نوێنەری ئەو بۆ لای مستەفا کەمال و گەورە تورکەکان هیچ نەبێ باسێکی ئەو سەردەمەی منداڵیی کردووە باسی تەنهایی، غەریبی، دووری لە نیشتمان و لە کەسوکاری و چۆن باوکی ئەو کاتە ویستویەتی لە حەربییە بخوێنێت، بەلاّم ئەوە ڕێك نەکەوتووە بۆیە چووە بۆ هەندەسەی عالی و ئایا باوکی تا ئەو کاتە ماوە نازانین و باسی شەفیقی برای کردووە کە ئەو بۆتە پیاوی ماڵ کاتێ باوکی لە بانەو لە دەرەوە بووەو ڕەفیق حیلمی لە ئەستەموولْ بووە، هەروەها چۆن شەفیق کراوە بە بەڕێوەبەری ئەعدادی موڵکی ئینجا چۆن بۆتە زابتی تۆپچی لە تورکیاو لەوێ کوژراوە، ئەمانەی هیچ باس نەکردووە. هەر تا لە

ئەپارتمانەکە کراوە بە جێگەی پاککردنەوەی جلوبەرگ ، خێزانی حاجی چونەتەوە یۆنان. ئێوارە فەتاح ئەفەندی بێ ئۆقرە چاوەڕێی کردووە باوکم چۆتە لای (محیّدین پاشا)و پێی وتووە دەبێ هەر ئێستا بچن بۆ ئەنقەرە ئەم پیاوە یەکێك لە ژەنەراڵەکانی مستەفا کەمال بوو حاکمی ئەستەموول بوو. ئەمری کردووە قەمارەیەکیان لەسەر پاپۆڕی کۆمپانیای خەیرییە بۆ (ئەزمیر) بۆ تەرخان بکات. باوکم زۆری پێ ناخۆش بووە وا زوو ئەستەموول جێگەی یادگاری منداڵیی و لاویەتی بەجێ بهێڵێت. دیسانەوە چۆتەوە دەرێ و بۆ سرکەچی بۆ چاپخانەی بەغدا لەوێ (جەمیل عەلی) ئەفەنی یوزباشی سوپای تورك (برای ئیسماعیل حەقی شاوەیس) باوکی (نوری شاوەیس) دەبینێت، کە ئەم جەمیل–ەلە لاپەڕەی نیشتمانپەروەریدا ناوێکی بەرزو ناسراوی هەبووە. باسی ئازایی ئەم پیاوە دەکات کە تۆپچی بووە لەو سوپایەدا کە نێردراوەتە سەر شێخ عەبدولسەلام بارزانی بەڵام یاخی بووەو تۆپەکانی تێنەگرتوون بۆیە حوکمدراوە بە ئیعدام بەڵام لەبەر هەندێك هۆ بەریانداوە. ئەو شەوە رەفیق حیلمی لە ئەستەموول لە گەڵ ئەم پیاوە پێکەوە چونەتە ئۆرزدیباك، لەوێ رەفیق حیلمی دەستێ جلی هاوینەو پێڵاوو بۆینباغ دەکڕێت لەگەڵ دوو باستۆن. نیوەشەو لە جەمیل ئەفەندی جیا دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ میوانخانەکە.

ئوزمید

بەیانی زوو ئینزیباتێکی تورك باوکم و هاوڕێکەی دەبات بۆ سەر پاپۆڕەکە دوای ٥سەعات دەگەنە زەریای مەرمەرە نزیك نیوەڕۆ دەگەنە شارە بچوکەکەی (ئیزمیت – ئوزمید) قائمقامەکەی لە میوانخانەی بەلەدیە میوانداریی کردبوون،چونکە هاوڕێی فەتاح ئەفەندی بووە. لەوێ باوکم دەچێتە دەرەوە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە گۆڕستان ئەبێ کاتێ سەیری کێلەکان دەکات لەپڕ تورکێکی بالابەرز بەناوی خۆیەوە بانگی دەکاتو دەڵێ قائیمقام چاوەڕێی دەکات بۆ قاوەڵتی لە نادی . (نورەدین پاشا) قائیدی ئۆردووی یەکەم بۆ شەوێ لە نادی زابتان زیافەتیان بۆ دەکات. هەر لەوی چاوی بە (ئەحمەد

پێنجی ئەعدادی بووە؟ بەمە ئومێد ئەکەم هیچ نەبێ بتوانین ئەڵقەیەك لە زنجیرە پچڕپچڕەکەی ژیانی پێکەوە بنێین .

فەخری)(*) کە دەکەوێ کچەزای حاجی سلێمان ئاغایە ئەمەیش یەکێك لەو قوتابیانە بووە کە لە روشدییەی عەسکەریی سلێمانیی خوێندویەتی ئەو کاتەی کەباوکیشم لەوێ بووە. هەر ئەو شەوە لەگەڵ فەتاح ئەفەندی دەچنە ئیستگە، ئەحمەد فخری بەرێیان دەکات، تاسواری شەمەندۆفێردەبن و بە ئیستگەکانی (ئەسکی شەهر)و (پۆلا دلی)دا دەچنە ئەنقەرە.

ئەنقەرە پایتەختی تازەی تورك

هەفتەی چوارەمی نیسان دەگەنە ئەنقەرە،کە دەیبینێ سەری سوڕ دەمێنێ وادەزانێ لە گشت شارەکانی تر جوانترو باشترە کەچی باسی لاوازیی حاڵو ئەحواڵی دەکات؟ من ئەستەموولو زۆر لە شارەکانی تری تورکیام بینیووە بە داخەوە کە باوکیشم لە ئەنقەرە پێش کۆچی دوایی پاش ١٤ی تەمموز کرا بە مولحەقی رۆشنبیریی لەوێ زۆر ئارەزووی کرد بچین بۆ لای، هەر دایکمی بردبوو لەگەڵ خۆی، رێکنەکەوت ئێمە بچین. بۆیە نەمدەزانی بەو شێوەیە بووە کەباوکم بینیویەتی.

رەفیق حیلمی بەمشێوەیە باسی ئەو شارە دەکات کاتێ چووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا کەمال بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود بۆ دامەزرانی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لە عیراقدا وتوویەتی" گەرما ،جموجوڵ (نشاط) جووڵە ،هاتوچۆ نەبووە، نیشانەی (ئینقلاب) گۆڕان هیچ دیار نەبووە، شار کشومات، نەخەڵك نە هۆی گواستنەوە، عارەبانە ،ئۆتۆمبێل، پۆلیسی سەرجادە بەدەرەوە نەبوون. خەلیفە لە ئەستەموول دانیشتووە ئێرە لە ناوچەی حکومەت نەچووە، مستەفا کەمالو وەزارەت لێرە بوون. هیچ دیاردەی شارستانییەتی تێدانەبووە، نەیزانیوە بچێتە کوێو لە کوێ کات بەسەربەرێت. پاش نیوەڕۆی ٢٥ نیسان ١٩٢٢ گەیشتونەتە میوانخانەیەکی بچوکی بێ ئەهمیەت گوایە ئەمە لەهەرە باشەکانیش بووە، لە گەراجی بەغدا چووە نە پانکە نە سندوقی بەفر نە تەلەفۆن، تەنانەت جێگەیەکی بۆ ئاو بەخۆدا کردنیش تێدا نەبووە. (*)ئێوارە تۆفیق بەگ

(*) وا بزانم ئەمە باوکی نەسرین فخریە چونکە دیومەو باسی کردووە کە لەگەڵ باوکمو مامە شەفیق لە روشدییەی عەسکەریی بوون.

(*) ل ١٢٣-١٢٥ یاداشتی حەوت بۆ درێژەی ئەم باسەی ئەنقەرە

یاوەری رەئیسی وزەرا دەچێتە لایان بەناوی رەئیسی وزەرا (حسێن رەئووف بەگ)ەوە بەخێر هاتنیان دەکاتو بڕیار بووە سبەینێ یاوەرەکە بچێتەوە بەشوێنیاندا تا بچن بۆ لای رەئیسی وزەرا لە دائیرەی ریئاسەت. شێخ مەحمود فەروەیەکی زۆر نایابو هەندێ دیاریی بۆ ئەم پیاوە بەوەفدەکەدا ناردووە. ئەمە بە یاوەرەکەدا دەنێرن بۆی ئێوارە لە لۆقەنتە خانەیەك چاکترین خواردنی (مومبار) دەبینن بەڵام ئیشی هەویری نایابی کەم بەڵام پاك دەخۆنو زۆر هەرزانیش دەبێ. ئینجا باسی ئەوچایخانەیە دەکات کەئێوارە چووە چای لێ بخواتەوە [*] سەرت سوڕ دەمێنێ چۆن ئەمە لە پایتەختی مستەفا کەمال داهەبووە.

چونەلای سەرۆك وەزیرانی تورکیا

بەیانی ٢٨ی نیسانی ١٩٢٢ تۆفیق بەگ دەیانبات بۆ وەزارەتی دەرەوە، سەبارەت بەمەیش دەڵێ هەر لە دائیرەیەکی مودیریەتی خۆمان چووەو کەمتریش،کەچی ئەمە جێی رەئیسی وزەرای تورکیا بووە. عیسمەت پاشا وەزیری دەرەوە لە لۆزان بووە محێدین بەگ-ی ئەرکانی حەرب چاوەڕێی رەفیق حیلمیو فەتاح ئەفەندی کردووە. ئەم پیاوە کەوتۆتە قسەکردنو زۆر دەمی لە دینەوە داوە وایزانیوە کورد موسڵمانی ساویلکەو کەم عەقڵو تەفرە خۆرن. گوایە شێخ غەزای ئینگلیز بکات دژی گاورو تورك ئەوا تورکو کورد بران لە ژێر باڵی حکومەتی خاوەن عەدالەتی مستەفا کەمال دا ئەحەسێنەوە.

رەفیق حیلمی لەمە پەست بووەو[*] ویستویەتی بڵێ سنووری ئەنقەرە جیاوازە لە سنوری رواندز ئەوەی رواندز منداڵ هەڵخەڵەتێنێیە. لە ئەنقەرە ئەمە نیە و خۆی پێ

(*) ل ١٢٥ بۆ درێژەی باسی چایخانەکە .

رەفیق حیلمی باسی ئەو چایخانەیە دەکات لە ئەنقەرە.

ئەمە گوایە چایخانەی گەورەکان بووە وتویەتی تەسكو بچووك لە حەمامی ژنانی خۆمانی کردووە. (١٠دەقیقە) بەپێوە وەستاوە تا کورسیەکیان بۆ هێناوە بەزۆر خنیویەتیە نێوان کورسیەکانی تر کە بە تەنیشت یەکەوە ریز کراون. چایچی کە چاکەی هێناوە ناچار لەبەر بێ مێزیی باوکم پیاڵەکەی بە دەستەوە گرتووە. داوای پارەکەی کردووە لە پێشەوە ناچار پیاڵەکەی داوەتەوە دەستی تا بتوانێت دەست بکات بە گیرفانیا، تا ئەمەی کردووە چاکە سارد بۆتەوە بە هەناسە برکێ چۆتە دەرێ تەنگە نەفەس بووە تیایدا، چاکە بە (٥)قروش بووە.

(*) بڕوانە ل ١٢٧ یاداشت (٧)

ناگیرێت دەیەوێ ئاراستەی قسە بگۆڕێ محێدین بەگ رووی گرژ دەکاتو دەڵێ ئەچم بە رەئیسی وزەرا دەڵێم کە ئامادەن ببینن. دەگەڕێتەوە دەڵێ فەرموون.. بەڵام زۆر تکات لێ ئەکەم نەزاکەتی وەزع بێتە بەر چاوت بە پێی ئەوە قسە بکە با رەئیس دڵی لێت کرمێ نەبێ، نابێ بە ئینگلیز تەفرە بخۆین لەناو خۆماندا لە رێی برایەتی لادەین. دەچنە ژووری رەئیسی وزەرا بە پێوە بووە چاوەڕێی کردوون. ئەمری کردووە دانیشن ئینجا خۆی دانیشتووە، بە گەرمیی بەخێرهاتنی کردوونو باسی سلێمانیو شێخی لێ پرسیون، وتویانە ئەوان ئەوە دوو مانگە لەوێ دوورنو بەڕێوەن بۆیە ئەمان ئەیانەوێ هەواڵیان لەوانەوە بزانن.ئەویش دەڵێ دوای دەرچوونی ئێوە لە سلێمانی ، ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ کردووە بچێتە بەغدا. لەگەڵ ئۆزدەمیردا لە رواندز بۆ خۆپاراستن تەرتیبی لەگەڵ کردووە. ئینگلیز سلێمانی بۆردومانکردووەو خۆی واتا رەئیسی وزەرا راستەوخۆ (عیصمەت پاشای) لە لۆزان ئاگادار کردۆتەوەو پێی وتووە لەلای (موئتەمەر) بە شیدەت لە ئینگلیزەکان (پروتۆستۆ) بکاو بڵێ ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ئەنجامی موئتەمەر لە لایەن راگرتنی (ستاتۆکۆ) وە بڕیاری لەسەر دراوە. تا ئەنجامی موئتەمەر نەزانرێ ئیتر رەنگە جارێکی تر بۆردومانی سلێمانی نەکەن. رەفیق حیلمیو هەیئەت سوپاسی دەکەنو جانتا لۆکەکەی دەدەنێ وتویەتی شەو لەماڵەوە دەیخوێنێتەوە. ئینجا پێشکەشی دەکات بە (غازی پاشا) واتا مستەفا کەمالو ئێستا مەجلسی گەورەی میللی تەعتیلەو عیصمەت پاشا داوای موسڵ دەکات لە موئتەمەر لە لۆزان ئومێد وایە وەریبگرنەوە، ئەوکاتە کوردیش بە ئامانجی خۆیان ئەگەن لەگەڵ برای ئاینییان یەکئەگرنەوەو لە چنگی ئیستیعماری ئینگلیز دەرئەچنو شێخیش جگە لە سەوابی رۆژی قیامەت لە دونیاش بگا بە بەری غەزای قارەمانی خۆی ئێستا ناتوانین هیچ بڵێین.

رەفیق حیلمی تێدەگات کە ئەرکی سەرشانیان ئیتر تەواو تا تورك داوای شتێکیان لێ نەکات ئیتر دەبێ باسی مەسەلەی کورد نەکەن . دوای قاوەو جگەرەو گفتوگۆ، رەئیس هەڵدەستێتە سەرپێ بەڵام پێش دەست گوشین دەڵێت ئەمڕۆ هەواڵی گەیشتنیان ئەدا بە ئۆزدەمیرو ئەویش دەیدات بە شێخو پێی رادەگەیەنێت زۆرمان پێ خۆش بووە بۆ ناردنتانو بڕیاری غەزای ئینگلیز بۆ رزگاریی کورد لە چنگیان، ئەم فیداکاریە ئەکاتو سەلامی حەزرەتی غازیو ئیحتراماتی خۆشی پێشکەش دەکات ئینجا روو دەکاتە

باوکم‌و دەڵێ تۆیش بە تایبەتی بۆ شێخ مەحمود بنووسە کە ئێمە چۆن بە هاتنتان‌و کردەوەی خودا پەسەندانەی شێخ بەرامبەر بە ئینگلیز خۆشنوود بووین‌و بەهەموو هێزێکمانەوە ئامادەین بۆ یارمەتی‌و سەرکەوتنی لە غەزاداو لە بیرمان ناچێتەوە کە لە سەرمانە ئەجری غەزاکەی بدەینەوە. وەڵامی لەسەر کۆبوونەوەی مەجلسی میللی‌و ئەنجامی لۆزان دەوەستێت.

ئینجا رەئووف بەگی رەئیسی وزەرای تورکیا دەستی باوکم‌و هاوڕێکانی دەگوشێ‌و داوای عەرەبانەیان بۆ دەکەن‌و دەچنەوە میوانخانەکەیان. باوکم سەبارەت بەمە دەڵێ سەری لە فەتاح سوڕ دەمێنێ کە چۆن لەم هەموو بگرەو بەردەو گفتوگۆیەدا کەماوەی دوو سەعاتی خایاند یەك قسەی نەکرد. بۆیە تا دوو سەعات ماتەم دەیگرێ‌و هیچ قسەی لەگەڵ ناکات ئەویش نەیویستووە بڵێت لە بیرو باوەڕیدا لەگەڵ من نییە. گوایە "فەتاح دوو ڕوو بووە لەپاش ملەی تورکەکان لە گەڵ من بوو لە پاش ملەی منیش لە گەڵ تورکەکان" بەڵام کە هەموو پێکەوە بوون قسەی بۆ رەفیق حیلمی‌و ئەوانی تر بەجێ هێشتووە. خۆی تێکەڵ بەقسە نەکردووە.

رەفیق حیلمی لە ئەنقەرە کەسی نەناسیووە چەند کەسێکی ناسیاوی فەتاح ئەفەندی نەبێت لە چەند زیافەتێکی تایبەتیدا هەندێ دۆستی باشی پەیدا کردووە. هەرە باشەکەیان (حاجی شکری بەگی مەبعوس)بوو کە کوردێکی تورکیابوو بەرامبەر بە فەرنسا شەڕی کردبوو لە شەڕی ئیستیقلالی تورکیادا بۆیە لە مستەفا کەمال نزیك بوو کردبووی بە مەبعوس (نوێنەر)لە مەجلیسی گەورەی میللەت. یەکەمجار ئەم پیاوە لە گەڵ یەك دوو مەبعوسی تری کوردا زیافەتی بۆ کردوون دوای ئەوە ئیتر لە باوکم نەبۆتەوە. زۆربەی رۆژ یا بۆ قاوەڵتی یان نانی ئێوارە بردویەتییە ماڵی خۆیان، باسی رق‌و کینەی مستەفا کەماڵی کردووە لەم مەبعوسانەو لەناو چوونی یەکێکیان‌و ترسی ئەوانیترو باسی ئەوەشی کردووە کە گوایە سەرۆك وەزیران خۆی هەرە گرنگترین موخالفینی مستەفا کەمال بووە. دوایی کە رەفیق حیلمی گەڕاوەتەوە زانیویەتی ئەم دووانەی سەرەوەنێوانیان تێکچووە. حسێن رەئووف لایەنگری خەلیفەو ئینگلیز بووە بڕوانە ل ١٣٢-١٣٣ بۆ تەواوی ئەم باسە.

چوونە لای غازی

باوکم پاش دوو ڕۆژ لە سەردانەکەی بۆ لای سەرۆک وەزیران یاوەری سەرۆك دەچێتە میوانخانەکە بۆ لای و پێی دەڵێ سبەینێ ئێوارە دەبێت بچنە (جان قایا) بۆ خزمەت غازی واتا مستەفا کەمال، سەرۆك وەزیران سەعات پێنجی پاشنیوەڕۆ لە دائیرەی ریئاسەت چاوەڕێتان دەکات لەوێوە دەتان بات بۆ لای غازی، ڕەفیق حیلمی دەڵێ" فەتاح لە خۆشییاندا نەیدەزانی چی بکات؟ بەڵام ئەم بۆخۆی بڕیاری داوە نەچێت بیانوو بدۆزێتەوە دواتر لێکیداوەتەوە چاوپێکەوتنی پیاوێکی وا گەورەی وەك مستەفا کەمال کەم نەبووە! زانیویەتی لە ژیانی تاکێکدا ئەمجۆرە کاتانە کەم هەڵئەکەون و لاپەڕەیەکی مێژووی ژیانی داگیر ئەکات. لەبەر ئەوە ئەکەوێتە دنیای خەیاڵاتەوە.دەڵێت" خۆم لە دونیایەکی ترا ئەهاتە بەرچاو خەریکی ئامادە کردنبووم، قسەم لێکئەدایەوەو شتم بە بیرا ئەهات . چۆن بدوێم چۆن قسەی لەگەڵ بکەم ئەو چۆن قسەم لەگەڵ ئەکات؟ دیسان بڕیارم ئەدایەوە کە نەچم ئایا بە بیانووەکەم بڕوا ئەکەن؟ ئایا وا ئەکەن پەشیمان ببمەوە یاگوێم نادەنێ؟" تا سبەینێ نیوەڕۆ زۆر شتی لێکداوەتەوە هەرچەندی کردووە لەسەر بیرێك رانەوەستاوە بچێت یا نەچێت بەڵام خودا ئەم کێشەیەی بە ئاسانی بۆ چارەسەرکردووە کاتێ هاتوون بیانبەنەلای، سەرۆك وەزیران ئینجا بۆلای غازی، ڕەفیق حیلمی نەخۆش بووەو مەلاریا و لەرزوتای بووە نەیتوانیووە لەگەڵیان بچێت.(*)

سەرئەنجامی ئەم تەقەلایە

پاش چەند مانگێك لە هاتوچۆ بەو ڕێگەوبانە سەختەدا بەو باران و زوقم و بەفرو قوڕو چڵپاو و ئەو هەموو مەترسی و ماندویەتییەو ڕۆشتنە بەسواری کەرو وڵاخ و بە پێی و بە بریچقەو پانتۆن و شەمەندۆفێرو ئۆتۆمبێل و پاپۆڕە هەر لە سلێمانییەوە بۆ ڕواندزو بۆ زینووی شێخ و دەربەندو لەوێوە بۆ ناو کوردستانی ئێران و ناو قەفقاسیا و ئەرمینیا و گۆرجستان، ئەو هەموو شارانەی باسیکردوون ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتە کۆن و تازەیە،ئەو پیاوە هەرە گەورانەی تورك و روسیاش ئەوەتا تا سەرۆك وەزیرانیش

پێشوازیی لێکردوون و ئەو هەموو خزمەت و حورمەت و زیافەت و گەڕانە ئەو هەموو قسەو باس و گفتوگۆیە لەگەڵیاندا.

کە فەتاح ئەفەندی گەڕاوەتەوە لای مستەفا کەمال باوکم لێی پرسیووە غازی چی وتووە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی غازیی سەلامت لێ ئەکات و داوای چاکبوونەوەت بۆ ئەکات پێی ناخۆش بووە کە تۆی نەبینیووە،ئینجا پرسیویەتی ئەی گفتوگۆی چی کرد؟ فەتاح وتوویەتی هەر ئەوانەی دووبارە کردەوە کەسەرۆک وەزیران پێی وتین. جگە لەوەیش ئەمری کرد بەهۆی هێزەکەی ئۆزدەمیرەوە لە رواندز هەندێ دیاریی بۆ شێخ و چەند رەشاشێکی تازەی بۆ بنێرن و ئەمە هەموو سەرئەنجامی ئەم هەوڵەش بووە.

رێگەی گەڕانەوە بۆ سلێمانی

مەسەلەی کۆبوونەوەی مەجلیس یەکەم هەنجەتی تورک بووکە لە ئەمڕۆ و سبەینێدا نەبوو کۆنگرەی لۆزان-یش دوومین بیانووی بوو کە هەرخوا خۆی دەیزانی کەی ئەبڕێتەوە؟ بۆ ئەوەی مستەفا کەمال لەگەڵ رووس رێکەوێت سوێندخۆرەکان باسی سێڤریان نەدەکردو بەلای تورکدا دەچوون. رەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا پرسیویەتی ئایا مەبەست لە ناردنی ئەم هەیئەتە کە تورک داوایکردووە چی بووە؟

ئۆزدەمیر بە راسپێریی ئەنقەرە ویستویەتی کورد لە ئینگلیز دووربخاتەوەو بە ناوی کوردو کوردستانەوە لە ولایەتی موسڵ بزووتنەوە نەبێت، بۆیە دوور خستنەوەی کورد تاکو لەگەڵ ئینگلیز رێکنەکەون و حکومەتی کوردیی دابمەزرێنن و ئۆزدەمیر لە رواندز بکەنە دەرێ و خزمەتی مەسەلەی موسڵ بکەن لەسەر حیسابی ئینگلیز.بەڵام مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو ئەم هەیئەتە چوو بۆ ئەنقەرەو شێخ یاخی بوو لە ئینگلیزو ئیتر بیانووی مەسەلەی کوردستان بەدەست ئینگلیزەوە نەما، قسەی عیصمەت پاشا لە لۆزان لە بابەت موسڵەوە لەسەرەوە بوو. کەوابێ شێخ مەحمود ئەمەی بۆچی کرد؟ هەموو کوردێکی دڵسۆزێکی کورد ئەم پرسیارە دەکات. رەفیق حیلمی بە پێی تێگەیشتنی خۆی دەڵێت ئێمە بۆ پشکنینی راستی و ناراستی ئەو پەیمانەی ئۆزدەمیر دابووی چووین بۆ تورکیا کە ئەگەر شێخ هێرشی کردەسەر ئینگلیزو تورکەکان موسڵیان دەستکەوت ئەوا حکومەتی کوردیی بەسەرۆکایەتی شێخ دادەمەزرێنن.

بۆیە باوکم دوای ئەوەی لە ئەنقەرە لەبارو دۆخەکە تێدەگات بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی،چونکە لە ئەنقەرە زۆر دڵی تەنگ دەبێتو تەنانەت ماوەیەك لە کتێبخانە بە خوێندنەوەو نووسین یان بە پیاسەوە کات بەسەردەبات، یان لە ماڵی حاجی شوکر بەگ ،ئیتر نە لە حکومەت نەلە هیچ کەسێکی تر شتێکی وا نابینن کەنیشانەی دۆستیو بایەخ بێت لەرێگەی غەزەتەیشەوە دەزانێت ئینگلیز بە فڕۆکە سلێمانیی بۆردومانکردووەو ژنو منالی کورد ڕایان کردۆتە شاخەکان. بۆیە ڕەفیق حیلمی نامە دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیران تا چارەیەك بۆ کوردەکان بدۆزێتەوە،بۆئەوەی بەمجۆرە سەرگەردان نەبن. بۆ خۆی دەڵێ کەمێکیش لەسەر ئەم مەسەلەیە زیاد ڕۆیشتمو لەزمانو دەربڕینی دیپلۆماسیی دوور کەوتمەوە. هەرلەبەرئەمە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ سەرۆك وەزیران دەچێتە ئەو میوانخانەیەی کەرەفیق حیلمی لێیە،لەبەر دەرگا دەوەستێتو دەنێرێت بەشوێنیدا،باوکم دەڵێ کە چۆتە دەرێ بینیویەتی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بە پێو بە بێ ئۆتۆمبێل یان عەرەبانە لایەوە وەستاوەو کابرایەکی لەگەڵ بووە، دەستی باوکمی گوشیووەو چۆنیو چاکیی لەگەڵ کردووەو وتویەتی" دیارە خەبەری غەزەتەکە تەئسیری لێ کردوویت ،بۆیە ویستومە خۆم چاوم پێت بکەوێت تەسکینیت بدەم ،وا نیە وەزعی شێخو سلێمانی باشە هۆی مەراق نیە خەبەرمدا بە عیصمەت پاشا لە موئتەمەر شکات لە ئینگلیز بکات، ئەگەر دەست لە شێخو سلێمانیی هەڵنەگرێت هێزی (الجزیرە)مان دەنێرین موسڵ بگرن" بەدەم پیاسەکردنەوە لە گەڵ باوکمدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەگەڵ ئەم گەنجە تازە پێگەیشتووەی کوردا کەهێشتا تەمەنی ٢٤ ساڵ نەبووە ئەمجۆرە گفتوگۆیەی لەگەڵ کردووە. باوکم سەبارەت بەم هەڵوێستە دەڵێ"ئەمە نیشانەی رۆحێکی دیموکراتیی بەرزە" بەدەم پیاسەوە ڕەفیق حیلمی بەسەرۆك وەزیران دەڵێ: ئیتر پێویست بە مانەوەی ئەو ناکات لەئەنقەرە ،ئەویش دەڵێ ئەی چاوەڕێی لۆزانو کۆبوونەوەی مەجلیس ناکەی؟ باوکیشم وتویەتی تا کەی،تا چەند مانگی تر بمێنمەوە؟ بچمەوە باشترە شێخ ئاگاداربکەم نەوەك نەزانێ ئێوە چی ئەکەنو تەفرە بخوات. ئیتر ئەویش وتویەتی کەواتە باشتر وایە بڕۆی...

رێی گەڕانەوەی ڕەفیق حیلمی لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی

ڕۆژی ١٥ی مایسی (٣٣٩)ی رومی (١٩٢٢)ز لە میوانخانەکەوە،

ئەحمەد فەخری پیاوی ڕەشید پاشا بە ناوی بەڕێخستنەوە لەگەڵیان چۆتە ئیستگەی شەمەندۆفێری ئەنقەرە. باوکم دەڵێ تورکەکان زۆر خۆیان بە سیاسیو ئێمەیان بەکەر زانیوە چونکە نەنامەی ڕەسمیو نە تایبەتیشیان نەداونەتێ. ئیتر ئەم خۆی چۆتە لای سەرۆك وەزیرانو داوای نامەیەکی لێکردووە کە لە ڕێگەوبان بە دەستیەوە بێ بۆ ئەوەی مەئموورەکانی تورك بیناسنو یارمەتی بدەن. باوکم دەڵێ هەر بەسەر پێوە لەسەر کاغەزێکی نارەسمیی سێ دێڕی نووسیوەو ئیمزای کردووە، حاجی شوکری ئەو شەوەش زیافەتی بۆ کردووەو بەدوورو درێژی باسی بەسەرهاتی کوردیان کردووەو نامەیەكو وێنەیەکی خۆشی بۆ شێخ ناردووە و فەتاح ئەفەندی-یش یەك دوو نامەی نووسیوە تکای کردووە کە باوەڕ بە من بکاتو لە ئامۆژگاریم دەرنەچێو یەکێ لە نامەکانی بە مەرەکەبی سڕی نووسیوە باوکم دەڵێ ویستم هەر وا بزانێ پێی هەڵخەڵەتاوم.

قۆنیە

لەسەر بانگهێشتی عەبدوڵڵا حیلمی پاشا، یەکەم قۆناغی سەفەرەکەی لە ئەنقەرەوە بۆ (قۆنیە) دەبێ. عەبدوڵڵاحیلمی خزمی ڕەفیق حیلمیو خێزانەکەیو لەوێ بیگباشیی بووە، نامەی بۆ ناردووە بۆ ئەنقەرە تا سەردانی بکات. عەبدوڵڵا لە مەکتەبی عەسکەریی مامۆستای باوکم بووەو ئەویش نازناوی (حیلمی) بە ڕەفیق حیلمی بەخشیووە. حسین ڕەئووف ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە لە ئەنقەرەو بە باوکم دەڵێ باشە بڕۆ بۆ خۆت هێندێك کات بەرەسەر لەگەڵ خزمەکەت بۆئەوەی بێزاریی داتنەگرێ،باوکم هەفتەیەك لە قۆنیە دەمێنێتەوە، گەلێك ناسیاوی سلێمانی لێ دەبێت وەك برای سەلمە خانی ژنی عەبدوڵڵا حیلمی کە ئەویش خزمی باوکم بووەو هەندێك کەسی تر کەئەمانە هەر ڕۆژە یەکێکیان زیافەتیان بۆ کردووە. بۆ شەوی دوایی عەبدوڵڵا حیلمی زیافەتێکی گەورەی بۆ دەکات، هەموو ئەوانە دێن بۆ وێستگەی شەمەندۆفێر بۆ بەڕێکردنی .لەم باسەدا باوکم نوسیوویەتی ئەمجارە هەرچی پێویست نەبێت ناینووسم.

ئەدەنە

لەرێگە لە ئەدەنە لادەدات، دنیا گەرم بووە بەڵام دڵگیرو خۆش بووە، رەفیق حیلمی باسی مەحمود ئاغای مورافقی دەکات کە هەر فێری تورکی نەبووە چووەتە دەرەوە پۆلیسی سڕیی گرتوویانە کاغەزێکی کۆنی پێ بووە کە تێیدا نووسراوە موڕاسلی رەفیق حیلمی‌یە،پۆلیسەکە لەگەڵی دەچێتە میوانخانەکە، باوکم کاغەزەکەی حسێن رەئووفی سەرۆك وەزیرانی پیشان دەدات کابرا زۆر بە رێزەوە وازیان لێ دەهێنێ و دەڕوات،باوکم زانیویەتی ئەو چەند دێڕە بەو ئیمزایەوە وا بە نرخە ! بۆیە هەڵی گرتووە تا کاتی نووسینی یاداشتەکانی (ئەم نامەیە بەتورکیە بۆیە من نازانم کامەیانە؟ بەداخەوە ئیمزاکانیش باش دیار نین).

یەکێ لەنامەکان نامەیەکی فەتاح ئەفەندییە بۆ هاورێیەکی بووە لە عوسمانییە ئەم پیاوە کە زۆر خزمەتی باوکمی کردووە لەوێ، کەشیدەو فێستو جبەی لەبەر کردووەو نامەیەکیشی داوەتێ بۆ هاورێیەکی بازرگانی تورکی لە عەنتاب ئەمیش زۆر خزمەتی کردووە.تا چۆتە عەنتابیش هێشتا نەیزانیوە بەکام رێگەدا بگەرێتەوە بۆ سلێمانی بێ مەترسیترە. لە ئەنقەرە لەسەرۆك وەزیرانی پرسیووە بەڵام ئەو وتویەتی ئێمە هەر تا سنوور دەتوانین یارمەتیت بدەین. لە موسڵەوە لەبەر ئینگلیز ناکرێ. رەفیق حیلمی دەیەوێ بە تورکیادا راستەو راست بۆ رواندز بەبێ ئەوەی بەموسڵدا بڕوات، لەوێشەوە بچێتە دیاربەکر سەبارەت بەمە وتوویەتی رەئووف ناوی رواندزی نەبردووە، سنووری عیراق لەوێوە نزیکە بۆیە ویستویەتی بەناو عەشایەردا بچێتەوە سلێمانی یان بۆلای شێخ لە دیاربەکرەوە بۆ بەتلیس‌ووان، بە ولایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیادا کە نیشتمانی کوردە گەشتێك بکاتو چاوی بە هەندێ برای کورد بکەوێ. بۆیە لە (عوسمانیە)وە شەمەندۆفێر بەجێ دەهێڵێتو بە سواری وڵاخ دەچێتە (جەبەل بەرەکە) لەسەر سنووری سوریا، کە لەژێر حوکمی تورکدا بووە.سەبارەت بەم شوێنە وتویەتی شاخاویو وشکبووەو خەڵکەکەی شەڕانی بوون. لەوێ چۆتە لای پارێزگار کە پیاوێکی باشو بەرەوشتبووە. نامەیەکی لێ وەرگرتووە بۆ عەلی صائب بەگ قایمقامی (باخچە)، ئەم پیاوەی لە ئەنقەرە ناسیووە کاتێ کەمەبعوس بووە لە (ئۆرفە) زۆر نزیك بووە لە مستەفا کەمالو ئەندامی مەجلیس وتویانە کوردە، رواندزی یان کەرکووکییە..

چووە بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی مەبعوسان تا بە ئارەزووی حکومەت مەبعوسان هەڵبژێرن، رەفیق حیلمی لە (جەبەل بەرەکە) لەگەڵ کارواندا لە ٢٩ مایس ١٩٢٢ دەڕوات بۆ (باخچە) نامە دەنێرێت بۆ قایمقام ٢٩/٣٠ ی مایسی ١٩٢٢ وەڵامی بۆ دێتەوە کە عەلی صائیب دەڕوات بۆ (ئۆلۆجق) دەتوانێت لەگەڵ ئەو بڕوات چونکە جەندرمەیان نیە بینێرن بۆ رەفیق حیلمی وەك داوایکردووە. ئەگەرچی باوکم ئارەزوو ناکات لەگەڵ (عەلی صائیب) بڕوات بەڵام ئەم دەعوەتی دەکات بۆ ماڵی خۆی باوکم ناچێت بۆ سبەینێ دەکەوێتە ڕێ لە چایخانەیەك لادەدات عەلی صائیب-یش دەگاتە ئەوێ بانگی دەکاتە لای خۆیو چاو ئاوی ساردو قاوەی بۆ داوا دەکات. لێرەدا [*] رەفیق حیلمی زۆر بە توندیی و حەماسەتەوە دەکەوێتە گفتوگۆو وتووێژ لە گەڵیدا گوایە خوێندەوارێ لە ڕاستی لابدات خوێندەوار نیەو لاوێکی وەك خۆی بە جەرگو فیداکارو خوێن گەرم دەبێ چاویان بکاتەوە بچنە سەر ڕێی ڕاستو هتد.. عەلی صائیب زۆر توڕە دەبێ بە تایبەتی کاتێ باسی مەبەستی عەلی صائب لەو سەفەرە بۆ هەڵبژاردنی مەبعوسان بە ئارەزووی حکومەت دەکات. رەفیق حیلمی دەڵێ" کەواتە بۆ دەڵێن هەڵبژاردن ئەویش دەڵێ ئەی چی ناو بنێین؟ ... بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ل ١٤٧-١٤٨ی یاداشتی (٧) ئینجا عەلی صائیب باسی کوردی لێ دەپرسێو لەوەڵامی رەفیق حیلمی زۆر پەست دەبێت کەپێی دەڵێ هەوڵ ئەدەین سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان.بۆیە وتویەتی واتا لە ژێر حوکمی ئینگلیزدا بمێننەوە، رەفیق حیلمی وتویەتی ئیستا لە ژێر دەستی ئەواندایین ...ئەویش پرسیویەتی تۆ لە دلا لە گەڵ شێخی؟ باوکم وتویەتی وا ئەزانم،ئینجا پرسیویەتی ئەویش چاوی لەسەربەخۆیی کوردستانە؟ باوکیشم وتویەتی لەمن زیاتر. پاش چەندین پرسیارو وەڵامی لەمجۆرەو گاڵتە کردن بەعەقڵی کورد وتویەتی بە ئینگلیز تەفرە بخۆن زەرەر دەکەن، ئەوان مەبەستیان موسڵو نەوتەکەیەتیو هەر تورك بەرژەوەندیی کوردی دەوێ پاشان بەتووڕەییەوە وتوویەتی "تۆ چۆن بەم بیرە ژەهراوییەوە بەم وڵاتەدا ئەسووڕێیتەوە؟ کێ ئیزنی داوی ئیتر نایەڵم لێرە بەولاوە پێ بەرێدا بنێی، غەریب نەبویتایە دەمانچەیەکم ئەنا بە تەپڵی سەرتەوە" رەفیق حیلمی بە ساردیەوەو بێ ترس

---

[*] ل ١٤٦ درێژەی باسی گفتوگۆی عەلی صائیبو رەفیق حیلمی سەبارەت بە راستکردنەوەی بیرو باوەڕی ئەوانەی لە ڕاستی لادەدەن هتد...

وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ "ناتوانیت چونکە من بە دزیەوە نەهاتوومو نامەی یەکێکم پێنیە هیچ پیاوێکی حکومەت بتوانێت لە یارمەتیدانمو ڕێپیشاندانم سەرپێچی بکاتو نامەکەی سەرۆك وەزیرانی پیشاندەدات". ئەوکاتە عەلی صائیب بە زەردەخەنەوە پێی دەڵی کەم ئەزموونو ساویلکەیە بۆیە لێی دەبووریٚ بەڵام ئامۆژگاریی دەکاتو دەڵیٚ دوژمنیان زۆرە هێشتا لە مەترسیدان رزگاریان نەبووە بەتەواویی لە بیانی پەرستیی نابیٚ لەژێر کاریگەریی لاوێتی چی بە بیرا هات دەریبخات. ویستویەتی دڵی بداتەوەو ئاشتی بکاتەوەو لە گەڵیدا ئەو سەفەرە تەواو بکاتو بە باوکمی وتووە ڕاستە بۆ خۆیشی کوردەو کوردی خۆشدەویٚو کورد هەریەك برای هەیە ئەویش تورکەو ئایا ئینگلیز چی کرد بۆ کورد حکومەتی بۆ شێخ دامەزراندو هتد... لەوێدا کاغەزی مستەفا کەمال پیشانیباوکم دەدات کە وتویەتی ئەمری عەلی صائیب وەك ئەمری خۆیەتیو نابیٚ لە ئەمری دەربچن... دوای ئەم قسانە ئیتر لەیەکتر جیا دەبنەوە.

ڕەفیق حیلمی پاش جیابوونەوەی لە عەلی صائیب بەڕێی (مەرعەش)دا ڕۆیشتووە بۆ (عینتاب) کە ناوچەی قایمقامیێکی بچوكو خۆشو کۆڵانی جوانو خانووی مەڕمەڕ بووە...لێرەیش بازرگانەکەی ئاشنای محەمەد ئەفەندی زۆر خزمەتی دەکاتو لەماڵی خۆی میواندارییی دەکات. بە جۆرێکی زۆر جوان وەسفی ئەدەبو خزمەتی ماڵو منداڵی کابراو خزمەتکارەکانیشیان دەکات . دوو ڕۆژ لایان دەمێنێتەوە باوکم دەڵێ وێنەیان نەبووە لە پاكو خاوێنییو بیٚ دەنگییو خزمەتی بیٚ هاوتادا تەنانەت جلیشیان بۆ شتووەو وئوتوشیان داوەو حەمامو ئاوی گەرمو تاقمی ریشتاشینیان خستۆتە بەردەستی "ماڵێکی سیحراوی"بووە ئینجا باسی دیوەخانو چاو قاوەو نێرگەلەو کۆبوونەوەو باسی شەڕی تورکو فەرەنسا لە عینتابو قارەمانێتی عەلی صائیبو ئۆزدەمیرو فیداکاریی خەڵکی عینتاب دەکات.

دیاربەکر

لە عینتاب خۆیو مەحمودی خاڵی دوو جێگە لە ئۆتۆمبێلێکدا دەگرنو دوو لاوی دیاربەکریشیان لەگەڵ دەبیٚ کەکورد دەبنو باسی گۆرانی دەکەن بە زازاو تورکیو کە دەگەنە دیاربەکر زیافەتی ڕەفیق حیلمی دەکەنو بە لاوی تریشی دەناسێنن. یەکێکیان دەڕوات بۆ مەرعەش باوکم دەزانیٚ هاوڕێیەکی کۆنی کە لە کەرکوك لە قوناغی

سەرەتایدا پێکەوە بوون لە مەرعەشە بەو کوڕەدا نامەیەکی بۆ دەنێرێت .ئەو هاوڕێیەی ناوی عەلی حەسەن بووەو باوکم حەزیکردووە خۆی سەردانی بکات بەڵام کاروانەکە بەوێدا نەڕۆیشتووە، باوکی فایەق بێکەس –یش لەوکاتەدا لە مەرعەش بووە.

ئورفە

نزیکی نیوەڕۆ دەگەنە ئورفە بەتەمابوون هەر نانبخۆن و بڕۆن،بەڵام ڕەفیق حیلمی دەچێتە لای سەرتاشێکی هاوڕێی زۆر خۆشەویستی کەناوی مستەفا بەهجەت دەبێت لەوێ کەدەیبینێت ناهێڵێت بڕوات ئەم هاوڕێیەی لە ئامادەیی سەربازیی بەغدا لەگەڵی بووە . لە خۆشیاندا نەیزانیوە چی بکات؟ دەنێرێت بە شوێن گەلێ هاوڕێی تریاندا وەك مەحمود سامی و هتد... لەوێ لە چایخانەی سەر ئاوی ئورفە کاتێکی خۆش بەسەردەبەن ، گوایە ئەمە ئاوی پاشماوەی ئەوەیە کە ئاگرەکەی حەزرەتی ئیبراهیمی کوژاندۆتەوەو پیرۆزە بۆیە دەست لە ماسی‌یەکانی نادەن.بۆ شەوێش لە ماڵی مستەفا بەهجەت دەبێ.

لە ئورفەوە بە ئۆتۆمبیل بۆ دیاربەکر دەچن و لە چایخانەیەکی سەر ڕێگە لە (سیورەك) عەلی یاوەری کوڕی عەزیز ئەفەندی وەسمان ئاغا زابتی تۆپچی دەبینن بەزۆر نان و کەباب و چاو ماستاویان دەرخوارد دەدات. ئینجا دەکەونەوە ڕێ بەناو بەردەلانێکی شك و تاریك و هەوای گەرم، نزیك ئێوارە دەگەنە دیاربەکر لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣ ز و٣٣٩ ڕۆمی‌دا [*] ئەو هاوڕێ کوردانەی لە گەڵیان دەیانەوێ میوانداریان بکەن ئەمان قایل نابن دەچنە یانەی سەربازیی کەژوورو نان و حەسانەوەی باشە. لە شارە گەورەکانی کوردستانە ناوچەیەکی مێژوویی کوردە ئاوی دیجلە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێ شارەکە شورە دراوەو ناوچەیەکی حکومەتی دۆستەکی بووە[*] ساڵی ١٥١٤لە شەڕی تورك و

---

[*] ١٩٢٣ ئەمە ڕەنگە هەڵە بێت ١٩٢٢ڕاستە چونکە ١٩٢٢ (٣٠ مایس) لە باخچە دەبێ چۆن بوو بە ١٩٢٣؟

[*] بۆ درێژەی باسی ئەم حکومەتەو میرەکانی بڕوانە ل ٦٨ی یاداشتی (٧) هەروەها شەرەفنامەی بەدلیسی و کتێبی ئەمین زەکی بەگ(کوردو کوردستان).

عەجەمدا بۆشەڕ دیاربەکر کەوتۆتە ژێر دەستی تورکەوە بەڵام هەر بە شارێکی کوردیی ماوەتەوە. زۆر ناودارو نیشتمانپەروەری کوردی لێ بووە.

ڕەفیق حیلمی لەیانەی سەربازیی ژورێك دەگرێ کە زابتێکی تیادا دەبێت ئەویش کورد دەبێ و بە ڕۆژ لەدەرەوە دەبێت. باوکم زۆر ماندوو دەبێت شەوان ناچێتە دەرەوە بۆ بەیانیی بەڕێوەبەری ئیستیخبارات سالم بەگ دەنێرێت بە شوێنیداو پێی دەڵێ زۆری پێ خۆشبووە کە لە خۆیەوە چۆتە ئەو جێیی حەسانەوەیە و نامەکەی حسین ڕەئووف دەبینێت و لە ژێریدا دەنووسێت کەبینیوویەتی. باسی ڕێگەی گەڕانەوەی لێ دەپرسێ دەڵێ جارێ.. بەڵام پێشنیازی بۆدەکات بچێتە لای جواد پاشا. ڕەفیق حیلمی پەشیمان دەبێتەوە لەم چوونەی بۆ لای .(*)

باوکم تا ئەو ڕۆژەی لە دیاربەکر دەرچووە دوو کەس لێی جیا نەبوونەتەوە یەکێکیان مامۆستای عەرەبیی بووە کە لە قوتابخانە بووە لە سلێمانی و ئەویتریان هاوڕێی بووە یەکێکیان ناوی (عوسمان نوری)و ئەویتریان (خلوسی بەتلیسی)بووە. دەڵێ کاتێ قوتابی بوون بەیەکەوە خلوسی هاوڕێی شیعر نووسینی بووەو پێکەوە شیعرەکانیان ناردووە بۆ ڕۆژنامەی (حوادث) لە کەرکووك و شیعرەکانیان بە تورکی بووە چونکە ڕۆژنامەکە تورکی بووەو هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردیی نەبووە لەو سەردەمەدا. هەروەها شیعریشیان ناردووە بۆ گۆڤاری (کەوکەبی معاریف) ئەویش لە کەرکووك دەرچووە. ئەم دووانەی لە دیاربەکر پاش ئەو چەند ساڵە بینیوەتەوەو دەڵێ مامۆستا عوسمان زۆر دڵنەوایی و خزمەتی کردووەو عورفی بەگیش هەر عەونی کوڕی ماوە لە مەحکەمەی دیاربەکر کاتب بووە. (خلوسی) هەروا لە دوورەوە ناساندویەتی بە (دکتۆر فوئاد) کەلاوێکی باڵا کورتی سورو سپی و لاوازو نیشتمانپەروەرێکی سەرڕاستبووە ،خلوسی خۆیشی پیاوێکی زۆر باش و ئاشنا پەروەر بووەو شاعیرێکی قەلەندەرو خۆش مەشرەب بووە میللەتی خۆی خۆش ویستووەو خۆی لە تالووکە دوور خستۆتەوە بۆیە هەر لە دوورەوە سەلامیان لە دکتۆر فوئاد کردووە چونکە خەفیەی بەسەرەوە بووەو لە ڕەفیق حیلمی-یش پاراوەتەوە خۆی

(*) بڕوانە ل ١٥٧-١٥٨ باسی خوێندنی ڕەفیق حیلمی لە سەرەتاییەوە تا هەندەسەی عالی لەسەرزمانی خۆی.

له قەرەی نەدات.[*] لەویٚ رەفیق حیلمی مەلاریاو لەرزوتا دەیگریٚت دکتۆری عەسکەریی بۆ دیٚنن، بەلاٚم کە دەنیٚریٚ بۆ دەرمانەکان لە دەرمانخانەی بەلەدیە مەحمودی خالّی ئەم دکتۆر فوئادە دەبینیٚت‌و دەزانیٚ رەفیق حیلمی نەخۆشە بۆیە پاش یەك سەعات دەچیٚت بۆ لای دەرزی لیٚدەدات.

باوکم لە دیاربەکر ئەم مەلاریایەی پیٚ فیٚر ئەبیٚ، زووزوو لەرزوتا دەیگریٚت کە چاك ئەبیٚ ئەچیٚتە دەریٚ‌و(مستەفا شەوقی) دەبینیٚت. کە دەیەویٚ لە گەلّیدا بە موسلّدا بچنەوە بۆ عیراق، بەلاٚم دەلّیٚ کابرایەکی فیشالّکەرو قسەزل بووە بۆیە لەوە پەشیمان دەبیٚتەوەو دوای ئەم بەرۆژیٚك لەریٚی کاروانەوە بەرەو باکووری رۆژهەلاٚت دەرِوات پاش پیٚنج رۆژ دەگاتە بەتلیس.

بەتلیس

باوکم لە بەتلیس لە مالّی (ئەورەحمان بەگی رەشید پاشا) دائەبەزیٚ. بەتلیس شاریٚکی بچووکی شاخاویی کوردستانی تورکیایە لە نیٚوان دوو شاخدایە بەسەر تەپۆلّکەیەکەوەیە، دیمەنیٚکی سروشتیی جوانی هەیە. ئاوو هەواکەی سازگارە ئەو رۆژە ناوچەی ولایەتیٚك بووە بە هەمان ناوی (بەتلیس) ماوەیەکیش ناوچەی ئیمارەتیٚکی بەناوبانگی کورد بووە. ئەمیر (شەرەفخان)ی بەتلیسی کوری ئەمیر شەمسەدین (رۆژکی)[*] لە (١٠٠٥)ی کۆچی ١٥٩٦ز کتیٚبی میٚژوویی ئیمارەتەکان‌و حکومەتەکانی کوردی بە فارسیی نووسیوە. خۆیشی لەسەردەمی سولّتان موورادی، سیٚهەمین سولّتانی عوسمانی‌دا ئەمیری ولایەتی (بەتلیس) بووە .

تەتوان

رەفیق حیلمی هەر یەك شەو لە بەتلیس دەمیٚنیٚتەوە لەویٚ هیٚستریٚك دەکرِیٚ بە (٨٠) مەجیدیی تورکی ودەلّیٚ ئەمەی لەکیس چووە چونکە هیٚسترەکە زۆر لاوازو پەککەوتە بووە. یەکەم مەنزل پاش بەتلیس (تەتوان) بووە. رۆژی دەیەمین گەیشتۆتە (ئەخلاٚت)

---

[*] برِوانە ل ١٦٠ یاداشتی ٧ بۆ دریٚژەی باسی دکتۆر فوئاد.

[*] بۆ دریٚژەی ئەم باسە برِواننە کتیٚبی شەرەفنامە بە کوردی‌و کتیٚبی یاداشتی رەفیق حیلمی بەرگی (٧) ل ١٦٢ ماوەی حوکمیان لە ١٠٠٥-١٥٩٦ز میٚژووی شەرەفنامە کە ٧٦٠ سالّ حوکمیان کردووە. (١٨) ئەمیریان ناویان هاتووەو ٤٥٠ سالّ سەربەخۆبوون .

لەوێ دیسان ناسیاوی کۆنی بینیووە، ئەمجارە (ئیبراهیمی گودرون)دەبینێ کە خۆیو کچو ژنی لەزووەوە دەناسێ سەبارەت بەمان دەڵێ کچە قۆشمەکەی وێنەی خۆی بە شەپقەوەداوە بە رەفیق حیلمی تا بیباتەوە بۆ خزمو کەسی.باوکم لە (ئەخلات) لەماڵی ئەم ئیبراهیمە قاوەڵتی دەکات. ئینجا باسی مێژووی ئەخلاتمان بۆ دەکات. (مەجیدەدین) حاکمی ئەخلات (برای شەرەفخان) بووەو هاو سەردەمی (تیموری لەنگ) و (مەلیك ئەشرەفی حاکمی ئۆرفە)و (حەرانی کوری سەلاحەدینی ئەیوبی) بووە بۆ درێژەی باسی مێژووی ئەخلات بڕوانە ل ١٦٣ی یاداشتی (٧).

ئارجیش

رۆژی سێیەم رەفیق حیلمی دەگاتە ئارجیشو دیسان خەیاڵ دەیگێڕێ بەناو لاپەڕەکانی حوکمدارانی کوردو قارەمانو سەڵتەنەتیاندا گوزەر دەکات لێرەدا بیری (باز أبو الشجاع)ی دەکەوێتەوە چۆن لە شوانیەوە (حکومەتی دۆستەکی) دامەزراندووەو بۆتە (شا)و لە ئارجیش لەشکری پێکەوەناوە بۆ گرتنی دیاربەکر. ئینجا میافارقینو نەسیبینو جنوبی وان تا موسڵ دەچێ ولە ١٩٨٣ز داگیری دەکاتوبەرەو بەغداد دەڕوات. بەڵام لەشەڕی حەمدانی لە وڵاخەکەی دەکەوێتە خوارەوەو دەمرێ، خوشکەزاکەی جێی دەگرێتەوە ئەو حکومەتی دۆستەکی دەکات بە (مەریوانی)ی بەناوی باوکیەوە.

وان

دوای ئارجیش باوکم دەچێتە (کۆی)و دوای ئەمە بە رۆژێك لە (٦)ی تەمووزی (٣٣٩) رۆمیی دەگاتە وان، نزیکی ئێوارە بەتەمابوون بچنە میوانخانەیەك تەنانەت ژورێکیشیان لە هیچ شوێنێك دەستنەکەوتووە. ئەم ناوچەیە بە تایبەتی (بەتلیس، وان، گەورە،شەمدینانو رواندز)تەختو تاراجیان نەمابوو بەهۆی شەڕی کوردو ئەرمەنو داگیرکردنی روسیەوە.

وان ناوچەی ویلایەتێکی گەورە بوو بە هۆی ئەرمەنی زیرەكو سەنعەتکاریی زیوو زێڕو میناکارییەوە.. رەفیق حیلمی تا هەرێمی وان زۆر لاواز دەبێ بە هۆی مەلاریاو ماندوێتیەوە پێی دەڵێن بەهەوای سازگاری وانو مەلەکردن لە دەریاچەی وان دا چاکدەبێتەوە باوکم دەربارەی ئەمە دەڵێ راستیانکرد لەوێ نەمگرتەوە، بەلام بەبێ مەلەکردن چونکە مەلەکردنم نەدەزانی.

نزیك خۆرئاوا بوون لەبەردەمی دوکانێکدا عەواڵی جێگەبوون، تیابحەسێنەوە، لەپڕ ناسیاوێکی کۆنی کەرکووکی لێ پەیدا دەبێ بەناوی (مەجید ئەمین). پاش سڵاوی گەرمو گوڕ پێی وتووە بۆ خۆیشی هیچ جێگەیەکی نییەو ژنو ماڵی نیە لە دائیرەی ژەندرمە دەخەوێت، لەبەرئەوەی کوماندانی ژەندرمەیش کەرکوکیەو رەنگە پێی ناخۆش نەبێت رەفیق حیلمی-یش ئەو شەوە لەوێ بنوێت تا سبەینێش خوا کەریمە. باوکم دەڵێ سەد شوکر لەو حاڵە رزگارمان بوو. کە دەیشچێت ئەم مەجیدە زۆر خزمەتیان دەکاتو دەحەسێنەوە. ئەو کاتەی باوکم لە کەرکووك مامۆستا بووە ئەم مەجیدە موغازەی هەبووەو کاسبی کردووە. دوایی رایکردووە بۆ لای ئۆزدەمیر ئەوکاتە ئەم لە ئەنقەرە بووە ئینگلیز ئۆزدەمیری لە رواندز دەرکردووەو سەربازەکانی بە شەمدینانو باش قەڵادا بڵاوبوونەتەوەو هەندێکیان وەك ئەم دەچن بۆ وان . (ئەسعەد نیازی) کەباوکی ژنێکی خزممان بووە) کوماندانی ژەندرمە بووە لەوێ زۆر لەمانە لە ئالای خۆی دادەمەزرێنێتو ئەم مەجیدە دەبێت بە کاتب لە دائیرەی جەندرمە. ئەسعەد نیازی لەوێ زیافەتی باوکم دەکات.

رەفیق حیلمی بۆ بەیانی دەچێتە ناوچەی فیرقەی وان (عەلی رەزا) بەڵام لەو رۆژەدا دێیەکی وێران بووەو تاڵانکراوە دوو سەد ماڵی ئاوایی تیا نەبووە، دیمەنی سروشتی دەریاچەی جوانو شاخو کێوی دەورو پشتی. شەقامی پانو درەختو ئاوی بلوورو ساردو هەوای سازگار! بەڵام شەقامەکانی چۆڵو بێدەنگ بوون .لێرەدا رەفیق حیلمی دەڵێ ئەو مەلاریایەی دیاربەکر لێی نەگەڕاوە بێ وچان گرتویەتیو توانای لەبەر بڕیووە بۆیە تا ئەوێ ئەو جێگایانەی پیایاندا ڕۆیشتووە هەر وەك نەیبینی بێتن وایە ئەوەندەی زانیوە بەلای (سعرد)دا رۆیشتوونو لەوێ هیچی نەنووسیوەو لە بیریشینەماوە، لەو پێنج رۆژەی نێوان بەتلیسو دیاربەکردا هەریەك رۆژی نووسیوەو لەبیری ماوە. بەلای (وەیس القرەنی) یەوە بوون کاروانەکەیان کەژاوەیەکی لەگەڵ بووە. ژنێکی نەخۆش کە ژنی مەئمورێکی دیاربەکربووە تێیدا بووە.مەئمورەکە ناردوویەتیەوە بۆ ماڵی باوکیو کوڕێك لەگەڵ کەژاوەکە بووە برای ژنەکە بووە کچێکی گەنجی جوانو شیرین بووە لەپڕ کوڕە هاواری کردووە ئیتر زانیویانە ئەو ژنە مردووە رەفیق حیلمی دەڵێ دوعایکردووە ئەو رۆژە لەرزو تاکە نەیگرێو خودا دوعاکەی قبوڵکردووەو توانیویەتی لەگەڵ ئەوانی تر

ئەو ژنە بنێژن. دەڵێ سێ سەعات لەومەراسیمی ناشتنەدا بەپێوە بووەو بەخۆی نەزانیووە. گەڕاونەتەوە مەرقەدەکەی وەیس و لەسەر سەکۆیەك جێی داخستووەو ڕاکشاوە سەعاتێك ڕاکشاوە لەشی سووك و بێ لەرزوتا بووە داوای شیرو ماستی کردووە لە مەحمودی خاڵی و داوایکردووە چێشتی برنجی بۆ لێنێ دواتریش چێشتەکە سەقەت بووە.

بۆ بەیانی لەرزوتاکە داویەتەوە بەعەرزدا، کەسوکاری ژنە مردووەکە هاتوون بیبینن ئینجا زانیویانە مردووە.بۆیە ڕەفیق حیلمی ئەمجارەشیان لەناو جێگادا فرمێسکی ڕشتووە. بیگباشی ئەرکانی حەربی فیرقە زۆر بە جوانیی بەڕێی کردووەو تا لە (وان) بووە زۆر خزمەتی کردووە سەبارەت بەڕێی گەڕانەوەی ڕەفیق حیلمی وتویەتی: بۆ کوماندانی قۆڵ ئۆردووی خۆرهەڵات ئەنووسم تابەئەمری ئەو چی پێویست بێت بیکەین. (٧)ی تەمموز بۆ ئۆردوویان نووسیوە لە (١٤)ی تەممووزدا دووبارە نووسیویانەتەوە.

لە هەیئەتەکە (ئەحمەد تەقی) لای سمکۆ بووە لە قەفقاس واتا هەر ڕەفیق حیلمی ماوە لەم گێرمەو کێشەیەدا چونکە فەتاح ئەفەندیش نەگەڕاوەتەوە لە گەڵی. هەر خۆی و مەحمودی کوڕی خاڵی ئەم ڕێگە دوورو درێژو سەختەیان بڕیووەو ئەم هەموو بەسەرهات و شارو خەڵکی ناسیاوو تازە ئاشناو پیاوە گەورانەیان بینیووە.

ئەسعەد نیازی وەك وتمان نامەی بۆ ڕەفیق حیلمی ناردووە کە لای عەلی ڕەزا بووە بەخێر هاتنی کردووەو زیافەتی کردووە (وابزانم باوکم نەچووە بۆ زیافەتەکە) ئەسعەد نیازی وتوشیەتی تالە (وان) بێ فەرمانگەکەی لە ژێر فەرمانیدا دەبێت و ناحەوێتەوە دەنا دەیبردە ماڵی خۆی. ڕەفیق حیلمی دەڵێ بەڕاستی ئینسانێکی تەواو بوو. لەرزو تاکەی باوکم لە تفلیسەوە کەم دەبێتەوە بەڵام وەك وتمان لە وان بەجارێ لە کۆڵی دەبێتەوە.

(سمکۆ)لە سەرای لە ناوچەی وان بووە ڕەشید جەودەتی لابووە، ڕەشید جەودەت لەوێوە کەوتۆتە پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕەفیق حیلمی‌دا وتویەتی سمکۆ هەر چاوەڕێی سەرئەنجامی تەقەلای (ئەحمەد تەقی) بووە لای سەعید پاشا کە کوڕەکەی سمکۆی لابووە خستویەتیە قوتابخانەی کۆلێژی سەربازیی و بەتەمابووە بینێرنەوە لای سمکۆ . بەڵام ئەم ویستویەتی سمکۆ بچێتە (وان)و بچێتە ژێر دەستیان بۆیە سمکۆ نەیوێراوە، مەسەلەی شێخ و ئۆزدەمیریش سەری نەگرتووە. ئۆزدەمیر بەخۆی و لەشکرە چەتەکەیەوە

له رواندز دوور خراوەتەوە بۆیە سمکۆ زانیویەتی بچێتە وان ئەبێ بە تەڵەوە. لەنێوان فیرقەو سمکۆدا پێش گەیشتنی رەفیق حیلمی بۆ وان پەیوەندییەکی زۆر هەبووە بەڵام بێ سوودو بێ ئەنجام بووە.باوکم دەڵێ هەرچەند لە (عەلی رەزا) و (کەنعان بەگ)ی کوماندانی فیرقە زۆر نەوازشی بینیووە بەڵام نەیویستووە خۆی لە مەسەلەی سمکۆ بدات ترساوە ببێ بە هۆی کردەوەیەك پەشیمانیی لەدوا بێت. جەژنی قوربانی بەسەرا دێتو رەفیق حیلمی بروسکەی جەژنە پیرۆزەی لە(جەودەتو سمکۆو عەلی سەعید پاشا)وە بۆ دەچێ، سمکۆ داوای کردووە باوکم بچێت بۆ لای. پێش لە فیرقە چەند جار ئەوەیانداوە بە گوێیدا ، کە بچێتە لای سمکۆو هێمنی بکاتەوەو پێی بڵێ دڵنیابێتەوەو بچێتە وان بەڵام هەنجەتی هێناوەتەوە. کە نامەکەی سمکۆی پێ گەیشتووە فیرقە ئەمەی بەهەل زانیووەو ناردوویەتی بە شوێن رەفیق حیلمی داو هەموو پەیوەندییەکانی نێوان فیرقەو قۆڵی ئۆردویان خستۆتە بەردەمی کە لەلایەن سمکۆوە نووسراوە، بەڕواڵەت فیرقە لەگەڵ سمکۆ بووە. رەفیق حیلمی دەڵێ چونکە خۆیشی نزیکەی مانگێك بووە چاوەڕوانبووە یارمەتی بدەن بە رێگەیەکی بێ مەترسیدا بینێرنەوەو بۆ (عەلی پاشا)یشی نووسیوە وتویەتی سەر لە فیرقە بدات کەچی فیرقە هیچی بۆ نەچووە ئینجا موراجەعەی لای والی دەکات و ئەو پەیوەندی لەگەڵ دەکات و وەڵامی بۆ دێتەوە کە بە رێگەی (شەمدینان)دا بڕوات باشترە. (فەوزی بەگ)ی ئاشنای کە لە سەرەتاوە لەگەڵ هەیئەتەکە بووە لەوێ یارمەتی ئەدات، بەڵام هەر ئەمڕۆ نا سبەینێیان پێ کردووە تا باوکم تەواو بێزاربووە. بۆیە خێرا بڕیار دەدات بچێتە لای سمکۆ. زانیویەتی سمکۆ لەناو عەشایەری عیراقو عەجەمدا نفوزیەکی گەورەی هەیەو دەتوانن بیگەیەننە سنووری رواندز. لە وان جلی کوردیی لەبەردەکاتو ریشێکی بچوك دەهێڵێتەوە. جەژن لە ماڵی شێخێکی کوردی خەڵکی کوردستانی باشوور دەمێنێتەوەو بەکوردیی قسەدەکەن لەوێ هەندێك ساحێب ماڵ دەروێشو موریدی هەبووە ئەم گومانیشی لێ کردوون، بەڵام ئەم شێخە زۆری خزمەت دەکاتولە ماڵەکەیدا سەبووریی دێت. وەك لەناو کەسو کاری خۆیدا بێ بەخۆشی دەژی دوای جەژن لە فیرقەوە سێ سواری تورکی لەگەڵ دەنێرنو دەچێتە لای سمکۆ.

رەفیق حیلمی دەڵێ کە پاش ئەو شەوەی شێخ و سمکۆ بڕیاریانداوە ئەم بچێ بۆ ئەنقەرە تابزانێ راستن لە سەر بڕیاری ئۆزدەمیر حکومەتی کوردیی دادەمەزرێت و شێخ دەکرێت بە حاکمی کوردستان بۆ تاقی کردنەوەی ئینگلیزیش شێخ مەحمود لە رواندزەوە نامەیان بۆ دەنێرێ و دەنووسێ کە بەرامبەر بە هەڕەشەی ئینگلیزەکان خۆی و سمکۆ ئامادە باشییان کردووە بەڵام دوای سەفەری رەفیق حیلمی بۆ ئەنقەرە نازانێ سمکۆ چۆن گەیشتۆتە ئەو ناوچەیەو (رەشید جەودەت) لای سمکۆ لەوێ چی دەکات. بۆ تێگەیشتنی ئەمە باسی ئەو نامانە دەکات کە رەشید جەودەت بە تورکی نووسیونی و بۆینااردووە دەڵێ" زۆر بە وردی و بە قەڵەمی قۆپیە نووسیویەتی و هەندێك جێی چۆتەوەو سواوە تا ئیستاش گوایە هەڵی گرتوون" رەفیق حیلمی دەڵێ" وا ئیستا بە زەڕەبین ئەیخوێنمەوەو ئەم قسانەی خوارەوەتان لەو نامەیە بۆ دەگۆڕمە سەر کوردیی" شایانی باسە نامەکە لە ۳۳۹/۷/۱۵ی رۆمیدا نووسراوە.

نامەکەی رەشید جەودەت ، رەفیق حیلمی

لە تورکیەوە کردویەتی بە کوردی

برای زۆر خۆشەویست..... ۳۳۹/۷/۱۵ ی رۆمی

زۆر بەخێر بێیتەوە، ئینشاء الله بە خۆشی ئەگەڕێیەتەوە ولاتی خۆشەویست، وەکو لە جەنابتانەوە مەعلومە ئێمە دوای جیابوونەوەتان لە سلێمانی بە پێنج رۆژ لە سلێمانیەوە چووینە پشدەر. بەقەبری باوکم و بەشەرەفم خۆیشم ئاگام لە وەختی حەرەکەتمان نەبووە ئەو شەوەی کە بۆ بەیانی حەرەکەتمان تیا کرد لەسەعات دووی نیوەشەودا ئاگادار کرام، لەبەر ئەوە، ئەو شتانەی کە پێویست بوون بۆ سەفەرێکی وا زۆریم بۆ ئامادە نەکرا، لەبەر ئەوە نابێ لێم بگری کە ئەوەی لە رواندز بۆتنووسیبووم لە پەشۆکاویا بیرم چوو. ئەوەتا بەیانی هەوڵی ئەوە ئەدەم کە ئەسپێکی باش پەیدابکەم و بەیانی زوو لە لایەکەوە بۆ (سمایل ئاغا) سمکۆو لە لایەکەوە بۆ خۆم بە کۆکردنەوەی هەندێ شتەوە خەریك بووم، لەبەر ئەوە لەو جلانەی کە ئیستاش لەبەرمایەو لە دەستێك کراس و دەرپێ بەولاوە شتێکم بۆ هەڵنەگیراوە. هەتا نەمتوانی بچم و بزانم منداڵەکانی تۆ لەچیدان، بەراستی ئەبێ لێم ببوری... لێرەدا چەند دێڕێك بە سپێتی بەجێ دێڵێ لە نامەکەدا، ئینجا ئەچێتەوە سەری .

واقیعەن ئینگلیزەکان یەك دووجار سلێمانیان بۆردومانکرد، بەڵام زەرەرو زیانێکی زۆری نەدا، ماڵی ئێوە شوکر سەلامەتن. لەوەختی بۆمبارانەکەدا هەندێ لە ئەهالی کشانە دێهاتەکان[*] بەڵام ئینگلیزەکان بە مەنشور بڵاویانکردەوە کە زەرەر بە ئەهالیو بێ گوناهان ناگەیەنن، لەبەر ئەوە زۆریان گەڕانەوەو لە بۆمبارانەکەدا لە فەقیرەکان بە ژنو پیاوو منداڵ نزیکەی دە کەسێك شەهید کران، ئەو خانوانەش کە وێرانکران لە دیارەکان خانووی حاجی ئەمینی کاکە حەمەو خانووی بەگی خانزادە جوانی و بەشێکی تەویلەکەی ماڵی حاجی مەلا سەعید بوو دڵنیابن کە لە لای ماڵی ئێوە شتێکی وانیە کە جێگەی غائیلەو مەراق بێ. لەلایەن شێخ مەحمودەوە مەعلوماتێکی ...

لێرەدا ئەو دەفتەرەی کە یاداشتی(٧)ی تیا نووسیوەتەوە تەواو بووە. وەك لەو دەفتەرەدا کە لەسەری نووسیوە "دەستکردن بە خاطراتەکەم" واتا یاداشتەکانیو لە دەفتەری باسی سەفەرەکەیدا بۆ سوریاو لوبنان دەردەکەوێت ئیتر هیچی تری نەنووسیوە. چونکە وتویەتی: لە نووسینەوەی خاطراتەکەم گەیشتمە نامەکەی رەشید جەودەت. ئیتر چەند گەڕاوم هیچم نەدۆزیوەتەوە کە بڵێم تەواوکراوی یاداشتەکانیەتی جگە لە چەند لاپەڕەیەك سەبارەت بە شەڕی بەردەرکی سەرا (٦)ی ئەیلولی رەشو بەندکردنی لە سلێمانی، ئینجا ناردنی بۆ هەولێرو لەپڕ نەفیکردنی لەوێوە بۆ ناسرییە. ئەمەیش دەنووسمەوەو دەینێمە پاڵ ئەم یاداشتانە لەگەڵ هەموو ئەو باسانەی دەستم کەوتوون تا ئێستاو هیچیان لە نووسینی باوکم نین سەبارەت بە (سەرۆکایەتی پارتی هیوا) بە ئومێدی ئەوەی ببێتە ئەڵقەیەکی تر لە زنجیرەی یاداشتەکانی هەرچەندە هێشتا کەلێن هەیەو جیاوازیی نێوانیان زۆرەو بە هیچ جۆرێك وەك شاکارە پەخشانەکەی خۆی

---

[*] لەم کاتەدا بووە کە دایکمو پوورم واتا ژنو خوشکی رەفیق حیلمی لەگەڵ خەزووری چوونەتە سورداشو لەوێ لە ئەشکەوتەکەیدا خۆیان شاردۆتەوە. لەوێش رەفیق حیلمی دەبێت بەباوكو یەکەم منداڵی لەدایك دەبێت پاش (٥) ساڵ چاوەڕوانکردن. سورداش دێی باپیرمان بووە لەوێ ژیاوە وباخو بێستانو زەوی زۆری هەبووە خۆشی (مودیری مالیە) بووە ئێستاش ئەو باخاتانە هەر ماون. ئەمەیش یەکێکە لە ناسۆریەکانی دووریی رەفیق حیلمی لە وڵاتیخۆی لەپێناوی خەباتی نەتەوایەتیدا. من (٤٢) ساڵە بەناو شتەکانی باوکمدا دەگەڕێم بۆ دۆزینەوەی ئەم یاداشتانە. دوا لاپەڕەی یاداشتی بەرگی حەوت. ئەوەی دەفتەرەکەیباوکم خۆی ئامادەی کردبوو بۆ لە چاپدانو نەگەیشت لە چاپی بدا پاش کۆچی دوایی ئەوپاکیزەی خوشکم خستیە ژێر چاپەوە دەشڵێت دیارە بەشەکانی تری ئەو یاداشتە (ئەهریمەن) دەستی پیاگرتوون

نیه. بەڵام هەر شتێك لە هیچ باشترەو ئەمە بۆ ئەوانە دەنووسم کە پرسیویانە ئایا ئیتر ڕەفیق حیلمی هیچی تری نەنووسیوە. ئومێد ئەکەم ئەمە ببێتە یاداشتی (٨)ی ڕەفیق حیلمی ئەگەر چی بەتەمابووە (١٨) بەرگ بێت.

لیستەی ئەو شارانەی لەسەر ڕێگەی سەفەرەکەی بوون بۆ ئەنقەرە

١-لە ڕێگەی چوونی بۆ ئەنقەرە:

لەسلێمانی یەوە بۆ ڕانیەو لەوێوە بۆ ڕواندز، بەتەما بوون لە ڕێگەی (دەربەندو) (زینووی شێخ)ەوە بڕۆن بۆ ئێران و لە ڕێی (ورمێ)و(تەورێزە)وە بڕۆن. لە زینووی شێخەوە بۆ (شنۆ) پاش حەوت ڕۆژ لە ڕواندزەوە دەگەنە (ورمێ)لە نزیك دەریاچەی (ورمێ).ڕەفیق حیلمی نوسیویەتی کوردستان پارچەیەکە لەبەهەشت.

بە پاپۆڕی (ئازادستان) بۆ (شەرەفخانە)، لەوێوە بۆ (شیستەر) بە پێ (١١) سەعات بووە بە بریچقە بۆ میان دواب واتە (میانەی دوو ئاو) لەوێشەوە بۆ (تەورێز)، تا (میان دواب) بێ پاسپۆرت ڕۆیشتوون تا پاسپۆرت وەربگرن و ڤیزەی ڕووسی و تورکی بۆ تەواوکردنی سەفەرەکە ناوی خواستراویان بەکارهێناوە ڕەفیق حیلمی بە ناوی (عەلی فایەق بەگ)و مورافیقەکەی مەحمود ئاغا بەناوی (حەسەن ئەفەندی)یەوەبوون لێرەدا وێنەی پاسپۆرتەی مورافیقەکە دادەنێین.

ئەم پاسپۆرتە پێویست بووە تاکو بتوانن بە خاکی (ئێران)و (ئەرمەنستان)و(گورجستان)و (ئازربایجان)و (قەفقاس)دا بڕۆن بۆ (تورکیا). لە (شیستەر)ەوە بە بریچقە کە بۆ بار بووەو خۆیان بە (پایتۆن) چوون بۆ (تەورێز)، گەڕەکی ئەرمەنستان خۆشترین جێگە بووە لەوێ و زیافەتی سەر شابەندری ڕووسیان بۆ کراوە. لە تەورێزەوە بۆ ئەستەمبووڵ دەبوو بەڕێی قەفقاس و لە زەریای ڕەشەوە بچن، ئەریوان پایتەختی ئەرمەن و تفلیس گورجی یا گورجستان لەژێر چاودێریی حکومەتی ڕووسیادا بوون، بۆیە پێویستیان بە ڤیزەی ڕووسیایی بووە،تا لە (مۆسکۆ) وە بێت بۆیان ڕۆژی نەورۆز لە تەورێزبوون.

٣٠ مارتی ١٩٢٢ بە ئۆتۆمبیلی سەر شابەندەرخانەی ڕووس (٣ کوردو دوو تورك و ٣ ڕووس) دەبن، لەنێوان تەورێزو جولفا بۆ شاری (جولفا) چوون لەسەر سنووری ئێران و

ئەرمینیا، سەر ڕۆخی ئاوی ئاراس کە پێیان وتووە (ئاراسی خوێناوی) لەبەر شەڕی تورکیاو ئەرمینیا لەوێدا لە جولفا ڕەفیق حیلمی ئەچێتە سەر ڕۆخی ئەم ئاوەو دەموو چاوی لێدەشوات، جولفای ئێران لەو پەڕی پردەکەی (جولفای روسیا) دەبێت. لە جولفای روسیاوە بە شەمەندۆفێر دەچن بۆ (تەفلیس)بە (نەخچەوانا) تێ دەپەڕن، دەگەنە (ئەریوان). لە ئیستگەی (گومری) لە (ئەحمەد تەقیوفەوزیو ڕەمزی بەگ)ی تورك جیا دەبنەوە، بۆ مەسەلەی بەربوونی کوڕی سمکۆ، بەنیازدەبن لە (تەرابزون) بەیەك بگەنەوە. ئەوان دەچن بۆ (ساری قامیش) لە سنووری تورکیا.

لە جولفاوە بە سێ ڕۆژ بەشەمەندۆفێر دەگەنە (تەفلیس) پایتەختی گورجستان ئینجا دەگەنە(باتووم) لە تفلیسەوە بە شەمەندۆفێر بۆ باتوم ئەسکەلەی کۆماری (جورجیا) لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەش نێوان تەفلیسو باتوم (٢٤) سەعاتە.

لە باتوومەوە بە پاپۆڕ بە زەریای ڕەشدا بۆ (ئەستەمبووڵ) چوونو ژمارەی پاسپۆرتی ڕەفیق حیلمی (٣٥) بووە مێژووەکەشی (١٥)ی نیسان (١٩٢٢)کە لەوڕێکەوتەدا بە پاپۆڕ چوون بۆ ئەستەمبووڵ، پاپۆڕەکە ناوی (شیفیلد) بووە.ڕەفیق حیلمی تووشی نەخۆشیی دەریا دەبێ واتە (ڕشانەوەو ژانەسەر) پاپۆڕەکەش هێندەی نەماوە نوقم ببێت. ڕۆژی چوارەم گەشتوونەتە (قەواق) ئەسکەلەی ئەستەمبووڵ ڕەمەزان بووە لەم کاتەدا ئەو دەفتەرەی تا ئەو کاتە باسی ئەو سەفەرەی تیا نووسیوە فڕێیداوەتە ئاوەکەوە و لەوێدا بیری یەکەم سەفەری کەوتۆتەوە بۆ ئەستەمبووڵ لەکاتی منداڵییو لاوێتیدا کە بۆ خوێندنی باڵا چوو بوو. کەئەکاتە بە سواری کەرو وڵاخ دواتر بە پاپۆڕوعارەبانەو بریچقە لە سلیمانیەوە تا حەڵەبو لەوێوە بە شەمەندۆفێر تا بیروتو ئینجا بە پاپۆڕ لە زەریای سپیەوە تا ئەستەمبووڵ ڕۆیشتبوو.

چوار پێنج سەعات بە پاپۆڕی کۆمپانیای (خیریە) بە دەریای (مەڕمەڕە)دا گەیشتۆتە شاری ئوزمید- ئیزمیت. لە ئوتێلێکی بەلەدیە دابەزیون ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە گۆڕستان بووە بە شەمەندۆفێر بۆ ئیستگەی (ئەسکی شهر)و (پولادلی) بۆ ئەنقەرە چوون
(*)

٢. باسی برسێتیو هەژاری ئەرمەنی لە لۆکنتەکانی ئەریواندا کردووە

ئەو شارانەی لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بینوونی

١٥ مایس ٣٣٩ رومی ١٩٢٢ی ز لە ئەنقەرەوە:-

لە ئۆتێلەکەوە لەگەڵ ئەحمەد فەخریی پیاوی ڕەشید پاشا بۆ ئیستگەی شەمەندۆفێری (ئەنقەرە) بۆ (قۆنیە) چوون بۆ لای عەبدوڵلا حیلمی پاشا، لە قۆنیەوە بەشەمەندۆفێر بۆ (ئەدەنە) چوون کە لەسەر ئاوی (جیحون)ە ئەوئاوەی کە ئەڕژێتە دەریای سپییەوە بۆ ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سلێمانی بڕیار دەدات بە (دیاربەکر)دا بچێ بۆ (تەبلیس)و(وان) تا بە کوردستانی تورکیادا بڕوات.

لە (عوسمانی)یەوە شەمەندۆفێر بەجێ دێڵێت و بەسواری وڵاخ دەچێتە (جەبەل بەرەکە) لەسەر سنووری سوریاکە ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بووە. لەوێ پارێزگار نامە بۆ (عەلی صائیب)ی قایمقامی باخچە دەنێرێت،

ڕەفیق حیلمی ٢٩/٣٠ مایس ١٩٢٢ بە کاروان دەڕوا لە مەرعەشەوە دەچێ بۆ عینتاب لە عینتابەوە بۆ دیاربەکر بە ئۆتۆمبیل دەڕوات و ئۆرفە لەسەر ڕێگەکەی بووە

لە (ئۆرفە) دەمێنێتەوە دواتر بە ئۆتۆمبیل بۆ (دیاربەکر) دەچێت لە، ١٨حوزەیرانی ٣٣٩ی رۆمیدا ئیوارە دەگەنە دیاربەکر (عوسمان نوری و خەلوسی بەتلیسی) دەبینێ (ل١٦١/١٦٣) یاداشتی(٧). لە دیار بەکرەوە بۆ (بەتلیس) لەبەر مەلاریا شارەکانی تری بیر نامێنێت و باسیان نانووسێتەوە. لە بەتلیسەوە بۆ (تەتوان) ئینجا بۆ (ئەخلات) دەڕوات ل ١٦٣/١٦٤ باسی ئەخلات و مێژووی ماڵی ئیبراهیم ئەفەنی دەکات دواتر دەڕوات بۆ ئارجیش ل ١٦٤/١٦٥ یاداشت (٧) لە ئارجیشەوە بۆ کۆی دەچێ دواتر رۆژی ٦ی تەمموزی ٣٣٩ رومی دەگەنە (وان) لەوان نامەی ڕەشید جەودەتی پێ دەگات باسی سمکۆو شێخ و بۆمبارانی سلێمانی بۆ دەکات و بەم نامەیە یاداشتی (٧) تەواو دەبێ.

ماوەی گەڕانەوەی ڕەفیق حیلمی بۆ سلێمانی لە هیچ شوێنێکدا نەنووسراوەو کەس نایزانێ. ئەوە نەبێت کە پاش بڕینی ئومێدی دایکمان و پورمان لەوەی باوکم مابێت و بگەڕێتەوە، لەپڕ پاش چەند مانگێك سەر دەکات بە حەوشەی ماڵی خەزووریدا چونکە

---

٣. باسی ئۆتێل ئۆریانت و ڕەیمەکان و باخچەی گشتی باتووم و ژنە گورجیە جوانەکان و حەمامی گشتی کردووە.

دایکمو پوورمی لەوێ بەجێ هێشتووە. بەجلی کوردیەوەو بەریشی درێژەوە، هەر بەو جۆرە لەو دالانەدا وێنەیەك دەگرێ ئەو وێنەیە تائێستایش ماوە.

چەند دێڕێکی تر سەبارەت بە سەفەرەکەی رەفیق حیلمی لەنامەیەکمدا

لەدەربەندی هەولێر١٣ی تەمموزی ١٩٥٦ئەم چەند دێڕەم لە نامەیەکمدا بۆ خوشکێکم نووسی کاتێ لەگەڵ باوکمو دایکم چووین بۆ (خەلان)و (دەربەندو رواندن)، چونکە پەیوەندیی بەو شارانەوە هەیە کەباوکم پیایاندا چووبوو بۆ ئەنقەرە وەك نوێنەری شێخ مەحمود، بۆ چارەی کێشەی کورد لەگەڵ تورکەکان "پاش وەستان لەرێگەی دەربەندو رواندزو لە چەند جێگەیە نانخواردن لە گەلی عەلی بەگ پاش سەردانی تاڤگەکانی بێخاڵ چووین بۆ دێیەك لەسەر قاراغی دەربەندەکە. خزمێکی دایکم لەناو باغو بێستانی سێوی خۆمانەو قەیسی بەسەر بەرزاییەکەوە کەپری بۆ ئامادە کردبووین بە فەرمانی خوالێخۆشبوو عوسمان فایەق کە بەڕێوەبەری (تەسویە) بوو لەو ناوچەیەدا. ئەو خزمەمان ناوی (مستەفا) بوو برای هونەرمەندی بەناوبانگ رەشۆل بوو لەو نامەیەدا نووسیومە" ئێستا لە ژێر کەپرێکی گەورەداین لەناو باخێکی میوەدا لە دەربەند، نزیك سەیرانگەی حاجی (هۆمەران) لە پارێزگەی هەولێر ئەمە پێنج رۆژە ئێمە منو باوکمو دایکمو... برا بچوکەکەم، لێرەین، رۆژی هەینی لە بەغداوە کەوتینەڕێ بۆ کەرکوك ، ئەو رۆژە لەوێ بووین، ئێوارە چووین بۆ هەولێر، شەوێ لەماڵی (مودیری مەعاریف) بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر دەعوەت بووینو لە داخلی نوستین. بۆ رۆژی دواتر لەبەیانیەوە تا ئێوارە لە ماڵی (گیوموکریانی) بووین، بۆ دوو سبەی بەیانیەکەی بە جێبێی مودیری (تەسویە) چووین بۆ رواندز بۆ ماڵی هاوڕێیەکی‌دێرینی باوکم ناوی (شاکر مجرم)ە[*] ئەمەیش زەمانی خۆی مودیری پۆستەی دەوڵەتی کوردستان بووە، ئیستا هەر لە حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) دەچێت، ریشێکی سپی درێژی هێشتۆتەوە، بیست ساڵ لەمەو پێش وازی لە وەزیفە هێناوەو باخێکی میوەی بەقەد شاخێکەوە کڕیوە، بینای تیا کردووە، جۆرەها دار میوەو گوڵی چاندووە، لەوبەر

---

[*] رەفیق حیلمی باسی ئەمەی کردووە لە یاداشتەکانیدا.

شاخەکەشەوە دەغڵو دانو ئاژەڵی هەیە، ئەو شەوە لەوێ بووین. لەسەر شێوازی کۆن گیسکە مەرەزەیەکی بۆ سەربڕین. بووکەکانی بۆیان لێنایین لەگەڵ پلاو، ژنەکەی خەڵکی تورکیایە زۆر ئێسك سووكو پاكوخاوێنە،بیهێنەرە بەرچاوت بووکی لادێییو خەسووی تورکییو پیاوێکی پیری وەك شاکر مجرم، کە باوکی شاعیر بووەو خۆی هەموو شیعرەکانی لەبەر کردووە. بە دیشداشەیەکەوە بە چیچکانەوە لەبەر دەممانا دائەنیشت، شیعری بۆ ئەخوێندینەوە. ژنەکەشی رەسمی براکانیو ژنەکانیانی پیشان ئەداین ، هەموویان نۆشدارو دادوەر و باشاواتن. رۆژێکی زۆر بەلەزەتمان لەوێ ڕابوارد(*) و عەسر چووین بۆ سەر تاڤگەکانی بێخاڵ کە دووهەمە لە دوای نیاگارا بەبۆچوونی من بڕواناکەم چەند تاڤگەیەکی تری وەها هەبن لە جیهاندا. لەسەر تاڤگەکە هەوا ساردو شێدار بوو خەریك بوو لەرزمان لێ بێت! لەو تەمموزەدا، هەر پەتوویەکمان بردبوو بۆ دانیشتن ئەویش دایکم دای بەکۆڵیدا ڕێگەکەی زۆر سەخت بوو بەسەر شاخێکی بەرزدا چووینە خوارەوە، دایکم بە هەزار حاڵ گەیشت، رۆحمان چوبوو لەبەر ئەوەی پەستانی خوێنی هەبوو بەلاَم سەلامەت بوو، بەڕاستی دایکم زۆر سەیرە لە بەغدا هەنگاوێك نەدەڕۆیشت کەچی لەکوردستان وەك لە ئەشکەوتەکەی (قادیشیا) لە لوبنان ماوەیەکی زۆر دور رۆی سەرباقی ئەوەیش بەسەر ئەو شاخە بەرزەدا هاتە خوارێو سەرکەوتەوە. ئەمە سەبارەت بەلا خۆشەکەی سەفەرەکە. بێینە سەر ناخۆشییەکەی، ئەو شەوە لە ڕووی تۆ بە دوور بێت سکم کەوتە ئێشو ئازاروسکچوون ، وەخت بوو بمرم! کاری شاکر مجرم راست بێت حەبێکی دامێ تۆزێك چاك بووم ، شەوێ لەسەر بانیژەیەك نووستین. قەروێڵەو جێگایەکی پاكو جوان بە ئۆرتی سپی وئتووکراو.. شاکر مجرم ئێوارە بانگی کردمە خوارێ "وەرە بزانم لە ئەمەریکا (ئعجوبەی) وات دیوە! لەبەر هەیوانەکەدا لە خوارەوە دانیشتبوو لەگەڵ باوکم، کە چووم وتی سەیری ئەو خونچە زەردەبکە، تۆزێك دیقەتم دا دووجار خونچەکە شنەشنی کرد لەپڕ وەك پەرەشووت کرایەوە هەرچوار پەلی کردەوە بووبە گوڵێکی چوار پەل، هەروەها خونچە بە خونچە لەپڕ ئەکرانەوە. ئەم زیارەتە زۆر بە سوود بوو،چونکە یەکێکمان ناسی لە برنادشۆ دەچوو، هەروەها باوکم تۆزێك

(*) من ئەم نامەیەم ساڵی ١٩٥٦ نووسیوە وەك باوكمو ئامۆژگارییەکانی وردەکاری سەفەرەکەم نووسیوەتەوە

چاویکرایەوە، چونکە لە سەرەتادا دایکم خۆی لە عەباوە پێچابوو، ئەویش ئیشارەتێکی کردین وتی بچینە ئەو پەنایە، بەڵام ژنەکەی شاکر مجرم گوێی نەدایە کەوتە هاتووچۆ بە ناویاناو خواوڕاستانیش کوڕەکانیشی ماوەیان نەدایە، بە تایبەتی گەورەکەیان هەروەها کەوتە هاتووچۆو چای بۆ دەهێناین‌و بەسەربەستی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردین. ناچار باوکم پەتی پچڕی وردە وردە تێکەڵاو دانیشتین. سێیەم سوود میوەیەکی زۆری بەتاممان خوارد لەو باخە خۆشەیان بەیانی بەرەو دەربەندی حاجی هۆمەران. کەوتینەڕێ وا ئیستا لێرەین وەك وتم، هاژە هاژی ئاوی چەمەکە مێشکی پڕ کردووین، چەمێکی گەورەیە بەسەر بەردەکاندا دێتە خوڕێ. بنی سەوزو سەری کەفی سپی ئەکات، بەنێوان دار چنارو هەنارو توو و گوێزدا، هاژە هاژ ئەڕوات. دەربەند خۆی سێ شاخە، دوو (مەفرەقی) هەیە یەکێکیان بەسەعاتێ ئەتبات بۆ حاجی هۆمەران ئەوی تری ڕێگەی باشی نیە وا بزانم ئەچێت بۆ هەندێ لە گوندەکان.

لەم دەربەندەدا چەند ماڵێکی قوڕی لادێیی هەیە لەسەر ئاوەکە بەسەر گردێکەوە. لەسەر ڕێگاکەش چایخانەو چێشتخانەو ئۆتێلێکی (لا باس‌بە) هەیە ئەمەیش هەمووی لەگەڵ زۆرتر باخ‌و باخات‌و کێڵگەی ئەم هەرێمە موڵکی مستەفای برای ڕەشۆڵی گۆرانیبێژن کە کوڕی دولبەرخانە. تەنانەت ئەم باخەش موڵکی ئەوە، ئەم ساباتو خێوەتانەی بۆ ماڵی ڕەئیسی تەسویە تیا هەڵداوە، کە پاش جەژن بەتەمایە بێت، دوو سێ ڕۆژ بوو هاتبووین لەپڕ نیوەڕۆیەك ماڵی دکتۆر ئەورەحمان کە ئیستا بەرپرسی تەندروستیە لە هەولێر سەریانکرد بە ژوورا . ئەوانیش خواو ڕاستان دیسان ڕێگەی باوکمیاننەدا من‌و دایکم بخاتە شوێنی پەناو شاردراوەوە. لوتفیە خانی خێزانی یەکسەر بێ عەبا بەرامبەر بە باوکم دانیشت‌و کەوتە گفتوگۆ، باوکم چاری نەما ئاماژەی کرد دانیشم..ئەوان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان چوون بۆ حاجی هۆمەران. لەوەشدا باوکم قایل بوو من‌و برا بچووکەکەشم لە گەڵیان بچین. حاجی هۆمەران زۆر ساردە، تەنها دووسێ ماڵێك‌و دوو چایخانەی ساكارو میوانخانەیەكی تازەی لێیە كە لێرە لە عەزرەتا پێی دەڵێن (قەسر)، لەوێ هەندێك نوكتەی بۆ گێڕاینەوەو كۆكاو شتمان خواردەوەو گەڕاینەوە، ژێر ساباتەكەمان، شەوێ لەوێ نووستین بەیانی وەك ئێوارە پێكەوە

نانمانخوارد، دایکم لە دوورەوە هاواری کرد کوڕە بە مستەفا بڵێ پارەیان لێ وەرنەگرێ. تومەز گوێی لێ نەبووبوو پارەی خۆشیان و ئێمەیشیان دابوویە دەعوەتی ئەو شەوەش.

رەنگە ئیستا کە ئەمە دەخوێنیتەوە بەغیلیمان پێ بەریت! بەراستی ئەگەر وا تەصور بکەیت پێش ئەوەی پاشماوەی ئەمەت بۆبنووسم و باوکمان لەگەڵە، رەنگە مەرەکەبی قەڵەمەکەم ببڕێتەوەو شەنگترین رووداوت بۆ نەگێڕمەوە. باوکم مەرەکەبی لەسەر مێزەکەی داناوە (مذكرات)(یاداشتی) کۆنی ئەنووسیتەوە.

پێرێ بەیانی کە ماڵی دکتۆر رۆیشتنەوە پاش زۆر چەندو چوون و سەوداوو موعامەلە بە پاسێکی شکاوی لەق ولۆق لە گەڵ چەند گوندنشینێك و بارێ شووتی کەوتینەڕێ حەرەکەتمان کرد بۆ حاجی هۆمەران تومەز لەگەڵ ماڵی دکتۆردا هیچمان نەبینیوو، مستەفا بردینی بۆ سەر ئاوێك بەچوار بۆریی ئەستووردا وەك تەرزە ئەهاتە خوارێ. حەوزێکی گەورەی خۆش لە ژێر دار گوێزو تودا هەر وەك باخچەو حەوزو ئاوی کۆشکی خەلیفەکان، لەوێ هەندێك دانیشتین بە ئۆتیلەکەشدا گەڕاین هاتینەوە سەر رێگەکەی خۆمان و لەدێی (خەلان) لاماندا. باوکم لە تەکیەی شێخی دێکە (شێخ عەبدوڵڵا)[*] دابەزیو ئێمە بەرەوە حەریم تەشریفمان برد. لەو دێ بچووکەدا تاقمی مۆبیلیاو کەلوپەلی تازەباو لە ژووری میواندا دەبینران کابرا گەورەترین شێخ بوو لەو هەرێمەدا، تەنانەت لە ئێرانیشەوە دەروێش و موریدی هەبوون و دەهاتنە لای بۆ پێشکەش کردنی رێزو تاعەت هەر ئێمە لە رێگەکە دوو سێ ژن و پیاومان بە قافڵەی ولاخ پێ گەیشت، تەنانەت وینەشم گرتن، لە دوای ئێمە هاتن بۆ حەرەمسەرای شێخ. یەك وێنە بوو زۆر پێکەنین هێن ئەم ژنە سەیرو سەمەرانە بە گویزو گوڵنکەو بەبەرگی جۆراو جۆرەوە ئەهاتن و ئەم لاو ئەو لای ئەو کچە فەقیرانەیان ماچ ئەکرد. چاوم لێبوو لە ژێرەوە لاجانیان بە فەقیانەکانیان دەسڕی. هەرچەند لە لادێدا گەورە بوون بەڵام زۆر بەزەوق بوون شێوازی پێشوازیبیان دەزانی ماڵەکەیان وەك مۆزەخانە وابوو هەرچی بیانیش هەبوو دەهاتن بۆ سەیرو سەردانیان لەبەر ئەوەی زانیاریان هەبوو بەغداشیان بینیبوو خەڵکیشیان دەناسی. بەناو باخەکاندا گەڕاندمیان پڕبوو لە میوە دواتر

(*) وا بزانم ئەم شێخ عەبدوڵلا یە ئەوە بوو کە رەفیق حیلمی باسی میوانداریی بە وێڵ و پیاوچاکی کردووە لە سەفەرەکەیدا بۆ ئەنقەرە (یاداشتی ٧) .

قاوەڵتیمانکردو لە هەمووی سەیرتر ژنێکی قەڵەوی دان زێڕین هات لەگەڵ منداڵێکی (١١)ساڵدا کەکوڕێکی سپی بوو سەبەتەیەك مشکیی ریشوداریی بەسەرەوە جگەرەی بە دارجگەرە دەکێشا ژنە وتی ئەمە کوڕمەو شوکر تازە ژنیشم بۆ مارە کردووە، بە جارێك هەموو دامانە قاقای پێکەنین. وامانزانی گاڵتە دەکات کەچی بەڕاستی بوو، دایکم زۆر لەگەڵی خەریك بوو وتی ئەمە باش نیە وا زوو ژنی بۆبهێنیت وتی چی بکەم کە مردم با یەکێك هەبێت لەگەڵی بنوێت!

لەوێ دانیشتین دەستە دەستە نموونەی سەیرو سەمەرە دەهاتن، پاش کەوش داکەنن و لا ڕومەت ماچ کردن ،لەبەر دەمی کورسییەکان لەسەر زەوی بە ترسێکەوە دادەنیشتن. سەیری ئەو کچە جوان و گەنج و ئێسك سوکانەیاندەکرد! وایاندەزانی ئەمانە پەرین، نەیاندەزانی ئەمانە کەمێك لەمەوپێش بەسەرسوڕمانەوە باسی ئەمانەیان بۆ دەکردین و ئەیان وت باوکیان خەریکە لە بەغدا خانوویان بۆ بگرێت یان بکڕێت تا لەوێ بژین. دەستە دەستەش ئیشکەر دەهاتن و دەچوون، خۆ چا هەر لە پیاڵەی زیودا دەگێڕدراو هەر پیاڵەیە بەجیا لەسەر سینیەکی زیوی بە مینای ئێرانی دەگەڕا. دایکی چوار کچەکە ژنێکی قەڵەوی خڕو خەپان بوو، بەقۆچکەی سپی و کۆڵوانەی ئاوریشمی سپی و کراسی نازنازو کەوای توێکڵە پیازەوە دەدوانزە جار لەسەر یەك وتی یاخوا بەخێربێن. قۆچکەکەی هەموو قۆزاخەو گوڵ و گوڵوانکەکەی لە زێڕبوو، ئینجا چوو نان تێبکات. هەر دیار نەبوو وتمان ئەرێ دایکتان چی لێهات؟ وتیان تا ئێوارە لێنابێتەوە. پرسیمان بۆچی؟ وتیان دەبێت شیوی چەند سەد کەسێك بدات! پیاوان و میوانی ناو باغ و میوانی ئێرانیی و دەروێشانی مزگەوت و میوانی سابلاغ و سنەو لادێکان، ئیتر دایکەمان نەبینیەوە. هەروەها سەیری ئەم سینەمایەم دەکرد کە لەپڕ کوڕێکی شێخ هات وتی فەرموون لەگەڵما وتی: باوکت بانگتان ئەکات تا بچن بۆ ناوباخ بەناو تەکیەداو بەبەردەمی شێخ و هەموو ئەو پیاوانەدا ئێمەی برد بۆ لای باوکم، لەوبەر لەسەر ئاوێك لەژێر دار گوێزێکدا دۆشەك و کورسیان دانابوو. ئەمە بە تایبەتی بۆ ئێمە ڕێکخرابوو باوکم پاڵی دابۆوەو جارجارێك سەری بۆ لای دایکم وەردەگێڕا. وابزانم بیری کاتی گەنجێتی دەکردەوە کە ئاوا ژیاوە، بە شۆفێرەکەی وت تۆ بڕۆرەوە. قەمەرەیەکیش هەبوو بەویشمان وت تۆش بچۆ بۆ دێیەکە. یەك دوانێکی تری تێبخەو سەرمان لێبدەرەوە نەك بڕۆین، شێخ و کوڕەکانی وتویانە هەر ئەبێ بمێننەوە. باوکیشم دوو دڵ بوو، عەجەبا شەوێ لەوێ ئیسراحەتی لێ تێك ناچێت؟ ئێمەیش وتمان چاکترە بگەڕێینەوە، منیش لەو باخە بێ هاوتایەدا چی بکەم؟ دار قەیسی بەتەن هێشووە قەیسی گەورەی نایابی

پیاداهاتبووە خوارەوە لەگەڵ سێودا کەوتمە پیاسە لە ناویدا باخەکە کۆتایی نەبوو، لەپڕ گـوێم لـەدەنگی ئۆتۆمبێـل بـوو. قەمەرەکـە بـوو، بـەرەو حەوزەکـە گەڕامـەوە، بەسـەر گردەکەدا، بەناو دارەکاندا، لەپڕ لەپشت دارێکەوە گوێم لێبوو باوکم بە دەنگێکی ئێجگار بـەرز بـانگم دەکـات. سـەرم سوڕما بۆ وا توڕەیـە ؟! ئیسـتایش نـەمزانی بـاوکم ئـەو کاتـە بۆچی وا تـوڕەو پەسـت بوو؟! دوا بەدوای رۆیشتم، دەیبۆڵانـد . تەنانـەت باخـەوانەکـەش حەپەسابوو هاواریدەکرد لەکوێ بووی؟ دیارە لە دوورەوە بانگی کـردووم گوێم لێنـەبووە ترسـاوە شـتێکم لێ بەسـەرهاتبێ ،وتـی چـیت لێهات بـۆ ئەوەنـدەت پێچـوو؟ وتم پیاسـەم دەکرد بەناو دارەکاندا لەبەر چاوی خۆت رۆیشتمو باخەکە ئەوەتا چۆڵە کەسی لێ نیە. برا بچوکەکەشم لـەوێ نـەبوو ئـەویش بەسـتەزمانە هـەروەك من بـەناو دارەکـانـدا گـەڕابوو، باوکم ترسابوو شتێکمان بەسەر بێت ئەو خەڵکەی بە ناویانا رۆیشـتین حەپەسابوون لـە تووڕەیی باوکم.

کوڕەکانی شێخ بە ئومێدی ئـەوەی باوکم قایـل بێت بمێنێتـەوە ئوتۆمبیلەکـەیان ئـیزن دابوو، ناچار معاونێك لـەوێ جیبەکـەی خـۆی بـۆ ئامـادە کـردین. شـێخ لـە غـەڵبـە غـەڵبەکـە لەخەو هەستاو بە نەزاکەتەوە وتی ئەوە عاجزبوویت؟ حـەزم دەکـرد چـەند شـەوێك لامـان بمێنیتەوە. لەداخی خۆمان هۆشمان نەبوو ماڵئاوایی لە کەس بکەین، تا گەیشـتین بـاوکم هـەر توڕەبوو، تـا شـوفێرەکە وتـی بـا تووشـی موقـەدەرێك نـەبین، بـێ دەنـگ بـوو کەچـی بەیانی دەیویست هەستین بەپێکەنینو خۆشی نانی لەگەڵ بخۆین!

دایکم لـەژێر دار سـێوەکاندا چـای بـۆ لێنـاینو خواردمـان ئینجا میوانمـان هـات. تـا نیـوەڕۆ لـە گەڵیانـدا بـووین لـەو دیمەنـە جوانـەدا باوکیشـم هـەر خـەریکی نووسـینەوەی یاداشتەکانی بوو ئەمەیش چەند لاپەڕەیەکی ترە لە ژیانو هەڵسوکەوتی رەفیق حیلمی. کاتێ توڕە دەبوو، دەبوو بە ئاگرو کاتی ئارامییش لە خۆی چاکترو بەهەستو میهرەبانتر هەر نەبوو. بێگومان شتێك هەبوو کە باوکمی لەو کاتەدا وا شپرزە کردبوو. ئەو شتە چی بوو ئەوە ئێمە تائێستاش هەر نەمانزانی چییە !

پێداچوونەوەی کەژاڵ ئەحمەد

ناوەرۆك

	ژیانی تایبەتی رەفیق حیلمی
بەشی یەکەم	١-سوودی نووسینەوەی یاداشت ٢-درەختی هەمزە ئاغای مسرەفو رەفیق حیلمیو خێزانەکەی. ٣-رەفیق حیلمیو خێزانەکەی بە پێی درەختی خێزانیی. ٤-کەسوکاری رەفیق حیلمی ٥-ژیانی تایبەتی رەفیق حیلمی بەپێی ساڵو تەمەن. ٦-خوێندنی،مامۆستاکانی،هاوپۆلەکانی، هاورێکانی. ٧- لەدەفتەری یادنامەی منداڵیدا. ٨- وێنەیەکی ساکار لەژیانی تایبەتی لە سلێمانی. ٩- ژیانی خۆیو خێزانی لە کەرکوک. ١٠- لەهەولێر ١١- لەناسرییە ١٢- لەموسڵ ١٣- لەبەسرە ١٤- بەسەر هاتێکی سەیر لەسلێمانی. ١٥- لەناسۆرییەکانی گواستنەوەی لەم شار بۆ ئەو شار.

ناوەڕۆك

١٦- چۆن خانوومان كرد تا لە كرێچێتی دەربچین.	
١٧- لەبەغدا	
١٨-جەنگی (رشید عالی الگیلانی)	
١٩- دەفتەری سێهەم.	
٢٠- بوو بەموفەتیشی مەعاریفی كەركوك‌و سلێمانی.	
٢١- چۆنێتی گواستنەوەی لەشارێكەوە بۆ شارێكی تر	
٢٢- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردە لە دیالە.	
٢٣- لەعەممارە(میسان)	
٢٤- سەرگوزشتەی هەڵبژاردنی.	
٢٥-نموونەی یادنامەكانی رۆژانەی.	
٢٦- بەغدا پێش شۆڕشی تموز ١٩٥٢-١٩٥٨	
٢٧- هێرشیسێ قۆڵیی بۆسەر میسر.	
٢٨- لە كوێت لەگەڵ وەفدی یەكێتی ئەدیبانی عیراق.	
٢٩- پاش شۆڕشی تەممووزو پێش كۆچی دوایی.	
٣٠- جمیلەخانی هاوسەری رەفیق حیلمی.	
٣١- دایكم‌و باوكم ئێمەیان بەجێ هێشت.	
٣٢- چالاكییەكانی رەفیق حیلمی لەكاری میریدا.	

بەشی دووهەم	٣٣- ژیانی سیاسی رەفیق حیلمی ٣٤- قۆناغی یەکەم لاوێتی و شیعری دڵداریی. ٣٥- قۆناغی دووەم خەباتی و شیعری سیاسی. ٣٦-قۆناغی سێیەم سەردەمی شێخی نەمرو خەباتی نەتەوەیی. ٣٧- ژیانی سیاسی رەفیق حیلمی. ٣٨- ئاشنابوونی بە شێخ مەحمودی نەمر. ٣٩-شێخ مەحمود پێش حوکمدارێتی. ٤٠- چۆنێتی دامەزراندنی حوکمدارێتی یەکەمی شێخ. ٤١- پەیوەندیی رەفیق حیلمی بەئینگلیزەوە. ٤٢- سەرەتای شۆرشی شێخ. ٤٣-گیرانی رەفیق حیلمی. ٤٤- بەربوونی لەبەندینخانە. ٤٥- سلێمانی پێش شکانی شێخ. ٤٦- مەجلیسی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی. ٤٧- بەرەو بەغدا. ٤٨- رەفیق حیلمی و حەمدی بەگی بابان و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد. ٤٩- ویستویەتی قیرائەتخانە بکاتەوە. ٥٠- مامۆستای قوتابخانەی ظفر لە کەرکوک.

٥١- کورتــه باســی هــەرێمی ســلێمانی پــێش گەڕانەوەی شێخ لەهندستان.
٥٢- کۆمەڵەی کوردستان.
٥٣- جەمعیەتی کوردستان.
٥٤- گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی.
٥٥-کارەکانی لەسەردەمی حوکمی دووەمی شێخ دا.
٥٦-رۆژی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی.
٥٧-بەشی دووەم
قۆناغی چوارەم
رەفیق حیلمی نوێنەری شێخ محمود له ئەنقەره.
٥٨- گفتوگۆی نهێنی پاش نیوه شەو.
٥٩-مەبەستی شێخ و سمکۆ لەگفتوگۆنهێنیەکه.
٦٠-چوونی بۆ ئەنقەرە .
٦١-رێگەی سەفەرەکەی بۆ ئەنقەرە.
٦٢-رێگەی گەڕانەوە.
٦٣- نامەی رەشید جەودەت.
٦٤-چەند دێڕێکیتر سەبارەت بەسەفەرەکەی بۆ ئەنقەره لەنامەیەکمدا.

شاكر مجرم

وێنەی هاوکاریکردنی لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی

ئەحمەد موراد- کامەران موکری- مستەفا ساڵح کەریم- مستەفا فەقێ رەشید- رەفیق حلمی

شێخ عەلائەدین

بەشیر موشیر – رەفیق حلمی

لەدوکانی بەشیر موشیر

شێخ عەبدوڵڵای زینوی شێخی

رەفیق حلمی- شەفیق سالّح برای

رەفیق حلمی لەگە نجیتیدا

یەکەمی لای ڕاست ڕەفیق حلمی

ڕەفیق حلمی بە پۆشاکی تایبەت بۆ چاوپێکەوتنی ئەتاتورک

رەفیق حلمی لەگە نجێیدا بەجلی کوردییەوە



ڕەفیق حلمی و یەکێك لەهاوڕێکانی بەناوی محمود

بۆدابەزاندنی جۆرەها كتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)